زانست

زانست

ڕێكخراوی زانست
(٢٠)

# زانستەكانی فەرموودەناسیی
# (علوم الحديث)

د.عمر عبد العزيز

٢٠٢٣ز

زانست

## به ناوی خوای میهرەبانی بەخشندە

### ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: زانستەکانی فەرمووده‌ناسی
- ناوەرۆک: زانستەکانی فەرموودە (علوم الحدیث)
- بەرهەمی: د. عمر عبد العزیز
- بڵاوکراوەی: ڕێکخراوی زانست بۆ باس و توێژینەوە، (٢٠)
- ڕێکخستنەوەی: بڕوا کەمال
- تایپکردن: ستافێک
- دیزاینی ناوەرۆک: نووسەر
- دیزاینی بەرگ: ڕێژوان مەهدی
- چاپ و بڵاوکردنەوە:
- ژمارەی سپاردن:
- مافی لێگرتنەوەو چاپی پارێزراوە بۆ نووسەر

زانست

# پێڕستی ناوڕۆک

ناونیشانەکان ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ لاپەڕە


**پێشەکی ................................................................ ١١**

**وانەی یەکەم/ دەستپێك: چەند زانیارییەکی گشتیی لەسەر فەرموودەناسیی.......... ١٢**

**تەوەرەی یەکەم:** گرنگیی سوننەت لە تەشریعدا ........................................ ١٢

گۆڕینی قیبلە لە (بيت المقدس)ەوە بۆ (مسجد الحرام) ................................ ١٥

**تەوەرەی دووەم:** دەربارەی ژمارەی فەرموودەکان ........................................ ١٩

**تەوەری سێیەم:** ناوەکانی ئەم زانستەو ئەوەی پەیوەندی بەم زانستەوە هەیە........ ٢١

**تەوەری چوارەم:** جیاوازیی لە نێوان (حديث) و (سوننەت) و (سیرەت) ............ ٢٣

**تەوەری پێنجەم:** سەرەتای نووسینەوەی فەرموودە لەگەڵ قۆناغەکانی تر ............ ٢٤

**تەوەرەی شەشەم:** نووسینەوەی فەرموودە لە سەردەمی عمر عبد العزيزدا ......... ٢٨

**وانەی دووەم/ پێناسی زانستەکانی فەرموودەناسیی‌و مێژووی زانستەکە ................ ٢٩**

**تەوەری یەکەم:** پێناسی زاراوەی زانستەکانی فەرموودەناسی (علوم الحديث).......... ٣٠

**تەوەری دووەم:** مێژووی سەرهەڵدانی زانستی فەرموودەناسی ............................ ٣٣

چەند پێگەیەکی ئەلیکترۆنی هاوچەرخ وەک سەرچاوە ........................................ ٣٩

**وانەی سێیەم/ جۆرەکانی فەرموودە .................................................. ٤٢**

جۆری یەکەم/ فەرموودەی (صەحیح) ............................................................ ٤٢

مەرجەکانی فەرموودەی (صەحیح) ................................................................ ٤٤

مەرجەکانی پێشەوایان بوخاریی‌و موسلیم بۆ وەرگرتنی فەرموودە ........................ ٤٥

بەڵگە لەسەر پێویستیی مەرجەکان ................................................................ ٤٨

پلەکانی فەرموودەی (صەحیح)و جۆرەکانی ........................................................ ٤٩

بوخاریی‌و موسلیم بەشێک لە صەحیحیان کۆکردووەتەوە ........................................ ٥١

جۆرەکانی فەرموودە لە ڕووی بەهێزیی‌و پلەی صیحەتییەوە .................................... ٥١

**وانەی چوارەم/ پێناس و ناساندنی فەرمووده لە جۆری (حسن) ........................ ٥٤**
پێناسی ڕیوایەتی (حسن) و جۆرەکانی ........................................................ ٥٥
دەستەواژەی (صحیح الإسناد) یان (حسن الإسناد) یانی چی؟ ........................ ٥٨
جۆری سێیەم/ ڕیوایەتی (ضعیف) جۆرەکانیو مێژووی سەرهەڵدانی .............. ٥٩
پێناسی ڕیوایەتی لاواز (ضعیف) و جۆرەکانی ............................................ ٥٩
حوکمی کارکردن بە ڕیوایەتی (لاواز) ........................................................ ٦٤
جۆری چوارەم/ ڕیوایەتی هەڵبەستراو (موضوع) ........................................ ٦٦
مێژووی سەرهەڵدانی ڕیوایەتی لاوازو هەڵبەستراوو هۆکارەکانی ................. ٦٦
گرانبوونی ئەرکی زانایان ........................................................................ ٧٢
سەرچاوەی تایبەت بەو بوارە .................................................................. ٧٤
**وانەی پێنجەم/ فەرموودەی ئاحادو موتەواتیرو جیاوازیی فەرموودەو فەرموودەی قودسی ........................................................................................ ٧٥**
**تەوەری یەکەم**: جیاوازیی نێوان فەرموودەی (متواتر) و (ئاحاد) ................ ٧٥
جۆرەکانی فەرموودەی (متواتر) ................................................................ ٧٦
چەند نموونەیەک لە فەرموودەی (موتەواتیر) ............................................ ٧٧
جۆرەکانی فەرموودەی (ئاحاد) .................................................................. ٧٩
سەبارەت بە حوکمی ڕیوایەتی ئاحاد ........................................................ ٨١
**تەوەری دووەم**: جۆرەکانی فەرموودە لە ڕووی گێڕانەیەوە ............................ ٨٢
**تەوەری سێیەم**: جیاوازیی فەرموودەو فەرموودەی قودسی ............................ ٨٤
**وانەی شەشەم/ تیشکێکی خێرا لەسەر شەش زانستی فەرموودەناسی ................ ٨٧**
زانستەکانی: جەرحو تەعدیل، (أسباب ورود الحدیث)، (مختلف الحدیث ومشکله)، (غریب الحدیث) ، (ناسخو مەنسوخ) ، (علّل الحدیث) ................................ ٨٧
**تەوەری یەکەم**: باسێک دەربارەی زانستی جەرح و تەعدیل ........................ ٨٧

پێناسەی زانستی جەرحو تەعدیل .................................................. ٨٧
پلەکانی (تەعدیل) ............................................................................ ٨٨
پلەکانی جەرح ............................................................................... ٨٩
چەند تێبینییەک لەسەر زانستی جەرحو تەعدیل ........................................ ٩٠
**تەوەری دووەم:** زانستی (علل الحدیث): گرفتەکانی فەرمووده ......................... ٩٢
پێناسەی زانستی (علل الحدیث) ................................................................٩٢
ڕێگەی دۆزینەوەی گرفت لە ڕیوایەتداو چەند کتێبێک لەو بارەیەوە ........................ ٩٣
**تەوەری سێیەم:** زانستی (مختلف الحدیث ومشکله) ........................................ ٩٤
**تەوەری چوارەم:** زانستی (غریب الحدیث) .................................................. ٩٧
**تەوەری پێنجەم:** زانستی ناسخو مەنسوخ لە فەرموودەدا ............................... ٩٩
**تەوەری شەشەم:** زانستی (أسباب ورود الحدیث) ......................................... ١٠٠
**وانەی حەوتەم/ بەکارهێنانی وشەی (أصحاب) لە قورئانی پیرۆزدا ..................... ١٠٢**
**تەوەری یەکەم:** پێناسی (صحابی) و (تابعی) ................................................ ١٠٢
بەکارهێنانی وشەی (أصحاب) لە قورئانی پیرۆزدا ............................................ ١٠٣
وشەی (صحابي) و (أصحاب) لە زمانی عەرەبیدا ............................................ ١٠٤
چینەکانی هاوەڵان ........................................................................... ١٠٦
ڕەخنەو سەرنجێکی مامۆستا ناصر سوبحانی لە هەندێکی بۆچوونی زانایان ....... ١٠٧
پێناسو ناسینی (تابعین) ..................................................................... ١٠٨
**تەوەری دووەم:** چەند زاراوەو دەستەواژەیەکی ناو زانستی فەرموودەناسی ....... ١٠٩
جیاوازیی نێوان وشەی (حدثنا) و (حدثني) ................................................. ١٠٩
جیاوازیی نێوان (حدثنا)و (أخبرنا) ........................................................... ١١٠
جیاوازیی نێوان (راوی) و (محدث) چیە؟ .................................................. ١١٠
جیاوازیی نێوان (حدثنا) و (أخبرنا) ، (نبأنا) ، (سمعت) ..................................١١٠

**تەوەری سێیەم:** ڕێگاکانی گێڕانەوەی فەرمووده .................................................. ١١١

**تەوەری چوارەم:** دەستەواژەی ئاماژەیە بە سەرچاوەکان ................................................. ١١٢

**وانەی هەشتەم/ پێگەی فەرمووده لە تەشریعداو تیشکێك لەسەر (قورئانییەکان).. ١١٤**

سەرهەڵدانی ڕەوتو بیرۆکەی (قورئانییەکان) ................................................. ١١٤

گرانبوونی ئەرکی زانایانی فەرموودەناس ................................................. ١١٨

سەرهەڵدانەوەی ڕەوتو بیرۆکەی قورئانییەکان ................................................. ١٢٠

جیاوازیی ڕەوتی قورئانییو ڕەوتە ئیصلاحییەکان ................................................. ١٢٠

هەندێک لە بەڵگەکانیانو وەڵامیان ................................................. ١٢٧

**وانەی نۆیەم/ حوجییەتی سوننەت ................................................. ١٣٠**

حیکمەتی ئەوەی کە قورئان نەچووەتە باسکردنی وردەکاریی ................................................. ١٣٤

بەشە سەرەکییەکانی ئیسلام ................................................. ١٣٤

بەڵگەکانی قورئان لەسەر حوجییەتی سوننەت: ................................................. ١٣٥

١ـ بابەتی (أولو الآمر)و ئیجتیهادی زانایان ................................................. ١٣٥

٢ـ سوننەتو ماناى حیکمەت ................................................. ١٣٧

٣ـ گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوا لە قورئانی پیرۆزدا ................................................. ١٣٨

٤ـ پێکەوەگرێدانی وەڵامدانەوەی خواو پێغەمبەری خوا ................................................. ١٣٩

٥- بڕوادار لە بەردەم خواو پێغەمبەردا سەرپشک نیە ................................................. ١٣٩

٦ـ حەرامکراوی خواو پێغەمبەری خوا یانی چی؟ ................................................. ١٤٠

٧ـ گوێڕایەڵیی لە خواو پێغەمبەری خواو (أولوا الأمر) ................................................. ١٤١

٨ـ لە کاتی ناکۆکیدا (کتاب)و (سوننەت) سەرچاوەن ................................................. ١٤٢

٩ـ پلەی دادوەریی بۆ پێغەمبەری خوا ................................................. ١٤٣

١٠ـ گەڕانەوەی بەردەوامی هاوەڵان بۆ لای پێغەمبەر چی دەگەیەنێت؟ ................................................. ١٤٤

١١ـ بڕیاری پێغەمبەری خوا لە دادوەریدا یەکلاکەرەوەیە ................................................. ١٤٥

١٢ـ قورئان‌و سوننەت پەناگای موسڵمانانن ........................................................ ١٤٦
١٣ـ قورئان‌و سوننەت هەر دوو نیعمەتی خوان ,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,, ١٤٧
**وانەی دەیەم/ جۆرەكانی سوننەت‌و هەڵس‌وكەوتی پێغەمبەر ............ ١٤٩**
**تەوەرەی یەكەم:** تێگەیشتن لە پێگەی فەرموودەو سوننەت بەگشتیی .............. ١٤٩
**تەوەری دووەم:** جۆرەكانی سوننەت لە ڕووی حوجییەتەوە، یان جۆرەكانی مامەڵەو هەڵس‌وكەوتەكانی پێغەمبەری خوا ........................................................ ١٥٣
جۆری یەكەم: هەڵس‌و كەوتە تەشریعییەكانی ................................................ ١٥٤
جۆری دووەم: هەڵس‌و كەوتەكانی وەک موفتی‌و حاكم‌و قازییەک ........................ ١٥٥
جۆری سێیەم: هەڵس‌وكەوتەكانی وەک سەركردەو پێشەوایەک .......................... ١٥٨
جۆری چوارەم: گوفتارو كردارە شەخسییەكانی پێغەمبەری خوا .......................... ١٦١
**تەوەری سێیەم:** چ جۆرێكی (سوننەت) بە بەڵگە وەردەگیرێت؟ ........................ ١٦٤
**تەوەری چوارەم:** چۆنیەتی وەرگرتنی ئەحكام لە (سوننەت) ........................... ١٦٧
**وانەی یازدەهەم/ چەند سەرنجێک لەسەر كەلێنەكانی زانستەكانی فەرموودەناسی.. ١٦٩**
**تەوەری یەكەم:** چەند سەرنجێكی زانایان لەسەر زانستەكانی فەرمووده ............١٧٠
١ـ ناهاوسەنگیی بایەخدان بە (سەنەدو مەتن)ی فەرمووده ...............................١٧٠
٢ـ زیادە بایەخدان بە لەبەركردن، لەسەر حیسابی (فقه)و تێگەیشتن ................ ١٧١
٣ـ دژایەتی (قیاس)و گوێنەدان بە تێڕامانی عەقڵیی‌و وردبوونەوە ..........................١٧٢
٤ –نەبوونی پێوەرێكی یەكگرتوو، بۆ مەرجەكانی ڕاوی ..........................................١٧٤
**تەوەری دووەم:** گەورەیی ئەركی زانایانی فەرموودەناس .....................................١٧٦
**تەوەری سێیەم:** جیاوازیی میتۆدو مەنهەجیەتی زانایانی فەرموودەناس ............. ١٨٢
جیاوازیی پێوەری زانایانی فەرموودەناس ........................................................ ١٨٤
**وانەی دوازدەهەم/ سەرنجی ڕەخنەگران لەسەر (صحاح)و ناوی سەرچاوەكان ..... ١٨٩**
**تەوەری یەكەم:** زانایانی ڕەخنەگر لە بوخاری و موسلیم ................................. ١٩١

**تەوەری دووەم:** چەند کتێبێک دەربارەی بایەخدان بە سوننەت ............................ ١٩٨
**تەوەری سێیەم:** ژمارەیەک کتێبی هاوچەرخ دەربارەی فەرمووودەناسیی ............. ٢٠٣
**تەوەری چوارەم:** ناوی ژمارەیەک کتێبی تایبەت بۆ ڕیوایەتی هەڵبەستراوو لاواز ٢٠٧

## ڕۆح و کرۆکی ئەم کتێبە لەم ئایەتانە وەرگیراوە:




- [كما أرسلنا فيكم رسولا منكم يتلو عليكم آياتنا ويزكيكم ويعلمكم الكتاب والحكمة ويعلمكم ما لم تكونوا تعلمون] البقرة/١٥١
- [أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم] النساء/٥٩
- [فلا وربک لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما] النساء/٦٥
- [ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم يؤمنون بما أنزل إليک وما أنزل من قبلک يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به، ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا * وإذا قيل لهم تعالوا إلى ما أنزل الله وإلى الرسول رأيت المنافقين يصدون عنک صدودا] النساء/ ٦٠-٦١.
- [من يطع الرسول فقد أطاع الله] النساء/٨٠
- [يا أيها الذين آمنوا استجيبوا لله وللرسول إذا دعاكم لما يحييكم] الأنفال/ ٢٤
- [قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر ولا يحرمون ما حرم الله ورسوله] التوبة/٢٩

- [وما أنزلنا عليك الكتاب إلا لتبين لهم الذي اختلفوا فيه وهدى ورحمة لقوم يؤمنون] النحل/٦٤
- [وما كان لمؤمن ولا مؤمنة إذا قضى ٱلله ورسوله أمرا أن يكون لهم الخيرة من أمرهم] الأحزاب/٣٦

## پێشەکی

حەمدو سوپاسی شایستە بۆ خوای پەروەردگاری جیهان، درودو صەلەوات و بەرەکاتی خوا لەسەر گیانی پێغەمبەری خواو ئال و یاران و شوێنکەوتووانی.

خوێنەرانی بەڕێز! دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی (١٥) وانە لە ڕێی ئۆنلاینەوە دەربارەی زانستەکانی قورئانناسیی (علوم القرآن)، لە خولێکی تایبەت و لە کەناڵێکی (تێلگرام)ی تایبەتدا، لە لایەن بەڕێز (د.عمر عبد العزیز)ەوە بەڕێوە چوو و هەزاران کەس تێیدا بەشدارییان کردو دوایی کرانە کتێب، سوپاس بۆ خوا (١٢) وانەش دەربارەی زانستەکانیی فەرموودەناسیی ئامادەکران، بۆ هەمان مەبەست، کە ئەم بەرهەمەی بەردەستە.

ئەم وانانە تایبەتن بە کەسانێک کە سەرەتای ئاشنابوونیانە بەو زانستانە، تایبەتمەندیی ئەم بابەتە زانستییانە لەوەدایە کە مامۆستا۔ هەر وەک زانستەکانی قورئانناسیی ۔ لە دەیان سەرچاوەی کۆن و نوێ لە زانایانی متمانەپێکراوی بواری فەرموودەناسیی، سوودی وەرگرتووەو ڕاجیحترین ڕای زانایانی پێشین و تازەترین ڕای پەسەندی زانایانی پاشین و هاوچەرخانی لەم وانانەدا خستووەتە ڕوو.

هیوادارین بابەتەکانی ئەم کتێبە- کە لە لایەن مامۆستاوە بە دەروازەی زانستەکەو کلیلی دەستی قوتابییان و زانسخوازان ناسێنراوە- پەسەندی لای

پەروەردگار بێت و بۆ خوێنەرانی بەڕێزو فێرخوازانی زانستەکەش مایەی سوودو بەرهەمدار بێت، ئێمەش لە دۆعای خێر بێبەش نەکەن.

لێرەدا زۆر سوپاسی برایان: کۆژین صدیق، ڕێژین مەهدی، ڕەنجە یاسین، بڕوا ئەبوبەکر دەکەین، کە ئەرکی نووسینەوەی وانەکانیان گرتە ئەستۆ.

ستافی ئامادەکار/ نیسانی ٢٠٢٣ز

## وانەی یەکەم

## دەستپێک

## چەند زانیارییەکی گشتیی لەسەر زانستەکانی فەرموودەناسیی

لەم پێشەکییەدا ئاماژە بە پێنج خاڵ دەکەین:

یەکەم: گرنگیی سوننەت لە تەشریعدا.

دووەم: دەربارەی ژمارەی فەرموودە.

سێهەم: ناوەکانی ئەم زانستەو زانستەکانی ناو (علوم الحدیث).

چوارەم: باسێک لە جیاوازیی نێوان (فەرموودە)و (سوننەت)و (سیرەت).

پێنجەم : سەرەتای نووسینەوە (تەدوین)ی فەرموودەو قۆناغەکانی دوای ئەوە.

### تەوەرەی یەکەم/ گرنگیی سوننەت لە تەشریعدا

سوننەت بە گشتی گوفتارو کردارەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگرێتەوە، هەروەها ئەو شتانەی کە بڕیاری لەسەر داون، بە دەستەواژەی زانایان: (قەولو فیعلو تەقریر)، یانی فەرموودەو کارەکانی پێغەمبەرو بڕیارەکانی، یان ئەو شتانەی کە لە سەری بێدەنگ بووەو ئیقراری کردوون، بەم سییانە دەڵێن:

سوننەت، ئەمە دەبێتە سەرچاوەی دووەم، بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرێک لە حوکمە شەرعییەکان، کە لە  قورئانی پیرۆزدا هاتوونو تەفصیلاتیان تێیدا نیە، یانی ئەو حوکمە شەرعییانەی کە بە کورتیی هاتوون، بۆ نمونە: نوێژ لە قورئانی پیرۆزدا هەر فەرمانی جێبەجێکردنی دراوە، فەرموویەتی (أقیموا الصلاة) ، لەگەڵ هەندێک لە مەرجە مەعنەوییەکانی وەک: (خشوع)و ئەنجامدانی بە چالاکیی و دڵگەرمییەوەو پاراستنیو هەندێک لەو بابەتانە کە پەیوەندییان بە لایەنی ڕۆحیی نوێژەوە هەیە. ئیتر ئاماژە نەکراوە بە ڕوکنەکانیو شێوەی کردنی، یان بە ژمارەی ڕکاتەکانی، تەنانەت بە کاتەکانی، ڕاستە بە ئاماژە ئەو باسە هەیە، بەڵام بە شێوەی وردو ڕوون، بەو شێوەیەی کە ڕۆژی پێنج جار ئەنجام بدرێت، ئەمانە لە قورئاندا تەصریحیان پێ نەکراوە. یان فەرماندان بە بەخشینی زەکات کراوە، بەڵام بڕەکانی زەکات دیاری نەکراوە، بۆ نموونە لە پارەو دراو چەند لە سەد بدرێت؟ لە زێڕو زیو چەند بدرێت؟ لە بەرهەمی ئاژەڵو مەڕوماڵات چەند بدرێت؟ لە زەویوزارو کشتوکاڵ و بەرهەمی زەویو بەرەبوومەکانی، چەندە بدرێت؟ ئەمانە لە قورئاندا باس نەکراون.

یان فەرمان دراوە بە چوونە سەفەری حەجو زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان، بەڵام چۆنییەتییەکەی ڕوون نەکراوەتەوە، ڕاستە بە شێوەی جیاجیا ئاماژە کراوە بە (عەرەفات)و (صەفاو مەروە)و (طواف)و ڕەجمکردنی شەیتانو (إفاضة)و (مشعر الحرام)و ئەو شتانە، بەڵام بەو شێوە ڕوونکراوەو ڕێکخراوە کە لە سوننەتدا بۆمان هاتووەو پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوە، لە قورئاندا باس نەکراوە. بۆ نموونە قورئان دەفەرموێت: [وأقم الصلاة]، واتە: نوێژ بە تەواویی و ڕێکوپێکیی ئەنجام بدەن، ئیتر چۆنیەتیی ئەم ئەنجامدانەی باسنەکردوە. یان

فەرمووپەتی: [وآتو الزكاة]، واتە: زەكات ببەخشن، بەڵام لەسەر چەندییەتیو بڕو شێوازی جێبەجێکردنەکەی، هیچ نەوتراوە، تەنها ئاماژە بەوانە کراوە کە زەکاتیان پێدەشێت. یان دەفەرموێت: [ولله على الناس حج البيت]، واتە: لەسەر خەڵکییە سەردانی ماڵی خوا، ئیتر باسنەکراوە کە چۆن ئەنجام دەدرێت و قۆناغەکانی کامانەن؟

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بەپێی فەرمانێک کە خوای گەورە پێی ڕاسپاردووە، فەرمووپەتی: [وأنزلنا إليك الذكر لتبين للناس ما نزل إليهم ولعلهم يتفكرون] النحل/٤٤. واتە: ئێمە قورئان ـ کە یادخەرەوەیە ـ ناردووە بۆ سەر تۆ، تا ئەوەی کە بۆ موسڵمانان، قۆناغ بە قۆناغ هاتووەتە خوارەوە، بۆیان ڕوون بکەیتەوە، یانی لایەنە کورت و پوختەکانی ناو قورئانی پیرۆز، پێغەمبەری خوا ﷺ باسیان بکاتو ڕوونیان بکاتەوە.

بەپێی قەرینەکانی ناو قورئان، بەشێک لە ئاماژەکان بە (حیکمەت) لە پاڵ (کتاب)دا هەمان سوننەتی پێغەمبەری خوایە، بۆ نموونە لە سورەتی (البقرة)دا ـ دەفەرمێت: [ويعلمكم الكتاب والحكمة] البقره/١٥١، پێغەمبەر کتابو حیکمەتتان فێردەکات. لەمەدا تێگەیشتین لە (کتاب) کە قورئانە، ئەی حیکمەت چیە؟ دیارە دەبێتە کارەکانی پێغەمبەر ﷺ، لەگەڵ گوفتارەکانیو بابەتە دانپێدانراوەکانی، کە دەبنە ڕونکەرەوەی قورئانی پیرۆز. دیارە ئەگەر قورئان بە تەنها کافی بوایە، خوای گەورە نەیدەفەرموو: (الكتاب ۆالحكمة)و عەطفیان کاتە سەر یەکتر.

لە سەرێکی ترەوە لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە کراوە بە گوێڕایەڵیی خوای گەورەو گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ، وەک دەفەرموێت: [أطيعو الله وأطيعوا الرسول وأولوا الأمر منكم] النساء/٥٩، واتە: گوێڕایەڵیی لە

خواو پێغەمبەرو خاوەن فەرمانەکانتان بکەن، جا، ئەگەر گوێڕایەڵیی خوای گەورە بۆ ئێمە بریتی بێت لە پەیڕەویکردنی قورئانی پیرۆز، گوێڕایەڵیی پێغەمبەریش ﷺ بریتی بێت لە گوێڕایەڵی خودی پێغەمبەری خوا لە حاڵی ژیانی خۆیدا بۆ هاوەڵانی، ئەی بۆ ئێمەی شوێنەکەوتەیان، گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوا ﷺ ـ دوای وەفاتی ـ دەبێتە چی؟ جگە لە گوێڕایەڵیی لە فەرمودەکانی؟ بۆیە خوای گەورە عەطفی گوێڕایەڵی پێغەمبەری کردووەتە سەر گوێڕایەڵی خۆی. باسی (أولوا الأمر)یشی کردووە، کە ئەوە بابەتێکی ترەو پشت بەخوا بە جیا لە وانەیەکی تایبەتدا باسی دەکەین.

جگە لەوە تەنانەت خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی کردووە بەوەی کە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێک شت حەرام دەکەن، یانی لە پاڵی تەحریمی خوای گەورەدا بۆ هەندێک شت، تەحریمی پێغەمبەریشی باسکردووە، وەک دەفەرمێت: [قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر ولا يحرمون ما حرم الله ورسوله..]، یانی: لەگەڵ ئەوانە بجەنگن کە باوەڕ بە خواو باوەڕ بە ڕۆژی دوایی ناهێنن‌و ئەوەی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامیان کردووە حەرامی ناکەن، دیارە باس لەوانەیە کە جەنگ دژی بڕواداران ڕادەگەیەنن. دەی کەواتە پێغەمبەریش هەندێک شتی حەرام کردووە، دیارە ئەگەر هەر ئەو شتانە بن کە لە قورئانی پیرۆزدا باسیان هاتووە، ئەوە پێویستی نەدەکرد باسی پێغەمبەریش بکات‌و بفەرموێت: [ما حرم الله ورسوله]، یانی ڕەسولیش عەطف بکاتە سەر زاتی (الله). کەواتە هەندێک شت تایبەت بە پێغەمبەری خوایە ﷺ، کە دەچنە خانەی ڕوونکردنەوەو تەبییناتی نەبەوییو هەندێک ئەحکامی تایبەت، کە خۆی دیاری کردوون.

**گۆڕینی قیبله له (بیت المقدس)ەوه بۆ (مسجد الحرام):**

مەعلومی هەموو لایه که نوێژه فەرزەکان له شەوی میعراجدا له سەردەمی مەککەدا واجبکران، له دوای ڕووداوی گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ له شاری (طائف)و ئەزیەتدرانی، میعراج وەک خەڵاتێک وابوو، بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دوای ئەو ناڕەحەتییانەی بەسەری هاتن، چ له کاتی ئابڵۆقەیان له دۆڵەکانی (أبوطالب)و وەفاتی خاتوو خەدیجەی هاوسەریو (أبوطالب)ی مامیو دواتر ئەو ناڕەحەتییانەی له کۆچی بۆ شاری (طائف) هاتنه ڕێی، وەک دڵدانەوەیەک خوای گەوره بانگهێشتی کرد بۆ مەلەکوتی ئەعلاو شوێنێک که خۆی دەزانێت، لەوێ نوێژەکان واجب کران، لەو کاتەوه ـ که ساڵی یازده یان دوازدەی پێغەمبەرایەتیی بوو ـ پێغەمبەرﷺ و یارانی به فەرمانی خۆی ڕوویان دەکرده (مسجد الأقصى)، هەرچەند له کەنار (مسجد الحرام)دا بوون، قورئانی پیرۆز ئەمه دووپات دەکاتەوەو دەفەرموێت: [وما جعلنا القبلة التي كنت عليها إلا لنعلم من يتبع الرسول ممن ينقلب على عقبيه] البقرة/١٤٣، واته: ئەو قیبلەیەی که بڕیارمان دابوو تۆ لەسەری بیت، بۆ ئەوه بڕیار درابوو بزانین که کێ پەیڕەویی له پێغەمبەر ﷺ دەکاتو کێ پشتی لێ هەڵدەکات؟ یانی تاقیکردنەوەیەک بوو، بەڵام کاتێک که جوولەکەو ئەهلی کتاب به گشتی ڕۆڵیان نەماو پێغەمبەری خوا ﷺ سەرکەوتو له شاری مەدینه قەوارەی سیاسیو دەوڵەتی بۆ دروست بوو، ئیتر سەردەمی ڕۆڵی موسڵمانانی شوێنکەوتەی دواهەمینی پێغەمبەران هاته ئاراوه، بۆیه خوای گەوره ئاگای لێبوو که پێغەمبەر ﷺ زوو زوو چاوی دەگێڕا بۆ ئەوەی که کەعبه بکرێته ڕووگه، ئەوەتا ڕاستەوخۆ پاش ئایەتی پێشوو دەفەرموێت: [قد نرى تقلب وجهك في السماء فلنولينك قبلة

ترضاها فول وجهک شطر المسجد الحرام] البقرة/١٤٤، یانی: دەبینین ـ ئەی محەممەد. کە چاو بە ئاسماندا دەگێڕی، (واتە: چاوەڕێی وەحیو نیگایەکی خوا دەکەی، تاکو ڕووگە بگۆڕین بەرەو شوێنێک کە دڵت پێی خۆشەو دەتەوێت)، دڵنیابە ڕووگەیەکت بۆ دیاریی دەکەین کە پێی ڕازی بیت، لەبەر ئەوە ڕوو وەرگێڕە بەرەو (المسجد الحرام). ئەوە بوو لە کاتی نوێژێکی عەسردا جبریلی فریشتەی وەحی هاتو ئەو فەرمانەی خوای پێگەیاند کە: ڕوو وەرگێڕە بەوەو (مسجد الحرام)، بۆیە دوای شازدە مانگ لە ڕووکردنە (بیت المقدس)، ڕوویان کردەماڵی خوا لە مەککە.[١]

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە لە کوێی قورئانی پیرۆزدا فەرمان دراوە کە ڕوو بکەنە (بیت المقدس)؟، لە هیچ شوێنێکی قورئاندا ئاماژە بەوە نەکراوە وەک ئەمرو فەرمان؟ دیارە خوای گەورە بە پێغەمبەری وتووەو ئەویش فەرمانی بە موسڵمانان داوە. کەواتە شتێکی تر هەیە غەیری قورئان کە بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتووە، پێغەمبەریش بینا لەسەر ئەوە بڕیاری داوەو فەرمانی دەرکردووە. ئەمە دەری دەخات کە (سوننەت) وەک سەرچاوەی دووەم بۆ وێناکردنی بابەتە دوورودرێژەکانی تەشریع پێویستە، کە لە هەموویان گرنگترو بەرچاوتر ئەم بابەتی ڕووکرنە ڕووگەیە. لەم بارەیەوە فەرموودەی صەحیحیش لە خودی پێغەمبەری خواوە ﷺ هەیە، کە فەرموویەتی: (ألا هل عسی رجل یبلغه

---

[١] بەسەرهاتی گۆڕینی ڕووگە جگە لەو ئاماژەیەی قورئانی پیرۆز، لە سەرچاوەکانی فەرموودەو کتێبەکانی سیرەشدا هاتووە، بۆ نموونە بوخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە کە: (صَلَّى رسول الله قِبَلَ بَيْتِ المَقْدِسِ سِتَّةَ عَشَرَ شَهْرًا، أوْ سَبْعَةَ عَشَرَ شَهْرًا، وكانَ يُعْجِبُهُ أنْ تَكُونَ قِبْلَتُهُ قِبَلَ البَيْتِ، وأنَّهُ صَلَّى أوَّلَ صَلَاةٍ صَلَّاهَا صَلَاةَ العَصْرِ، وصَلَّى معهُ قَوْمٌ..)، بوخاری، (٤٠)و موسلیم، (٥٢٥).

الحديث عني، وهو متكئ على أريكته فيقول: بيننا وبينكم كتاب الله، فما وجدنا فيه حلالا استحللناه، وما وجدنا فيه حراما حرمناه. وإن ما حرم رسول الله كما حرم الله)،[٢] واتە: ئاگادار بن! لەوانەیە کەسێک فەرموودەی منی بگاتەلاو لەسەر ڕایەخەکەی شانی دادابێتو بڵێت: کتێبی خوا (قورئان) لە نێوان ئێمەو ئێوەدایە، چی تێدا حەڵاڵ کرابوو، بە حەڵاڵی دەزانین، چیش تێیدا حەرام بوو، بە حەرامی دەزانین.. بەڵام بە دڵنیایی ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی کردووە، وەک ئەوە وایە کە خوا حەرامی کردووە .

لەسەر ئەم بنەمایە عەللامە (حافظی عێراقی)[٣] ـ کە یەکێکە لە زانا گەورەکانو ساڵی (٨٠٦ک)ی کۆچی دوایی کردووە ـ لە سەرەتای ڕاڤەکەیدا بۆ کتێبی (ألفية)ی خۆی ـ کە هەزارو سێ بەیتە دەربارەی زانستەکانی فەرموودەو کتێبە بەناوبانگەکەی ئیبن صەلاحی شارەزووری ڕاڤە کردووە ـ لەسەر بایەخی زانستی فەرموودە ڕستەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: "علم الحديث خطير وقعه، كبير نفعه، عليه مدار نشر الأحكام، و به يعرف الحلال والحرام"،[٤] واتە: زانستی فەرموودە کاریگەریی زۆر مەترسیدارە، یانی زۆر گەورەیە، سوودی زۆرە، خولگەی زۆربەی ئەحکامەکان لەسەر ئەوە، یانی لەسەر ئەو ئەسووڕێنەوەو حەڵاڵو

[٢] سونەنی ترمذی، بە ژمارە (٢٦٦٤)، بە سەنەدی صەحیح.

[٣] **حافظ ـ لە دەستەواژەی زانایانی فەرموودەناسدا ـ بە کەسێك دەڵێن : کە بە لای کەمەوە سەد هەزار فەرموودەی لەبەر بێت.**

[٤] شرح الألفية، الحافظ العراقي، ص: ٣.

حەرام لە ڕێگەی سوننەتەوە دەزانرێت، مەبەستی ئەوەیە چونکە ئەو حوکمانەی لە قورئاندا باسکراون سنووردارن‌و پێغەمبەری خوا تەفاصیلی هێناوە.

**تەوەرەی دووەم/ دەربارەی ژمارەی فەرموودە**

زۆرکەس مەسەلەی ژمارەی فەرموودەی لێبووە بە کێشەو دەڵێن: چۆن زیاتر لە سەد هەزار فەرموودە کۆکرانەوە؟ ئەم ژمارەیە زۆر زۆرەو چۆن دەبێت؟ لە چ سەردەمێکداو بە چ کەرەستەو ئیماکاناتێک؟

لە ڕاستیدا ژمارەی تەواوی فەرموودە بە دووبارەکانی‌و هاوشێوەکانی‌و ئەوانەی کە لە ڕووی دەق‌و ناوەڕۆکەوە لەیەکەوە نزیکن، یان لە ڕووی واتاوە هاوشێوەن، هەموویان لەم سەردەمە هاوچەرخەدا لە ڕێگەی سێرچو گەڕانی ئەلیکترۆنییەوە کۆکراونەتەوە، دەگەنە (١٠٨٥٤٨) فەرموودە. ئەمانە لە نۆ سەرچاوەی سەرەکیی‌و چوار سەرچاوەی تری ئیزافیدا دیاریکراون. لێرەدا وەک زانیارییەک تەواوی ژمارەکانتان بۆ دەڵێم، بۆ ئەوەی وەکو زانیاریی لەسەر فەرموودەناسیی، سوودی لێببین:

یەکەم: صەحیحی بوخاری (٧٥٦٣) فەرموودەی تێدایە، بە دووبارەکانییەوە.

دووەم: صەحیحی موسلیمە، نزیکەی (٧٣٨٥).

سێیەم: سوننەنی ئەبو داود، (٥٢٧٤) فەرموودە.

چوارەم: جامع الترمزی (٣٩٥٦) فەرموودە.

پێنجەم: سوننەنی نەسائی (٥٧٧٤) فەرموودە.

شەشەم: سونەنی ابن ماجایە (٤٣٤١) فەرموودە.

حەوتەم: سونەنی دارەمی (٣٥٠٣) فەرموودە.

هەشتەم: (موطأ)ی مالک (١٧٤٠) فەرموودە.

نۆیەم: موسنەدی ئەحمەد، لە هەموویان زیاتری تێدایە: (٢٧٦٤٧) فەرموودە.

دەیەم: صەحیحی ابن خزیمەیە کە (٣٠٧٩).

یازدەهەم: صەحیحی ابن حبان (٧٤٩١) فەرموودە.

دوازدەهەم: موستەدرەکی حاکم (٨٨٠٣) فەرموودە.

سێزدەهەم: سونەنی کوبرای بەیهەقی (٢١٨١٢).

کۆی ئەمانە دەکاتە (١١٨٣٦٨) فەرموودە، بەڵام با بزانین ئایا ئەم ژمارەیە لە فەرموودە هەموویان حوکمی شەرعیی‌و بابەتی تازەیان تێدایە!؟ دیارە نەخێر، پێشەوا شەمسەدین زەهەبی ـ کە یەکێکە لە حوففازی فەرموودەو ساڵی (٧٤٨ک) کۆچی دوایی کردووە۔ هەر ئەوکاتە بەچاوو بەدەستی خۆی، ئەو هەموو فەرموودانەی ژماردوون، دەڵێت: فەرموودەی صەحیح تەنها نزیکەی چوار هەزارن‌و لەوە تێناپەڕن، واتە دووبارەبووەکانی لێ لابردوون، چوار هەزاریان ماونەتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە هەوڵێکی هاوچەرخیش لە لایەن زانایەکی شامییەوە بە ناوی (صالح أحمد الشامی) هەیە، کتێبێکی نایابی داناوە بە ناوی (معالم السنة النبوية)، لەو سێزدە کتێبەی کە باسمان کردن، یەک کتێبشی پێ ئیزافە کردوون، (أحاديث مختارة)ی (ضياء الدين المقدسی)۔ کە ئەویش فەرموودەی زۆری تێدایە ـ هەموویانی

کۆکردوونەتەوە، لە هەموو فەرمووودەکان ـ بەوەی (ضیاء الدین المقدسی)شەوە کردوویەتە (١١٤١٩٤) فەرمووودە، دوای ئەوە هەموو دووبارەو لەیەکچووەکان‌و ئەوانەی لە ڕووی واتاوە، یان لە ڕووی دەقەوە، لەیەک دەچن، هەروەها فەرمووودەی هاوەڵان‌و ئاسارو هەواڵی هاوەڵانی لێ لابردووە، ماوەتەوە (٣٩٣١) فەرمووودە، واتە کۆی فەرمووودەی صەحیح ئەوەندەیە، واتە لە ناو ئەو دەیان هەزار فەرمووودەیەدا ئەوانەی کە بە پێوەری زانایانی فەرمووودەناس پێیان دەگوترێت (صەحیح)و دووبارەیان لابدرێت ئەو (٣٩٣١) فەرمووودەن، کەواتە پێویست ناکات سەرمان سوڕبمێنێ لەو ژمارەی زۆرەی کە هەموو جار باسدەکرێت.

**تەوەری سێیەم/ ناوەکانی ئەم زانستەو ئەوەی پەیوەندیی بەم زانستەوە هەیە**

سەبارەت بە ناوەکانی ئەم زانستە وەکو لە زانستەکانی قورئانناسیدا ئاماژەمان پێکرد، کە بۆچی پێی دەڵێن: (علوم القرآن)، واتە: زانستەکانی قورئان؟ وتمان لەبەر ئەوەیە کە چەندین زانست لەخۆ دەگرێت، (علوم الحدیث)یش بەهەمان شێوەیە، واتە ئەگەر بابەتە سەرەکییەکانی ڕاڤە بکەین، ئەویش چەندین زانستی لێدەبێتەوە، بۆیە زۆربەی زانایان بە (علوم الحدیث) ناویان بردووە، واتە: زانستەکانی فەرمووودە. بۆیە لێرەش ئەوەی زانستەکانی قورئان دووبارە دەکەینەوەو دەڵێین: زانستەکانی فەرمووودەناسیی دروستترە، تا بڵێین زانستی (علوم الحدیث) چونکە چەندین زانست لەخۆدەگرێت.

جگە لەوە ناونیشانی ئەم زانستانە جۆراوجۆرن، هەندێک پێی دەڵێن: (أصول الحدیث)، هەندێک پێی دەڵێن (علم مصطلح الحدیث)، ئەو بەشەی کە بابەتە گشتییەکان باسدەکات، بەڵام بە ناوبانگترین ناویان (علوم الحدیث)ە، واتە زانستەکانی فەرمووودە.

**زانستەکانی تایبەت بەم بوارە:**

بە نیسبەت زانستەکانی تایبەت بەم بوارەوە زۆر زۆرن، زانا پێشووەکان باسی ژمارەی زۆر دەکەن، یەکێک لەوانە ئیبن صەلاحی شارەزورییە، کە ساڵی (٦٤٣ک) وەفاتی کردووە، کتێبێکی زۆر دەگمەن‌و نایابی هەیە لەسەر فەرموودەناسیی بە ناوی (المقدمة في معرفة أنواع علوم الحديث)، لەوێ دەڵێت: (علوم الحديث) (٦٥) جۆر زانستن. لێرەدا ئاماژە بە چەند زانستێکی سەرەکیی لە لقەکانی ئەم زانستە دەکەم، بۆ نموونە (علم السند)، کە باسی ڕاوییەکانی هەر فەرموودەیەک دەکات، ئەوە زانستێکی سەربەخۆیە. زانستێکی تر گرنگیی بە دەقی فەرموودەو ناوەڕۆکی دەدات. زانستی (جەرح‌و تەعدیل) هەیە، کە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ڕاوییەکانەوە، لە ڕووی لاوازیی‌و بەهێزییانەوە. هەروەها زانستی (تدوين الحديث) هەیە، کە پەیوەندیی بە سەردەمی نووسینەوەی فەرموودەو چۆنیەتی نووسینەوەی هەیە. یان (علم مختلف الحديث ومشكله)، ئەمیش زانستێکە کە باس لە جیاوازییەکانی هەندێک دەقی فەرموودەو ئەو گرفتانە دەکات کە لە واتای هەندێک فەرموودەدا پێش هاتوون. پاشان (علم ناسخ الحديث ومنسوخه) هەیە- کە یەکێکە لەو زانستانە باس لەوە دەکات کە هەندێک فەرموودە هی سەردەمێکن، دواتر لە سەردەمێکی تردا نەسخ کراونەتەوە، بە هەمان شێوە کە لە زانستەکانی قورئانناسیشدا باسمان کرد.

زانستێکی تر (علم مصطلحات الحديث)ە، کە باسی دەستەواژەو زاراوەکانی تایبەت بە فەرموودە دەکات، زاراوەی زۆر هەن، وەک: سەنەد، مەتن، جەرح، تەعدیل، أثر، خبر، علە، شذوذ، دراية، رواية.. هتد، ئەمانە هەموو زاراوەو دەستەواژەن، ناساندنیان دەوێت.

هەروەها (علم علل الحديث) هەیە، کە باس لەو گرفتانە دەکات کە ڕوو دەکەنە سەنەدو مەتنی فەرموودە. هەروەها (علم أسباب ورود الحديث) هەیە، وەکو چۆن قورئان (أسباب النزول)ی هەیە، فەرموودەش (أسباب الورود)ی هەیە، واتە: بۆچی پێغەمبەر ﷺ هەندێک فەرموودەی فەرمووەو هۆکاریان چیە؟ هەندێک ڕیوایەت هەن کە یارمەتیمان دەدەن لە تێگەیشتنی فەرموودەکاندا، بەوانە دەڵێن: سەبەب ورود، یانی هۆی وتنی فەرموودەکە لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ. هەروەها زانستی (قواعد عامة)ی زانستی فەرموودەناسیمان هەیە، ئەمانە نموونەیەکن لە ناوی زانستەکانی تایبەت بە فەرموودەناسی.

**تەوەری چوارەم/ جیاوازیی لە نێوان (حديث) و (سوننەت) و (سیرەت)**

جیاوازیی لە نێوان (حدیث و سوننەت و سیرەت)، لەوێوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەم گوفتارو فەرموودەی هەبووە، کە پێی دەوترێت: (حديث)، هەم کرداریشی هەبووە، هەم زۆر شتی بیستووە، یان بینیوەو دانیپێداناون، (واتە: إقرار)، کە بەم جۆرەش دەگوترێت: (سوننەت)، واتە فەرموودەش دەگرێتەوە، دیارە لە لای زانایانی (أصول) ئەمە ئەو گوفتارو کردارانە دەگرێتەوە کە وەک پێغەمبەرێک ئەنجامی داون، نەک شتە شەخسییەکانی، (ئەمە بابەتێکە ـ پشت بەخوا ـ بەجیا وانەیەکی بۆ تایبەت دەکەین).

کەواتە فەرموودەکان پێیان دەگوترێت: (أقوال) یان (أحاديث)، کارەکانیش پێیان دەگوترێت: (أفعال)، جۆری سێیەمیشیان پێی دەگوترێت: (تقارير)، یان (إقرارات)، یانی ئەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بینیونیو بێدەنگ بووە لەسەریان، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ شتێک بینیبێت ـ بەو پێیەی کە نێرراوو پێغەمبەری خوایە ـ دەبێت هەڵە ڕاست بکاتەوەو هەرکاتێک شتێکی بینیبێت، یان

بیستبێت، بێدەنگ بووبێت لە ئاستیدا، ئەوە زانایان ناویان ناوە (إقرار)، یانی دانی پیادا ناوە، ئەوەش دەچێتە خانەی سوننەتەوە، چونکە ناکرێت پێغەمبەرێک شتێکی هەڵە ببینێتو قسەی لەسەر نەکاتو ڕاستی نەکاتەوە، مادام لێی بێدەنگ بووە، کەواتە دەبێتە سوننەت. بۆیە سوننەت سێ جۆرە: (قەولو فیعلو ئیقرار).

جۆری سێیەم ـ پاش فەرموودەو سوننەت ـ (سیرەت)ە، یانی ژیاننامە، کە دوو جۆرە پێشووەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەو قسانەی کە دەربارەی پێغەمبەری خوا ﷺ کراوە، واتە کەسانێک باسیان کردووەو شتیان لەسەری گێڕاوەتەوە، یان هەندێک دیمەنو دیاردەو حاڵەتیان دیوە، یان شەمایلو ئاکاری پێغەمبەریان باسکردووە، چ صیفاتە خەلقییەکانی، چ صیفاتە ڕەوشتییەکانی، چ هەندێک ڕووداو کە بەسەریدا هاتووە، هەرچی غەیری هاوەڵانو غەیری خۆی ـ زاتی پێغەمبەری خوا ـ ﷺ باسی لێکردبێت. بەوانە دەگوترێت: (سیرەت).

**تەوەری پێنجەم/ سەرەتای نووسینەوەی فەرموودە لەگەڵ قۆناغەکانی تر**

سەبارەت بە نووسینەوەی فەرموودە: لە سەردەمی مەککەو سەرەتای ئیسلامدا، خودی پێغەمبەر خۆی قەدەغەی کرد فەرموودەکانی بنووسرێنەوە. بە دەق فەرموودەمان هەیە کە دەفەرمێت: (لا تكتبوا عني، ومن كتب عني غير القرآن فليمحه، وحدثوا عني ولا حرج)[٥]. واتە: لە منەوە هیچ مەنووسنەوە، هەرکەس لە بارەی منەوە غەیری قورئان شتێکی نووسییەوە، با بیسڕێتەوە، بەڵام لە منەوە بگێڕنەوەو هیچ نکوڵییەکی تێدا نیە.

---

[٥] صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٥٣٢٦).

زۆربەی زانایان بۆچوونیان وایە کە هۆکاری ئەم قەدەغەکردنە ئەوە بووە کە دەقەکانی فەرموودە لەگەڵ قورئان تێکەڵ نەبن. دیارە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ تازە موسڵمان بووبوون، هێشتا زۆر ئاشنا نەبووبوون بە جیاکردنەوەی ئەدەبیاتی پێغەمبەرﷺ لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز، واتە مەترسی ئەوە هەبوو ڕستەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ قورئان تێکەڵ بکەن. لێرەوە پێغەمبەر ڕێگەی دا ـ بەڵکو فەرمانی دا ـ بە پشتبەستن بە لەبەرکردن، فەرمووی: (حدثوا عني ولا حرج): لە منەوە بگێڕنەوەو هیچ نکوڵییەکی تێدا نیە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هانیداون فەرموودە بۆ یەکترو خەڵکی بگێڕنەوە. ڕیوایەتی تریش هەیە کە فەرماندەکات تەبلیغ بکەن، بۆ نموونە دەفەرموێت: (بلغو عني ولو آية)[٦]: لە منەوە ئەگەر ئایەتێکیش بووە، بگەیەنن. ئەمە هاندانی هاوەڵان بوو بۆ لەبەرکردنی فەرموودە، بۆیە زیاتر لە سەردەمی مەککەدا لە بری نووسینەوە، فەرموودەیان دەگێڕایەوە.

لێرەدا تێبینییەکی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە فەرمودەی ئەحکام لە سەردەمی مەککە کەم بوون، چونکە هێشتا حوکمە شەرعییەکان لە ساڵانی مەککەدا دانەبەزیبوون بۆ نموونە: ئەحکامی بابەتی جیهادو جل وبەرگ و ڕونکردنەوەی زەکاتو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، کەوتنە سەردەمی مەدینە، تەنانەت زیارەتی حەج لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا واجب کرا. بەو شێوەیە ئەحکام بە تەفصیل، یان باسی حەڵاڵو حەرامو بابەتەکانی مامەڵەو دەوڵەتدارییو پایەکانی سیستمی کارگێڕییو ئابوورییو سیاسی ئیسلام، لە سەردەمی مەدینە

---

[٦] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٣٤٦١).

دابەزین، بۆیە لە مەککەدا فەرمووده لەو بارانەوه کەم بوون، کەواتە فەرمووده دەربارەی ئەحکام لە سەردەمی مەککەدا ئەوەنده زۆر نەبوون تا ئەو کێشەیه دروست ببێت کە پرسیار بکرێتو بگوترێت: لە دوانزە ساڵی سەردەمی مەککەدا- کە قەدەغەی نووسینەوەی فەرمووده کرابوو- فەرموودەی زۆر لەدەستچوون! نەخێر ئەو فەرموودانەی ئەو کاتە زیاتر تیشکخستنە سەر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بوون، نموونەهێنانەوه بوون بە ئایەتەکانی قورئان، زیاتر باسی نیشانەکانی پەروەردگارێتی خواو دیمەنەکانی نیعمەت و ڕەحمەتو ڕووداوەکانی ڕۆژی دواییو باوەڕبەخواو صیفاتو ناوە جوانەکانی خواو بەهەشتو دۆزەخو تیاچوونی گەردوونو ئەو بابەتانە بوون، ئەگەر سەیری سورەتە مەککییەکان بکەن، دەبینن زیاتر تیشکیان خستووەتە سەر ئەو بابەتانە، فەرموودەکانی ئەو کاتەش لە خزمەتی ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتانەدا بوون، لەبەر ئەوە فەرموودەی ئەحکامیان زۆر تێدا نیە، تا ئەم پرسیارو کێشەیە دروست ببێت.

لە سەرەتاوه بەم شێوەیە بوو، بەڵام کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە، دوای چەند ساڵێک دەستیان کرد بە نووسینەوە، بۆ نموونە هاوەڵێک بە ناوی (أبو شاه) لە یەمەنەوە چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا، وتی: یا رسول الله! فەرموودەم بۆ بنووسنەوە، دیار بوو حەزی دەکرد شتێک لەگەڵ خۆی بەرێتەوە. پێغەمبەر

فەرمووی بە هاوەڵانی نووسەری: (أكتبوا لأبي شاه)، واتە: (فەرمووده) بۆ ئەبو شا بنووسنەوە.[٧]

ئەمە دەری دەخات هەر لە سەرەتای عەهدی مەدینەوە گرنگیی بە نووسین دراوە، بۆیە پاش جەنگی بەدریش لە ساڵی دووەمی کۆچیدا۔ کە ژمارەیەک لە جەنگاوەرانی قورەیش بەدیلیی کەوتنە بەردەستی موسڵمانان ۔ پێغەمبەری خوا فەرمانی دەرکرد کە هەر یەک لە دیلکراوان ۔ ئەگەر خوێندەواریی هەیە۔ چەند منداڵێکی موسڵمانان فێری نووسین بکات، لە باتی فیدیە ئازاد دەکرێت. تەنانەت مەشهورە کە صەحابەیەکی وەکو زەیدی کوڕی ثابت ۔ کە لەو کاتەدا مێردمنداڵ بوو۔ یەکێک بووە لەوانەی کە لەو ڕێیەوە فێری نووسینو خوێندنەوە بوون.[٨]

زیاتر لەمەش لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا۔ لە کاتی صوڵحی حودەیبییەدا۔ پێغەمبەری خوا بە هاوەڵانی فەرموو: (أكتبوا لي من تلفظ بالإسلام من الناس)[٩]، واتە: هەر کەس لە خەڵکی، کە ئیسلامبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە، ناویانم بۆ بنووسن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ پشتی بە داتاو ئامار بەستووە، لەبەر ئەوە لە شاری مەینە قەوارەیەکیان پێکهێناوە، حەزی کردووە بزانێت کێ موسڵمان بووەو ئاماریان بەچی گەیشتووە؟ ئەمە زانیارییەکی گرنگمان دەداتێ، چونکە ڕاوییەکە دەڵێت: (فكتبنا له ألفا وخمسمائة

---

[٧] ئەم بەسەرهاتە لە صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٢٤٣٤)و صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (١٣٥٥)، هاتووە.

[٨] موسنەدی ئەحمەد، بە ژمارە: ٢٢١٦.

٩ صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٣٠٦٠).

رجل): ئێمە ناوی هەزارو پێنچ سەد پیاومان بۆ نووسی. هەزارو پێنج سەد ناو، زۆرە بۆ شارێکی وەک مەدینەی ئەو کاتە.[١٠]

ئەو فەرمانکردنەی پێغەمبەر ﷺ بە نووسینەوە بۆ (ئەبو شا)و ئەم ئامارو شتانە ئەوە دەگەیەنن کە نووسینەوە هەبووە.

بەڵگەی بەهێزتر لەمانە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئەو هاوەڵانەدا لە عەهدی مەدینە، نزیکەی شەش حەوت قەواڵە یان تۆمار (صەحیفە)ی تایبەت بە هاوەڵان هەبوون، صەحیفە بەوە دەڵێن هەرکەس بۆ خۆی - وەک چۆن دەڵێین - مەلزەمەیەکی هەبووە، دیارە ئەو کاتە کاغەز نەبووە، لەسەر پێستو ئێسقانو دێڵەبەردو ئەو شتانە نوسراوەتەوە. هەرکەس بۆ خۆی کوڕاسەیەکی هەبووە، بۆ نموونە لەوانە: ناو لە تۆماری (سەعدی کوڕی عوبادە)، تۆماری (عبد الله کوڕی عەباس)، تۆماری (عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عاص)، هەروەها تۆمارەکانی (جابر کوڕی عبدالله)، (عبدالله کوڕی ئەبو ئەوفا)، (جەمرە کوڕی جوندوب) و (أبو هريرة) هەبوون. ئەم ناوانە هەرکەس بۆ خۆی پارێزگاری لە چەند فەرموودەیەک کردووە، پێغەمبەریش زانیویەتیو قەدەغەی نەکردوون، بەڵکو پێیخۆشبووە.

کەواتە گومان لەوەدا نامێنێت کە قەدەغەکردنەکە پەیوەندیی بە ساڵانی قۆناغی مەککەوە هەبووە.

## تەوەرەی  شەشەم/ نووسینەوەی فەرموودە لە سەردەمی عمر عبد العزيزدا

[١٠] ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی بوخاری، بە ژمارە (٣٠٦٠ )، هاتووە.

دوای سەردەمی یەکەمی ئیسلام ـ واتە بە کۆتاییهاتنی سەردەمی خیلافەتی ڕاشدین‌و هاتنی ئومەوییەکان ـ لەسەر دەستی (عومەری کوڕی عبدالعزیز) ـ خوای گەورە لێی ڕازی بێت ـ کە بە خەلیفەی پێنجەمی ڕاشد ناسراوە. نووسینەوەو تەدوینی ڕەسمیی دەوڵەت بۆ فەرمووده دەستی پێکرد، فەرمانی دەرکرد بۆ (ئەبوبەکر کوڕی حزام)، کە کەسایەتییەکی شارەزا بوو، قازی خۆی بوو لەسەر شاری مەدینە، ڕایسپارد کە: هەر فەرموودەیەک دەبیستی، بینووسەرەوە. ئەم فەرمانەشی بۆ هەموو شارەکان دەرکرد، چونکە کۆچی دوایی هەموو هاوەڵان نزیک بووبوەوە، هاوەڵان ـ بە تایبەتی بەتەمەنەکان ـ لە ئاخرو ئۆخردا بوون، هەروەها تەکلیفی کرد لە (ابن شهاب زوهەری). کە ئەویش هاوچەرخی خۆی بوو، ساڵی (١٢٤ک) وەفاتی کردووە. فەرمانی بۆ دەرکرد کە فەرموودە بنووسێتەوە. کەواتە یەکەم نووسینەوەی ڕەسمیی دەسەڵاتی ئیسلامیی بۆ فەرموودە، ئەوکاتە دەستی پێکرد.

لەوێوە دەچینە سەدەی دوو و سێی کۆچیی کە سەدەی دانانی (جوامع)و (سنن) و (مسانید) و دواتر (معاجم) و (مصنفات)و تەواوی سەرچاوەکانی فەرموودە، دەست پێدەکات.

## وانەی دووەم

## پێناسەکانی تایبەت بە زانستەکانی فەرموودەناسیی‌و تیشکێک لەسەر مێژووی زانستەکە

سەرەتا پێویستە بزانین کە لە ناو تەواوی زانستە عەرەبی‌و ئیسلامییەکاندا، هیچ زانستێک لە دەوڵەمەندیی‌و لە چڕوپڕیی‌و فراوانیی بابەتەکانیدا، ناگات بە

زانستی فەرموودە، تەنانەت خۆرهەڵاتناسانی بە ئینصافیش لەگەڵ زۆرێک لە بیرمەندانی خۆرئاوا، ئەوانەی ئەهلی ڕووناکبیریی و نووسین و وەرگێڕان و شارەزای زمانی عەرەبین، دانیان بەوەدا ناوە کە هیچ زانستێک لە جیهاندا ناگات بە زانستی فەرمووودەناسی، ئەوەی زانایانی عەرەب پێی ئەڵێن: (علوم الحديث).

ئەم دانپیادانانە لەوەوە هاتووە کە زانستەکە زۆر زۆر فراوانە، چەندین ڕەهەند دەگرێتەوەو وردەکاریی زۆری تێدایە. لە سەرێکەوە باسی ناوەڕۆکە کە چۆن قبوڵدەکرێتو چۆن ڕەددەکرێتەوە؟ مەرجەکانی تەندروست بۆ فەرموودەیەک چین؟ لە سەرێکی ترەوە باسی سەنەدو عەنعەناتو زنجیرەی کەسایەتییەکان دەکات کە پێیان دەڵێن: ڕاوی، کە ئەوەش بۆ خۆی زانستی (الجرح والتعديل)ی لێبووەتەوە. ئەم فراوانیی زانستەیە وایکردوە کە بیرمەندانو ئەهلی زانست لە هەموو جیهاندا بە هەموو ئاینەکانەوە دانبنێن بەم ڕاستییەدا کە (فەرموودەناسیی) دەوڵەمەندترین زانستە، تەنانەت لە زانستەکانی (قورئانناسی)ش دەوڵەمەندترە، بەو پێیەی کە لە سەدەی یەکەمەوە لە دوای سەردەمی (عوسمانی کوڕی عەفان)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) کە فیتنەو گروپ و تاقمی جۆراوجۆر سەریانهەڵداو گومان خرایە سەر کەسییەتی هەندێک لە صەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ لەوێوە بابەتی هەڵسەنگاندن زیادی کرد، زانستەکە دەوڵەمەندو بەربڵاو بوو، بۆیە لەو کاتەوە زانستی فەرموودە دەستی پێکردووە. ئەمە وایکردوە کە کتێب دەربارەی فەرموودە لە سەدان دەربچنو ببنە هەزاران. بۆیە لە سەدەی سێو چواری کۆچییەوە تا ئێستا بە هەزاران کتێب دەربارەی ئەم زانستە چاپکراون.

**تەوەری یەکەم/ پێناسی زاراوەی زانستەکانی فەرموودەناسی (علوم الحديث)**

بەندە چەند تەعریف و پێناسێکم هەڵبژاردوون کە بەناوبانگترینیان و جێی متمانەترینن، چونکە نابێت ئەم زانستە لە هەموو کەس وەربگیرێت. ئەم زانستە بایەخی خۆی هەیە، دەبێت شارەزایانی بوارەکە قسەیان وەربگیرێتو وەک بەڵگە بهێنرێتەوە. لێرەدا بۆ تەعریفی (علم الحديث)ـ واتە خودی زانستە سەرەکییەکە ـ فەرموودەناسی، عزالدین بن جەماعە (٦٧٤ـ٧٦٧ ک) کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی زانستی فەرموودە. وەکو پێشەوا (سیوطی) لە (تدريب الراوى) لێی نەقڵ دەکات ـ دەڵێت: تەعریفی ئەم زانستەی وا کردوە: "علم به يعرف قوانين أحوال السند والمتن".[11] واتە: زانستێکە کە ئاشنامان دەکات بەو یاسایانەی کە حاڵی سەنەدو مەتنمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، حاڵی زنجیرەی ڕیوایەتکاران لەگەڵ دەقی مەتنەکانو دەقەکان. (شمس الدين الكرماني)ش (٧١٧ـ٧٨٦ ک)ـ کە ڕاڤەکارێکی بەناوبانگی صەحیحی بوخارییە. بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، دەڵێت: "علم يعرف به أقوال رسول الله ﷺ وأفعاله وتقاريره". واتە: زانستێکە گوفتارو کردارو کارە پەسەندکراوەکانی پێغەمبەری خوای پێ دەناسرێتەوە، واتە: ئەو گوفتارو کردارانەی کە ئەو مۆڵەتی داون، یان هاوڕابووە لەگەڵیان، یان بێدەنگ بووە لەسەریان. یانی زانستێکە کە بەهۆیەوە فەرموودەو کردارو ئیقرارکراوەکانی پێغەمبەری پێدەناسرێن.

پێشەوا (ابن حجر العسقلانى)ش (٧٧٣ـ٨٥٢ک) کە یەکێکە لە گەورە زانایانی فەرموودە، دەڵێت: "هو معرفة القواعد المعرفة بحال الراوي والمروي[12]": زانستی

---

[11] تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، السيوطي، دار طيبة، ج: ١/٥.

[12] تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، السيوطي، دار طيبة، ج: ١/٥.

فەرموودەناسی زانینی ئەو ڕێسایانەیە کە حاڵی ڕاوی‌و ڕیوایەت ئەناسێنن. (راوي) مەبەست کەسایەتییەکانن کە لەسەنەدەکاندان، (مروي) مەبەست دەقەکانە، یانی (جامعە) بۆ ئەو وشانەی پێویستن تیایدا بن، (مانعە)و شتێکی وای تێدا نیە کە ئەبێت تێیدا نەبێت.

**پێناسی چەند زاراوەیەکی تر:**

ئەچینە سەر پێناسی هەندێک زاراوەی تر لە ناو زانستی فەرمووودەناسیدا، وەکو وشەی: **(راوي، محدث، حافظ، حجە، الشیخ، حاکم، روایة، درایة):**

کاتێک دەوترێ (**راوي**) یانی ئەو کەسەی کە فەرمووودە دەگێڕێتەوە. (**محدث**) واتە: ئەو کەسەی کە سەرگەرمە بە زانستی فەرمووودەوە، چ لە ڕووی ڕیوایەت، چ لە ڕووی دیرایەتەوە، یانی چ لە ڕووی مەتن و ناوەڕۆکەوە، چ لە ڕووی سەنەدەکەوە.

(**حافظ**) بەو کەسە دەڵێن کە بەلای کەمەوە (سەد هەزار) فەرمووودەی لەبەر بێت. (**الحجة**): لای هەندێک لە زانایان بەو کەسە دەڵێن کە (٣٠٠ هەزار) ڕیوایەتی لەبەربێت. دیارە کە دەڵێین ئەوەندە هەزار، مەرج نیە هەمووی صەحیح بێت، چونکە ئەوەندە فەرمووودەی صەحیح هەر نیە، مەبەست ئەوەیە ئاشنا بێت بە زانستەکە، بە ڕیوایەتی صەحیح‌و لاوازو هەڵبەستراوەوە، بۆ ئەوەی جیایان بکاتەوەو لێیان ئاگادار بێت.

(**أمیر المؤمنین في الحدیث**) واتە: میری بڕواداران لە فەرمووودەدا، ئەمە بۆ هەندێک لە زانا گەورەو شارەزاکان بەکارهاتووە، وەک: (سوفیانی ثەوری، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، بوخاری، دارقطنی).

(**الشيخ**) بە کەسێک دەڵێن کە: کتێبێکی هەبێت لە فەرموودەداو لەبەر ڕۆشنایی ئەو کتێبەیدا، وانە بە قوتابیان بڵێتەوە.

(**الحاكم**) بە کەسێک دەڵێن: کە ئاشنا بێت بە زانستی فەرموودەو هەموو فەرموودەکان، یانی وایلێبێت کە باس لە هەر فەرموودەیەک، یان حاڵی هەر ڕیوایەتێک کرا، بزانێت ئەمسەرو ئەوسەری کامەیەو چیە.

(**علم الرواية**) بەو زانستە دەڵێن کە باس لە دەقی فەرموودە دەکات، ئەو دەقەی کە نیسبەت دەدرێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ یان لای هاوەڵانی، خوا لێیان ڕازی بێت.

(**علم الدراية**) بەو زانستە دەڵێن کە باس لە حاڵی ڕاوییەکان دەکات، لە ڕووی بەهێزیی‌و لاوازییانەوە، یان لە قسە لە خودی دەقەکە دەکات لە ڕووی قبوولکردن‌و ڕەتکردنییەوە..

(**الإسناد**): واتە پەیوەستکردنی زنجیرەی ڕاوییەکان پێکەوە، یەکەم ڕاوی لەگەڵ دووەم، دووەم لەگەڵ سێیەم، تا دەگاتەوە ئەو هاوەڵەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەقەکەی گێڕاوەتەوە.

ئەمە بە پوختی گرنگترین ئەو دەستەواژەو زاراوانەن کە زۆرتر دێنە ڕێمان.

## تەوەری دووەم/ مێژووی سەرهەڵدانی زانستی فەرموودەناسی

دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی مێژووی سەرهەڵدانی زانستی فەرموودەناسیی بکەین بە سێ سەردەم‌و قۆناغەوە:

**سەردەمی یەکەم**: لە خودی ژیانی پێغەمبەری خواوە ﷺ سەرەتاکانی گەڵاڵەبوونی زانستێک وەکو فەرموودەناسی دەستی پێکرد، بۆ نموونە: (لەبەرکردنی فەرموودە،

گێڕانەوەی فەرموودە، نووسینەوەی فەرموودە، باس لە لاوازییو بەهێزیی فەرموودە، داوای بەڵگەکردن لە ڕاوییەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی فەرموودە..)، ئەمانە بنەمای زانستەکەن، هەمووی لەو سەرەتایەوە دەستیان پێکردبوو، بۆ نموونە عومەری کوڕی خەطاب هەندێک جار لە ڕیوایەتی کەسێک بە گومان بوایە، داوای شایەتی لێدەکردو پێیدەوت: کێی تر ئەم ڕیوایەتەی بیستووە؟ یان برۆ شایەت بێنە.

بۆیە ئەتوانین بڵێین: بنەما سەرەکییەکانی زانستی فەرموودەناسیی لە سەردەمی ژیاننامەی خودی پێغەمبەرەوە دەستی پێکردووە، ئەوە بوو خۆی ئەیفەرموو: (لە منەوە شت بگەیەنن)، بۆ نموونە: ئەو فەرموودەیە کە گێڕامانەوە: (بلغوا عني ولو آية)[١٣]: ئەگەر ئایەتێکیش بووە لە منەوە تەبلیغ بکەن، یان ئەیفەرموو: (فليبلغ الشاهد الغائب، فرب مبلغ أوعى من سامع)[١٤]: با ئەو کەسەی شاهیدو حازرەو گوێی لێمانە، کەسێک ئاگادار بکاتەوە کە گوێی لێمان نیەو لێرە نیە، چونکە زۆر ڕێکدەکەوێت کە ئاگادارکراوێک باشتر تێبگات لە گوێگرێک! بۆ نموونە: هاوەڵانی مەککە لە ماوەی مانەوە لە شاری مەککەددا، فەرموودەی زۆریان بیستبوو، لە مەدینە بۆ هاوەڵانی ئەنصاریان دەگێڕانەوە. یان ئەوانەی کە تازە مسوڵمان بوو بوون، هاوەڵانی پێشووتر- کە پێش ئەوان مسوڵمان بوو بوون - زۆرێک لە فەرموودەکانی پێغەمەبەریان بۆ دەگێڕانەوە. یان کە میوانێکی تازە موسوڵمان دەهات، صەحابە فەرموودەیان بۆ دەگێڕایەوە.. کەواتە گێڕانەوە

[١٣] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٣٤٦١).

[١٤] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (١٧٤١).

بەشێکو پایەیەکە لە زانستی فەرمووده‌ناسییو لەو کاتەوە دەستی پێکردووە. لەو سەردەمەدا بە تایبەتی بەشی دەقەکان زۆرتر گرنگیی پێدەدرا، کەمتر باسی ئیسناد دەکرا، ئیسناد یانی نیسبەتدانی ڕیوایەت بۆ لای خاوەنەکانیانو پرسینەوە لە خاوەنەکانیان کە: ئەم قسەکەرە کێیەو حاڵی چۆنە؟

پێشەوا موسلیم لە صەحیحی موسلیمەکەی خۆیدا لە ئیبن سیرین دەگێڕێتەوە دەڵێت: "لم يكن يسألون عن الإسناد": پێشتر نەیانئەپرسی لە ئیسناد، وتمان ئیسناد یانی پەیوەستبوونی زنجیرەی ڕاوییەکانو نیسبەتدانی دەقەکە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر.. دەڵێت: نەیانئەپرسی ئەمەت لە کێ وەرگرتووە؟ بەڵام کاتێک فیتنە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا ڕووی دا، متمانە بە هەندێک لە هاوەڵان کەمکرایەوەو گروپو تاقمەکان دروستبوون، ئیتر هەرکەس ڕیوایەتێکی بگێڕایەتەوە، ئەیانوت: (سموا لنا رجالكم)[١٥] ناوی پیاوەکانتان بەرن بۆمان، ئەوانە کە ئەم قسانە ئەگێڕنەوە کێن؟ بۆ ئەوەی بزانن ئایا لە تاقمی زۆرینەی موسڵمانانن کە ئیشکالیان نیە، ئەوانەی کە بە ئەهلی سووننەتو جەماعەت ناسران، یان لەو دەستەو تاقمانەن کە دوورکەوتنەوە، وەکو (خەواریجەکان)و (ڕافیزییەکان).

**سەردەمی دووەمی** تۆمارکردنی زانستی فەرمووده‌ناسیی لە سەرەتای سەدەی دووەمەوە دەستپێدەکات، سەرەتا بە سەفەرو بارگە پێچانەوەو گەشت بۆ وەرگرتنی فەرموودە دەستی پێکرد، لەگەڵ ئەڵقەکانی فێرکردنی فەرموودەو گێڕانەوەی فەرموودە، بۆ نموونە لە شارەکانی بەصرەو کوفەو مەککەو

[١٥] پێشەکی نەوەوی لەسەر صەحیحی موسلیم.

مەدینەو قاهیرە، دواتر بەغداو دیمەشق و.. هتد، ئەڵقە ئەڵقە صەحابە بەتەمەنەکانو دوای ئەوان پاشینانی دوای صەحابە، ئەو ڕیوایەتانەی کە بیستبوویان دەیانگێڕانەوە بۆ کەسانی دوای خۆیان، هەروەها زۆرێک لە کەسایەتییەکان لە زانایان وڵاتی خۆیان بەجێ ئەهێشت، وەکو: پێشەوا (بوخاری) کە لە شاری (بوخارا)وە[١٦] چووە بەرەو وڵاتی حیجازو عێراقو شام، یان پێشەوا موسلیمی نەیشاپوری لە شاری نەیشاپوری[١٧] وڵاتی فارسەوە، چووە بەرەو ناوچە عەرەبییەکان، زانایانی فەرموودەناسی زۆری تر هەر لەو وڵاتانەوە بوون، (ئەبوداود) لە وڵاتی سجستانەوە،[١٨] هاتووە، (ترمذی) لە شاری (ترمذ)ەوە هاتووە، کە شارێکی وڵاتی ئۆزبەکستانە. (ابن ماجە) لە شاری (قەزوین)ی ئێرانەوە هاتووە، (نسائی) لە شاری (نەسا)ی تورکمەنستانی ئێستەوە هاتووە. هەروەها

---

[١٦]بوخارا شارێکە لە وڵاتی ئۆزبەکستان، (٣٩٠٧) کیلۆمەتر لە شاری مەککەوە دوورە. پێشەوا بوخاری لە تەمەنی (١٦)ساڵییەوە گەیشتووەتە شاری مەککە، ئیتر نەگەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیو دەستیکردووە بە گەڕان بۆ کۆکردنەوەی فەرموودە، بۆ ئەو مەبەستە چەندینجار چووەتە شارەکانی: مەککە، مەدینە، بەغداد، کوفە، بەصرە، واسط، دیمەشق، عەسقەلان، قاهرە، جگە لە شارەکانی خوراسانو نەیشاپوورو ئێرانی ئەو سەردەمە..

[١٧] نەیشاپور کاتی خۆی پایتەختی هەرێمی خوراسان بووە لە باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی ئێران، نزیکی شاری مەشهەدی ئێستە، ناوەندی پارێزگای خوراسان.

[١٨]سجستان ناوچەیەکە دەکەوێتە سەر سێ گۆشەی مەرزی وڵاتی ئەفغانستانو ئێرانو پاکستان، (سیستان)ی ئێستە بەشێکە لەو ناوچەیە.

زۆرێکی تر لە زانایان لە ئەهلی تەفسیریش هەروابوون. ئەمانە هەموو لەو وڵاتانەوە هاتوون بۆ کۆکردنەوەی فەرموودە.

وەکو زانست، یەکەم کەس قسەی کردبێت لە ڕێساکانی زانستی فەرموودە، پێشەوا (شافعی)یە، کە ساڵانی (١٥٠ ـ ٢٠٤ک) ژیاوە. ئەو لەسەر بنەماکانی فەرموودە قسەی کردووە، لەسەر دروستیی‌و نادروستیی ڕیوایەت ڕوونکردنەوەی داوە، دوای ئەو کەسانی تر پەیدا بوون، وەک: أبوبکر عبد الرزاق الصنعاني کە ساڵانی (١٢٦ـ٢١١ ک) ژیاوە، یەحیای کوڕی موعین، کە ساڵانی (١٥٨ـ ٢٣٣ ک) ژیاوە، (أبوبکر بن أبوشیبة)، کە ئەویش یەکێکە لە (حافظ)ە بەناوبانگەکانی فەرموودەو لە ساڵانی (١٥٩ـ٢٣٥ ک) ژیاوە. (عەلی ابن مەدینی) کە ساڵانی (١٦١ـ ٢٣٤ ک) ژیاوەو مامۆستای پێشەوا بوخاری بووە، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، کە لە (١٦٤ـ٢٤١ ک) ژیاوە، هەروەها (بوخاری) کە لە (١٩٤ـ٢٥٦ ک) ژیاوە.. ئەمانە هەموویان لە سەرەتای سەدەی سێیەمدا بوون، زۆر هەوڵیان دا بۆ ئەوەی فەرموودە کۆبکرێتەوە، سەرەنجام ژمارەیەکی زۆر کتێب دانران، لە سەدەی سێ بەرەو ژوورەوە حەوت جۆرە کتێب دانران کە زانایان بە حەوت جۆر پۆلێنیان کردوون.

## ناوی کتێبە سەرچاوە تایبەتەکان بە فەرموودە

جۆری یەکەمیان: **(الجوامع):** کە بە مانای کۆکەرەوەن، ئەو کتێبانەی کۆکەرەوەن بۆ فەرموودە کە (بوخاری) (جامعی صەحیحی بوخاری) نووسی، (موسلیم) (جامعی صەحیحی موسلیم)ی نووسی.

جۆری دووهەمیان: پێیان دەگوترێت: **(السنن)،** کە سێ چوار سونەنی مەشورمان هەن: سونەنی (ئەبو داودو ترمزی و نەسائی)، ئەمانە بە تەرتیبی فیقهیی دانراون، واتە: بۆ نموونە لە (کتاب الطهارة)وە دەستپێدەکەن، پاشان (کتاب الصلاة)و (کتاب الزکاة) بەو جۆرەی کە کتێبەکانی فیقهـ نووسراونەتەوە، بەڵام لە باتی قسەی خۆیان، فەرموودەیان هێناوە.

جۆری سێیەم: **(المصنفات)**ن کە دووانی بەناوبانگمان هەن: ١ـ (مصنف عبد الرزاق) کە یەکێکە لە زانا گەورەکانو پێشتر ناومان برد، کتێبەکەی کردووە بە (٣١) بەشەوە، هەمووی بابەتی فیقهییە، بە فەرموودە. ٢ـ موصەننەفی (أبوبکر بن أبي شيبة)، کە ئەویش یەکێکە لە (حافظ)ـە بەناوبانگەکانی فەرموودەو لە ساڵانی (١٥٩ـ٢٣٥ ک) ژیاوە.

جۆری چوارەم: **(المستدرکات)ـە،** کە بەناوبانگترینیان (المستدرک)ی پێشەوا (حاکم)ەو ساڵانی (٣٢١ـ ٤٠٥ک) ژیاوەو ئەو فەرموودانەی کۆکردووەتەوە کە مەرجەکانی (بوخاری و موسلیم)یان تێدایە، بەڵام لە صەحیحی (بوخاری و موسلیم)دا نەهێنراون، ڕیوایەتەکان دەگەنە (٩٥٨٨) ڕیوایەت.

جۆری پێنجەم: **(مەسانید)ە:** دوو موسنەدی زۆر بەناوبانگ هەن: موسنەدی (ئیمام ئەحمەد) کە گەورەترین سەرچاوەی فەرموودەیەو (٢٧) هەزار فەرموودەی تێدایە، بەڵام نزیکەی دە هەزاریان دووبارەنو زۆرێکیشیان لاوازن، بگرە ـ

بەپێی قسەی حافظی عراقی و ابن الجوزی و زۆریکی تر لە فەرمووودەناسان - ژمارەیەک ڕیوایەتی هەڵبەستراویشی تێدایە.

هەروەها موسنەدی (ئەبو یەعلا موصلّی)ش هەیە، کە ساڵی (٣٠٦ ک) کۆچی دوایی کردووە. ئەم دوو جۆرە پێیان دەڵێن: موسنەد.

جۆری شەشەم: لە سەرچاوەکان مەعاجمە **(المعاجم)**، بۆ نموونە (طبرانی) سێ جۆر موعجەمی هەن: (موعجەمی صەغیر، موعجەمی کەبیر، موعجەمی أوسط)، کە بە پێوەری خۆی ژمارەیەکی زۆری فەرمووودەی کۆکردوونەتەوە.

جۆری حەوتەم: دواجار جۆرەها سەرچاوەی کۆکەرەوی فەرمووودە دروستبوون، کە بەناوبانگترینیان لە سەدەی حەوتی کۆچی بوو، گرنگترینیان (**جامع الأصول**)ی پێشەوا (ابن الأثیر الجزري)یە، کە یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی باکوری کوردستانو خەڵکی جزیرەی بۆتانەو ساڵی (٦٠٦ ک) کۆچی دوایی کردووە. ئەم کتێبەی (١٢) بەرگەو هەزاران فەرمووودەی تێدا کۆکردووەتەوە.

ئەمانە کارەکانی ئەو سەردەمەن، کە دەکرێت بە سەردەمی دووەهەمی کۆکردنەوەو نووسینەوەی فەرمووودەی دابنێین.

**سەردەمی سێیەم** سەردەمی هاوچەرخە، سەردەمی تەکنەلۆژیاو کۆکردنەوەی ئەلیکترۆنی، کە هەوڵدراوە لەسەرچاوە ئەلیکترۆنیەکاندا فەرموودە کۆبکرێتەوە، دیارە ئەمە بە پێوەری جیاوازو بە بۆچوونی جیاوازەوە. سەرچاوە هەیە تەنها ڕیوایەتە دروستو صەحیحەکانی کۆکردووەتەوە، هەیە هەموو فەرمووودەیەکی هێناوە، بەڵام لە پاڵیدا سەنەدەکانو پلەی ڕیوایەتەکانی نووسیوە، واتە: صیححەت و لاوازیی ڕیوایەتەکانی دیاریی کردووە. هەیە بەشێوەی بابەتیی فەرمووودەی کۆکردووەتەوە.

## چەند پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی هاوچەرخ وەک سەرچاوە

ئێمە بۆ هاوکاریی بەڕێزتان ئاماژە بە هەشت پێگەی ئەلیکترۆنیی گرنگ دەکەین، کە دەتوانن بۆ دۆزینەوەی فەرموودە سوودیان لێوەربگرن‌و هەریەکێک لەم سەرچاوەو پێگە ئەلیکترۆنییانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، هەیە هەر فەرموودەی کۆکردووەتەوەو زۆر گرنگییندەداوە بە (تەخریج) واتە: فەرموودەکە لە کوێیەو ژمارەی لاپەڕەی کتێبەکە یان جەڵدی کتێبەکە چەندە، یان ژمارەی فەرموودەکە چەندە؟ واتە: بە دیققەت هەمووی نووسیوە، یانی بۆ نموونە: وتوویەتی ئەمە لە کتێبی صەحیحی بوخاریدایە، لە بابی فلان‌و بەرگی فلان‌و لاپەڕەی فلان، ئەوەش ژمارەی فەرموودەکەیە.

ئەم سەرچاوە ئەلیکترۆنیانە زۆرترین خزمەت دەکەن، هەر یەکەیان جیایي و تایبەتمەندییەکی هەیە، هەر یەکەشیان لاوازییەکی تێدایە، بۆ نموونە: هەیانە ڕیوایەتی صەحیحی داناوە، بەڵام هەر لەبەر ئەوە کە بۆ نموونە پێشەوایەک لە پێشەواکانی فەرموودە وتوویەتی صەحیحە، ئیتر تەحقیقی تێدا نەکردووە، ئایا پێچەوانەی فەرموودەی ترە یان نا؟ ئایا زانایان ڕەئی تریان هەیە لەسەری یان نا؟ بەڵام کارئاسانی باشیان تێدایە، لە هەمانکاتیشدا بۆ توێژەرەێک بیەوێت بەدوای کۆکردنەوەی فەرموودەدا بچێت، زۆر بەکەڵکن. بەهەرحاڵ بۆ بەڕێزتان هەر ئاشنا بوون بە پێگە ئەلیکترۆنیەکان کافییە، پشت بەخوا لە قۆناغەکانی تردا کە قووڵبوونەوە لەم زانستەدا دەتوانن سوودی زۆریان لێ ببینن.

**یەکەم:** پێگەیەکە بە ناوی (الموسوعة الحديثية ، الدرر السنية) www.dorar.net کە پێگەیەکی زۆر بەبایەخە، ڕیوایەت نەقڵ دەکات، سەنەدەکەی دەهێنێت، ژیاننامەی کەسایەتییەکان دەخاتە ڕوو، دەقی فەرموودەکە لە هەر سەرچاوەیەکدا

بێت دیاری دەکات، ئەگەر لە دەیان سەرچاوەشدا ئاماژەی پێکرابێت، هەموویان دەهێنێت، واتە ئیکتیفا ناکات بەوە کە بۆ نموونە ئەگەر لە (صەحیحی بوخاری)دا هەبوو، لە (صەحیحی موسلیم)یشدا هەبوو، بڵێت بوخاری بەهێزترە، بیهێنیو موسلیمەکە نەهێنێت، یانی لە هەر شوێنێک هەبێت، هێناویەتیو وتوویەتی: ئەم ڕیوایەتە لە فلان کتێبو فلان جەڵدو فلان لاپەڕە، بە فلان ژمارە هاتووەو ئەوەش پلەی بەهێزییو لاوازیی ڕیوایەتەکەیە.

**دووەم:** پێگەی (موسوعة الآجري) (www.ajurry.com) ئەویش پێگەیەکی گرنگە، تایبەتە بە کۆکردنەوەی فەرموودە.

**سێهەم:** (المكتبة الشاملة /https://hadeethenc.com پێگەیەکی زۆر بەناوبانگەو بە (سیدی)ش هەیە. ئەم پێگەیە بەش بەشە، بەشێکی هەیە بە ناوی (ملتقى أهل الحديث)، کە تەواوی سەرچاوەکانی فەرموودەو گفتوگۆ لەسەر فەرموودەو وتار لەسەر فەرموودەو وتاری هاوچەرخو وتاری کۆنو کتێبی هاوچەرخ و کتێبی پێشینانی تێدایە.

**چوارەم:** پێگەیەکە بە ناوی (موسوعة الحديث)، ئەویش هەر لەو بابەتەیە، ئەنیسکلۆپیدیایەکە دەربارەی فەرموودە.

**پێنجەم:** (موسوعة الأحاديث النبوية) https://hadeethenc.com کۆکەرەوەی فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ تایبەت بە وەرگێڕان بۆ زمانەکانی جیهان، یەکێکە لە پێگە بەبایەخەکان.

**شەشەم:** پێگەیەکە بە ناوی (الباحث الحديثي) https://sunnah.one بۆ پرۆسەی سێرچ و گەڕان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی فەرموودە، زۆر بە کەڵکەو بە ئاسانی ئەتوانی فەرموودەی تێدا بدۆزیتەوە.

حەوتەم: پێگەی (موسوعة الحديث) (https://hadith.islam-db.com) کە ئەنیسکلۆپیدیای فەرموودەکانی پێغەمبەرە ﷺ. ئەویش بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی، هەموو فەرموودەکانی کۆکردووەتەوە لە (صحيح البخاري، صحيح مسلم، سنن الترمذی، سنن النسائي، سنن أبي داود، سنن ابن ماجة، مسند أحمد، موطأ مالك و سنن الدارمي).

**هەشتەم**: پێگەیەک بە ناوی (صفحة البواحث الحديثية):

www.guidetosunnah.com، ئەم پێگەیە زۆر بەبایەخە، خۆی بۆ خۆی سەرچاوەی پێگەکانی ترە، یانی پێگەیەکە تایبەت بە ئاشناکردنی بینەر بە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەت بە فەرموودە.

ئەمانە گرنگترین پێگەی تایبەت بە فەرموودەن، کە ئاماژەم پێکردن. دیارە دەیان پێگەی تری تایبەت بە فەرموودەو زانستی فەرموودەناسیی بە شێوازی تر هەن، دەکرێت لە پرۆگرامی (گۆگڵ)دا بۆیان بگەڕێن.. هیوادارم جێگای سوود بن بۆ هەموو لا.

## وانەی سێیەم

## جۆرەکانی فەرموودە

فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە شێوەیەکی بنەڕەتیی دابەشکراون بۆ سێ جۆری سەرەکیی: (صحيح)، (حسن)، (ضعيف)..

**جۆری یەکەم/ فەرموودەی (صەحیح):**

فەرموودەی (صەحیح) بەناوبانگترین‌و یەکەم جۆری فەرموودەیە، وەکو پێشتر باسمان کرد کتێبی زۆر لەسەر فەرموودەو زانستی فەرموودەناسیی نووسراون، هەر زانایەک هەوڵی داوە کە بابەتەکانی زانستیی بن‌و پێناسەکانی بۆ فەرموودەو جۆرەکانی فەرموودەو زاراوەکانی ناو زانستی فەرموودەناسی، پێناسێکی (جامع و مانع ) بێت، بەو مانایە هەرچی شتی پێویستە لە پێناسەکەیدا دابنێت، هەرچیش پێویست نیە لە پێناسەکەیدا نەبێت.

بەناوبانگترین کتێب لەم زەمینەیەدا دانرابێت کتێبی (معرفة أنواع علم الحديث)ی ئیبن صەلاحی شارەزوورییە، کە خۆشبەختانە یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی کوردو جیهانی ئیسلام‌و کتێبەکەی بە (المقدمة) ناوبانگی دەرکردووە. ئەم کتێبە لە زانستی فەرموودەناسیدا بە دایکی کتێبەکان دادەنرێت‌و پێش ئەو هیچ کتێبێکی ئاوا گشتگیر لەو زانستەدا نەنووسراوە، هەرچەند لە لایەن هەندێک زاناوە ڕەخنە لە بەشێکی گیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دانئەنێن بەوەدا کە سەرچاوەی هەموو سەرچاوەکانی ترە.

**پێناسی فەرموودەی صەحیح:**

ئیبن صەلاح پێناسی (صەحیح) بەم جۆرە دەکات، دەڵێت: (هو الحديث المسند الذي يتصل إسناده بنقل العدل الضابط عن العدل الضابط إلى منتهاه، ولا يكون شاذا ولا معللا)[١٩]، وەرگێڕانی ئەم پێناسەیە بۆ هەر زمانێک زەحمەتە، چونکە چەندین دەستەواژەی تێدایە، کە هەر یەکەیان بە جیا پێناسی دەوێت، وەک: زاراوەی (حدیث)، (مسند) و (إسناد)، (اتصال)، (عدل)، (ضبط)، (شاذ)، (معلل)، ئەمانە هەموو دەستەواژەو زاراوەی زانستی فەرموودەناسینو دەبێت بەوانە ئاشنا ببیت، تا لەو پێناسەیە تێبگەیت.

بەڵام بە زمانێکی سادە ئەگەر پێناسەکە بکەینە کوردی، دەڵێین: فەرموودەی دروست بەو فەرموودەیە دەڵێن کە هیچ پچڕانێکی تێدا نەبێت، (راوی) - واتە ئەوەی کە دەیگێڕێتەوە - کەسێک بێت تەقوای هەبێتو پابەندبێت بە ئاینەوە، بە شێوەیەک کە نازناوی (عدل)ی پێدرابێت، بەو مانایە کە (فاسق)و دوورەدین نەبێت، هەروەها لە ڕووی تەکنیکو هونەری فەرموودەناسیشەوە نازناوی (ضبط)ی پێدرابێت، واتە: شتی لە بیرنەچێت، لە هونەرەکە بزانێت، مێشکی باش بێت، لەسەر حاڵ بێت.. پاش ئەم ڕاوی یەکەمە دەبێت ڕاوی دووهەمیش بە هەمان شێوەی ئەو بێت، سێهەمیش هەر وابێت. تا زنجیرەی ڕاوییەکان دەگاتەوە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ.. ئەمە لە ڕووی سەنەدەکەوە.

لە ڕووی دەق و مەتنیشەوە دەبێت فەرموودەکە (شاذ)و نامۆ نەبێت، (معلل)و تانەلێدراو نەبێت، شاز واتە نەچێتە ڕیزی ڕیوایەتە لاوازەکان، کە ناوەڕۆکەکەی

---

[١٩] مقدمة أنواع علوم الحديث، أبو عمرو، عثمان، بن عبد الرحمن، ابن صلاح الشهرزوري، تحقيق: نور الدين عتر، دار الفكر، بيروت، ص: ١١

گرفتێکی تێدابێت، یان سەنەدەکەی ناتەواوییەکی تێدابێت، تانەلێدراوو (معلل)یش نەبێت، یانی: شتێک نەبێت کە ڕیوایەتەکە بریندار بکات، چ پەیوەندی بە کەسە ڕاوییەکانەوە هەبێت، یان پەیوەندیی بە دەقی مەتنەکەوە هەبێت.

**مەرجەکانی فەرموودەی صەحیح:**

کەوابێت بە پێی پێناسەکە، فەرموودەی (صەحیح) پێنج مەرجی لەخۆگرتووە:

١- سەنەدی پەیوەستو (متصل) بێت.

٢- ڕاوییەکانی لەخواترس‌و دادگەرو (عەدل) بن.

٣ - ڕاوییەکانی شارەزاو (ضبط) بن.

٤ - دەقی ڕیوایەتەکە نامۆو (شاذ) نەبێت.

٥ - دەقەکە (عیللە)یشی تێدا نەبێت، یانی تانەی لێ نەدرابێت.

کەواتە ئەم پێناسەیە تەواوی ئەو جۆرانەی فەرموودە کە ناونراون (حەسەن و زەعیف) دەخاتە دەرەوە، بەتایبەتی (زەعیفەکان)، چونکە کە وتمان (موسنەد) بێت، کەواتە (مقطوع) و (معضل) و (شاذ) و (معلل)ی لێ دەرئەچێت، ئەوانە دەبنە بەشێک لە جۆرەکانی ڕیوایەتی لاواز:

**شاذ**: ئەوەیە کە ڕیوایەتێکی بەهێزتر دژی ئەو هەبێت، ئەویش چەند جۆرێکە: یان نامۆیی لە ناو سەنەدەکەیدایە، یان لە مەتنی ڕیوایەتەکەدایە، یان لە هەردووکیاندایە.

**عیللە**: ناتەواوییەکی شاراوەیە لە ڕیوایەتدا، ئەوەیە کە بۆ نموونە (مرسل) بێت، تابیعینێک ناوی هاوەڵان نەبات‌و یەکسەر لە پێغەمبەرەوە نەقڵ بکات‌و بڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی، ئەو فەرموودەیە ئەبێتە (مرسل)و لای زۆربەی زانایان دەچێتە خانەی (معلل)، لەبەر ئەوە ئەچێتە خانەی لاوازەوە. بەڵام

مەرجی پێشەوایانی فەرمووده تەبعەن جیاواز بووه، بۆیه لێره ئاماژه دەکەین به هەندێک له جیاوازییەکانی بەناوبانگترین (محدث)ـەکان.

**مەرجەکانی پێشەوایان بوخاریو موسلیم بۆ وەرگرتنی فەرمووده**

مەرجەکانی پێشەوا بوخاری بۆ وەرگتنی فەرمووده چەند شتێک بووه، لەوانه:

**مەرجی یەکەم: (عەدالەت)** له کەسەکەدا، که ئەوه له زۆربەی فەرمووده‌ناسانی تریشەوه هاتووه، واته دەبێت ڕاوی مسوڵمان بێتو له هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ دەخاته خانەی (فاسق)ی و (لادان) دووربێتو ئەخلاقی وای نەبێت که پێچەوانەی مروئەت بێت، (واجباتەکان) جێبەجێ بکات، خۆی له (حەرامەکان) بپارێزێت، ئەهلی (تەقوا) بێت، (گوناهی گەوره)ی نەکربێتو لەسەر (گوناهی ورد)یش سوور نەبێت، هەر کاتێک گوناهێکی کرد یەکسەر بگەڕێتەوه.. ئەمه بووبێته ئاکارو مەلەکەو خەسڵەت بۆی، جا ئەم چەند ئاکاره له کەسێکدا ببن، دەبێته (عادل).

**مەرجی دووەم: (ضبط)،** که پەیوەندیی به لایەنی تەکنیکیی ئیشەکەوه هەیه، واته دەبێت ڕاوی خەسڵەتو صیفەتێکی وای هەبێت که ڕیوایەتێکی گێڕایەوه، به بێ کەمو زیاد، وەکو خۆی بیگێڕێتەوه. ئەبێ بزانێت چی دەڵێت، واته کەسێکی عاقڵو هۆشیار بێت، غافڵو گێل نەبێت، مێشکی به چاکیی شت وەربگرێت، له مانای فەرموودەکه تێگەیشتبێت، له سینگی خۆیدا لەبەری کردبێت، یان له کتێبدا به جوانیی نوسیبێتییەوه، شتی لەبیر نەچێت، یانی کاتێک که قسەی بۆ دەکرێت

قسه وەربگرێتو لەبەری بکات. ئەمانە چەن صیفەتێکن لە هەر کەسدا هەبوون پێی ئەڵێن: خاوەن (ضبط)، یان (ضابط).[20]

**مەرجی سێهەم:** پێشەوا بوخاری دایناوە، کە هەر ڕاوییەک ڕیوایەتێک لە کەسێک نەقڵ بکات، دەبێت هاوچەرخی بێت، بۆ نموونە بوخاری دەڵێت: (حدثنا أبو اليمان، أخبرنا شعيب، عن الزهری، قال: حدثني أنس بن مالك رضي الله عنه، أن رسول الله قال: "لا تباغضوا، ولا تحاسدوا، ولا تدابروا، وكونوا عباد الله إخوانا، ولا يحل لمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاث أيام)[21]. لەم ڕیوایەتەدا کەسانی سەنەد بریتین لە أبو اليمان، شوعەیب، زوهەری، ئەنەس. کە دەبێت یەکەمیان هاوچەرخی دووەمیان بێت، دووەمیشیان هاوچەرخی سێیەمیان بێت، سێیەمیشیان هاوچەرخی چوارەمیان بێت، نەک لە دوو سەردەمی جیاوازدا بووبن.

جا ئەگەر ـ بۆ نموونەـ وتی: (سمعت، یان أخبرني، یان حدثتي، یان روى لي) ئەم دەستەواژانە دەیسەلمێنن کە هاوچەرخن، ئەگەر وا نەبێت، هەر بە وشەی (قال) نەجاتی نابێت، بۆ نموونە بڵێت: (عن أبو اليمان، قال شعيب)، ئەبێت بیسەلمێنێت یان بسەلمێندرێت کە لە ڕووی مێژووییەوە (أبو اليمان)و (شوعەیب) هاوچەرخی یەکترن.

**مەرجی چوارەم: (بینین)**ی ڕاوییەکانە بۆ یەکتر: واتە ئەبێت ڕاوییەکان یەکتریان بینیبێت، ئەمە مەرجی پێشەوا بوخارییە، تەنها ئیکتیفای بەوە نەکردووە، کە

---

[20] بڕوانە: جامع الأصول في أحاديث الأصول، ابن الأثير الجزري، ١/ ٣٥.

[21] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٦٠٦٥).

دوو ڕاوی هاوچەرخی یەکتر بن، دەبێت هاوچەرخ بن‌و یەکتریشیان بینیبێت، یانی ئەگەر ئەو (أبو اليمان)ەو (شوعەیب) هاوچەرخ بن، کافی نیەو دەبێت دەرکەوێت کە یەکتریان بینیوە، ئەبێت ـ بۆ نموونە ـ بڵێت: (حدثني)، یان: (حدثنا)، یان: (أخبرني)، یان: (أخبرنا).. ئەم دەستەواژانە دەبێت بەکاربێنێت، تاکو بسەلمێت کە خۆی ڕاستەوخۆ ئەو مامۆستایەی، یان ئەو ڕاوی دووەمەی بینیوەو بۆ ئەمی نەقڵ کردووە.

ئەمە مەرجەکانی پێشەوا بوخارییە، کە زیاتر لە زانایانی تر توندی کردووەتەوە، بۆیە کتێبەکەی بە یەکەمین سەرچاوەو دروستترین سەرچاوەی فەرموودە دادەنرێت.[٢٢]

بەڵام پێشەوا (موسلیم) ـ کە سەرچاوەی دووهەمی فەرموودە هی ئەوە، بە ناوی (جامع الصحيح)ـ لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەڵێت: هاوچەرخبوون ـ واتە مەرجی سێیەم ـ کافییەو مەرج نیە ڕاوییەکان یەکتریان بینیبێت، مادام ڕاوی جێی متمانە بێت، ئێمە پێویست ناکات بچین بەدوای ئەوەدا ئایا مامۆستاکەی، یان ڕاوی پێش خۆی بینیوە یان نا؟ بۆیە جیاوازیی هەیە لە نێوان سەرچاوەی (جامع الصحيح)ی بوخاری و (جامع الصحيح)ی موسلیمدا. زانایان دوایی کە وتوویانە: (انفرد به مسلم)، واتە: پێشەوا (مسلم) بە تەنیا فلان ڕیوایەتی هێناوە، واتە ئەو ڕیوایەتانەی کە بوخاری قبوڵی نەکردوون‌و ڕەدی کردوونەتەوە. بەڵام (متفق عليه)، واتە ئەو ڕیوایەتانەی کە هەردووکیان پەسەندیان کردوون‌و

---

[٢٢] الإمام البخاري وكتابه الجامع الصحيح، عبد المحسن بن البدر، الناشر: الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، الطبعة الثانية، ١٣٩٠هـ، ص: ٤٢–٤٤.

بە (صەحیح)یان زانیون. کەواتە پێشەوا موسلیم مەرجەکانی کەم کردوونەتەوە بۆ سێ مەرج، یەکەم: (عەدل)، دووەم: (ضبط)، سێیەم: (معاصرة)، بەڵام لەگەڵ مەرجی چوارەم نیە، کە یەکتربینینی ڕاوییەکانەو دەڵێت: پێویست ناکاتو لە کۆکردنەوەیدا بۆ فەرموودەکان ئەو مەرجەی بەکارنەهێناوە.[٢٣]

لێرەدا تێبینییەک هەیە پێویستە بیزانین کە وشەی (ثقة) بەکار دێو دەڵێن: (فلان راوی ثقة)یە، یانی دوو مەرجی (عدل) و (ضبط)ی تێدایە، هەر ڕاوییەک ئەو دوو مەرجەی تێدابوو، یانی لە ڕووی: دینەوە لە خانەی فاسقان دەرکرابوو، لە خانەی موتتەقینو خواناسان دانراو لە ڕووی (ضبط)و تەکنیکی هونەرەکەشەوە هیچ گرفتێکی نەبوو، ئیتر بەو کەسە دەوترێت: (ثقة)، واتە جێی متمانە. بەو شێوەیە راوی یەکەم تا کۆتایی سەنەد دەبنە جێی متمانە، تا دەگەنەوە سەر (محدث)ەکە.

**بەڵگە لەسەر پێویستیی مەرجەکان:**

زانایان بۆ سەلماندنی ئەوە کە ئەم مەرجانەی دانراون زانستیو جێی متمانەن، بەڵگەیان هێناوەتەوە، بۆ نموونە: بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئینسان ئەبێت زەبتی هەبێتو لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەهلی هونەرەکە بێت، ئایەتی (٣٦)ی سورەی (الإسراء) بە نموونە دەهێننەوە، کە خوا دەفەرمووێت: [ولا تقف ما ليس لک به علم إن السمع والبصر والفؤاد كل أولئک كان عنه مسئولا]، واتە: هەرچی زانیاریت لەسەری نیە، بڕیاری لەسەر مەدەو قسەی تێدا مەکە، چونکە خوای گەورە لە بینینو بیستنو ئاخاوتن هەمووی دەپرسێتەوە.

---

[٢٣] الإمام مسلم وصحيحه، عبد المحسن العباد،١٩٧٠م، ط: ٣، المدينة المنورة، صفحة ٤٠–٤١.

هەروەها بۆ بەڵگە لەسەر پێویستیی (عەدل)ەکەش ـ یانی مەرجی یەکەم ـ کە تەقواو خیصالە ئەخلاقییەکانە. بەڵگە بەو ئایەتەی (٦)ی سورەتی (الحجرات) دێننەوە کە دەفەرموێت: [إن جاءكم فاسق بنبإ فتبينوا]، واتە: هەرکاتێک لادەرێک، فاسقێک، هەواڵێکی بۆ هێنان، بەدواداچوونی بۆ بکەن‌و بە شوێن ڕوونکردنەوەیدا بچن، واتە نابێت لە گۆترە شت وەرگیرێت لە هەموو کەس، بۆیە لە پێشەوا مالیک‌و ابن سیرین‌و کەسانێکی تریشەوە وتەیەکی جوان هەیە، وتوویانە: (إن هذا العلم دين، فانظروا عمن تأخذون دينكم)[٢٤]، واتە: ئەم زانستە. کە مەبەست زانستی فەرموودەناسییە. دینە، سەیر بکەن‌و وردببنەوە، بزانن لە کێ دینتان وەردەگرن. پاشان دەڵێت: "لقد أدركت سبعين ممن يقول: قال رسول الله عند هذه الأساطين ـ وأشار إلى مسجد رسول الله ـ فما أخذت عنهم شيئا، وإن أحدهم لو اؤتمن على بيت مال، لكان أمينا، إلا أنهم لم يكونوا من أهل هذا الشأن".[٢٥] قسەیەکی زۆر جوانە، دەڵێت: من حەفتا کەسم لە بەینی ئەم کۆڵەکانەی مزگەوتی پێغەمبەری خوادا بینیوە، ئەیانوت: قال رسول الله ﷺ، واتە: لە پێغەمبەری خواوە شتیان دەگێڕایەوە، بەڵام هیچم لێوەرنەدەگرتن، بە مەرجێک ئەوەندەش بڕوادارو بەتەقوا بوون، هەر کەسیانت بکردایە بە ئەمینی خەزێنەی مسوڵمانان، شایستە بوو، جێی متمانە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەهلی ئەم زانستە نەبوون، هیچم لێ

---

[٢٤] پێشەوا موسلیم لە پێشەکی جامعی صەحیحەکەیدا هێناوییەتی. لە چەندین زانای تریشەوە گێڕراوەتەوە، بڕوانە: فيض القدير، شرح الجامع الصغير، زين الدين المناوى، ٦٩١/٢.

[٢٥] الانتقاء في فضائل الثلاثة، الأئمة الفقهاء، ابن عبدالبر، ص: ٣٧.

وەرنەگرتن.[٢٦] ماناى وايە هەردوو مەرجەكە پێویستن، یانی ئەوە كافی نیە كە ئەهلی تەقوا بێت، ئەبێت ئەهلی هونەرەكەش بێتو لە تەكنیكی ئیشەكە بزانێت.

**پلەكانی فەرموودەی (صەحیح):**

فەرموودەی صەحیح چەندین پلەی هەن، ابن صەلاحی شارەزووری لە كتێبەكەیدا باسی حەوت پلە دەكات، یەكەمیان: ئەوەیە كە هەردوو فەرموودەناس ـ بوخاری ومسلم ـ پەسەندیان بێت. جۆری دووەمیان ئەوەیە كە پێشەوا بوخاری بە تەنیا گێڕابێتییەوە. جۆری سێیەمیان ئەوەیە موسلیم بەتەنیا گێڕابێتییەوە. جۆری چوارەم ئەوەیە صەحیح بێت بە بوونی مەرجەكانی ئەم دوو زانا بەڕێزە، بەوە دەڵێن: (صحیح علی شرطهما)، واتە لە هەردوو كتێبی جامعی صحیحی بوخاری و موسلیم نەهاتووە، بەڵام ئەو مەرجانەی كە دایانناون لە فەرموودەیەكەدا هاتوونەتە دی. دوای ئەوە (صحیح علی شرط البخاري) هەیە، واتا صەحیح بێت بەو مەرجانەی كە بوخاری دایناون، ئەوە پێنجەم جۆرە. جۆری شەشەم ئەوەیە كە صەحیح بێت لەسەر ئەو مەرجانەی پێشەوا موسلیم دایناون. جۆری حەوتەم ئەو جۆرەیە كە صەحیح بێت بەلای غەیری ئەو دووانەوە، مەرج نیە مەرجەكانی ئەوانی تێدابێت، یانی بەو تەرتیبە لە بەهێزترینەوە دێت بۆ كەمترین هێز، كە لە ڕیوایەتێكدا هەبێت، واتە پلەكان حەوتن، لە یەكەوە بۆ حەوت.

**جۆرەكانی فەرموودەی صەحیح:**

---

[٢٦] الكفایة، الخطیب البغدادي، ١٥٩/١، خەطیب ئەم دەقە لە ئیمام مالیكەوە نەقڵ دەكات.

به نیسبەت جۆری فەرموودەی صەحیحەوە بە ئیعتیباری زاتو هۆکاری دەرەکییەوە، دەکرێت بە دوو بەشەوە: جۆرێکیان پێی دەڵێن: (صحیح لذاته)، ئەوەیە کە خۆی تەواوەو مەرجەکانی تێدایە. جۆری دووەم پێی دەگوترێت: (صحیح لغیره)، واتە هەموو مەرجەکانی تێدا نیە، بەڵام بۆیە پێی دەوترێت: (صحیح لغیره)، واتە بە هۆی ئەوەوە کە لە چەند ڕێگایەکی ترەوە هاتووەو پشتڕاست کراوەتەوە، نازناوی (صەحیح)ی پێدراوە. بەڵام لەبەر خودی خۆی نیە. یانی هەر فەرموودەیەک لە مەرجەکانی زاتی خۆیدا لاوازییەک هەبوو، پێی ناوترێت (فەرموودەی صەحیح) بە ڕەهایی، پێی دەگوترێت: (صحیح لذاته)، جا ئەم جۆرە فەرموودەیە ئەگەر بە ڕێگەی ترەوە بەهێزکرایەوەو ڕیوایەتی تر ئەمەیان پشتڕاست کردەوە، ئەو کاتە پێی دەگوترێت: (صحیح لغیره)، یانی لەبەر هۆکاری دەرەکیی صیفەتی صەحیحی پێ دراوە.

**بوخاریو موسلیم بەشێک لە صەحیحیان کۆکردووەتەوە:**

دیارە صەحیح بوخاریو موسلیم هەموو فەرموودە صەحیحەکانیان کۆنەکردووەتەوە، یانی نەیانوتووە: هەرچی لای ئێمەیە تەواوی صەحیحەکانی فەرموودەیەو فەرموودەی صەحیحی تر نەکەوتوونەتە لای کەسی تر، بە پێچەوانەوە خودی پێشەوا بوخاری دەڵێت: "لە کتێبەکەمدا (الجامع) هەر فەرموودەیەک صەحیح نەبێت، دامنەناوە، بەڵام زۆر فەرموودەش هەن کە لەبەر درێژبوونەوەی کتێبەکەم، صەحیحش بوون، دامنەناون."[27] پێشەوا موسلمیش بە هەمان شێوەی نزیک لە هەمان دەق دەڵێت: "وەنەبێت هەرچی صەحیح بێت

---

[27] الإمام مسلم وصحيحه، عبد المحسن بن حمد، المدينة المنورة، طبعة ثالثة، ١٩٧٠م، ص: ٤٨.

هێنابێتمو لێره دامنابێت، بەڵام ئەوەم داناوه که کۆدەنگیی زانایانی لەسەرەو صەحیحه"،[٢٨] یانی ئەیخاته ئەستۆی زانایان.

**جۆرەکانی فەرمووه له ڕووی بەهێزییو پلەی صیحەتییەوه**

فەرمودەی صەحیح له ڕووی بەهێزیی گێڕانەوەیەوه، دەبێت به دوو جۆرەوه، فەرمودەی (ئاحاد)و فەرمودەی (متواتر):

**فەرمودەی ئاحاد:** واته زنجیرەی گێڕەڕەوەکان ـ ئەوانەی ئەیگێڕنەوه ـ یەک کەسنو تاک تاکن.

**فەرمودەی موتەواتیر:** ئەوانەن که کۆمەڵێک ئەیگێڕنەوه، ئیتر ڕای جیاواز هەیه لەسەر ئەوه که ئەو کۆمەڵه کەسه چەند کەس بن. بەڵام گرنگ ژمارەکه نیه، گرنگ ئەوەیه کۆمەڵێک بن که یەکگرتنیانو ڕێککەوتنیان لەسەر ئەوەی درۆ بکەن، دەبێته ئەستەم، یانی ئەو ڕیوایەته ئەوەنده ناوبانگ دەردەکات له ڕێی ئەو چەند کەسەوه، حەوت کەس بن، یان ده کەس، یان پانزه کەس که دەیگێڕنەوه، ئەوانیش له ژمارەیەکی تر، ئەوانیش له ژمارەیەکی تر، هەتا دەگاتەوه به صەحابیو تا دەگاتەوه به خودی پێغەمبەر ﷺ، ئەمه پێی دەڵێن: فەرمودەی موتەواتیر.

جا ئەگەر فەرمووده لەم جۆری موتەواتیره بوو، ئەوه کۆدەنگیی زانایان لەسەری هەیه که حوججەتەو کاری پێ دەکرێتو دەبێته بەڵگەی شەرعییو حوکمی لێ وەردەگیرێت، بۆیه پەیڕەویلێکردنی واجبەو لادان لێی ئەبێته گوناه، هەروەها زانستی یەقینیی دەگەیەنێتو گومان ناگەیەنێت.

---

[٢٨] **هەمان سەرچاوه، لا: ٤٨.**

بەڵام ئەگەر فەرمووده (ئاحاد) بوو، واته یەک کەس گێڕابوویەوە، با سەنەدەکەیشی صەحیح بێت، ئەوە بەلای پێشەوایان: ئەبوحەنیفەو شافعیو مالکیو زۆربەی زانایانی (أصول فقه)یشەوە، زانستی یەقینیو دڵنیاکەرەوە ناگەیەنێت، هەرچەند وتوویانە لە غەیری بابەتی عەقیدەدا کاری پێدەکرێت. جگە لەو پێشەوایانە چەندین زانای تری بەناوبانگیش هاوڕایانن، وەک: نەوەوی، باقلانی، ڕازی، ئامەدی، ابن الحاجب، بەیزاوی، زەکەریای ئەنصاری.. بەڵام پێشەوا ئەحمەدو (ظاهرییەکان) ڕایان وایە کە ڕیوایەتی ئاحادیش وەک موتەواتیر دڵنیایی دەبەخشن.

پێشەوا نەوەوی ـ کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی ڕێڕەوی شافعی ـ لە کتێبی ڕاڤەی صەحیحی موسلیمدا دەڵێت: "فەرموودەی ئاحاد (ظن) دەگەیەنێت"[٢٩]، واتە گومانی بەهێز، چونکە (ظن) جیایە لە (شک)، یانی عیلمی یەقینی ناگەیەنێت، چونکە ئەوە قورئانو فەرموودەی موتەواتیرە کە یەقین دەگەیەنن، یانی خوارترە لە ١٠٠%، بەڵام لە موعامەلاتو بابەتی غەیری عەقیدەدا کاری پێدەکرێت. یەکێک لەو زانایانەی کە پێچەوانەی نەوەوی قسەی کردووە، ابن صەلاحی شارەزوورییە کە پێیوایە ڕیوایەتی ئاحاد حوججەتە، هەندێک لە زانایانی دوای ئەویش تەئیدیان کردووە، لەوانە ابن تیمیەو بەشێکی تر لە زانایانی مەزهەبی حەنبەلیو زانایانی فەرموودەناسو مەزهەبی سەلەف بەگشتی، هەموو لەگەڵ ئەوەن کە ڕیوایەتی ئاحاد حوججەتەو کاری پێدەکرێتو گوێڕادرێت بەوە کە ئاحادە، مادام صەحیحە، دەبێت کاری پێبکرێت.

---

[٢٩] شرح النووي على صحيح مسلم، جـ١، ص: ٢٠.

## وانەی چوارەم

## پێناس‌و ناساندنی فەرموودە لە جۆری (حسن)

جۆری دووەم لە فەرموودە پێی دەڵێن (حەسەن)، جۆرێکە لەو فەرموودانەی کە لە نێوان فەرموودەی (صحيح) و (ضعيف)دایەو جیاکردنەوەی زۆر ئاسان نیەو هەندێک لە زانایان وتوویانە زۆر بەزەحمەت ئەتوانرێت فەرموودە (حسن)ەکان دیاری بکرێن، (ابن كثير) یەکێکە لەوانە ئەڵێت: "عسر التعبير عنه وضبطه على كثير من أهل هذه الصناعة"[٣٠]، واتە: لای زۆرێک لە شارەزایانی ئەم صنعەتە ـ مەبەستی زانایانی فەرموودەناسە ـ زەحمەتە گوزارشت لە جۆری ڕیوایەتی (حسن) بکرێت‌و دیاری بکرێت. هەروەها پێشەوا (ذهبی) لە کتێبێکی بە ناوی (الموقظة في مصطلح الحديث) وتوویەتی: "تەماحی ئەوەت نەبێت کە بتوانی ڕێسایەک بۆ فەرموودە لە جۆری (حسن) دابنێیت، کە هەموو جۆرە فەرموود (حسن)ـەکان بگرێتە خۆی، من بەڕاستی نائومێدم بتوانم ئەمە بکەم"،[٣١] ئەم دانپێدانانەی زانایان بایەخێکی گەورەی خۆی هەیە، چونکە شتێکمان بۆ دەردەخات کە دەبێت لە دیاریکردنی ئەم جۆرە ڕیوایەتانەدا وردەکاریی بکرێت، چونکە باسەکە لەوەیە کە فەرموودەی جۆری (حسن) لە ناوەندێکدایە لە نێوان فەرموودەی صەحیح‌و فەرموودەی لاوازداو ئەگەری تێکەڵبوونیان هەیە، بۆیە بۆ ئەوەی لە جۆری لاواز دەربێت‌و نەشگاتە پلەی (صەحیح)، ئەم خانەیەیان داناوە بە ناوی (حسن).

---

[٣٠] الباعث الحثيث إلى اختصار علوم الحديث، ابن كثير، دار الكتب العلمية، بيروت، ط:٢، ص: ٣٧.

[٣١] الموقظة في مصطلح الحديث، الذهبي، ص: ٢٨.

## پێناسی ڕیوایەتی (حسن):

ڕیوایەتی (حسن) بەو جۆرە ڕیوایەتانە دەڵێن کە پلەی مەرجی (عەدل)و (ضبط)ی ڕاوییەکانی ناگاتە ئاستی (صەحیح)و لەخوار ئەوەوەیە، کەسیش لە ڕاوییەکانی تۆمەتبار نەکراون بەدرۆ، یان بە ناکارایی، تا ببێتە جۆری (ضعیف).[٣٢] بۆیە لەوسەرەوە ناگاتە جۆری لاواز، لەمسەریشەوە ناگات بە پلەی (صەحیح)، لەبەر ئەوەی توانای (ضبط) و (کارایی)بوونیان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ڕاوییەکانی جۆری فەرموودەی صەحیحی پێگەیشتوون، ئەوەیە ئەو وردەکارییو ناسکارییەی کە ئاماژەمان پێکرد.

کەواتە جۆری فەرموودەی (حسن) ئەو ڕیوایەتەیە کە لە مەرجی (عدل)و (ضبط)دا ـ کە باسمان کردن ـ لە سەروو لاوازەوەن‌و لە خوار صەحیحەوەن، واتە ئەو مەرجانەی ئەبێ تێدابێت، بەڵام نەک بەو حەددەی کە لە صەحیحدا هەیە، چونکە ئەگەر بەو ئاستە بێت، ئەوە ئەگاتە پلەی (صەحیح).

ئەم جیاوازییە لەوێوە سەرهەڵدەدات کە کاتێک باس لە (تەقواو دینداریی) بوو، یان باس لە زانینی تەکنیکی فەرموودە بوو، دیارە باسەکە ڕێژەییەو بە ئاستەم جیاوازییەکان کاریگەرییان لەسەر پلەی ڕاوییەکە دەبێت، یانی کە تۆ دەڵێیت: ئەو کەسە دیندارە، خۆ پێوەرێکی وردمان نیە وەک ستانداریێک کە ڕادەی دینداریی پێ دیاری بکەین، چونکە تەقوا جۆرەها ئاستو پلەی هەیە. هەروەها لە ڕووی تەکنیکو هونەرەکەشەوە، بە هەمانشێوە، لێزانین لە تەکنیکی

---

[٣٢] بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، بڕوانە: مقدمة أنواع علوم الحديث، أبو عمرو، عثمان، بن عبد الرحمن، ابن صلاح الشهرزوري، تحقيق: نور الدين عتر، دار الفكر، بيروت، ص: ٣١.

فەرموودە، ئەویش ئاست ئاستەو پلەبەپلەیە، بۆیە وتوویانە هەستیارەو ناتوانرێت دیاری بکرێت.

بەکورتی بۆ ئەوەی زۆر دوور نەکەوینەوە پێویستە ئەوەندە بزانین کە جۆری ڕیوایەتی (حسن) لە نێوان (صحیح) و (لاواز)دایە، بەڵام لای زۆربەی زانایان پەسەندکراوە، بەتایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە موعامەلاتو بابەتی تەرغیبو تەرهیبو ئامۆژگارییو شتی تری لەو بابەتەوە هەیە.

کەواتە دەبێت لە سەنەدی ڕیوایەتی (حسن)دا کەسی تێدا نەبێت تۆمەتبار کرابێت بە درۆ، دەقەکەشی نابێت (شاذ)و نامۆ بێت، واتە کەسێکی متمانەپێکراو لە ڕیوایەتانی تردا لەو بەهێزتری ڕیوایەت کردبێت، یانی پێچەوانەی ئەوی ڕیوایەت کردبێت، نابێت (معلل)یش بێت، بەو مانایە کە لە سەنەدەکەی، یان لە مەتنەکەیدا گرفتێکی شاراوە هەبێت، کە لە هێزی بخات.

**جۆرەکانی ڕیوایەتی (حسن):**

ڕیوایەتی (حسن) ـ هەروەکو فەرموودەی (صەحیح)ـ دەبێت بە دوو بەشەوە: (حسن لذاته)، (حسن لغیره)، جۆری (حسن لذاته) ئەوەیە کە لە سەنەدەکەیدا کەس هەیە زۆر نەناسراوە، بەڵام زۆریش هەڵەو کەمکورتی لێوە نەبیستراوە، یانی تۆمەتبار نەکراوە بە درۆ، بەڵام زۆریش ناوبانگی نیە کە بەهێز بێت. ئەمە لە ڕووی (سەنەد)ەوە، لە ڕوی (مەتن)یشەوە هاوشێوەی ڕیوایەت کرابێت بە شێوازێکی تر، ئەمە پێی دەڵێن: (حسن لذاته)، یانی زاتی ڕیوایەتەکە خۆی جوانە، باشە، گرفتی نیە، بۆیە لێرەدا لە جۆری (شاذ) و (منکر) دەردەچێت، یانی مادام کەسەکان ناسراون، بەڵام شۆرەتیان نیە، کەواتە ڕیوایەتەکە شاز نیە، مادام

ناوەڕۆکەکەشی گرفتێکی تیادا نیە لە ڕووی ماناو سەنەدەوە، مانای وایە (منکر)یش نیە.. ئەمەیان پێی دەڵێن: (حسن لذاته).

بەڵام جۆری ڕیوایەتی (حسن لغیره) ئەوەیە کە خۆی لاوازە، بەڵام ڕیوایەتی تر هەیە پشتگیری لێدەکات‌و پشڕاستی دەکاتەوە، (لغیره) مەبەست ئەوەیە، یانی لەبەر هەندێک ڕیوایەتی تر دەگاتە پلەی (حسن)، کەواتە بە هۆکاری غەیری خۆی، نەک لە زاتی خۆیدا، هەروەکو لە جۆری فەرموودەی (صحیح لغیره)دا باسمان لێکرد.

بۆیە زۆرێک لە زانایان وتوویانە جۆری فەرموودەی (حسن لذاته) دەچێتە پلەی (صەحیح)، ئەگەر ڕێگاکانی پشتڕاستکردنەوەی زۆر بوون، یانی ئەگەر چەند فەرموودەیەکمان هەبوون یەکتریان پشتڕاست دەکردەوە، جۆری (حسن لذاته) ئەگەیەننە ئاستی صەحیح، (صحیح لغیره)یش لە زاتی خۆیدا لە جۆری (حسن لذاته)یە، بەڵام بە ڕێگەی جۆراوجۆرو بە چەند ڕیوایەتێک یەکتریان پشتڕاست کردووەتەوە، بۆیە ئەگەر چەند ڕیوایەتێکمان هەبن لە ئاستی (حسن لذاته) بەهێز بن، ئەبنە جۆری (صحیح لغیره)، بە پێی قسەی (ابن حجر العسقلاني) یەکێک لە (حفاظ)ە گەورەکانی فەرموودە.

**فەرموودەی (حسن) کتێبی سەربەخۆی نیە:**

ئەم جۆرە لە فەرموودە کتێبی سەربەخۆی نیە وەکو فەرموودەی (صحیح) کە کۆکراوەتەوە لە (جامع الصحیح)ی بوخاری‌و (جامع الصحیح)ی موسلیمدا، واتە زانایەک نەهاتووە شتێک کۆبکاتەوە بە ناوی (جامع الروایات الحسنة)، بەڵام ئەوەندە هەیە کە زۆربەی فەرموودەکانی ناو (سونەنی أبوداودو سونەنی ترمذی‌و سونەنی دارقطنی) زۆربەی زۆریان جۆری (حسن)ن.

**دەستەواژەی (صحيح الإسناد) يان (حسن الإسناد) يانی چی؟**

دەکرێت لە ڕیوایەتێکدا سەنەدەکەی (صەحیح)، یان (حسن) بێت، بەڵام مەتنی ڕیوایەتەکە (شاذ)، یان (معلل) بێت، یانی دەکرێت سەنەد گرفتی تێدا نەبێت، بەڵام مەتن گرفتی تێدابێت، یان بە پێچەوانەوە، دەکرێت سەنەد گرفتی هەبێت، مەتن گرفتی نەبێت، هەردوو حاڵەتەکە هەن.

**(حديث حسن صحيح) يانی چی؟**

بابەتێکی تر هەیە کە زۆرجار لە (سونەنی ترمذی) لە کۆتایی هەندێک ڕیوایەتدا هاتووە، دەنووسێت: (حديث حسن صحيح). ئەمە فەرموودەیەکە کە (حسن)یشەو (صحيح)یشە، ئەمە یانی چی؟ ئەمە باسی دوو ئیسنادە، یانی ئەم ڕیوایەتە، کە لە دوو ڕێگەوە گێڕراوەتەوە، ڕێگەو ئیسنادێکیان (صەحیح)ە، ڕێگەو ئیسنادێکیان (حسن)ە، ترمذی کە فەرموودەکانی کۆکردووەتەوە، گەیشتووە بە فەرموودەیەک، بە دوو ڕێگەو دوو سەنەدی جیاواز، یەکێک لە سەنەدەکان صەحیحە، چونکە ڕاوییەکانی هەموو مەرجی (عدل) و (ضبط)یان تێدایەو پلەی هەڵسەنگاندنیان لە ئاستێکی بەرزی صەحیحدایە. سەنەدێکی تریان کەسایەتییەکانی لە ئاستی (حسن)دان، یانی لە خوار ئاستی پلەی (عدل)ەوەن، بۆیە بەو ڕیوایەتە ـ مادام دەقەکەی یەک شتە، بەڵام سەنەدەکان جیایە ـ دەوترێت: (حديث حسن صحيح)، هەندێکجاریش دەڵێن: بە ئیعتیباری مەتن دەکرێ (حسن) بێت، بەڵام  بە ئیعتیباری سەنەد دەکرێت (صەحیح) بێت، بە پێی ئەو پێوەرانە کە زانایانی فەرموودەناس دایانناون بۆ دەق و سەنەد.

**جۆری سێیەم/ ڕیوایەتی (ضعیف) لاوازو جۆرەکانیو مێژووی سەرهەڵدانی:**

جۆری سێهەم لە ڕیوایات ئەوەیە کە پێی دەڵێن: (ضعیف) لاواز، کە ئێمە وامان پێباشە لێرە بەولاوە کە ناومان لە ڕیوایەتی (ضعیف) لاواز یان (موضوع) هەڵبەستراو برد، دەستەواژەی (حدیث) فەرموودەی بۆ بەکارنەهێنین، ڕاستە زانایان بەکاریان هێناوە، بەو ئیعتیبارەی کە دێتە ناو زانستەکەوە، بەڵام مادام ڕیوایەتێک دڵنیا نەبین کە فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ باشترە لە جێی (حدیث) یان فەرموودە بۆ جۆری (لاواز) و (موضوع) بڵێین: ڕیوایەتی لاوازو ڕیوایەتی هەڵبەستراو (موضوع).

**پێناسی ڕیوایەتی لاواز (ضعیف):**

سەبارەت بە پێناسی ڕیوایەتی لاواز ئەو ڕیوایەتەیە کە مەرجەکانی فەرموودەی (صەحیح) و (حسن)ی تێدا نیە، یانی لە ڕووی سەنەدییەوە (اتصال)و بەیەکەوە پەیوەستبوون نەبێت، یان ڕاوییەکانی صیفەتی (عدل)یان تێدانەبێت، یان ڕاوییەکانی (ضبط) و دیقەتیان تێدانەبێت، یان لە (مەتن)و (سەنەد)یدا (شذوذ) یان (عیللەت) هەبێت ـ ئەمانە کە مەرجی ڕیوایەتی (صەحیح) بە پلەی یەکەمو (حسن) بە پلەی دووەم بوون ـ هەرکامیان هەبوون لە ڕیوایەتێکدا، بەو ڕیوایەتە دەڵێن: لاواز (ضعیف)، یانی ئەگەر سەنەدەکە پچڕانی تێدا بوو، ڕاوییەکان کەسێکیان تێدابوو کە عەدل یان (ضبط)ی تێدا نەبوو، یان لە مەتن و سەنەدیدا نامۆیی، یان عیللەت هەبوو۔ کە پێشتر پێناسەی هەموو ئەمانەمان کرد۔ ئەوە ئیتر لە پلەی صەحیحی و حەسەنی دێتە خوارەوە بۆ پلەی (ضعیف).

## جۆرەکانی ڕیوایەتی (ضعیف):

جۆرەکانی ڕیوایەتی لاواز زۆر زۆرن، یانی بە دەیانن، زۆرینەی زانایان (٤٩) جۆریان ژماردووە، هەندێکیش موبالەغەیان کردووەو جۆرەکانیان گەیاندووەتە (٣٨٠) جۆر! هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ وردەکارییەک کە لە بابەتەکەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەیان هۆکار هەن بۆ ئەوەی ڕیوایەت لاواز بکەن، هەر یەکێک لەو هۆکارانە کە ئیزافە بووە، وایکردوە کە ناونیشانێکی تایبەتی بدەنێ، کە ناونیشانێکیان داوەتێ، ئیتر ناونیشانەکان زۆر بوون، بۆ نموونە: پلەبەندییان کردووە بۆ عەدالەتی (ڕاوی)، پلەبەندییان کردووە بۆ (ضبط الراوي)، یان بۆ شازیی ناوەڕۆک، یان بۆ (معلل)ی سەنەد، دیارە هەمووی ڕێژەییە، مانای وایە بۆ هەر ڕێژەیەک ناوێکیان داناوە.

ئەمەی خوارەوەبەشێکن لەجۆرەکانی ڕیوایەتی لاواز، کە زۆر بەناوبانگن و دیارن:

١- بۆ نموونە ئێمە وتوومانە یەکێک لە مەرجەکانی فەرموودەی (صەحیح) ئەوەیە سەنەدەکە (متصل) بێت، یانی - بۆ نموونە - کە ئەڵێت ئەحمەد لە مەحمود، لە زەید، لە عەمر، لە عەلی، ئەبێت لە نێوان ئەم پێنج کەسەدا دابڕان نەبێت، واتە ئەبێت سەنەد (متصل)و پەیوەست بێت، یانی ئەگەر ڕاوییەکی تێدا کەوتبوو، ئەبێت بە چی؟ بەو ڕیوایەتە ئەڵێن (منقطع)، یانی راوییەک پچڕاوە لە راوی تر،

٢- لێرەدا پرسیار دروستدەبێت: باشە ئەی ئەگەر دوو ڕاوی داکەوتن، ناوی دەنرێت چی؟ خۆ ئەویش هەر لەیەکدابڕانو (انقطاع)ـە، بەڵام ئایا وەکو یەکن؟ نەخێر، لەوێدا دەڵێین ئەگەر دوو (راوی) ونبوون، پێی دەڵێین (معضل)، چونکە خەلەلەکە گەورەتر دیارە، لە کوێ ڕاوییەک دیار نەبێت، لە کوێ دوو ڕاوی دیار نەبن؟ بۆیە ناوێکی تریان لێ ناوە.

٣ـ یەکێکی تر لە جۆرەکانی ڕیوایەتی لاواز ئەوەیە (مرسل) بێت، یانی ڕاوییەک لە تابعین یەکسەر بڵێت: پێغەمبەرﷺ وایفەرموو، یانی تابعییەکە ناو لە صەحابی نەبات، ئەمەش هەر لە جۆری (منقطع)ە، چونکە تابعین لە صەحابەی وەرنەگرتووەو یەکسەر گەیشتووەتە پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵام لەبەر مەترسیداریی ئەم جۆرە ناویان ناوە (مورسەل) یانی ڕیوایەتەکە بەردراوە، تابعی لە خۆیەوە یەکسەر بازی داوەو بەسەر صەحابیدا گەیشتووەتە پێغەمبەرﷺ.

٤ـ جۆرێکی تر لە ڕیوایەتی لاواز (معلق)ی پێدەڵێن، (معلق) ئەوەیە کە لە سەرەتای سەنەدەکەیەوە ڕاوییەک یان زیاتر حەزف کرابێت.

٥ـ هەروەها جۆری (مدلس) هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕاوی وا گومان دروست دەکات بۆ گوێگر وەک بڵێی خۆی شتەکەی بیستووە لە ڕاویەیکەی تر، بەڵام واش نەبێت، بۆ نموونە ڕاوییەکی دوای تابعین دەڵێت: ئەبوهورەیرە وتی: واتە وا دەردەخات کە خۆی بینیویەتی، لە ڕاستیشدا وا نیە، ناڵێت: گوێم لێ بوو، یان لێی بیستم، یان بۆی وتم، بۆ ئەوەی نەبێتە درۆی زەق، بەڵام دەڵێت: وتی.. لێرەدا ئیهامێک ئەکات، یانی گومانێک بۆ گوێگر دروست دەکات کە گوایە خۆی لێی بیستووە، بەڵام ئەگەر بەدواداچوونی بۆ کراو تەحقیقی تیادا کرا، کە تۆ کەیو لە کوێ ئەبوهورەیرەت بینیوە؟ دەڵێت: خۆ من نەموتووە: خۆم بینیومەو بە خۆمی وتووە، وتوومە: وتی، واتە لە کەسانی ترم بیستووە، کە بە زمانی ئەوەوە گێڕاویانەتەوە. ئەم جۆرە ئیشە پێی دەڵێن: (تەدلیس)، یانی جۆرێک لە فێڵکردنو خۆڵکردنە چاوی بەرامبەرەکە.!

٦ـ جۆرێکی تر لە ڕیوایەتی لاواز بریتییە لە ڕیوایەتی (شاذ)، ئەویش ئەوەیە کە کەسی جێمتمانە ـ کە مەرجەکانی (عدل)و (ضبط)و ئەوانەی تێدایە ـ ڕیوایەتێک

بگێڕێتەوە پێچەوانەی ڕیوایەتێکی تر بێت کە خەڵکانی تری جێ متمانە گێڕاویانەتەوە، ئەمە پێی دەڵێن (شاذ).

٧- جۆرێکی تر ڕیوایەتی (منکر)و ناپەسەندە، ئەوەیە کە مەتنەکەی لە ڕێی ڕاوییەکەی خۆیەوە نەناسراو بێت، یانی هەر لە کەسێکەوە ناسرابێت، ئیتر ناوەڕۆکی لە هیچ شوێنێکی تر نەبیسرابێت.

٨- جۆرێکی تر لە ڕیوایەتی لاواز (مەتروک)ی پێدەڵێن، واتە وازلێهێنراو، ئەویش ئەوەیە کە مەتنەکەی تەنها لە کەسێکەوە بیسترابێت کە تۆمەتبار کرابێت بە درۆ.

٩- جۆرێکی تر لە ڕیوایەتی لاواز (معلل)ە، ئەویش ئەوەیە کە جۆرە عیللەت و جۆرە دەردێکی تانەدەرو ڕوشێنەر لە ڕیوایەتەکەدا هەبێت، کە ئەم جۆرەیان دەیانجۆری لێ کەوتووەتەوەو ژمارەکەیان گەیاندووە بە دەیان، بگرە سەدان جۆری ڕیوایەتی لاواز، چونکە عیللەتی تانەدەرو ڕوشێنەر بۆ ڕیوایەت زۆر زۆرن، بە پێی زۆری هۆکارەکان ناوەکانیش زۆربوون، بۆیە چەندین لقی لێ بووەتەوە.

١٠- جۆرێکی تر لە ڕیوایەتی لاواز (مضطرب)ە، واتە لەرزۆک، ئەویش ئەوەیە کە لە هەندێک وشەی مەتن‌و دەقەکەدا جیاوازیی هەبێت، یانی چەند ڕاوییەک کە نەقڵی ریوایەتێک دەکەن، هەر یەکێک وشەیەک یان ڕستەیەکی جیاواز بڵێن، بۆ نموونە: ڕاوی دەڵێت: من ڕۆژێکی جەژن - قوربان بوو یان ڕەمەزان - گوێم لە پێغەمبەر بوو ﷺ فەرمووی. ئەمە کە لە ڕۆژەکە دڵنیا نیە، پێی دەڵێن (اضطراب) واتە: لەرزۆکیی لە دەقەکەدا. یان لە سەنەدەکەیدا لەرزۆکیی‌و دوو قسەیی هەبێت، بۆ نموونە: ئەحمەد بڵێت: لە محەممەدم بیست، لە ڕیوایەتێکی تردا ئەحمەد بڵێت: لە مەحمودم بیست، مەحمود لە محەممەدی بیست.

دیاره ئەم دوو شێوە لەرزرۆکییە دەبنە هۆکاری لاوازبوونی ڕیوایەت، بۆچی؟ چونکە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە حافیزەو زەینی ئەو کەسەی کە نەقڵی ڕیوایەتەکە دەکات لاوازە، مادام دڵنیا نیە، مانای وایە خەلەلێک لە نەقڵکردنیدا هەیە، بۆیە متمانە لە لێهاتوویی ڕاوییەکە کەم دەکاتەوە.. یان بۆ نموونە دەڵێت: لە نوێژێکی جەماعەتدا بووم، مەغریب بوو، یان عیشا، ئێ ئەمە مادام (یان)و (ئەگەر)و گومانی تێکەوت، مانای وایە حافیزەی بەهێز نیە، بۆیە گومانێکی بەهێز دەبرێت کە هەڵەیەک هەیە، لەوێوە گومانت بۆ تێکڕای تری دەقەکە دروستدەبێت، بۆیە پێی دەڵێن: (مضطرب)و بە لاواز دەژمێردرێت.

١١- جۆرێکی تر لە ڕیوایەتی لاواز (مودرەج)ە، ئەویش ئەوەیە کە لە سەنەدیدا، یان لە مەتنیدا شتێک ئیزافە بووبێت، بۆ نموونە لە ئیسنادەکەدا ناوی کەسێک هاتبێتو خزابێتە ناو ڕیزی ناوەکانەوە، کە خۆی لە ئەسڵدا تێیدا نەبێت، یان لە دەقەکەدا وشەیەک یان ڕستەیەک تێهەڵکێش کرابێت کە لەگەڵ ئەسڵی دەقەکەدا نەبێت، ئەوە پێی ئەڵێن مودرەج یانی تێخزێنراو.

١٢- جۆرێکی تر لە ڕیوایەتی لاواز پێی دەڵێن (مەقلوب)، واتا وەرگەڕاوە، ئەویش ئەوەیە یان لە مەتنو دەقی ڕیوایەتەکەدا، یان لە سەنەدەکەیدا ئاڵوگۆڕێک ڕوویداوە، بۆ نموونە لە سەنەدەکەدا ئەحمەد لە مەحمودە گێڕاوییەتەوە، کەچی بووبێتە مەحمود لە ئەحمەد، یانی پێش و پاشێک کەوتبێت، یان لە مەتنەکەدا مەتنی ڕیوایەتێکی تر تێکەڵ بەم بووبێتو بەشێک لەم چووبێتە شوێنێکی تر، ئەمە پێی دەڵێن مەقلوب، ئەمە خۆی باشترین بەڵگەیە لەسەر لاوازیی ڕیوایەتەکە.

سەبارەت بە ڕیوایەتی لاواز جۆری زۆرن، ئەمانە زۆر بەناوبانگەکانیان، زۆریان هاوشێوەی یەکن‌و لە لایەنێکی سادەوە جیاوازییان هەیە، بۆیە پێویست ناکات زۆر دوورودرێژی بکەینەوە .

**حوکمی کارکردن بە ڕیوایەتی (لاواز):**

کۆی زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ڕیوایەتی لاواز زانستی دڵنیاکەرەوە (عیلمی یەقینی) ناگەیەنێت‌و نابێتە سەرچاوەی تەشریع‌و حوکمی شەرعییان لێوەرناگیرێت. زۆرینەی ئەهلی تەحقیقیش بە ڕەوای نازانن کە کار بە ڕیوایەتی لاواز بکرێت‌و وەک فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. هەندێک لە زانایان بەداخەوە حوکمیان داوە کە بۆ بابەتی (موعظة)و (فضائلی ئەعمال)و تەرغیب‌و تەغیب، کار بە ڕیوایەتی لاواز بکرێت، کە بە داخەوە یەکێک لەوانە (ئیبن صەلاحی شارەزووری)یە، گوایە لە بابەتەکانی عەقائیدو ئەحکامدا بەکار نایەن، بەڵام لەو شتانە بەکاردێن، بەڵام بە ڕاستی پێویست ناکات پەنا ببرێتە بەر ئەو جۆرە ڕیوایەتانە، چونکە هەزاران ئایەتی قورئانی پیرۆزو سەدان فەرموودە لە جۆری (صەحیح)و (حەسەن) لەبەردەستدان، کە تایبەتن بەو بوارانە، ئیتر چ پێویست دەکات پەنا ببرێتە بەر ڕیوایەتانێک کە لاوازن یان هەڵبەستراو؟ وا لەوێ لە باسی ڕیوایەتی جۆری (ئاحاد) لە (صەحیح)یشدا قسەی زانایانمان هێنا کە وتیان: ئەو جۆرە ڕیوایەتانە زانستی یەقینی ناگەیەنن‌و هەندێک لە زانایان خۆیان لاداوە لە بەڵگەهێنانەوە پێیان بۆ بابەتی عەقیدەو ئەحکامی بنەڕەتی.

لە ڕاستیدا زانایان بۆیە ئەم ڕیوایەتانەیان جیاکردووەتەوەو لە مەسانیدو سونەنەکانیاندا وتوویانە لاوازن، بۆ ئەوەی بانگخواز، یان واعیز، یان وتاربێژ،

یان نوسەرو توێژەر، خۆی لێیان لادات، نەک بۆ ئەوەی وەک فەرمووده نەقڵی بکەنەوە، کە بەداخەوە زۆرجار ڕیوایەتەکە نەقڵ دەکرێت، یان هەر ئاماژە ناکرێت کە لاوازە، یان ئەگەر ئاماژەش بکرێت وا ئەزانرێت شتێکی ئاساییە..

ئەم کارەی زۆر کەس بینا لەسەر ئەو فتوایەیە کە (ابن صەلاح) داویەتی، لە کاتێکدا زۆرێک لە زانایانی ئەهلی تەحقیق دوای خۆی ڕەخنەیان گرتووە لەو بۆچوونەو پێیان وایە: نەدەبوو بڕیار بدات کە جائیزە ڕیوایەتی لاواز بەکاربهێنرێت بۆ مەواعیزو شتی وا. چ پێویست ئەکات پەنا ببرێتە بەر ڕیوایەتێکی لاوازو بە ناوی پێغەرمبەری خواوە بگێڕڕێتەوە، لە کاتێکا ئایەتێک یان زیاتر لە ئایەتێک لەسەر هەمان بابەت هەیە، یان فەرموودەیەک، یان دەیان فەرموودەی صەحیح یان حەسەن لەسەر هەمان بابەت هەن؟ چ پێویست ئەکات بە ناوی پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیوایەتێکی لاواز بهێنینەوە کە کاتێک جێگرەوەی هەبێت؟

**جۆرەکانی ڕیوایەتی لاواز:**

ڕیوایەتی جۆری (ضعیف) لاواز دەبێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە: بەشێکیان لاوازییەکەی، بە زۆریی ڕێگەی گێڕانەوەکانی بەهێز نابێت، بەڵکو ئەوەندەی تر لاوازییەکەی دەردەکەوێت، چونکە هەر ڕێگەیەک لە ڕێگەکان لاوازییەکەی دووپات دەکەنەوە. ئێمە لە جۆری حەسەندا وتمان: ئەگەر چەند ڕیوایەتێک یەکتریان پشتڕاست کردەوە، لە ئاستی حەسەندا بوون، ئەوە ڕیوایەتەکە دەبەنە ئاستی صەحیح، بەڵام لێرە ڕیوایەتی لاواز ئەگەر هەموو ڕیوایەتو ڕێگەکان هەر لاواز بن، ئەوە ڕیوایەتەکە ئەوەندەی تر لاواز دەکەن، لەبەر ئەوە زۆریی ڕێگەی سەنەدی لاواز لە ڕیوایەتی جۆری لاوازدا، ڕیوایەت بەهێز ناکەن.

جۆری دووەمیان ئەوەیە کە بە هۆی زۆریی ڕێگەی گوێزرانەوەو نەقڵکردنی ڕیوایەتەکە، دەکرێت ڕیوایەتەکە بەهێز بکرێت. بۆ نموونە ڕاوییەک حافیزەی لاوازەو ئاستی (ضبط)ی زۆر لە پێشەوە نیە، بەڵام کەسێکی صادقەو ناوبانگی هەیە بۆ ڕاستگۆیی، ئەگەر ڕیوایەتێکی تر هات، ئەمەی پشتڕاست کردەوە، ئەوە لە ئاستی لاوازیی ڕیوایەتەکە کەم ئەکاتەوەو ئەیباتە ئاستی حەسەن، ئەگەر پشتڕاستکردنەوەکە زیاتر لە ڕێگەیەک بوو، یانی لە چەند ڕێگەیەکەوە بوو..

**جۆری ڕیوایەتی هەڵبەستراو (موضوع):**

جۆرێکی تری ڕیوایەت ئەوانەن کە پێی دەڵێن (مەوضوع) واتە ڕیوایەتی درۆو هەڵبەستراو بە ناوی پێغەمبەرەوە. بەو پێیە کە لە ناو کتێبی فەرموودەدا باسکراوە ناونراوە (حەدیسی مەوضوع)، ئەگەر نا ئێمە بە باشی نازانین ڕیوایەتی لاوازیش ناو بنێین فەرموودە، بۆ هەڵبەستراو بە پلەی یەکەم ناتوانین‌و پێمان باش نیە کە دەستەواژەی فەرموودەی بۆ بەکاربێنین، بۆیە باشتر وایە پێی بڵێین: ڕیوایەتی هەڵبەستراو.

**مێژووی سەرهەڵدانی ڕیوایەتی لاوازو هەڵبەستراوو هۆکارەکانی:**

سەرەتای دەستکردن بە هەڵبەستنی ئەم جۆرە ڕیوایەتانە، لە سەردەمی فیتنەکانەوە ـ بە تایبەتی لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفانەوە (ڕەزای خوای لێبێت) ـ سەری هەڵدا، کاتێک کە خەڵکانێکی زۆر لە سەردەمی کۆتایی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا (ڕەزای خوای لێبێت) هاتنە ناو ئیسلامەوە، ئەوانە پەروەردە نەبووبوون بەو پەروەردە قورئانییەی کە نەوەی هاوەڵان‌و پێشەنگانی سەردەمی یەکەم پەروەردەکرابوون لەسەری. کاتێکیش فیتنەو ئاشووب کەوتە ناو بەشێک لە هاوەڵانەوە، بە تایبەتی بەهۆی جەنگەکانی (صەفین)و (جەمەل)و

(نەهرەوان)ەوە، ئەو سێ جەنگە فیتنەیەکی زۆریان دروستکرد، دەمارگیریی و تیژپەڕیی لە لایەن فیرقەکانەوە دروست بوو، هەر یەکە بۆ خۆی‌و بۆ مەزهەبی خۆی‌و بۆ کەسەکانی خۆی، ڕیوایەتی درۆینەی هەڵدەبەست، لەوێوە ڕیوایەتی هەڵبەستراو زیادی کرد، بەتایبەتی لەلایەن دەستەو تاقمەکانی مورجیئەو خەواریج و ڕافزییەکانەوە. لەوێوە ئاوڕێژییەکی زۆر کرا بۆ هەڵبەستنی ڕیوایەت، کەسایەتییەکی جوولەکە بە ناوی (ابن سبأ) بە درۆو بە زاهیر مسوڵمان بوو، پشتیوانی کرد لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب‌و ئال‌وبەیت، ئەو دەوری زۆر بوو لە هەڵبەستنی ڕیوایەتی نادروست، لە بەگەورەڕاگرتنی پێشەوایان، بە تایبەتی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت)، بۆ ئەو مەبەستەش دەگەڕا بە ناو شارو گوندە دوورەدەستەکانداو پڕوپاگەندەی دەکرد، بۆیە چووە وڵاتی میصرو فیتنەیەکی زۆری بڵاوکردەوە. بەداخەوە دواتر قسەکانی کەوتنە ناو سەرچاوەی کتێبەکانی مەزهەبی دوانزە ئیمامی جەعفەری بە بێ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی وردو زانستیی بۆ ئەو ڕیوایەتانە بکرێت.

لە کاردانەوەی ئەوانەشدا چەندین ڕیوایەتی تر لەسەر دەستی تاقمانێکی ترەوە کە نازناوی (نەواصب)یان بەسەردا بڕا، بەرامبەر (ڕەوافض)، هەڵبەستران، لە پیاهەڵدانی شامییەکان‌و بەباڵاخوێندنی خەلیفەو میرەکانی ئەمەوییەکاندا، لەوێش بە هەمان شێوە لە کاردانەوەدا ڕیوایەتی زۆر هەڵبەستران.

ئەم کارو کاردانەوە هەڵەو توندڕەوانەیە کارێکی کرد کە ڕیوایەتی هەڵبەستراو چەندین قاتی ڕیوایەتی دروست بڵاوە بکەن‌و بکەونە سەر زاری خەڵکی‌و سەرەنجام بشکەونە ناو هەندێک لە سەرچاوەکانی سەدەی یەکەم.

بۆیە ئەگەر باس لە گرنگترین هۆکارەکانی هەڵبەستنی ڕیوایەت بکەین، ئەوە شەش حەوت هۆکار هەن:

**یەکەمیان:** دووڕوویی و تەمەللوقی سیاسی، لەوانەوە کە بۆ فرتوفێڵو پیلانگێڕیی موسڵمانبوونی ڕواڵەتییان ڕاگەیاند.

**دووەمیان:** جیاوازیی‌و ناکۆکیی سیاسی: چ لە نێوان شیعەو خەواریج، چ لە نێوان ئەمەوییەکان‌و عەباسییەکان، چ لە نێوان ئەمەوییەکان‌و خەواریج‌و یاخیبووەکان.

**سێیەمیان:** دەمارگیریی بۆ ڕەگەزو شوێن‌و مەزهەب‌و کەسایەتییەکان.

**چوارەمیان:** ڕاجیایی‌و دژیەکبوونی کەلامیی‌و مەزهەبیی، لە نێوان ئەو دەستەو تاقمانەی کە پەیدا بوون، بۆ نموونە جیاوازیی هەندێک ڕاو بۆچوونی نێوان شیعەو سوونە، یان سوونەو موعتەزیلە، یان جەبریەو مورجیئە، یان ئەوانەی پێیان دەگوتن: (المجسمة) و (المعطلة).

**پێنجەمیان:** هەواو ئارەزووی هەندێک کەس، جاری وا هەبووە وایانزانیووە نیەتیشیان باشە، گوایە بۆ تەرغیب‌و تەرهیب، بۆ ورياکردنەوەی خەڵک لە هەندێک شت، ڕیوایەتی سەیرو سەمەرەیان هەڵبەستووە.

**شەشەمیان:** هەندێکجار بۆ ڕازیکردنی میرو سوڵتان‌و کەسانێک بووە، کە ویستوویانە خۆیانیان لێ نزیک بکەنەوە. بۆ نموونە ئەوترێت کەسێک بە ناوی غیاث کوڕی ئیبراهیم - یەکێک بووە لەو کەسانەی کە هاوچەرخی مەهدی خەلیفەی عەباسی بووە- چووەتە دیوانی مەهدی‌و بینیویەتی کە مەهدی بە کۆتر یاری دەکات، ئەویش یەکسەر ڕیوایەتێکی هەڵبەستووەو خستوویەتە سەر بەشە ڕیوایەتێکی دروست، وتی: (لا سبق إلا فی نصل أو حافر أو جناح)، واتە: جائیزە یاری بکرێت بە تیرەندازیی‌و ئەسپسواریی‌و کۆتربازیی، بۆ پێشبڕکێ. ڕیوایەتێک هەیە

خۆی صەحیحەو ئەسڵەکەی لە موسنەدی ئیمام ئەحمەدو سونەندا هەیە کە دەفەرموێت: (لا سبق إلا فی نصل أو حافر)[٣٣] واتە نیوەی یەکەمی ڕیوایەتەکە دروستە، بەڵام (جناح)ی تێدا نیە، ئەو ڕاوییە درۆزنە بۆ ڕازیکردنی خەلیفەو وەرگرتنی شاباش ئەوەشی تێخست، وەک ئاماژەیەک بەوە کە جائیزە یاری بکرێت بە باڵی پەلەوەریش. مەهدی دە هەزار درهەم بەخششی پێ دا، بەڵام ئەوەندە وریابوو کە کاتێک ئەو ڕاوییە درۆزنە چووە دەرەوە، وتی: (أشهد أن قفاك قفا كذاب)، واتە: شایەتی دەدەم کە ئەو پشتملەت پشتملی کەسێکی زۆر درۆزنە! بۆیە بڕیاری داو وتی: ئەو کۆترە سەر ببڕن، واتە مادام ئەم شتی ئاوا بە ناوی پێغەمبەرەوە هەڵدەبەستێت.[٣٤]

مەبەست ئەوەیە کە جاری وا بووە بۆ ڕازیکردنی خەلیفەیەک، یان سوڵتانێک، ئاوا بە ناوی پێغەمبەرەوە شت هەڵبەستراوە.. زانایان بۆ ئاسانکردنی کارەکە لەسەر گوێگران و بیسەرانی ئەم جۆرە ڕیوایەتانە هەندێک نیشانەیان وتووە، بۆ نموونە:

یەکێک لەوانە ئەوەیە کە داڕشتنەکان لاوازو ڕەکیک و بێ چێژن، جاری واش هەیە کە بێچێژیی و ڕەکیکیی لە ماناکەدایە نەک لە لەفزەکەدا، بۆیە ئیبن جەوزی وتوویەتی: "ما أحسن قول القائل: إذا رأيت الحديث يباين المعقول، أو يخالف المنقول، أو يناقض الأصول، فاعلم أنه موضوع"[٣٥]، واتە: چەند جوانە قسەی ئەو کەسەی

[٣٣] سونەنی ئەبوداود، بە ژمارە: (٢٥٧٤).

[٣٤] تاريخ بغداد، الخطيب البغدادي، ٢٧٦/١٤.

[٣٥] تدريب الراوي، في شرح تقريب النووي، جلال الدين السيوطي، ٢٧٧/١.

وتوویەتی: هەر ڕیوایەتێکت بینی کە پێچەوانەی ئەقڵ بوو، یان پێچەوانەی نەقڵ بوو، یان دژی بنەماکان بوو، ئەوە دڵنیابە کە هەڵبەستراوە.

نیشانەی سێیەم ئەوەیە کە هەر ڕیوایەتێک موبالەغەو زیادەڕەوییو تیژڕەویی زۆری تێدابێت، ئەوە لاواز یان هەڵبەستراوە؟ بۆ نموونە: ڕیوایەتێکیان هەڵبەستووە دەڵێت: "من صلى الضحى أعطي ثواب سبعين نبيا": هەرکەس نوێژی چێشتەنگاو بکات، ئەوە پاداشتی حەفتا پێغەمبەری هەیە! ئەم دەقە دیارە موبالەغەو زیادەڕەوییەکی تێدایە، بۆیە هەندێک لە زانایان وتوویانە: هەر کات بۆ کارێکی کەم، پاداشتێکی زۆر وترا، ئەوە گومان بخەنە سەر ئەو ڕیوایەتە، زۆربەی ئەو ڕیوایەتانە ڕاست نین، بۆ نموونە هەرکەس ئەوەندە جار وتی (استغفر الله) هەرچی گوناهییەتی دەوەرن، ئەگەر وەکو کەفی دەریاش وابن و لەم بابەتە.

نیشانەی چوارەم ئەوەیە کە ڕیوایەتەکە پێچەوانەی هەستو دژی واقیع بێت، وەک ڕیوایەتی: (الباذنجان لمل أكل له)،[٣٦] واتە: باینجان بۆ هەر مەبەستێک بخورێت، بەسوودە!.

نیشانەی پێنجەم: دژایەتی ڕیوایەت لەگەڵ دەقی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەی تری دروست. بۆ نموونە ڕیوایەتێک هەیە دەڵێت: نەوەی زینا ناچێتە بەهەشتەوە، هەتا حەوت منالیشی ببێت ناچنە بەهەشتەوە، دیارە ئەمە پێچەوانەی دەقی ئایەتی [ولا تزر وازرة وزر أخرى]یە، بۆ ئەبێت مندالی زینا سزا بدرێت؟ ئەو گوناهی چیە نەچێتە بەهەشتەوە؟

[٣٦] هەموو سەرچاوەکانی کۆکەرەوەی ڕیوایەتە لاوازو هەڵبەستراوەکان هێناویانە، بە نموونە بڕوانە: ابن الجوزي لە: الموضوعات، ١٢٥/٣. الذهبي، لە: ترتيب الموضوعات، ص: ٢١٥.

نیشانەیەکی تر ئەوەیە ئەڵێن پێچەوانەی سوونەتە کەونییەکان بێت، بۆ نموونە باس لە کەسێکی ئەفسانەیی ئەکەن بە ناوی (عوچ) کوڕی (عەنەق) گوایە ئەوەندە باڵای بەرزبووە نزیکی خۆر بووەتەوەو نەهەنگی لە دەریا دەرهێناوەو بەرزی کردووەتەوەو لەبەر خۆردا برژاندوویەتی! ئەمە هەزار ڕیوایەتیشی لەسەر بێت، دیارە پێچەوانەی سوننەتە کەونییەکانە.

لەم لایەنەوە هەندێک لە زانایان سەرنجی جوانیان داوە کە بە ناونیشاندا تۆ بتوانی ڕیوایەتی هەڵبەستراو لە صەحیحو حەسەن جیابکەیتەوە، بۆ نموونە (ابن القیم) ئەم ناونیشانانە دەڵێت:

"١ـ هەر ڕیوایەتێک بڵێت: هەر کات ساڵی ئەوەندە هات، واو وا دەبێت: (إذا كانت سنة كذا وكذا).."[٣٧]

٢ـ هەر کات ڕیوایەت زیاتر لە وەصفی پزیشکان بچێت.

٣ـ تەواوی ئەو ڕیوایەتانەی باسی عەقڵ دەکەن، درۆو هەڵبەستراون.

٤ـ هەر ڕیوایەتێک باسی زیندوویی (خدری زیندە) بکات.

٥ـ هەر ڕیوایەتێک باسی ڕۆژووی مانگی ڕەجەب بکات.

٦ـ هەر ڕیوایەتێک باسی نوێژی شەوی نیوەی شەعبان بکات.

٧ـ هەر ڕیوایەتێک زەمی سودانو زینجیو حەبەشیو تورک بکات.

٨ـ هەر ڕیوایەتێک باسی گەورەیی ڕۆژی عاشورا بکات، یان نوێژکردن تیایدا، یان شادیکردن تیایدا، جگە لە ڕۆژووگرتن تیایدا، کە فەرموودەی دروستی لەسەرە.

---

[٣٧] المنار المنيف، ابن القيم، ص: ١٩.

٩ـ ئەو ڕیوایەتانەی ـ بەناوبردن ـ باس لە گەورەیی ئەبوبەکرو عەلیو مەعاویەو ئەبوحەنیفەو شافعی، یان زەمکردنیان دەکەن.

١٠ـ هەر ڕیوایەتێک باسی دوعا بکات لە کاتی شتنی ئەندامەکانی دەستنوێژدا" [٣٨].

نیشانەیەکی تر زیادەڕەوییە لە وەصفی پێشەوایانو کەسایەتییەکان، کە لە ئاستی مرۆڤ دەریان دەکەنو زۆرجار لە پلەی پێغەمبەرانیش تێیاندەپەڕێنن، وەکو ئەوەی بۆ هەندێک لە ئیمامەکانی شیعە کراوە، کە لە پێغەمبەران گەورەتر دانراون.

**گرانبوونی ئەرکی زانایانی فەرموودە:**

ئەمانە ناونیشانو نیشانە سەرەکییەکانی ڕیوایەتی لاوازن، بەڵام کار بەمە تەواو نەبووەو تەواو نابێت، چونکە هەر لە سەدەکانی دوو و سێی کۆچییەوە ئەرکێکی گەورە ڕووی لە ئەهلی زانست کرد، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕیوایەتەکانو جیاکردنەوەی فەرموودەی دروست لە شالاوی درۆو دەلەسەو ڕیوایەتە هەڵبەستراوەکان، بەڵام بەداخەوە گرفتەکە چارەسەری بنەڕەتیی نەکرا، بۆیە تا ئێستەش کاریگەریی قسەی بێ بنەماو ڕیوایەتی لاوازو هەڵبەستراو بەردەوامە، چونکە زۆرێک لەوانە دزەیان کردە ناو ژێدەرە تەفسیرەکانو سەرچاوەکانی ڕاڤەی فەرموودەو چاوگە مێژووییەکانی ئوممەتی ئیسلام. بۆیە ئەرکی زاناو موحەققیقانو تەواوی زانستخوازانە کە درێژە بەو ئەرکە گرانەی هەڵسەنگاندنو لەبێژنگدانەی سەرچاوەکان بدەنو شوێن ئەو قسە نازانستییە نەکەون کە وتراوە:

---

[٣٨] (ابن القيم الجوزية) ئەمانەو چەندین نموونەی تری لە کتێبە نایابەکەیدا: (المنار المنيف في الصحيح والضعيف، ابن قيم الجوزية، مكتبة المطبوعات الإسلامية، حلب، ١٩٧٠م) باس کردووە. بڕوانە لاپەڕەکانی (٨٠) بۆ (١٠٠).

پێشینان هیچیان بۆ دوایەمینەکان نەهێشتووەتەوە. ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی قورئانییە دەربارەی سروشتی ئاین‌و دژە بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا لە هەمبەر حەتمیەتی نوێکردنەی سەدە بە سەدەی ئاینی ئیسلام، کە فەرموویەتی: (إن الله يبعث لهذه الأمه على رأس كل مائة سنه من يجدد لها دينها)[٣٩].

بۆیە ئەم ئەرکی نوێکردنەوەیە دەبێت بەردەوام بێت. دیارە لەم سەردەمەی ئێمەدا پرۆسەکە شێوازێکی نوێ لەخۆدەگرێت، چونکە ئەو کەرەستەو ئامێرو تواناییانە کە لەبەردەستی ئەهلی تەحقیق‌و شیکارانی ئەمڕۆدان، هیچی لەبەر دەستی زانایانی هیممەتبەرزی پێشوودا نەبوون، ئەمە دەخوازێت کە هیممەتی درێژەدان بە پێداچوونەوەو شەن‌وکەوکردن‌و نوێکردنەوە بەردەوام بێت‌و هەوڵ بدرێت ئەو کەلێنانەی کە لە زانستەکانی فەرموودەناسیی ـ و تێکڕای زانستەکانی تردا هەن ـ پڕ بکرێنەوە. بە تایبەتی لەلایەن نەوەی نوێی هیممەتبەرزو دڵگەرمەوە، کە ئومێدی هەستانەوەی سەرلەنوێی ئوممەت، بەوانەوە بەسراوەتەوە.

لێرەدا حەز دەکەم وتەیەکی پێشەوا عومەری کوڕی خەطاب بگوێزمەوە کە لە کۆڕێکی فراواندا، کەسانێکی زۆر لە پیرو لاو گوێیان لێدەگرت، ڕوو بە لاوەکان وتی: "لا يمنع أحدا منكم حداثة سنه أن يشير برأيه؛ فإن العلم ليس على حداثة السن ولا قدمه، ولكن الله يضعه حيث شاء".[٤٠] واتە: گەنجیی‌و کەمیی تەمەن، ڕێ لە کەستان نەگرێت کە ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕێت، چونکە زانست بە تەمەنی پیریی‌و گەنجی نیە، بەڵکو بەهرەیەکی خواییە، بە هەرکەسی بدات دەیدات.

---

[٣٩] **سونەنی ئەبوداود، بە سەنەدی صەحیح، بە ژمارە: (٤٩٢١).**

[٤٠] كنز العمال، المتقي الهندي، ٢٥٣/١٠. **هەروەها: عبدالرزّاق الصّنعاني، (ت: ٢١١هـ)، (٢٠٩٤٦).**

**سەرچاوەی تایبەت بەو بوارە:**

زانایانی سەدە پێشووەکان لەو بوارەدا کتێبی زۆر باشیان نووسیوە، وەکو:

١ـ الموضوعات، أبو سعيد، محمد بن علي بن الأصفهاني، الحنبلي، (ت: ٤١٤ هـ).

٢ـ تذكرة الموضوعات، أبوالفضل، محمد بن طاهر المقدسي، القيسراني، (ت: ٥٠٧هـ).

٣ـ الأباطيل والمناكير والصحاح والمشاهير، سيف السنة، حسين بن إبراهيم الجورقانى، (الكردي)، (ت: ٥٤٣ هـ).

٤ـ الموضوعات، ابن الجوزى، (٥٩٧ هـ).

٥ـ اللآلي المصنوعة في الأحاديث الموضوعة، جلال الدين السيوطي، (ت: ٩١١هـ).

٦ـ الأسرار المرفوعة في الأحاديث الموضوعة، ملا علي القارئ، (ت: ١٠١٤هـ).

٧ـ الدرر المصنوعات، في الأحاديث الموضوعات، شمس الدين السفاريني، (١١١٤ هـ).

٨ ـ الفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة، محمد بن علي الشوكاني، (ت: ١٢٥٥ هـ).

٩ـ الآثار المرفوعة من الأحاديث الموضوعة، عبد الحي اللكنوي، (ت: ١٤٠٤ هـ).

ئەمانە نموونەی دەیان کتێبی ترن، کە دەربارەی ڕیوایەتی هەڵبەستراو نووسراونەتەوە، یان ئەو جۆرە ڕیوایەتە درۆو هەڵبەستراوو لاوازانەیان بە موسڵمانان ناساندووە.

# وانەی پێنجەم
# فەرموودەی ئاحادو موتەواتیرو
# جیاوازیی فەرموودەو فەرموودەی قودسی

## تەوەری یەکەم/ جیاوازیی نێوان فەرموودەی (موتەواتیر) و (ئاحاد)

فەرمووده لە ڕووی دابەشکردنییەوە، بە پێی کەمییو زۆریی ژمارەی ڕاوییەکانی، کراوە بە دوو بەشەوە:

جۆری یەکەمیان: ڕیوایەتی (متواتر)ی پێ دەڵێن، کە بەپێی ناساندنی زانایانی فەرمووده ئەوەیە: کۆمەڵێک لە ڕاوی ڕیوایەتێک بگێڕنەوە کە عادەتەن ئەستەم بێت کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ، ئەوەندە کۆمەڵەکە پتەو بن، کە لە ڕووی عەقڵییو عادەتەوە بە ئەستەم بزانرێت کۆببنەوە لەسەر درۆ، ئەمانە نەقڵی ڕیوایەت بکەن لە ژمارەیەک ڕاوی، ئەو ژمارەیەش لە ژمارەیەکی تری ڕاوی، ئەو ژمارەیش لە ژمارەیەکی دواتری ڕاوی، تا دەگەنەوە سەر (صەحابەکان).. بەم جۆرە فەرموودەیە دەڵێن: فەرموودەی (موتەواتیر)، یانی کۆدەنگي و یەکڕایی زۆرینەیەکی ڕاوی لەسەرە.

جۆری دووەمیان: پێی دەڵێن (ئاحاد): ئەوەیە کە تاک تاک ڕاوی دەقێک دەگێڕنەوە لە یەکترەوە، واتە ڕاوییەکان یەک کەسن، بۆ نموونە: ئەحمەد، لە مەحمود، لە زەید، لە عەمر.

**جۆرەکانی فەرموودەی (متواتر):**

فەرموودەی (متواتر) دەبێت بە دوو جۆری سەرەکییەوە: جۆرێکیان پێی دەڵێن: (موتەواتیری لەفزیی)، واتە: ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە ڕیوایەت دەکەن لە یەکتر، دەستە بە دەستە تا دەگاتەوە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەقی فەرموودەکەدا یەکدەنگن، دەقەکە وەکو خۆی دەگێڕنەوە.

جۆری دووەمیان ئەوەیە کە دەستە دەستە کەسەکان هەن، بەڵام لەسەر ناوەڕۆکو دەقی فەرموودەکە یەکدەنگ نین، هەندێک جیاوازیی لە ڕیوایەتەکەدا هەیە. بەم جۆرەیان دەڵێن: جۆری (موتەواتیری مەعنەوی)، دیارە بەهێزترینیان (موتەواتیری لەفزی)یە .

بەنیسبەت حوکمی ئەم جۆرە فەرموودەیەوە زانایان وتوویانە: ئەمجۆرە فەرموودە موتەواتیرە زانستی دڵنیاکەرەوە واتە: (عیلمی یەقینیی) دەبەخشێت و واجبە کاری پێبکرێت لە هەر بوارێکدا کە فەرموودەکەی لەسەر هاتووە، بەڵام جۆری فەرموودەی (ئاحاد) زانستی یەقینی نابەخشێت، بەڵکو (ظن) دەبەخشێت، بەڵام (ظن) بە مانای گومانێکی بەهێز، نزیک دەبێتەوە لە دڵنیاکردنەوە، چونکە زۆرکەس بە هەڵە دەستەواژەی (ظن) بە گومان وەردەگێڕن بۆ کوردی، گومان واتای: (شک)ە، شتێک کە لە سەدا پەنجا بە لایەکدا نەکەوتبێت، بەڵام (ظن) نیسبەتێکی باڵاتر دەگەیەنێت، یانی لە سەدا حەفتاو پێنج بۆ زیاتریش دەڕوات، بەڵام ناگاتە لە سەدا سەد۔ واتە وەکو عیلمی یەقین، کەواتە لە خوار عیلمی یەقینییەوەیە.

بۆیە زۆرجار بە هەڵە دەوترێت ڕیوایەتی (ئاحاد) گومان دەگەیەنێت، بەو شێوەیە نیە، بەڵکو گومانی بەهێزو راجح دەگەیەنێت، بۆچی؟ چونکە ئەگەر

ئەوە نەڵێین و بڵێین: گومان دەگەیەنێت بە مانای شک، مانای وایە مامەڵەی جۆری ڕیوایەتی لاوازی لەگەڵ دەکەین. ئێمە وتوومانە ڕاوییەکان هەموو ڕاستگۆن و مەرجی (عەدل) و (ضبط)یان تێدایە، بەڵام لە باتی ئەوەی سێ کەس و چوار کەس بن، زنجیرەکە یەک کەس یەک کەسە، مادام کەسەکە ڕاستگۆیەو شایەتی بۆ دراوەو بە ئەرێنی هەڵسەنگێندراوە، ڕیوایەتەکەی پێی دەڵێن: (صەحیح)، بەڵام لە جۆری (ئاحاد)، یانی تاک تاک لە سەنەدەکەدا هەن، نەک لە جۆری موتەواتیر بەوجۆرەی کە پێناسمان کرد.

**چەند نموونەیەک لە فەرموودەی (موتەواتیر):**

ئەڵبەتە جۆری موتەواتیر بەو شێوەیە کە وتمان دەستەیەکی زۆر خەڵک ڕیوایەت بکەن لە دەستەیەکی تر، ئەوانیش لە دەستەیەکی تر.. زۆر دەگمەنە، تەنانەت هەندێک لە زانایان وتوویانە: شتی وا کە ئەم پێناسەیە بیگرێتەوە، واتە ڕیوایەتی موتەواتیرمان نیە. تەنانەت فەرموودەناسی بەناوبانگ پێشەوا (ابن حبان) دەقاودەق وتوویەتی: "أما الأخبار: فإنها كلها أخبار آحاد، لأنه ليس يوجد عن النبي خبر، من رواية عدلين، روى أحدهما عن عدلين، وكل واحد منهما عن عدلين، حتى ينتهي ذلك إلى رسول الله. فلما استحال هذا وبطل، ثبت أن الأخبار كلها أخبار آحاد، وأن من تنكب عن قبول أخبار الآحاد، فقد عمد إلى ترك السنن كلها، لعدم وجود السنن إلا من رواية الآحاد."[٤١] واتە: ئەخبار- مەبەستی فەرموودەیە- هەموویان لە جۆری (ئاحاد)ن، چونکە هیچ ڕیوایەتێک لە پێغەمبەرەوە نەهاتووە کە لە دوو کەسی جێ متمانەو تەواو دروستەوە هاتبێت، یەکێکیان لە دووانی

٤١ الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، علاء الدين علي بن بلبان الفارسي، (١/٥٦).

هاوشێوەوە وەریانگرتبێت، ئەوانیش لە دوانی تری هەمان ئاستەوە، تا بگاتەوە سەر پێغەمبەری خوا. جا کە دەرکەوت ئەمە ئەستەمەو بەتاڵ بووەوە، ئەوە دەسەلمێت کە (فەرموودەکان) هەموو لە جۆری (ئاحاد)ن، کەواتە هەرکەس نکوڵیی کرد لە قبوڵکردنی ئاحاد، کەواتە دەیەوێت هەموو فەرموودەو سوننەت ڕەد بکاتەوە، چونکە فەرموودەیەک لە ئارادا نیە جگە لە (ئاحاد).

هەروەها (ابن صەلاحی شارزوری) لە (المقدمة)کەیدا دەڵێت: نموونەی (متواتر) بەو پێناسەیەی کە کرا زۆر نادرو دەگمەنە، بەڵام (ابن حجر)و هەندێک لە زانایانی تر ڕەدیان ئەدەنەوە، بۆ نموونە (حافظ)ی عراقی ئەو ڕیوایەتانەی باسی حەوزی کەوسەر دەکەن لە بەهەشتدا، یان باسی شەفاعەت دەکەن، یان ئەوانەی باسی مەسحی خوف ئەکەن بۆ دەستنوێژ، یان ئەو ڕیوایەتانەی کە قەدەغە لەوە دەکەن قەبرستان بکرێتە مزگەوت، هەروەها چەند ڕیوایەتێکی تر ئەمانە بە موتەواتیر دەزانن، (الحافظ) کە شەرحی کتێبەکەی (ابن صلاحی شارەزووری) کردووە، ئاماژە دەکات بەمە.

زانایان لەم بارەیەوە کتێبی بەنرخیان هەیە، بۆ نموونە پێشەوا (جلال الدين السيوطی) کتێبێکی هەیە بە ناوی (الأزهار المتناثرة في الأحاديث المتواترة)، کە تیایا هەوڵی داوە ئەو ڕیوایەتانەی مەشهورن بە جۆری موتەواتیر کۆبکاتەوە، کە ئەوانەن لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن، لەو فەرموودانەی باسی بەهەشتو شەفاعەتو مەسحی خوفو ئەو شتانە دەکەن.

یەکێک لە نموونەی جۆری فەرموودەی موتەواتیرو بەناوبانگ ئەو ڕیوایەتەیە کە دەفەرموێ: (من كذب على متعمدا فليتبوأ مقعده من النار)، واتە: هەرکەس بەدەستی ئەنقەست بەدەم منەوە درۆ بکات، با جێگای خۆی لە دۆزەخدا ئامادە بکات.

ئەم ڕیوایەتە لە جۆری موتەواتیرە، چونکە (٤٠) کەس لە هاوەڵان گێڕاویانەتەوە، واتە لە چل ڕێگەی جیاوازەوە نەقڵ کراوە. بۆ نموونە لە ڕێی هاوەڵان عەلی، ئەنەسی کوڕی مالک، ئەبوهورەیرە، موغەیرە کوڕی شوعبە، عبد الله کوڕی زوبەیر، عبد الله کوڕی عومەر، ئەبو سەعیدی خدری، سەمرە کوڕی جوندوب.. ئەم ڕێگایانە تەنها لە دوو سەرچاوەی بوخاریو موسلیمدا یان یەکێککیاندا هاتوون، لە چەندین ڕێگەی تریشەوە لە سونەنو مەسانیددا هاتوون.

بەڵام فەرموودەی (ئاحاد) ئەوەیە کە مەرجەکانی موتەواتیری تێدا نەبێتو لە یەک ڕێگەوە گێڕڕابێتەوە، یان دوو کەس گێڕابێتیانەوە، یان تەنانەت ئەگەر سیانیش گێڕابێتیانەوە نابێت بە موتەواتیر.

**جۆرەکانی فەرموودەی (ئاحاد):**

فەرموودەی جۆری (ئاحاد) دەبێت بە سێ بەشەوە، چونکە ئاستەکەیان دووبارە ڕێژەییە، وەکو لە ڕیوایەتی لاوازو ئەوانەشدا باسمان کرد، کە ڕیوایەتێک یەک کەس گێڕاویەتەوە، ئەبێت جیاوازبێت لەوەی دووکەس گێڕاویەتەوە، یان ئەگەر دووکەس گێڕابێتیانەوە، دەبێت جیاواز بێت لەوەی سێ کەس گێڕاویەتەوە، چونکە بەهێزترە، لەسەر ئەم بنەمایە ڕیوایەتی ئاحاد کراوە بە سێ بەشەوە، بە ناوەکانی: (مەشهورو عەزیزو غەریب):

جۆری یەکەم: ڕیوایەتی (**مەشهور**) ئەو ڕیوایەتەیە کە ناوبانگی هەیە، بۆیە زیاتر لە سێ کەسو بەرەوژور گێڕاویانەتەوە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئاستی ڕیوایەتی (موتەواتیر)، مەبەستیش لە شۆرەتەکە ئەوەیە. هەندێک لە زانایان بەم جۆرە ڕیوایەتە دەڵێن: (مستفیض). بۆ نموونە ڕیوایەتێک هەیە دەڵێت: (أبغض الحلال إلى الله الطلاق)، یان ڕیوایەتی (المسلم من سلم المسلمون من لسانه

ویده)، ئەمە ڕیوایەتێکی مەشهورە چونکە زیاتر لە صەحابییەک گێڕاویانەتەوە. وتمان ئەم جۆرە ڕیوایەتە زانستی دڵنیاکەرەوە (عیلمی یەقینیی) ناگەیەنێت، بەڵام گومانێکی نزیک بە یەقین دەگەیەنێت.

هەندێک لە زانایان کتێبی تایبەتیان لەسەر ئەم جۆرە ڕیوایەتانە نووسیوە، یەکێک لەوانە (بدرالدین زەرکشی)یە کە ساڵی (٧٩٤ ک) وەفاتی کردووە، کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (اللآلي المنثورة في الأحاديث المشهورة)، ئەو جۆرە ڕیوایەتە مەشهورانەی کۆکردووەتەوە، هەروەها (حافظ السخاوی) یەکێکی ترە لە زانایانی فەرموودەناس، کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (المقاصد الحسنة في بيان الأحاديث المشتهرة على الألسنة).

جۆری دووەم: پێی دەڵێن (**العزیز**)، ئەو ڕیوایەتەیە کە دوو کەس گێڕابێتیانەوە، لە دووکەس، هەروەها ئەوانیش لە دووانی ترەوە، تا سەرەوە، بۆ نموونە ڕیوایەتێکمان هەیە دەفەرموێت: (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين)،[٤٢] واتە: کەسێک لە ئێوە باوەڕی نیە، تا من لە خۆیو باوکیو منداڵەکانیو هەموو خەڵکی خۆشەویستتر نەبم لە لای. ئەم ڕیوایەتە پێی دەڵێن (عزیز) لە جۆری ئاحادە، دوو کەس گێڕاویانەتەوە لە دوو کەسی ترەوە بەرەوژور، بۆیە پێی دەڵێن عەزیز، یانی لە سەروو (غەریب)ـەوەیەو لە خوار (مەشهور)یشەوەیە.

جۆری سێیەم: لە ڕیوایەتی ئاحاد پێی دەڵێن: (**غریب**)، ئەویش بۆیە پێی دەڵێن غەریب، چونکە یەک کەس گێڕاویەتییەوە لە هەموو تەبەقەکاندا، یان لە هەندێکیاندا، لە زۆربەیان ڕیوایەت یەک ڕاوی گێڕاویەتەوە، وەک

---

[٤٢] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (١٥).

فەرموودەی بەناوبانگی: (إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امريءِ ما نوى)، كە ئەمە یەک صەحابی گێڕاویەتەوە، یانی تابعینێک لە صەحابەیەکەوە، تابعی تابعینێک لە تابعینێکەوە، تا گەیشتووەتە لای فەرمووودەناسەکە، بۆیە پێی دەڵێن (غریب).

ئەم جۆرە ڕیوایەتە ئەبێت بە دوو بەشەوە، بەشێکیان صەحیحە، بەشێکیان ناصەحیحە، یانی بەشێکیان ئەگاتە پلەی فەرموودەی صەحیح، هەشیانە ئەگاتە پلەی ڕیوایەتی لاواز، لەبەر ئەوەی کە ئیشکال لە سەنەدەکەیدا هەیە.

**سەبارەت بە حوکمی ڕیوایەتی ئاحاد:**

حوکمی ئەم جۆرە ڕیوایەتە (ئاحاد)، لە لایەن زانایانەوە قسەی زۆری لەسەر کراوە، ئەمە پوختەکەیەتی:

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هەرگیز ئاحاد ناگەن بە پلەی (موتەواتیر)، چونکە جۆری موتەواتیر- وەک پێشتر وتمان - کۆمەڵ بە کۆمەڵ گێڕاویانەتەوە، بەڵام ڕیوایەتی ئاحاد تاک تاک گێڕاویانەتەوە، بۆیە وەکو پێشەوا (نەوەوی) لە شەرحی (صحيح مسلم)دا لە هەندێک شوێنی نوسراوەکانیشی ئاماژە بەوە دەکات کە فەرموودەی ئاحاد عیلمی یەقینی نابەخشێت (ظن) دەبەخشێت، کە وتمان (ظن) نزیکە بە یەقین، نەک بە مانای گومان (شک) مانا بکرێت. زانایان ڕایان وایە کە زۆربەی زۆری فەرموودە لەم جۆرەیە، بینا لەسەر ئەوە ناکرێت کاریان پێنەکرێت، بە تایبەتی لەو بابەتانە کە ئەچێتە خانەی (تەرغیبو تەرهیبو فضائل الأعمال و کاری چاکو هاندانی موسڵمانو مەسەلەی ذیکرو ئەوراد)و ئەو بابەتانە، بەڵام هەندێک لە زانایان ڕایان وایە کە لە مەسایلی (عەقیدەو عیبادات)دا کار بە ڕیوایەتی ئاحاد ناکرێت، چونکە بابەتی عەقیدەو عیبادات گرنگنو دەبێت بە دەقی قورئانی پیرۆز، یان بە سوننەتی موتەواتیری

پێغەمبەری خوا ﷺ بسەلمێنرێت، بۆیە هەندێک لە زانایان لەگەڵ ئەوە نین کە بینای ئەحکامی عەقیدەو ئەرکانی دینیو عیبادات بە فەرموودەی ئاحاد بێت، بەڵام بۆ بوارەکانی تری مامەڵەو تەرغیبو تەرهیبو بەسەرهاتو هاندانی موسڵمانان بۆ کاری چاکو ئەو شتانە، ڕیوایەتی ئاحاد پەسەند دەکرێت، چونکە ئەگەر ئەوە ئیستیسنا بکەین، ئیتر شتێکی وا نامێنێتەوە، لە سەدا هەشتا ـ بگرە زیاتریش ـ ڕیوایەت لە جۆری ئاحادن.

## تەوەری دووەم/ جۆرەکانی فەرموودە لە ڕووی گێڕانەوەیەوە

پۆلێنێکی تر هەیە بۆ فەرموودە، لە ڕووی نیسبەتدانی بۆ لای ئەو کەسەی کە نەقڵی دەکات، لەو ڕووەوە سێ جۆر ڕیوایەت هەن:

جۆری یەکەم: ڕیوایەتی (**مەرفوع**)ە، ئەوەیە کە نیسبەت دراوەتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ چ گوفتارێکی، یان کردارێکی، یان بڕیارێکی، کە پەسەندی کردووە، یان صیفەتێک لە صیفەتەکانی، چ صیفەتێکی خەلقی بێت، وەک باسی جەستەو ئەندامی، یان صیفەتی ئاکارو ڕەوشتی بێت، هەر فەرموودەیەک گەیشتەوە لای صەحابییەکو صەحابییەکە گەیاندییە پێغەمبەری خوا ﷺ، پێی دەڵێن (مرفوع).

جۆری دووەم: ڕیوایەتی جۆری (**مەوقوف**)ە، ئەوەیە کە سەنەدەکە لە فەرموودەناسەکەوە دەڕوات تا دەگاتە سەر صەحابی، واتە قسە لە گوفتارو کرداری صەحابی دەکات. ئەمە پێیدەڵێن (موقوف)، یانی لە ئاستی صەحابی وەستاوە، بۆیە وەکو (مەرفوع) نیە، لەبەر ئەوە بەم جۆرە دەڵێن: (أثر)، چونکە پەیوەندیی بە صەحابەوە هەیە. هەندێک لە زانایان پێیان وایە ئەمە نابێت بە فەرموودە ناو ببرێت، چونکە ناگاتە ئاستی پێغەمبەر، نە گوفتاری، نە کرداری،

نە ئیقراری، ئیتر بۆ پێی بوترێت: حدیث؟ بۆ ئەوەی لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ جیا بکرێتەوە، پێی دەوترێت: (أثر).

جۆری سێیەم: ڕیوایەتی (**مقطوع**)ە، واتە دابڕاو، ئەوەیە کە لە ئاستی (تابعین)دا دەوەستێت، واتە: لەسەر قسەی ئەوان، یان کرداری ئەوان دەوەستێت، واتە تەنانەت ناگاتە سەر صەحابی، یانی لە فەرموودەناسەکەوە سیلسیلەی سەنەدەکە ئەڕوات تا دەگاتە تابعین، مەسەلەن باسێکی (موجاهید، یان قەتادە، یان طاوس، یان مەیمون) ئەکاتو لەوێدا دەوەستێتو لەوە بەولاوە ناگاتە ئاستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بۆیە پێشی دەڵێن (مقطوع) یانی ڕیوایەتەکە لەوێدا بڕاوە.

ئەم سێ جۆرە بە ئیعتباری نیسبەتدان پۆڵێن کراون، دیارە هەر سێ جۆرەکە دەکرێت صەحیح بن، یان حەسەن بن، یان (ضعیف) بن، ئەمە پەیوەندیی بەو پۆڵێنکردنەوە نیە کە پێشتر کرا، ئەگەر ڕاوییەکان بەهێز بوونو جێی متمانە بوون، با ڕیوایەتەکە لە جۆری (مقطوع)یش بێت، هەر بە (صەحیح) دادەنرێت، بەڵام باسەکە لەوەیە کە لە ئاستی (تابعین)دا وەستاوە، بۆیە پێی دەڵێن (مقطوع)، بەڵام سەنەدەکە ـ واتە زنجیرەی ڕاوییەکان ـ تاکو دەگاتە لای فەرموودەناسی یەکەم بەهێزە، کەواتە ئەمەیان صەحیحە. دەکرێ (مقطوع) بێت، یان لاواز بێت، هەر وەک دەکرێت (موقوف) بێتو تاکو حەددی یەکێک لە هاوەڵان ئەڕوات بە سەنەدێکی صەحیح، یان بە سەنەدێکی حەسەن، یان بە سەنەدێکی لاواز. هەروەها دەکرێت لە جۆری (مەرفوع)یش بێت، بەڵام سەنەدەکەی زەعیف بێت، لەبەر ئەوە پێی دەوترێت ڕیوایەتی لاواز، یان صەحیحە پێی دەوترێت صەحیح، یان موتەواتیرە پێی دەوترێ موتەواتیر، یانی ئەم پۆڵێنکردنە لە ڕووی ئەوەوەیە کە فەرموودەکە لەسەر کێ وەستاوەتەوە، نەک لە زاتی خۆیدا.

## تەوەری سێیەم/ جیاوازیی فەرموودەو فەرموودەی قودسی

فەرموودەی نەبەوییو فەرموودەی قودسی لە ڕووی سەرچاوەکانیانەوە چەند جیاوازییەکیان هەیە. فەرموودەی قودسی ئەوەیە کە وەحی کراوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و وەحییەکە شارەوە بووە، واتە جبريل (عليه السلام) نەیهێناوە، بەڵکو یان ئیلهامی قەلبییە، یان ئاشکرایە، بەڵام نەچووەتە ناو قورئانی پیرۆزەوە. بۆیە جیاوازیی فەرموودەی قودسی لەگەڵ قورئانی پیرۆز لە چەند ڕوییێکەوەیە:

**یەکەم:** قورئان هەمووی لە جۆری (وحي جلي)یە. چونکە وەحی دوو جۆرە، یەکەم: وەحی ئاشکرا (جلي) کە جبريل (عليه السلام) دەیهێنێت، دووەم: (وحی خفي) شاراوە، ئەوەیە کە ئیلهامە، یان لە ڕێی خەوەوەیە، یان خوای گەورە ئەیخاتە دڵی پێغەمبەرەوە، جا یەکێک لە جیاوازییەکانی قورئانو فەرموودەی قودسی ئەوەیە کە قورئان هەمووی بە شێوەی (وحي جلي) هاتووە، یانی ئاشکرایەو جبريل هێناویەتی، بەڵام فەرموودەی قودسی وا نیە.

**جیاوازیی دووەم:** ئەوەیە کە قورئان هەمووی موعجیزەیە، لەفزیشی، مانایشی، بەڵام فەرموودەی قودسی مەرج نیە وا بێت.

**جیاوازیی سێیەم:** ئەوەیە کە قورئان لە ناو نوێژدا دەخوێندرێت، بەڵام فەرموودەی قودسی وەکو فەرموودەی خوا لە نوێژدا نابێت بخوێنرێت.

**جیاوازیی چوارەم:** ئەوەیە قورئان تەعەببود بە خوێندنەوەی دەکرێت، یانی لە خوێندنەوەیدا بە هەر پیتێک حەسەنە بۆ مرۆڤ دەنووسرێت، بەڵام لە خوێندنەوەی فەرموودەی قودسیدا وا نیە.

**جیاوازیی پێنجەم:** ئەوەیە کە قورئان قەتعەن موتەواتیرە، یانی دڵنیایی بەخشە بۆ مرۆڤ و گومان لە یەک پیتیشیدا نیە، بەڵام فەرموودەی قودسی ئەحکامی فەرموودەی نەبەوی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، چ لە ڕووی سەنەدو مەتنەوە، چ لە ڕووی بەهێزیی‌و لاوازییەوە، یانی دەکرێت فەرموودەی قودسیمان هەبێت صەحیح بێت، یان حەسەن بێت، دەشکرێت ڕیوایەتی لاواز (ضعیف) بگرە هەڵبەستراویش هەبێت، بەڵام ناونراوە فەرموودەی قودسی.

**جیاوازیی شەشەم:** ئەوەیە قورئان موعجیزە، بەرامبەرەکان بەچۆکدا دێنێت‌و تەحەددی لەگەڵدایە، بەڵام فەرموودەی قودسی موعجیز نیەو تەحەددیشی لەگەڵدا نیە. واتە لەسەر ئەو بنەمایە کە تەحەددی لەگەڵدا نیە، موعجیزیش نیە.

ڕیوایەتی فەرموودەی قودسی زۆرن، بۆ نموونە: (وجبت محبتي للمتحابين في، والمتجالسين في، والمتزاورين في، والمتباذلين في)،[٤٣] خوای گەورە دەفەرموویت: خۆشەویستیی خۆم واجب بووە لەسەر خۆم! بۆ ئەو کەسانەی لەبەر من یەکتریان خۆشدەوێت، ئەو کەسانەی لەبەر من لەگەڵ یەکتر دائەنیشن، ئەو کەسانەی لەبەر من سەردانی یەکتر دەکەن. (المتحابون في جلالي، لهم منابر من نور يغبطهم النبيون والشهداء)،[٤٤] واتە: ئەوانەی لەبەر من یەکتریان خۆشدەوێت، (لە ناو

---

[٤٣] **ئەم ڕیوایەتە لە موسنەدی ئیمام ئەحمەددا بە سەنەدی صەحیح هاتووە.**

[٤٤] **ئەمەش ڕیوایەتێکە لە (سنن الترمذي) بە سەنەدی صەحیح هاتووە.**

بەهەشتدا) لەسەر مینبەرانێکی نورانین، کە پێغەمبەرانو شەهیدان ئیرەیی‌و غیبطەیان پێدەبەن.

دەربارەی ئەمجۆرە فەرموودانە ژمارەیەک کتێب دانراون، وەکو: (مشكاة الأنوار)ی (محي الدين أندنوسى) کە (١٠١) فەرموودەی قودسی کۆ کردووەتەوە، (ساڵی (٦٣٨/ک) وەفاتی کردوە، کەسێک بیەوێت جۆری فەرموودە قودسییەکان بزانێت لەو کتێبەدا هەن. کتێبێکی تریش هەیە بە ناوی (الإتحافات السنية بالأحاديث القدسيه)، ئەویش زانایەکی ناسراو بە ناوی (عبد الرؤوف المناوي) نوسیویەتی، کە نزیکەی (٢٧٢) فەرموودەی کۆکردووەتەوە.

## وانەی شەشەم
## زانستی (الجرح والتعدیل)

### تەوەری یەکەم/ باسێک دەربارەی زانستی جەرح و تەعدیل

**پێناسەی زانستی جەرحو تەعدیل:**

زانایانی فەرموودەناس بەم شێوەیە پێناسی ئەم زانستەیان کردووە: (الجرح: رد الحافظ المتقن رواية الراوي لعلة قادحة فيه، أو في روايته، من فسق، أو تدليس، أو كذب، أو شذوذ، أو نحوها)[٤٥]، واتە: ڕەتکردنەوەی زانایەک لە فەرموودەناسان کە لە پلەی (حافظ)دایە. المتقن: وردو بە دیققەتیشە، ئەم کەسە ڕیوایەتی ڕاوییەک ڕەدبکاتەوە، لەبەر بوونی عیللەتێکی ڕووشێنەر لە ڕیوایەتەکەدا، یان لە کەسەکاندا، وەک لادان، یان فرتوفێڵ، یان درۆکردن، یان نامۆیی، یان شتی تری لەم بابەتە.

ئەم پێناسەیە زۆر وردە، کە دەبێت زانایەکی فەرموودەناسی ورد، کە ئاستەکەی بەو شێوەیە بێت، جێگەی متمانەی خەڵک بێت، نەک هەر کەس بیەوێت هەڵیسەنگێنێت، ئەوە ناچێتە ژێر ئەم پێناسەیە. ئەم زانا فەرموودەناسە دەبێت (حافظ) بێت، واتە لەو زانا فەرموودەناسانە بێت کە بە لای کەمەوە سەد هەزار ڕیوایەتی لەبەر بێت، (وردبین)یش بێت، دوو ئیش دەکات، یان جەرح دەکاتو ناتەواوییەکانی ڕاوییەکان دەخاتە ڕوو، یان تەعدیل دەکاتو خاڵە بەهێزەکانی پیشاندەدات. (جەرح) ئەوەیانە کە هەندێک صیفەتو ئاکاری ڕاوی

---

[٤٥] علم الجرح والتعديل، د.عبد المنعم السيد نجم، الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، ١٤٠٠هـ، ص: ٥٤.

باسدەکات، کە هی ئەوەن ڕیوایەتی ڕەدبکرێتەوە، چونکە بریندارى دەکاتو ڕەخنەی هەیە لەسەری‌و ئاکارە سلبییەکانى دەردەخات. (تەعدیل)یش واتە وەصفی ڕاوییەک بە چەند صیفاتێک کە وا دەکات ڕیوایەتەکەی قبوڵ بکرێت، واتە: تەزکیەو پەسەندی دەکات.

ئەم دوو ئیشە ـ (جەرح) و (تەعدیل) ـ ئیشی فەرموودەناسانی (حافظ)و زانایە کە توانای هەڵسەنگاندنیان بۆ کەسەکان یان بۆ ناوەڕۆکی ڕیوایەت هەبێت.

**پلەکانی (تەعدیل):**

زانستی (تەعدیل) هەڵسەنگاندن بۆ ڕیوایەت چەند پلەیەکی هەیە کە لە زانستی فەرموودەناسیدا، پێی دەوترێت: (مراتب التعدیل)، بە چەند ئاستێک دیاری کراوە:

**پلەی یەکەم:** لە ئاستی هەرە بەرزیانەوە، ئەوەیە بۆ نموونە ڕاوییەکە بڵێت: (حدثني أصدق الناس): ڕاستگۆترین کەس قسەی بۆ کردم، یان بڵێت: (حدثني أعدل الناس): دادگەرترین کەس قسەی بۆ کردم. یان بڵێت: (حدثني أتقى الناس): خواناسترین کەس قسەی بۆ کردم. ئەمەیان پێی دەڵێن وەصفی بە موبالەغەوە، واتە ئەوپەڕی تەزکیەی ڕاوییەکە دەکات.

**پلەی دووەم:** خوار ئەوەیە، بەوە کە لەفزی تەعدیلەکە دووبارە دەکاتەوە، یانی وەصفێکی دەکات وەصفەکە دوو جار دەڵێت، بە نموونە دەڵێت: (حدثني ثقة ثقة)، (حدثني عدل عدل) یانی: کەسێکی جێ متمانە، جێ متمانە، یان کەسێک کە لەخواترسە، لەخواترسە، قسەی بۆ کردم. دووجار وەصفەکە دووبارە دەکاتەوە، ئەمە مەرتەبەی دووەمە کە کەمێک دێتە خوارەوە لە مەرتەبەی یەکەم.

**پلەی سێیەم:** ئەوەیە کە تەنها وەصفێکی بکاتو بڵێت: (حدثني فقيه أو إمام أو حافظ..)، واتە ئەم جۆرە دەستەواژانەی یەک جار بۆ بەکاربهێنێت.

**پلەی چوارەم:** ئەوەیە کە هەر بە ئاسایی بڵێت: کەسێکی جێ متمانە قسەی بۆ کردم، یانی وەصفی زۆری ناکات‌و کەمیشی ناکاتەوە، بەڵام ئەوەی لێ لادەدات کە گێڕانەوەکەی کێشەی تێدابێت، بەڵکو دەڵێت: کەسێک کە کێشەیەکی نیە.

**پلەی پێنجەم:** ئەوەیە کە بڵێت: (حدثني جيد الحديث): کەسێک کە قسەی باشە، قسەی بۆ کردم، یان بڵێت: یەکێکی ڕاستگۆ کە حافیزەی خراپە، بەڵام ڕاستگۆیە، قسەی بۆ کردم.

**پلەی شەشەم:** ئەوەیە کە بڵێت: کەسێک قسەی بۆ کردم خراپ نیە. (حدثني صالح الحديث): کەسێک کە قسەی گونجاوە، قسەی بۆ کردم.

ئەمانە پێیان دەوترێت پلەکانی تەعدیل، بەم شێوەیە دەستپێدەکات‌و بەم شێوەیە کۆتایی پێدەهێنێت، کە بۆ قۆناغەکانی هەڵسەنگاندن دانراون.

**پلەکانی تانەلێدان (جەرح):**

هەڵسەنگاندن بە بارە سلبییەکەشدا، (جەرح)، واتە باسکردنی وەصفە نەرێنییەکانی ڕاوی، کە پێیان دەڵێن: (مراتب الجرح)، ئەویش بە چەند قۆناغێک دەستپێدەکات لە لاوازەوە:

**پلەی یەکەم:** دەوترێت: (فيه مقال)، یان (فيه ضعف): ئەم ڕاوییە قسەی لەسەرە، ئەم ڕیوایەتە لاوازییەکی تێدایە. ئەمە لای کەمی بریندارکردنی ڕاوی و ڕیوایەتە.

**پلەی دووەم:** دەوترێت: (حدثني من لا يحتج به)، یان (منكر الحديث): کەسێک قسەی بۆ کردم کە قسەی زۆر وەرناگیرێت‌و قسەی بە بەڵگە ناهێنرێتەوە، یان قسەی ناپەسەندە.

**پلەی سێیەم:** هەڵسەنگاندنەکە توندتردەبێتەوە، دەوترێت: (فلان مردود الحديث) یان (فلان ضعيف جدا): کەسێک قسەی بۆ کردم کە ڕیوایەتی ڕەد دەکرێتەوە، یان زۆر لاوازە.

**پلەی چوارەم:** لە سێیەمیش توندتر دەبێتەوە، دەوترێت: (حدثني متهم بالكذب، أو الوضع، أو حدثني متروک): یانی کەسێک کە تۆمەتبار کراوە بەدرۆ، قسەی بۆ کردم، یان فڵانەکەس تۆمەتبارە بە درۆ، تۆمەتبارە بە هەڵبەستنی ڕیوایەت، یان ڕیوایەتی ڕەد دەکرێتەوە، قسەی بۆ کردم.

**پلەی پێنجەم:** دیارە هەڵسەنگاندنەکە زۆر توندترە، دەڵێت: فڵان کەس زۆر درۆ دەکات، یان زۆر ڕیوایەت هەڵدەبەستێت.

**پلەی شەشەم:** هەڵسەنگاندنەکە لەوە بەهێزترە، دەڵێت: فڵانە کەس درۆزنترین کەسە، یان کەسێکە لە هەموو کەس زیاتر ڕیوایەت بە ناوی پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵدەبەستێت.

ئەمانە پلەو قۆناغەکانی هەڵسەنگاندنن بە باری سلبیو نەرێنیدا، یان بۆ باسکردنی خەسڵەتو ئاکارەکانی ڕاوییەکی لاواز.

**چەند تێبینییەک لەسەر زانستی جەرحو تەعدیل:**

لێرەدا زانایانی فەرموودەناس وردەکارییەکی زۆریان کردووەو هەندێک تێبینی گرنگیان داوە:

**تێبینی یەکەم:** دەڵێن دەبێت لە هەڵسەنگاندنی ئەوانەدا کە دۆستو هاوەڵی یەکترن، دەستداگریی و ئیحتیات بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئیرەیی‌و جۆرێک لە حەسادەت لە نێوانیاندا هەیە، دەبێت بە وردەکارییەوە هەڵسەنگاندن بکرێت تەنانەت هەندێک لە زانایان وتوویانە: هەڵسەنگاندنی هاوەڵان بۆ یەکتر هەر وەرناگیرێت.

**تێبینی دووەم:** ئەوەیە کەسێک نەناسراوە، نە بە چاک نە بە خراپ، ناوبانگی خراپو باشی نیە، لە دەستەواژە عەرەبییەکاندا پێی دەوترێت: (مستور الحال) یان (مجهول الحال): حاڵی داپۆشراوە، یان نەزانراوە، ئەوە دەبێت هەوڵبدرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەگەر نا ڕیوایەتی لێوەرناگیرێت، لەبەر ئەوەی حاڵی نازانرێت، وەک وەصف ناکرێت، زەمیش ناکرێت، بەڵام مادام باس لە گێڕانەوەو گوێزانەوەی فەرموودەی پێغەمبەری خوایە ﷺ بۆیە ئاسان نیە لە کەسێکەوە کە نەناسراوە لێی نەقڵ بکرێت.

**تێبینی سێیەم:** دەربارەی کەسێکە کە سەردەمانێک بەناوبانگ بووە بەوەی کە درۆی کردووە، یان موبالەغەی کردووە، یان بێ تەقوایی کردووە لە نەقڵی ڕیوایەتدا، بە دەستەواژەی مەشهور (فاسق) بووەو لایداوە.. ئایا ئەگەر تۆبەی کرد لێیوەردەگیرێت یان نا؟ زانایان وتوویانە: بەڵێ، کەسێک کە ئەو خەسڵەتە خراپانەی هەبووبێت، بەڵام تۆبە بکات، دوای تۆبەکردن لێیوەردەگیرێت، ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر طاعەتو عیبادەت، ئەگەر پێیەوە دیار بوو کە پەشیمان بووەتەوەو هەوڵی چاکردنی حاڵی خۆی دا، دوای ماوەیەک کە پایەداریی لێدەرکەوت، ڕیوایەتی لێوەردەگیرێت.

ئەمانە گرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە پەیوەندییان بە زانستی جەرحو تەعدیلەوە هەیە، کتێبی زۆر لەسەر ئەم زانستەش دانراون، یەکێک لەو کتێبە بەناوبانگانە کتێبی (الجرح و التعديل)ی زانایەکە بە ناوی (عبد الرحمان حنظلي) بە (ابن أبی حاتم) بەناوبانگە، یەکێکە لە زانایانی سەدەی چواری کۆچی ساڵی (٣٢٧ک) وەفاتی کردووە، هەموو وردەکارییەکانی ئەم زانستەی باسکردووە.

## تەوەری دووەم/ زانستی (علل الحديث)، گرفتەکانی فەرموودە

### پێناسی زانستی (علل الحديث):

ئەم زانستە لە زانستی فەرموودەناسیدا خۆی بووەتە زانستێکی سەربەخۆو جیاواز، (علل الحديث) یانی زانستی گرفتەکانی فەرموودە. ئەو زانستەیە کە قسە دەکات لەو هۆکارانەی کە شارراونەتەوەو ڕیوات بریندار دەکەن‌و تانەی لێدەدەن، چ لە ڕووی سەنەدەوە، چ لە ڕووی مەتنەوە، چونکە عیللەی تێدایە، یانی دەردو گرفتێکی تێدایە.

زانایانی فەرموودەناس بەم شێوەیە پێناسەی (علل)یان کردووە، دەڵێن: (سبب غامض يقدح الحديث)، واتە: هۆکارێکی شاراوەیە، تانە لە فەرموودە دەدات‌و دەقی ڕیوایەت بریندار دەکات. بۆیە بۆ زانستەکەش وتوویانە: (علم علل الحديث هو العلم الذي يبحث عن الأسباب الخفية التي تقدح في الحديث، سندا ومتنا)، واتە: ئەو زانستەیە قسە لە هۆکارە شاراوەکانی بریندارکرن، یا ڕووشاندنی ڕیوایەت دەکات، چ لە ڕووی سەنەدی کەسەکانەوە، چ لە ڕووی مەتن‌و دەقی ڕیوایەتەکەوە. کەواتە: شوێنێک کە گرفت دروستدەکات بۆ ڕیوایەت یان مەتن‌و دەقەکەیە، یان سەنەدو زنجیرەی ڕاوییەکانە، یان لە هەردووکیاندا گرفت هەیە.

**(علل)و گرفتاربوون سێ ڕەهەندی هەیە:**

ئەم گرفتانە جۆراوجۆرن، بۆ نموونە ڕیوایەتێک هەبێت جیاواز بێت لەگەڵ ڕێوایەتێکی ترداو بە شێوەیەکی تر گێڕرابێتەوە، ئەمە پێی دەوترێت عیللە، واتە عیللەیەک لەو ڕیوایەتەدا هەیە. یان ڕاوییەکە خۆی پێچەوانەی دەقی ڕیوایەتەکە هەڵسوکەوتی کردبێت. سەنەدی زنجیرەی ڕاوییەکان لە هەڵسەنگاندندا کەسێکیان دەرنەچێت‌و ئەو گرفتانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە هەبن. ئەم زانستە قسە

لەو گرفتانە دەکات کە بە دەوروبەری ڕیوایەتدان، چ لە ڕووی دەق و ناوەرۆکەوە، چ لە ڕووی زنجیرەی ڕاوییەکانەوە.

**ڕێگەی دۆزینەوەی گرفت لە ڕیوایەتدا:**

گرنگترین ڕێگەی دۆزینەوەی گرفت لە ڕیوایەتێکدا، بریتییە لە کۆکردنەوەی هەموو ڕێگاکانی ڕیوایەتەکەو بەراوردکردنیان. پێشەوا ئەحمەد وتوویەتی: "ئەگەر ڕێگاکانی فەرموودە کۆنەکرێنەوە، تێی ناگەیت، چونکە فەرموودە هەندێکی، هەندێکی تری ڕوون دەکاتەوە". عەلی (ابن المديني)ش وتوویەتی: "ئەگەر ڕیوایەت ڕێگاکانی کۆنەکرێنەوە، هەڵەکانی دەرناکەون". یەحیا کوڕی موعینیش وتوویەتی: "پەنجا جار ڕیوایەت بنووسەرەوە، چونکە گرفتی زۆرە. ئەگەر فەرموودە لە سی ڕووەوە نەنووسینەوە، تێی ناگەین.."[٤٦]

**چەند کتێبێک لەو بارەیەوە:**

کتێب دەربارەی زانستی (علل الحديث) زۆرن، لەوانەی کە زۆر بەناوبانگن:

١- التاريخ والعلل، ابن المديني، (٢٣٣ ک).

٢- العلل، لابن المديني.

٣- العلل، أحمد بن حنبل، (٢٤١ ک).

٤- العلل، الترمذي، (٢٧٩ ک).

٥- العلل، أبو حاتم الرازي، (٣٢٧ ک).

٦- العلل الواردة في الأحاديث، الدارقطني، (٣٨٥ ک).

---

[٤٦] التعريف بعلم العلل، هشام بن عبد العزيز الحلاف، ص: ، ٩، پێگەی: الشاملة.

٧- له نووسراوه هاوچەرخەکانیش: علم علل الحديث ودوره في حفظ السنة النبوية، نووسینی: وصي الله بن محمد عباس.

٨- هەروەها: التعريف بعلم العلل، نووسینی: هشام بن عبد العزيز الحلاف.

## تەوەری سێیەم/ زانستی (مختلف الحديث ومشكله)

زانستێکی تر کە بەشێکە لە زانستی فەرموودەناسی بەڵام جیاکراوەتەوە، پێی دەڵێن: (علم مختلف الحديث ومشكله)، ئەو زانستەی قسە لە جیاوازیی ڕیوایەتو ناڕوونییو گرفتەکانی ڕیوایەت دەکات لە ڕووی ماناوە. باس لەوە دەکات کە هەندێک ڕیوایەت هەن لە تێگەیشتنیاندا گرفت دروست دەبێت. بۆ نموونە دوو ڕیوایەت دەبینی دژ بە یەکنو کۆکردنەوەیان زەحمەتە، یان ڕیوایەتێک لە ناوەڕۆکیدا بابەتێک هەیە گرفت دروستدەکات، بۆ نموونە پێچەوانەی دەقێکی قورئانییە، یان پێچەوانەی فەرموودەی بەهێزترە. یان پێچەوانەی حەقیقەتێکی مێژوویی، یان زانستییە. ئەمانە بوونەتە جێگەی تیرو توانجی خۆرهەڵاتناسانو خەڵکی موبتەدیع، کە هەوڵیانداوە لێرەوە گومان دروستبکەن لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ ، بۆیە لە دوو ڕیوایەتدا کە دژ بەیەک بوون، هەوڵ دەدرێت لە ماناکەیدا ڕێکبخرێن، بۆ نموونە ڕیوایەتێکیان ناسخە، ئەوەی تریان مەنسوخە، یان یەکەمیان لاوازەو ڕیوایەتی دووەم بەهێزە، بەم شێوەیە تەوفیق دەخرێت لە نێوان دوو ڕیوایەتی دژ بەیەکدا.

بۆ نموونە ڕیوایەتێک هەیە دەڵێت: کاتێک کە خۆر دەنیشێت، دەچێتە ژێر عەرشی خوا دەنیشێت. یان ڕیوایەتێک هەیە دەڵێت: کاتێک فریشتەی گیانکێشان هاتە لای موسا پێغەمبەر (علیه السلام)، بۆکسێکی لێداو چاوێکی کوێرکرد! یان ڕیواتمان هەیە دەڵێت: هەر کەسێک ئەوەندە خورمای جۆری عەجوە بخوات، نە

زەهر کاری تێدەکات، نە سیحرو جادوو. ئەم جۆرە ڕیوایەتانە سەنەدیشیان صەحیح بێت، گرفت لە مانایاندا هەیە، چونکە ڕیوایەتی خۆرنیشینەکە پێچەوانەی حەقیقەتێکی گەردوونییە. ڕیوایەتی کوێرکردنی چاوی فریشتەی مەرگیش لەگەڵ ئادابی پێغەمبەرایەتیو پێشوازیی پێغەمبەرێکی خوا لە گیانکێشان ناگونجێت. ڕیوایەتی خورماکەش پێچەوانەی حەقیقەتێکی زانستییە، کە چۆن زەهر بە بۆنەی خورماوە کار ناکات، ئەمە بە کردەیی نەسەلمێنراوەو نەبینراوە کە خورما ڕێگربێت لە توشبوونی زەهر یان سیحر.

هەر یەکە لەمانە زانایان بە نموونە هێناونیانەتەوە، پێی دەڵێن: گرفت لە تێگەیشتنی فەرموودەدا، بۆیە زانستێک هەیە تایبەت بەم لایەنەیەو ئەمە شی دەکاتەوە.

سەرنجێکی گرنگ لێرەدا پێویستە، ئەویش ئەمەیە: ئێمە کە دەڵێین: فلان ڕیوایەت ئەو شتانەی تێدایە، دەبێت ڕیوایەتەکە صەحیح بێت، یان حەسەن بێت، تا قسەی تێدا بکەین، یانی قسە لەو ڕیوایەتانەیە کە صەحیحو حەسەنن، بەڵام لە ناوەرۆکو مانایاندا گرفتێک هەیە، یان پێچەوانەی ڕاستییەکی زانستییە، یان پێچەوانەی ڕاستییەکی مێژوویی، یان ڕاستییەکی کەونییە، ئەگەر نا ئەگەر لە جۆری لاواز بێت ئیشمان پێی نیە، دەڵێین لاوازە، یان هەڵبەستراوە.

**جۆرەکانی:**

ئەو جۆرە ڕیوایەتانە دەبن بە دوو بەشەوە: بەشێکیان کۆکردنەوە لە نێوانیاندا دەگونجێتو دەکرێت تەوفیق بخرێت لە نێوان دوو ڕیوایەتی لەیەک نەچوو. بۆ نموونە ڕیوایەتێک هەیە دەڵێت: (لا یوردن ممرض علی مصح)،[٤٧]

[٤٧] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٥٧٧١).

ئەمە فەرموودەیەکی صەحیحەو لە صەحیحی بوخاری‌و موسیلمدا هاتووە، واتە: با نەخۆش نەچێتە لای کەسێک کە تەندروستە، دیارە یەکێک لە هۆکانی قەدەغەکردنەکە ئەوەیە نەخۆشییەکەی نەگوازرێتەوە. ڕیوایەتێکی تر هەیە، بەشێک لە ماناکەی پێچەوانەی ئەمەیە، دەڵێت: (لا عدوى، ولا طيرة، ولا هامة)[٤٨] کە ئاماژە دەکات بەوەی نەخۆشیی ناگوازرێتەوە. زانایان چۆن کۆیان کردوونەتەوە؟ دەڵێن: (لا عدوى ولا طيرة) ڕەددە بۆ خەڵکانی سەردەمی نەفامیی کە بڕوایان وابوو نەخۆشییەکان خۆیان کاریگەرن‌و باسی خوای گەورەیان نەدەکرد کە موئەسسیری حەقیقییە. بۆیە وتوویانە: ڕیوایەتەکە تەخصیص کراوەو وتوویانە: ئەمە ڕەددانەوەی نەفامەکانە کە وتوویانە: هەموو شت خۆی کاریگەری حەقیقییە، نەخۆشی خۆی کاریگەری حەقیقییەو حسابێکیان بۆ ئیرادەی خوای گەورە نەکردووە.

جۆری دووەمیان: ئەوەیە کە کۆکردنەوە لە نێوان دوو ڕیوایەتدا زەحمەتەو تەوفیق ناخرێت، ئەو کاتە دەگەڕێین بزانین کامیان کۆنترەو کامیان تازەترە، دەڵێین: ڕیوایەتی دووەم نەسخی ڕیوایەتی پێشووی کردووە. یان پەنا دەبەین بۆ بەهێزیی‌و لاوازیی سەنەدەکەیان‌و کامیان بەهێزتربوو، ئەوەیان پێشدەخەین، چونکە سەنەدەکەی‌و ئاستەکەی بەهێزترە.

ئەگەر هەر نەتوانرا تەوفیق بخرێت لە نێوان دوو ڕیوایەتی دژ بەیەکدا ئەوە زانایان وتوویانە: کاریان پێ ناکەین، ڕادەوەستین‌و تەوەققوف دەکەین.

---

[٤٨] سونەنی ئەبوداود، بە ژمارە: (٣٩١١).

ئەگەر دوو ڕیوایەتی صەحیحمان بینیو نەمانتوانی تەرجیح بدەینو نەمانتوانی پێشینەو پاشینەیەک دیاری بکەین، نەمانزانی کامیان زووتر نوسراوەو کامیان درەنگتر، یانی زەمەنی وتنەکانمان بۆ ئاشکرا نەبوو، یان ئاستی ڕاستیو لاوازیی ڕیوایەتەکانمان بۆ جیانەکرایەوە، ئەوە لەو حاڵەتەدا دەوەستین لە حوکمدەرهێنان لەو ڕیوایەتانەو کاریان پێناکەین، هەتا بۆمان یەکلا دەبنەوە.

**چەند کتێبێک لەسەر ئەم بابەتە :**

کتێبی زۆر لەسەر ئەم بابەتەش نووسراون، بۆ نموونە:

١. هەر لە سەردەمی پێشەوا شافعییەوە نووسراوێکی هەبووە بە ناوی (اختلاف الحديث)، کە کراوە بە بەشێک لە کتێبی (الأم).

٢. دوای ئەو یەکێک لە زانا گەورە کوردەکانی دینەوەر (ابن قوتەیبەی دینەوەری)، لە سەدەی سێدا ژیاوەو ساڵی (٢٧٦ک) وەفاتی کردووە، کتێبی (تأويل مختلف الحديث)ی نووسیوە.

٣. پێشەوا (طحاوی)یش (أحمد بن محمد بن سلامة بن سلمة)ی ئەزدی کە ساڵی (٣٢١ک) وەفاتی کردوە، کتێبێکی هەیە بە ناوی (مشكل الآثار).

٤. هەروەها أبوبكر محمد بن الحسن بن فورک الأنصاری ئەصفەهانی، کە ساڵی (٤٠٦ک) وەفاتی کردووە، کتێبێکی هەیە بە ناوی (مشكل الحديث والبيان)، کە تایبەتە بە جیاوازیی ڕیوایات، ئەو دەقانەی کە بە فەرمووده هاتوون، بەڵام ناکۆکو دژیەکبوون لە نێوانیاندا هەیە.

## تەوەری چوارەم/ زانستی (غريب الحديث)

لە وردەکاریی زانستەکانی فەرموودەناسیدا زانستێک جیابووەتەوە بە ناوی (علم غريب الحديث)، کە قسە لە دەستەواژەو زاراوەکانی ناو ڕیوایەتەکان

دەكات. ئەو ڕیوایەتانەی كە وشەی وایان تێدایە مانایان نازانرێت، یان مانایان شاراوەیە، زانستەكە مانای ئەلفازەكان دەكات. كۆنترین كتێب كە لەم بارەیەوە نوسراوە، ئەمانەن:

١ـ كتێبی (غریب الحدیث)ی (أبو الحسن نضر بن شمیل المازنی)یە، كە مامۆستای ئیسحاقی كوڕی ڕاهۆیەو بوخاریشە، ساڵی (٢٠٣ك) وەفاتی كردووە.

٢ـ هەروەها (قاسم بن سلام)، لە سەدەی سێ ژیاوە، (غریب الحدیث)ی نووسیوە.

٣ـ جار اللەی زەمەخشەری، (٥٣٨ك)، (الفائق في غریب الحدیث)ی نووسیوە.

٤ـ ئەوەی لە هەموویان بەناوبانگترو گشتگیرترە كتێبێكی بەنرخی عەللامەی كورد (ابن أثیر)ی جەزەرییە، كە خەڵكی جزیرەی بۆتانەو ساڵی (٦٠٦ك) كۆچی دوای كردووە، كتێبی (النهایة في غریب الحدیث والأثر)ی نووسیوە، كە لای زانایان باشترین كتێبی زمانەوانییە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بكەین كە خۆشبەختانە نووسەر بگرە داهێنەری زۆربەی ئەم جۆرە زانستانەی ئاماژەمان پێكردن، لە زانا كوردەكانن‌و بوونەتە جێی شانازیی هەموو ئوممەتی ئیسلام، هەر لە (ابن صەلاح)ی شارەزورییەوە، كە دانەری بەناوبانگترین كتێبی زانستی فەرموودەناسییە، تا دەگاتە (ابن قتیبە)ی دینەوەری، كە دانەری زانستی (تأویل مختلف الحدیث)ـە، تاكو دەگاتە (ابن أثیر الجزري) بۆتانی، كە دانەری (النهایة)یە لە زانستی ئەلفازناسیدا.. ئەمانە خزمەتێكی نەوعیی‌و گەورەیان بە مێژووی زانستەكانی فەرموودەناسی كردووە.

ئەم زانایە (ابن أثیر الجزري) ئەو کتێبەی بەشێوەی حروفی موعجەم نووسیوە، وشەی باسکردووە، ئینجا ڕیوایەتێکی لەو بارەیەوە هێناوە کە وشەکەی تێدایەو بە جوانیی واتای کردووە.

## تەوەری پێنجەم/ زانستی ناسخو مەنسوخ لە فەرموودەدا

زانستی ناسخو مەنسوخی فەرموودە قسە دەکات لەو فەرموودانەی کە بەیەک ناخۆن، ئەمە بەشێکە لە زانستە پێشووەکە، بەڵام لێرەوە جیا دەبێتەوە کە بە دۆزینەوەی ناسخو مەنسوخی دوو ڕیوایەت، گرفتەکە چارەسەر دەبێت. واتە دوو ڕیوایەت دێنین کە دژ بەیەکن، بۆ نموونە لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت: وا بکەن، لە ڕیوایەتی دووەمدا دەفەرموێت وا مەکەن.. ئەم زانستە دێت ناسخەکە دیاری دەکاتو لە مەنسوخەکە جیای دەکاتەوە، بە گەڕان بە دوای زەمەنو سەردەمی هەردوو فەرموودەکەدا، واتە لە چ کاتێکدا وتراوە؟ یانی دۆزینەوەی هۆکاری وردو کاتی فەرموودەکە، بەوە کێشەی نێوان دوو ڕیوایەت چارەسەر دەکات.

بۆ نموونە: فەرموودەیەک هەیە (أبو هريرة) گێڕاویەتەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا لەعنەتی کرد لەو ئافرەتانەی سەردانی گۆڕستان دەکەن. ئەمە فەرموودەیەکی صەحیحەو لە سونەنی (ترمذی)و (ابن ماجە)و موسنەدی ئەحمەددا هاتووە. بەڵام ڕیوایەتێکی ترمان هەیە دەفەرمێت: (كنت نهيتكم عن زيارة القبور، ألا فزوروها)،[٤٩] واتە: من پێشتر قەدەغەم لێکردبوون کە بچنە سەردانی گۆڕستان،

[٤٩] موسنەدی ئەحمەد، بە ژمارە: (١٣٤٨٧).

ئێستە ئاگادارتان دەکەمەوە کە بچن سەردانی گۆڕەکان بکەن. لێرەدا بە شێوەی ڕەها، ژن‌و پیاو جیا ناکاتەوە.. ئەم دوو دەقە هەرخۆیان دەریدەخەن کە دەقی دووەم ناسخە بۆ دەقی یەکەم، چونکە دەفەرمێت قەدەغەم کردبوو لێتان، کەواتە قەدەغەکراوەکە مەنسوخەو سڕاوەتەوە. ڕیوایەتی دووەم قەدەغەکردنەکە هەڵدەگرێت‌و دەبێتە ناسخ. بەم شێوەیە کێشەی نێوان دوو ڕیوایەت چارەسەر بووە.

**کتێب دەربارەی زانستی (ناسخ و مەنسوخ):**

ئەم زانستەش وەک هەموو زانستەکانی تر زۆر دەوڵەمەندە بە کتێب، لەوانە:

١. کتێبی (الناسخ والمنسوخ)ی قەتادەی بەصری، کە ساڵی (١١٨ک) کۆچی وەفاتی کردووە.

٢. کتبێی (ناسخ الحدیث ومنسوخە)، نووسراوی (أبوبکری أثرم)، کە ساڵی (٢٦١ک) کۆچی دوایی کردووەو هاوڕێی پێشەوا ئەحمەد بووە.

٣. کتێبی (ناسخ الحدیث ومنسوخە)ی (ابن شاهین)، ساڵی (٣٨٥ ک) کۆچی دوایی کردوە، یەکێکە لە کتێبە بە بەهاکان.

٤. لە هەموویان گشتگیرترو فراوانتر کتێبی (الاعتبار في الناسخ والمنسوخ من الآثار)، (أبوبکر حازم)ی هەمەدانی نووسیویەتی، کە ساڵی (٥٨٤ ک) کۆچی دوایی کردووە.

**تەوەری شەشەم/ زانستی (أسباب ورود الحدیث):**

زانستی (أسباب ورود الحدیث) زانستی هۆکاری وتنی فەرموودە، یانی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی ڕیوایەتێکی نەقڵکردووە؟ بۆچی شتێکی گێڕاوەتەوە؟

یان بۆچی فڵان کاری کردووه؟ یان چۆن بووه فڵانه بابەتی بینیوەو پەسەندی کردووه؟

ئەمە زانستێکی سەربەخۆی بواری زانستی فەرموودەناسییە، وەک چۆن لە تەفسیری قورئاندا زانستی (أسباب النزول) هەیە، واتە هۆی دابەزینی ئایەتەکانی قورئان، لە زانستی فەرموودەناسیشدا زانستێک هەیە بە ناوی زانستی هۆی هاتنی فەرموودە.

**کتێبی تایبەت بەم بوارە:**

لەم بوارەشدا کتێبی زۆر هەن، لەوانە:

١ـ کتێبی (أسباب ورود الحديث)ی، ئەبوحەفصی عەکبەری، ساڵی (٣٩٩ ک) وەفاتی کردووە، بەڵام ئەم نووسراوە لەدەست چووە.

٢ـ کتێبی (محاسن الإصطلاح)ی بەلقینی، ساڵی (٨٠٥ ک) وەفاتی کردووە.

٣ـ دوای ئەوە (اللمع في أسباب الحديث)ی پێشەوا سیوطی، (٩١١ ک).

٤ـ هەروەها کتێبی (البيان والتعريف، فی ورود الحديث الشريف)ی (ابن حمزة)ی دیمەشقی، فەرموودەناسی بەناوبانگی دیمەشقی، کە ساڵی (١١٢٠ ک) وەفاتی کردووە.

٥ـ لە کتێبە هاوچەرخەکانیش کتێبی (أسباب ورود الحديث، تحليل وتأسيس)ی (د. محمد رأفت سعيد).

٦ـ هەروەها کتێبی (الصعود بمعرفة أسباب الورود)، نووسراوی: د.محمد یوسف الشطي وإبراهيم محمد الحناوی.

زانست

٧- هەروەها کتێبی (أسباب ورود الحديث، وأثر معرفتها في توجيه الأحكام)، نووسینی: (حسن الشرقاوی).

داسنت

## وانەی حەوتەم

## دەربارەی زاراوەی (صەحابی)و (تابعی)

لە زانستی فەرموودەناسیدا بابەتێک هەیە تایبەتە بە پێناسی هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ شوێنکەوتەی هاوەڵی پێغەمبەری خوا. زانایان لەم بارەیەوە دوو ڕای جیاوازیان هەیە. بە شێوەیەکی گشتیی زانایانی زانستی فەرموودەناسیی پێناسێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، زانا (أصولي)یەکانیش پێناسێکی تایبەت بەخۆیان هەیە.

**تەوەری یەکەم/ پێناسی (صحابي) و (تابعي):**

پێناسی زانا فەرموودەناسەکان ئەوەیە کە: صەحابی ئەو کەسەیە کە پێغەمبەری خوای بە ئیمانەوە بینیبێت، لەسەر ئیمانیش کۆچی دوای کردبێت، یان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوی بینیبێت، چونکە ئەگەری هەیە کە صەحابییەکە نابینا بووبێت، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ بینیبێتی، ئەم فەرموودەناسە بەڕێزانە بەم شێوەیە پێناسی صەحابییان کردوە، مەرجی زۆر مانەوە لەگەڵ پێغەمبەری خوایان دانەناوە، بۆیە ئەم پێناسە لای زانایانی (أصول)، بە پێناسێکی ناتەواو دەژمێردرێت.

زانایانی (أصول) بەم جۆرە پێناسی وشەی (صحابي)یان کردووە: ئەو کەسە پێیدەڵێن (صەحابي) کە پێغەمبەری خوای بینیبێت، باوەڕی پێی بووبێت، ماوەیەک لەگەڵی مابێتەوە کە صیفەتی (صوحبەت و هاوەڵیی) تەحقیق بووبێت، کە ئەویش زەحمەتە دیاری بکرێت بە چەند کات و مانگ، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەبێت ئەوەندە لەگەڵی مابێتەوە کە شایانی ئەوە بێت پێیبوترێت (صەحابی)،

چونکە ناکرێت تۆ کەسێکی وەک (ئەبوبەکری صدیق) هەر بە صەحابە دابنێیت، یانی ئەو پێناسەیەی بەسەردا جێبەجێ بکەیت، کەسێکیش بۆ نموونە ساڵی (فەتحی مەککە) موسوڵمان بووە، یان دواتر لە ساڵی ناسراو بە (عام الوفود) موسڵمان بووەو لە دوورەوە پێغەمبەری خوای لەسەر قەبرانێک، یان لە مزگەوتێک، یان لە شوێنێک بینیوەو هیچ هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ نەکردووەو بەهرەمەند نەبووە بە سوودوەرگرتن لە ئاکارو ڕەوشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەمان پێناسی بۆ بکەیتو ببیەیتە هەمان ڕێز.

لەم بارەیەوە ژمارەیەک لە زانایان پێیان وایە کە مەرجی هاوەڵێتی بۆ (صەحابی) بەوە تەحقیق دەبێت کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ هەڵسوکەوتی کردبێت.

**بەکارهێنانی وشەی (أصحاب) لە قورئانی پیرۆزدا:**

لە قورئانی پیرۆزدا حەفتا جار وشەی (أصحاب) هاتووە، بۆ نموونە (أصحاب الجنة، أصحاب النار، أصحاب الكهف، أصحاب اليمين، أصحاب الشمال، أصحاب الفيل، أصحاب القبور، أصحاب الرس، أصحاب مدين، أصحاب الأيكة..) زۆر جاری تریش کە پێویست ناکات هەموویان بێنین، هەموو ئەو شوێنانە کە وشەی (أصحاب)یان تێدا بەکار هاتووە، زۆر مانەوەو هاوەڵێتییو هەڵسوکەوتی زۆر تەحقیق بووە، جا وشەی (أصحاب) بەکاربراوە. هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا دوو سێ جار وشەی (صاحب) بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەکار هاتووە، بۆ نموونە دەفەرموویێت: [وما صاحبكم بمجنون] التكوير/٢٢، کە ئاماژە دەکات بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و بە (صاحب) ناوی دەبات، دەفەرموویێت: ئەم هاوەڵەتان، ئەم کەسەی کە لەگەڵیدا هەڵوسوکەوتتان کردووەو خۆتان دەیناسنو دیوتانە، شێت نییە، یان

دەفەرموویێت: [ما بصاحبكم من جنة] سبأ/٤٦، یان دەفەرموویێت: [ما ضل صاحبكم وما غوى] النجم/٢: ئەم هاوەڵەتان سەرلیێتێک نەچووەو شێت نەبووە. مەبەست ئەوەیە کە قورئان بۆ پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ قورەیشییەکانو عەرەبانی دانیشتووی مەککە، وشەی (صاحب)ی بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵیان هەڵسوکەوتی کردووە. هەروەها دەرهەق بە ئەبوبەکری صدیق ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ کە هاوەڵی کۆچی پێغەمبەر بووە ﷺ ـ دەفەرمویێت: [إذ يقول لصاحبه لا تحزن إن الله معنا] التوبة/٤٠، یان بۆ هاوسەر، قورئان دەستەواژەی (صاحب)ی بەکارهێناوە، دەفەرمووێت: [وصاحبته وأخيه] المعارج/ ١٢. هەروەها لە شوێنێکی ترا بۆ دایکو باوک دەفەرمووێت: [وصاحبهما في الدنيا معروفا] لقمان/١٥: لەگەڵ دایکو باوک هاوەڵێتی (موصاحەبە) بە باشی بکەن، یانی هەڵسوکەوتی باشو هاوڕێیەتی باش بکەن. کەواتە (صوحبە) بە زۆر مانەوە لەگەڵ یەکتردا تەحقیق دەبێت.

### وشەی (أصحاب) لە زمانی عەرەبیدا:

سەرچاوەکانی زمانی عەرەبی وشەی (صاحب)و (صوحبە)و (مصاحبە)و (صحابی)و ئەمانە هەمووی لە یەک سەرچاوە ـ کە (صحبة)یە. وەرگیراوە، کە مانەوەی دوو کەس، یان زیاتر بەیەکەوە دەگەیەنێت، بە شێوەیەک کە ببنە مولازمی یەکتر، لەگەڵ یەکتردا بوون، ئەو مانایە دەگەیەنێت.

بۆیە هاوەڵێتیی بە یەکجار بینینی کەسێک بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ تەحقیق نابێت. ئەمە ڕای زانا (أصول)ییەکانە .

بەڵام زانایانی فەرموودەناسو هەندێک لە فەقیهەکان، بەم شێوەیە پێناسەکەیان کردووە: (الصحابي: كل من جالس النبي ولو ساعة، وسمع منه ولو كلمة فما

فوقها، أو شاهد منه أمرا يعيه، ولم يكن من المنافقين)، واته: هاوەڵ ئەو کەسەیە لەگەڵ پێغەمبەرﷺ دانیشتبێت، ئەگەر یەک کاتژمێریش بووبێت، یان گوێی لە قسەی بووبێت، هەرچەند یەک وشەش بووبێت، یان هۆشیارانە شتێکی لێ بینیبێت، بە مەرجێک لە دوورووان نەبووبێت. بەڵام تابیعییەکی گەورەی وەکو (سەعیدی کوڕی موسەییەب) لە بەرامبەر ئەو پێناسەیەوە وتوویەتی: "الصحابة لا نعدهم إلا من أقام مع رسول الله سنة أو سنتين، وغزا معه غزوة أو غزوتين"[50] : هاوەڵان ئەوانەن ساڵێک یان دوو ساڵ لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ مابنەوە، یان لە جەنگێک یان دوو جەنگدا لەگەڵی بەشدار بووبن. بۆیە (ئەنەسی کوڕی مالیک) ڕەزای خوای لێبێت، وتوویەتی: "بینینی پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەنیا نابێتە بەڵگە لەسەر صەحابی بوون". شوعبەش لە موسای سەبلانییەوە دەگێڕێتەوە۔ کە یەکێکە لە تابعین‌و لە کۆتایی سەردەمی صەحابەکاندا ژیاوە ۔ دەڵێت: وتم بە ئەنەسی کوڕی مالیک: ئایا کەس لە صەحابەی پێغەمبەرﷺ لە ژیاندا ماوە؟ ئەنەسی کوڕی مالیک وتی: هەندێک لە عەرەبە دەشتەکییەکان کە پێغەمبەریان دیوە لە ژیاندا ماون، بەڵام کەسێک کە هاوەڵێتی کردبێت‌و لەگەڵ پێغەمبەر هەڵسوکەوتی کردبێت، نەخێر، کەس نەماوە. ئەمە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە. بۆیە ژمارەیەک زانا۔ کە زۆربەیان ناسراون ۔ لەگەڵ ئەوەن کە پێناسەی (أصول)ییەکان دروستترە، کە صەحابی بەو کەسە دەڵێن هەڵسوکەوتی لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ کردبێت، بۆ نموونە ئەبوبەکری باقلانی دەڵێت: "ئەم لەقەبە ۔ واتە لەقەبی صەحابی ۔ ناردێت بە هەموو کەس، مەگەر

---

[50] الإحكام في أصول الأحكام، ابن حزم، ٨٩/٥، ٦٦٣.

کەسانێک کە زۆر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا کردبێت و پەیوەندیی بەردەوام بووبێت لەگەڵیدا، ئەمەش بەوە نابێت کە تەنها سەعاتێک هەڵسوکەوتی کردبێت، یان چەند هەنگاوێک لەگەڵی ڕۆشتبێت، یان فەرموودەیەکی لێ وەرگرتبێت.[٥١]

**چینەکانی هاوەڵان:**

بەپێی دابەشکردنێک کە لە قورئانەوە دەردەکەوێت، صەحابەی پێغەمبەری خوا ﷺ دابەش دەبن بۆ چەند چینێک، بۆ نموونە: (السابقون الأولون) پێشینانی دەستەی یەکەم لە یاریدەدەران و کۆچبەران، کە خوای گەورە بە دەقی قورئانی پیرۆز لێیان ڕای بووە: [والسابقون الأولون من المهاجرين والأنصار والذين اتبعوهم بإحسان رضي الله عنهم ورضوا عنه وأعد لهم جنات تجري تحتها الأنهار خالدين فيها أبدا ذلک الفوز العظيم] التوبة/١٠٠. یان دەستەی (بيعة الرضوان) کە لە ژێر درەختەکەدا پەیمانیان دا بە پێغەمبەری خواﷺ: [لقد رضي الله عن المؤمنين إذ يبايعونک تحت الشجرة فعلم ما في قلوبهم فأنزل السكينة علهيم وأثابهم فتحا قريبا]. یان ئەوانەی کە پێش (فەتحی مەککە) موسڵمان بوون و جەنگیان کردووەو خوا فەرموویەتی: یەکسان نین بەوانەی دوایی: [لا يستوي منكم من أنفق من قبل الفتح وقاتل أولئک أعظم درجة من الذين أنفقوا من بعد وقاتلوا وكلا وعد الله الحسنى والله بما تعملون خبير] الحديد/١٠. یان ئەوانەی بەشداریی جەنگی (تەبوک)یان کردو خوای گەورە لێخۆشبوونی خۆی دەرهەقیان دەرخستووە: [لقد تاب الله على النبي والمهاجرين والأنصار الذين

---

[٥١] الكفاية، في علم الرواية، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت، الخطيب البغدادي، ٥١.

اتبعوه في ساعة العسرة من بعد ما كاد يزيغ قلوب فريق منهم ثم تاب عليهم إنه بهم رؤوف رحيم] التوبه/١١.

بەم جۆرە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە کراوە بە چینەکانی هاوەڵانو پلەبەندیی کراونو بە ڕوونی گوزارشت لەوە کراوە کە خوا لێیان ڕازی بووە. لەبەر ئەوە ئەوەی کە وەصفی صەحابەی بەسەردا جاری بووبێت، خوای گەورە لێی ڕازی بووە. ئەمە بەوانە وتراوە کە زۆر لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ ماونەتەوەو زانایان ئەمانەیان بە (عدول) پێناس کردوون، واتە کەسانی دادگەرو بەتەقواو لەخواترسو جێ متمانە بوونو قسەیان لێ وەردەگیرێت.

**مانای (عدول) بۆ هاوەڵان:**

ئەڵبەتە وەصفدارکردنیان بە (عدول) بە مانای ئەوە نەبووە کە بێ گوناهـ و مەعصوم بوون، هیچ کەسو تاقمێک لە دەستە ئیسلامییەکان ئەمەیان نەوتووە. (ابن تيمية) لەم بارەیەوە وتوویەتی: "هاوەڵان هەڵەو کەموکورتییان هەبووە، گوناهیشیان لێدەرچووەو مەعصوم نین، بەڵام بە عەمدیی درۆیان نەکردووەو کەسیان بەدەم پێغەمبەرەوە قسەی هەڵنەبەستووە".[٥٢]

**ڕەخنەو سەرنجێکی مامۆستا ناصر سوبحانی لە هەندێک لە زانایان:**

لەم لایەنەوە ڕای مامۆستا ناصر سوبحانی گرنگە بزانین کە دەڵێت: "هاوەڵێتی (صوحبەت) بەوە تەحقیق نابێت، کەسێک خۆی بڵێت: من لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستم، چونکە ئەمە لە زاراوەی مەنطقییەکاندا پێی دەڵێن: دەوری مومتەنیع، واتە کەسێک قسەی خۆی بکەی بە بەڵگە لەسەر خۆی"، یانی ئەمە ڕەخنەیەکە

---

[٥٢] منهاج السنة، ابن تيمية، ١/٣٠٦.

دەیگریێت لە زانایانی فەرموودەناس، دەڵێت: "نەدەبوایە بەوەندەی کە لە ڕیوایەتێکدا کەسێک خۆی بڵێت: من صەحابیم، ئەمە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کەسەکە صەحابییە، یان کەسێک خۆی بڵێت: من لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیست، یانی خۆی بکەی بە بەڵگە لەسەرخۆی. ئەو کارە شایەتی دەوێت، هەق وابوو هەرکەس کە دەڵێت من لە پێغەمبەری خوا ﷺ فلان شتم بیست، نەکرایە بە بەڵگە لەسەر صەحابی بوونی، بەڵکو لە ڕێگەی ترەوە بە شاهدی ترو بەڵگەی تر بسەلمێندرایە."[53]

**پێناس‌و ناسینی (تابعین):**

(تابعین) بەو کەسانە دەڵێن کە صەحابەیان بینیوە، لێرەشدا زانایانی فەرموودەناس‌و زانایانی (أصول) دوو ڕای جیاوازیان هەیە:

**یەکەم:** أصولییەکان دەڵێن: ئەبێ ئەو تابعینە هەڵسوکەوتی لەگەڵ صەحابی بەشی ئەوەندە کردبێت کە ڕەنگ‌وبۆی صەحابەی وەرگرتبێت‌و سوودی لە ئاکارو ڕەوشتەکانی صەحابە وەرگرتبێت‌و کاریگەری دروست بووبێت.

**دووەم:** فەرموودەناسان بە هەمان پێناسی کە کردیان بۆ صەحابە، تابعینیشیان پێناسکردووە، وتوویانە: هەرکەس بە ئیمانەوە صەحابەی بینیبێت‌و بە ئیمانەوە

[53] بۆ کەسێك بیەوێت بە درێژیی لەم بۆچوونە ئاگادار ببێتەوە، دەتوانێت سەیری نامیلکەی (مذكرة في علوم الحديث)، نووسینی: مامۆستا ناصر سوبحانی بکات، کە چەند سەرنجو تێبینییەکی گرنگی زانستیی بوون، کاتی خۆی بە تایبەتی ناردی بۆ د.یوسف القرضاوي، لە وڵاتی (قطر)، بۆ ئەوەی لە پرۆژەی (موسوعة السيرة والسنة النبوية)دا ـ کە تایبەت بوو بە سەرلەنوێ کۆکردنەوەی ئەلیکترۆنیی فەرموودە ـ ڕەچاویان بکەن.

وەفاتی کردبێت، ئەو کەسە پێی دەڵێن: تابعین. لێرەش پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پێناسو تەحقیقەکەی (زانایانی أصول) زانستییو وردترە، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا دەستەواژەی (والذین اتبعوهم بإحسان) بۆ وەصفی ئەو تابعینانە هاتووە کە بە دوای صەحابەدا هاتوون، واتە دەبێت شوێنکەوتن و پەیڕەویکردنیان لە صەحابە بە چاکیی و باشی بێت.

لە ڕوویەکی ترەوە لە سەردەمی تابعیندا چەندەها فیتنە دروستبوون، خەڵکێکی زۆر بە ناوی ئەوەی کە تابعینن چەندەها جەنگو هەرایان نایەوەو تەنانەت چەندەها صەحابەیان شەهید کردو بەشداریی فیتنەو ئاشووبەکان بوونو نەیانتوانی وەک تابعینە ڕاستەقینەکان پەیڕەویی لە صەحابە بکەن، ئەوانەی کە بەشدارییان لە شەڕو فیتنەکاندا کردو تەنانەت لە خولەفای ڕاشدینیان شەهید کرد، چۆن دەبێت یەکسان بکرێن بەوانەی کە پەیڕەوییان لە خولەفای ڕاشدین کرد؟ چۆن دەبێت ئەوانە بکەونە خانەی تابعین؟ لە کاتێکدا نەک ئاکاری تابعینو صەحابەیان نەبووە، بەڵکو دژایەتیشیان کردوون، با خۆشیان بە موسڵمان زانیبێت؟! بۆیە ئێمەش پێناسی ئوصولییەکانمان بەلاوە دروستترەو زیاتر بە مەنهەجیەتی قورئانی پیرۆز دەخوات.

### تەوەری دووەم/ چەند زاراوەو دەستەواژەیەکی ناو زانستی فەرموودەناسی

### جیاوازیی نێوان وشەی (حدثنا) و (حدثني):

وشەی (حدثني) لە کاتێکدا وتراوە کە مامۆستاکە ڕیوایەتەکەی بە تەنها بۆ فەرموودەناسەکە گێڕابێتەوە، بۆ نمونە (بوخاری) بڵێت: "حدثنی یحیی": واتە یەحیا خۆی ڕاستەوخۆ بۆ بوخاری گێڕاوەتەوە. بەڵام ئەگەر بوخاری بڵێت:

"حدثنا يحيى" يانى يەحيا لە مەجليسێكدا گێڕاويەتەوە كە بوخارىو غەيرى بوخاريشى تێدا دانيشتووە.

### جياوازيى نێوان (حدثنا) و (أخبرنا):

زۆرجار ڕاوى دەڵێت: "حدثنا"، زۆرجارى تر دەڵێت: "أخبرنا"، جياوازييان ئەوەيە كە هەركات فەرموودەناس وتى: "حدثنا" يان (حدثني)، ئەوە ماناى وايە ڕاستەوخۆ گوێى لێبووەو خۆى لە ڕاوييەكەى بيستوە، بەڵام ئەگەر وتى: (أخبرنا)، يان (أخبرني)، ئەوە عادەتەن يان بۆى نووسيوە، يان هەواڵى بۆ ناردووە، يانى ڕاستەوخۆ خۆى گوێى لێنەبووە.

### جياوازيى نێوان (راوي) و (محدث):

(راوى) ئەو كەسەيە كە فەرموودەكە دەگێڕێتەوە، مەرج نيە (محدث) واتە فەرموودەناس بێت، جارى وا هەيە ڕاوى كەسێكى نەخوێندەوارە، بەڵام باش دەقى فەرموودەيەكى لەبەر كردووەو دەيگێڕێتەوە بۆ كەسێكى تر، هيچێك لە مەرجە زانستييەكانى فەرموودەناسيشى تێدانيە، بەڵام مەرجى (عدل)و (ضبط)و ئەمانەتدارىو دەستپاكيىو ڕاستگۆيى، تێدايە. بەڵام (محدث) ئەو كەسەيە كە فەرموودەناسە، ئاشنايە بە زانستەكانى فەرموودە (علوم الحديث).

### جياوازيى نێوان (حدثنا) و (أخبرنا)، يان (نبأنا)، يان (سمعت):

پێشەوا بوخارى وتوويەتى: هيچ جياوازيى نيە لە نێوان ئەم دەستەواژانەدا، يانى بڵێيت: (حدثنا)، يان (أخبرنا)، يان (نبأنا)، يان (سمعت)، هەندێك دەڵێن: (أخبرنا) گشتگيرترە لە (حدثنا)، يانى دەكرێت (حدثنا) بە وشەو قسە بێت، كەسەكە

دەیگێڕێتەوە بۆی، بەڵام (أخبرنا) بە نووسین بێت، دیارە وشەی (سمعت) لە هەموویان بەهێزترەو تەئکیدەو دڵنیاکردنەوەیە لەوەی کە ڕاستەوخۆ لە شێخەکەیو مامۆستاکەی وەریگرتووە، (أنبأنا)ش تایبەتترە، دەکرێت بە نووسین بێت یان بە وتنی ڕاستەوخۆ.

### تەوەری سێیەم/ ڕێگاکانی گێڕانەوەی فەرموودە

**ڕێگای یەکەم**: (بیستن)ـە، یانی ڕاستەوخۆ ڕاوییەک لە شێخەکەی ببیستیو فەرموودەکەی بۆ بگێڕێتەوە، جا ئیتر لەبەر بیڵێت، یان لە کتێبێکیدا نوسیبێتیو بۆی بخوێنێتەوە.

**ڕێگای دووەم**: پێنیشاندانە، پێی دەڵێن: (العرض)، بریتییە لە خوێندنەوەی فەرموودە لە لایەن کەسێکەوە بۆ شێخەکەی، جا ئەویش لەبەر بیڵێت، یان لە کتێبدا بیخوێنێتەوە. ئەڵێت: (قرأت عن فلان)، یان ئەڵێت: (قرئ علي) یان ئەڵێت (أخبرنا قراءة).. دەستەواژەی جیاجیا بەکارهاتوون، بەڵام هەر مەبەست ئەوەیە کە پیشانی دابێت.

**ڕێگای سێیەم**: پێی دەڵێن: (موناوەلە) دەستاودەست، یانی شێخێک کتێبەکەی، یان صەحیفەو قەواڵەکەی خۆی بدات بە قوتابییەکەی، بۆ ئەوەی فەرموودەکانی لێبگێڕێتەوە، یانی ئیجازەی ئەدات لێی بگێڕێتەوە. لەبەر ئەوە زۆرێک لە ڕاوییان دەڵێن: (ناولني) یان (أجاز لي) یان دەڵێت: (حدثنا مناولة)، ئەوانە ئەگەر پشتڕاست کرابنەوە بە ئیجازەپێدان، ئەوە گێڕانەوەکەی دروستە، بەڵام ئەگەر نەسەلمێندرێ، ئەوە ئەو ڕیوایەتە وەرناگیرێت.

**ڕێگای چوارەم**: (موکاتەبە)یە، ئەویش ئەوەیە ڕاوییەک فەرموودەکەی خۆی بۆ کەسێکی تر دەنووسێتو بۆی دەنێرێت، ئیتر ئەو کاتە ڕاوی دوەم دەڵێت: (کتب

إلي فلان)، یان (حدثني فلان كتابة)، یان (أخبرني كتابة)، ئەبێت دەستەواژەی (كتابة)ی تێدابێت تاكو جیا ببێتەوە لەوانەی كە بە شێوازی ترن.

**ڕێگەی پێنجەم**: ئیجازەو مۆڵەتدانە، ئەویش ئەوەیە كە مامۆستایەک ئیجازە بە قوتابیەكەی بدات، فەرموودەیەک، یان كتێبێک، یان چەند كتێبێكی بۆ بگێڕێتەوە، بە بێ ئەوەی خۆی گوێی لێبێت بۆ خوێندنەوەكەی. بۆ نموونە: دەڵێت: (أجزتک)، واتە مۆڵەتم پێدای، ڕێگام پێدای، شێوازەكەشی بەو شێوەیەیە یان كە ئەم دەیگێڕێتەوە، دەڵێت (أجاز لي فلان)، یان (أخبرنا إجازة).

ئەمانە هەموو لە زانستەكانی فەرموودەناسیدا هەن، ئاماژەمان بۆ كردن، بۆ ئەوەی پێیان ئاشنا ببن و ماناكانیان لە یەكتر جیابكەنەوە.

**ڕێگەی شەشەم:** وەصیەتە، ئەویش بریتیە لەوەی ڕاوییەک وەصیەت بۆ كەسێک بكات كە دوای مردنی خۆی، یان گەشتكردنی خۆی، ئاگاداری نووسراوو كتێبەكانی بێت، بۆ نموونە دەڵێت: ئاگات لەم كتێبەم بێت، یان ئاگات لەم كتێبانەم بێت، عادەتەن دەوترێت: (أوصى إلي فلان)، یان (حدثني فلان وصية).

**ڕێگەی حەوتەم**: دۆزینەوەیە، ئەویش ئەوەیە كە كەسێک فەرموودەیەک یان كتێبێک بدۆزێتەوە، كە كەسێكی تر بە سەنەدەوە نووسیویەتی، بۆی هەیە وەكو بەسەرهات بیگێڕێتەوە، ئەو كاتە كە ئەم ئەیگێڕێتەوە دەڵێت: (وجدت بخط فلان)، یان (قرأت بخط فلان)، دوای ئەوە دەقی سەنەدەكە باس ئەكات، ئەمە غەیری مۆڵەتدانو وەصیەتو ئەوانەیە، ئەمە دۆزینەوەیە.

### تەوەری چوارەم/ دەستەواژەی ئاماژە بە سەرچاوەكان

زۆرجار دەگوترێت: (رواه التسعة): نۆ كەسەكە گێڕاویانەتەوە، ئەوە پێویستە بزانین مەبەست (موطأ)ی مالیکو موسنەدی ئەحمەدو سونەنی دارەمییە، لەگەڵ

بوخاریو موسلمو ئەبوداودو ترمذی و نسائیو ابن ماجە، کە وترا (رواه التسعة) ئەوە مەبەست ئەو نۆ سەرچاوەیەن.

هەندێکجار دەوترێت: (رواه السبعة) ئەوە مەبەست بوخاریو موسلیمو ئەبوداودو ترمذی و نسائیو ابن ماجەیە، کە بە صحاحی ستە بەناوبانگن[٥٤]، ئەو شەشە لەگەڵ (مسند أحمد) بخرێتە سەری، دەوترێت: (رواه السبعة)، جاری وا هەیە دەوترێت: (رواه الجماعة).

هەندێکجار دەستەواژەی (متفق علیه) بەکاردێت، واتە کۆدەنگن لەسەری، ئەوە بووە بە زاراوە بۆ هەر دوو سەرچاوەی (بوخاری و مسلم). جا ئەگەر وترا: (رواه الستة) ئەوە مەبەست (بوخاری و موسلیم و ئەبوداودو ترمذی و نسائی وابن ماجة)یە. کە وترا: (رواه الخمسة) ئەوە مەبەست (ئەبوداودو ترمذی و نسائی وابن ماجەو موسنەدی ئەحمەد)ە. یان کە وترا (رواه أصحاب السنن الأربعة) ئەوە مەبەست (ئەبوداودو ترمذی و نسائی وابن ماجة)ن. ئەگەر وترا: (رواه الثلاثة) ئەوە مەبەست (أبو داودو نسائي و ترمذی)ن.. هەندێکجار جیاوازیی زانایان لە بەکارهێنانی ئەمانەدا هەیە، بەڵام ئەوە بە شێوەیەکی گشتی چەند زانیارییەک بوون لەسەر چۆنیەتی ئاماژە بەسەرچاوەکانی فەرموودە.

---

[٥٤] پێشتر وتمان: بەکارهێنانی دەستەواژەی (صحاح ستة) بووە بە هەڵەیەکی باو، چونکە هەندێکیان ڕیوایەتی لاوازو هەندێکجار هەڵبەستراویشیان تێدایە، بۆیە باشتر وایە بەو ڕەهاییە ناونەنرێن.

زانست

## وانەی هەشتەم

## پێگەی فەرمووده لە تەشریعی ئیسلامیداو

## تیشکێک لەسەر نەیارانی فەرمووده (قورئانییەکان)

سەرهەڵدانی ڕەوتو بیرۆکەی (قورئانییەکان):

(قورئانییەکان) دەستەواژەیەکە بۆ کەسانێک بەکارهاتووە کە بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی بۆچوونی ئیسلامیی‌و ئەحکام‌و بەها ئیسلامییەکان، تەنها پشت بە بەشێک لە قورئانی پیرۆز دەبەستن‌و بڕوایان بە فەرمووده نیە. دیارە ئەوانە بە ئاستی جیاجیان، هەیانە بە ڕەهایی بڕوای بە فەرمووده نیە، هەیانە بڕوای بە فەرموودەی موتەواتیر هەیەو بڕوایان بە جۆری ڕیوایەتی (ئاحاد) نیە، هەیانە بڕوای بە سوننەتی عەمەلیی هەیەو سوننەتی قەولیی ڕەددەکەنەوە.

ئەم بیرۆکەیە هەر لە سەرەتای ئیسلامدا لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبوتالب (خوا لێی ڕازی بێت)ەوە هەیە، ئەتوانین بڵێین کە دەستەی خەواریج سەری هەڵدا ئەم بیرۆکەیەش پەیدا بوو، چونکە کاتێک هەندێک پشتیوانییان لە عەلی کردو هەندێکی تر پشتیوانییان لە تەحکیم‌و ڕێکەوتنەکەی نێوان عەلی‌و مەعاویە کرد، لەم کاتەدا تاقمێک پەیدا بوون، قورئانیان کرد بە سەری ڕمەکانیانداو وتیان: بەم کاری صولح و ڕێکەوتنە حوکمی خوا جێبەجێ نەکراوە، ئەبێت قورئان بکەینە سەرچاوەی حوکم‌و ئایەتی (إن الحكم إلا لله)یان کرد بە دروشمی خۆیان.

لەو ڕووداوانەوە ڕیوایەت‌و گێڕانەوەی صەحابەکانیان ڕەتکردەوە، بە تایبەتی ئەوانەی بەشدارییان لەو ڕووداوانەدا کرد، چونکە شایەتییان بە لایانەوە قبوڵ نەبوو. ئەوە کێشای بۆ ئەوە کە هەندێک لە ئەحکامیی شەرعیش

قبوڵ نەکەن، چونکە لە ڕێی ئەو صەحابانەوە نەقڵکراون، تەنانەت وایان لێهات نوێژو مەناسکی حەجو هەندێک شێوازی تری ئەحکامی ئیسلامییان گۆڕی.

وەک هەر لادانێکی تر. کە لە سەرەتاوە ئاساییەو دوایی ئاڵۆز دەبێتو دوورکەوتنەوەکە فراوان دەبێت . لادانی ئەوانەش هەر وا بوو، یەواش یەواش ترازانەکە زیادی کرد، ئەتوانین بڵێین: زۆرێک لە بیرۆکەی خەواریجو شیعەو غولاتی موعتەزیلەو هەندێک لە گروپە تیژپەڕەکانی ئەوکاتە، لەوێوە سەریان هەڵدا. دیارە ئەو دۆخە هەڵکشانو داشکانێکی زۆری بەخۆوە بینی، زانایانو دەسەڵاتی ئیسلامیی لەو سەردەمەدا دڵسۆزانە لە ڕێی گفتووگۆوە هەوڵیان دا لەگەڵیان کە بێنەوە سەر ڕێ، زانایان قسەی خۆیانیان کرد، پێشەوا شافعی کتێبێکی بچووکی هەیە بە ناوی (جماع العلم) باسی گفتووگۆی خۆی دەکات لەگەڵ ئەو دەستەیە کە ئەوکاتە ناوی ناون (جەماعەتی ئیکتیفا بە قورئان)، کە وتوویانە قورئان کافییە بۆ وەرگرتنی ئەحکام. دواتر هەندێک لە خەلیفەکان لە سەردەمی ئومەوییەکاندا بە توندی ڕووبەڕوویان بوونەوەتەوە، هەندێکیان بە نەرمیی، لەوانەی کە بە نەرمیی ڕووبەڕوویان بووەتەوەو پەنای بردووە بۆ دایەلۆگ و گفتوگۆ عومەری کوڕی عبدالعزیزە، کە لە ڕێی ئەوەوە توانرا هەزاران کەسیان لێ بگەڕێتەوە.

بەم شێوەیە لە مێژووی ئیسلامیدا بەرزو نزمییەکی زۆریان بە خۆیانەوە بینیوە، بیرۆکەکە زۆرجار کپ بووەتەوە، زۆر جاری تر سەری هەڵداوەتەوە. ئێمە ئێستە لە ڕاسای گێڕانەوەی ئەو دیرۆکە مێژووییەدا نین، چونکە زۆر دوورو درێژە، بەڵام ئەمەوێ تیشکێک بخەمە سەر سەرهەڵداناوەی هاوچەرخی ئەو ڕەوتە.

سەرەتای بیرۆکەکە لە ڕاستیدا ـ وەکو ئاماژەمان پێکرد ـ لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبو تالبەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەستی پێکرد، کاتێک بڕیاریان دا هیچ فەرموودەیەک لەو صەحابەو تابعینانەوە وەرنەگرن کە پشتیوانی عەلیو مەعاویە بوون، یان لەگەڵ ناوبژیوانییەکەی عەمری کوڕی عاصو ئەبوموسای ئەشعەری بوون، بەو پێیە بەلای ئەوانەوە ئەم دوو دەستەیە هەردووکیان دژی حوکمی قورئان جووڵاونەتەوە، بۆیە شایەتییان قبوڵ نیە، دیارە گێڕانەوەی ڕیوایەتیش جۆرێکە لە شایەتیدان. بۆیە ڕیوایەتی تەواوی هەواڵانی پێغەمبەری خوایان ڕەت کردەوە ﷺ، جگە لە دەستەو تاقمی خۆیان. بەو شێوەیە زۆربەی هەرە زۆری ئەحکامە تەفصیلییەکان کە لە ڕێی سوونەتەوە هاتوون ڕەد کرانەوە، گوایە هاوەڵان بەهۆی ناکۆکیی نێوانیانەوە، یان بەو کاری ئاشتەواییە کە پێی هەستاون، فەرمانی خوایان شکاندووە، بۆیە بەو کارە دەبنە لادەر لە شەریعەتی خواو بە فاسق دەژمێردرێن، فاسقیش شایەتیدانی لێ وەرناگیرێت. لەو ڕووەشەوە کە گێڕانەوەی فەرموودە جۆرێکە لە شایەتیدان، هیچکامیان هیچ جۆرە گێڕانەوەو ڕیوایەتێکی فەرموودەیان لێ وەرناگیرێتو ڕیوایەتەکانیان بە هەڵبەستراوو ناڕاست دەزانرێنو ڕەت دەکرێنەوە.

ئەم تەرتیبە تاقمەکانی خەواریج هەر فەرموودەیەک لە سەنەدەکەیدا کەسێک لەو صەحابەو تابعینانە هەبوایە، ئەوە ڕەتیان دەکردەوەو بە هەڵبەستراویان دەزانی، یان بەلای کەمەوە بۆ وەرگرتنی ئەحکام بۆ خۆیان بە حوججەتیان نەدەزانی. دیارە زۆربەی صەحابەو تابعین هەریەک بە شێوەیەک، یان لەو ڕووداوانە بەشدار بوون، یان لەگەڵ ناوبژیوانیی بوون. یانی وای لێ هات خەواریج ڕێژەیەکی زۆری ئەو فەرموودانە ڕەت بکەنەوە کە ئەو کەسانە

گێڕاونیانەتەوە، مەگەر ئەوانەی کە لە کەسەکانی خۆیانەوە گێڕدراونەتەوە، کە ڕێژەیەکی زۆر کەم پێکدەهێنن.

دیارە کار بەوەشەوە نەوەستا، هەندێکیان هەموو خەڵکیان تەکفیر کرد، جگە لە پەیڕەوانی خۆیان، بەو پێیەی کە خەڵکیش لە ناحەقیی بێدەنگ بوون. ئیتر کەم کەم ئەم بۆچوونەی خەواریج لە بۆچوونێکی سیاسییەوە بوو بە بۆچوونێکی فیکریی، بگرە بوو بە ژێربینای فیکریی بۆ هەموو ئەوانەی کە دژی فەرموودە بوون لە درێژایی مێژووی ئیسلامدا.

ئەم ڕێبازو بۆچوونە لە مێژوودا درێژەی هەبوو، زۆرجار دەسەڵاتی ئیسلامیی سەردەمە جیاجیاکان بە پاڵپشتی زانایان ڕەدیان ئەدانەوە، کپ دەبوونەوە، بەڵام لە زۆر سەردەمی تریشدا دەبووژانەوە، هەندێک لە کەسایەتییەکانیان وەک قەناعەت داکۆکییان لەو ڕێبازە دەکرد، واتە لافی ئەوەیان لێ دەدا کە سەرچاوەی تەشریع دەپارێزن، هەندێکی تریان بە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لە پێگەی پێغەمبەرایەتییو بایەخی سەرچاوەی سوونەتیان کەم دەکردەوە، وەکو دووەم سەرچاوەی تەواوکاریی لە تەشریعدا.

**کارو کاردانەوەی هەڵە:**

ئەوەش مەعلومە کە کارو کاردانەوەی هەڵە کاریگەریی هەبووە لەسەر ڕەواجدان بە بیرۆکەکە، یانی لە سەرێکەوە هەندێک واعیزی نەزان بە گێڕانەوەی ڕیوایەتی هەڵبەستراوو ناشیرینکردنی مینبەرەکانو گوێنەدان بە پێوەری زانستییو قسەی زانا دڵسۆزەکان، بوونە هۆی برەودان بەو تاقمە. لە سەرێکی تریشەوە مامەڵەی نابەرپرسانەی هەندێک والیو دەسەڵاتدارو توندوتیژییو ستەمیان

بەرامبەر ئەو خاوەن بۆچوونانە، ئەوەندەی تر ئاودێری حاڵەتە نەخوازراوەکەی کردبوو، وایکرد کە پێداگیریی بکەن لەسەر بۆچوونەکانیان.

**گرانبوونی ئەرکی زانایانی فەرمووودەناس:**

ئەم خاڵە کە ئاماژەمان پێکرد بارگرانییەکی زۆری بۆ زانایانی فەرمووودە ـ بە تایبەتی زانستی جەرحو تەعدیل ـ دروست کردو کەوتنە بیری هەڵسەنگاندنی وردی سەنەدو زنجیرەی ڕاوییەکان. دواتر دەیان کتێبی بەبایەخ لەو بارەیەوە نووسران.

ئەوە حاڵەتێکی نوێی نەخوازراوی لێکەوتەوە، کە بریتی بوو لە کەمبوونەوەی بایەخدان بە مەتنو دەقی فەرمووودەو بەشی ئەوەی ناومان نا (علم الدراية) کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، یانی لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستەکانی فەرمووودەدا بڕیار نەبوو کە هەوڵەکان هەموو لە هەڵسەنگاندنی کەسەکانو زنجیرەی سەنەددا چڕ ببێتەوە، یان بڵێین بڕیار نەبوو ڕێژەی زۆری ئیهتیمامەکە بەوە بێت، بەڵام زۆربوونی درۆزنانو ڕیوایەتتاشانو شاڵاوی دروستبوونی گومان لەسەر ڕاوییەکانو ئەو کارو کاردانەوانەیەی نێوان پەیڕەوانی ئومەویو عەلەویو ئال وبەیت، وایکرد کە زانایانی ئەو بوارە کەمتر بیانپەرژێتە سەر لایەنی مەتنو دەق و ناوەروکی فەرمووودە، بە مەرجێک خۆیان لە باسەکانی مەرجی دروستیی فەرمووودەدا لە سەرەتاوە زۆر باش بۆی چوون، چونکە باسیان لە دوو مەرج کردووە کە نابێ ڕیوایەت (شاز)و (موعەللەل) بێت، وەکو باسمان لێ کرد، بەڵام بەڕاستی زۆر دەست دانەگیرا لەسەر دوو ڕاستیی زۆر گرنگ لە ڕووی دەقەوە، یەکەم: بەراوردکردنی دەقی فەرمووودە لەگەڵ واتاو مەتنی ئایەتە ڕوونەکانی قورئانی پیرۆز، بەنیازی هەڵسەنگاندنی ڕیوایەتەکان.

دووەم: بەراوردکردنی دەقی فەرموودە لەگەڵ ڕێساو بنەما قورئانییەکان، (قواعدو ضوابط)ی گشتیی ئاماژەپێکراو لە قورئاندا.

لە سەرێکی ترەوە بەداخەوە لەو سەرەتایەوە ڕیوایەتی هەڵبەستراوو لاوازی زۆر تێکەڵ بوون بە سەرچاوەکانی فەرموودە، هەر لەو سەرەتایەوە زانایانی زۆر هەڵکەوتن‌و کەوتنە بیری تەتەڵەو بێژنگی ڕیوایەت، بۆیە مێژوو باس لە هەوڵە تاقەتپڕوکێنەکانی زانایانی ناوداری وەکو بوخاری‌و موسلیم‌و دارەقوطنی و ئەوانە دەکات، یانی کە باسی پرۆسەی مشت‌ومالّی فەرموودە دەکرێت، دیرۆکی سەیر سەیر دەگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەو ڕاستییە حاشای لێ ناکرێت کە نە ئەوان‌و نە کەسانی دواتریش دەرەقەتی ئەو شالاّوی هەڵبەست‌و درۆو ڕیوایەتتاشینە نەهاتن، کە تەنانەت سەرچاوەکانی صحاح‌و سونەن‌و مەسانیدیشی گرتەوە، یانی ڕیوایەتی لاوازو هەڵبەستراویان تێکەوت، بۆیە هەر لەو سەرەتایەوە پێشەوایەکی وەکو دارەقوطنی ـ کە ساڵی (٣٨٥ ک) وەفاتی کردووە، بە جورئەتەوە لە هەندێ ڕووەوە ڕەخنەی لە مەنهەجیەتی بوخاری‌و موسلیم گرتووە، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە کتێبی نووسیوە بە ناوی (الإلزامات والتتبع)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێبازو شێوازەی کە ئەو جۆرە زانا پایەبەرزانە پەیڕەوییان لێکرد لە ڕەخنەگرتن‌و شرۆڤەکردن‌و ڕاستکردنەوە لە ئاستێکدا بوو کە لە درێژایی مێژوودا تا دەگاتە پێشکەوتووترین ڕێبازو میتۆدو مەنهەجە هاوچەرخەکانی سەردەم، ئەتوانین بڵێین مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەبینیووە.

**سەرهەڵدانەوەی ڕەوتو بیرۆکەی قورئانییەکان:**

سەرهەڵدانەوەی ئەم ڕەوتە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)ی زاینی، کاتێک لە بەشە موسڵمانەکەی وڵاتی هیندستاندا. لە کاتی گەرمەی پەلاماری ئینگلیزدا بۆ سەر ناوچەکە. تاقمێک بە ناوی (أهل القرآن) سەریان هەڵدا، ئینگلیزە داگیرکەرەکان دەستیان لە پشتیان دانو هاوکارییان کردنو دنەی ڕابەرەکانیان کراو خەڵات کردن، ئەمانە دەرکەوتەیەکی زۆر مەترسیدار بوون، زۆربەی حوکمە ئیسلامییەکانیان ڕەتکردەوە، بەو پێیەی کە لە سوونەت وەرگیراون، هەرچی ڕاستەوخۆ بە زەقیی لە قورئاندا باسی نەبوو، بڕوایان پێی نەما، تەنانەت شێوازی نوێژو مەناسیکی حەجکردن و شێوازی وتارو نوێژی هەینیو نوێژەکانی جەژنیان گۆڕی. لە وڵاتی پاکستان زۆرێک لە مزگەوتەکانیان سێ نوێژی تێدا دەکرا، هەندێکیان دوو نوێژیان تێدا دەکرد. بۆ مەناسکی حەجو عومرە، وتیان هەرچی لە قورئاندا ئاماژەی پێ نەکرابێت بڕوامان پێی نیە.

**جیاوازیی ڕەوتی قورئانییو ڕەوتە ئیصلاحییەکان:**

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم ڕەوتە جیاوازن لە جووڵەیەکی ڕیفۆرمییو ئیصڵاحیی کە هەیەو بانگەشە بۆ پاکسازییو چاکسازیی لە فیکری ئیسلامیدا دەکاتو پێداچوونەوە بە توراسی ئیسلامیدا بە پێویست دەزانێت، بۆ ئەوەی بابەتە لاوازەکانی دیاری بکرێنو گەشەبدرێت بە بیری ئیسلامیی، ئەمانە جیاوازنو لە درێژایی مێژووی ئیسلامیشدا هەمیشە کەسانێک هەبوون کە هەڵەکانیان ڕاستکردووەتەوەو بە هەندێک لە چەمکە شێوێنراوەکاندا چوونەتەوە. ئێمە باس لەوانە دەکەین کە فەرموودە ڕەت دەکەنەوەو وەکو سەرچاوەیەکی تەواوکاری تەشریع قبوڵیان نیە، مەبەستمان ئەو ڕەوتە ئیصلاحییە خەمخۆرە

نیه كه سەرمەشقەكانی هەوڵدەدەن بۆ گێڕانەوەی قورئانی پیرۆز بۆ كۆڕی ژیانو ئاشناكردنەوەی مسوڵمانان بە پەیامی قورئان، بەڵكو بە تەواویی‌و ڕوونیی مەبەستمان ئەوانەن كە لە ژێر ناونیشانی پشتگیریی لە قورئان ـ بە بێ زانیاریی دروستو بەبێ كەرەستەو تفاقی زانستیی ـ كەوتوونەتە باسی ڕەتكردنەوەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕەهایی‌و بانگەشە بۆ ئیكتیفا بە قورئان دەكەن، ئەویش بە تێگەیشتن‌و تەفسیری خۆیان كە وەك وتمان بیرۆكەیەكی كۆنەو بەشێكی بیرۆكەكە لە خەواریجو بەشێكی تری لە توندڕەوان‌و غولاتی موعتەزیلە وەرگیراوە.

سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی هاوچەرخی ئەم بیرۆكەیە، سەرەڕای ئەوەی كە وتمان زۆر جار كپ بووەتەوەو باسی نەماوە، بەڵام ناو بەناو لەبەر دوو هۆكار سەری هەڵداوەتەوە، یەكەم: بێ ئاگایی، یان تێنەگەیشتن لە هەوڵە بێ وێنەكانی زانایانی فەرموودەو تێكەڵبوونی ئەم نەزانییە بە حەزو هەوەسی كەمكردنەوەی ئاین و ئەحكامو پابەندییە ئایینییەكان. دووەمیشیان: دەست بە پشتاهێنانی دوژمنانی ئیسلام بۆ ئەو خاوەن بیرۆكانەو خەرجكردن لەسەر گەشەدان بەو ڕەوتە، بە تایبەتی لە سەردەمی نوێدا، لە هەردوو ئاستی وڵاتانی عەرەبی‌و ئاسیایی، بە تایبەتی تر وڵاتانی ژێردەستەی ئینگلیز كە لە ڕاستیدا شۆڕشی ساڵی (١٨٧٥ز)ی موسڵمانانی هیندستان دژی ئینگلیزی داگیركەر زۆر بێتاقەتی كردن.

ئەوەی لەم جووڵەیەی هاوچەرخدا دووپات بووەتەوە ئەوەیە كە هەندێك لە خۆرهەڵاتناسان ڕۆڵی سەرەكییان لەم پیلانەدا هەبووە، هاوكات لەگەڵ هەڵمەتی داگیركاری ئینگلیز بۆ وڵاتانی ئیسلامیی، ئەوان لە پشتیانەوە بوون، بۆیە سەرەتا

کەسێکیان پەیدا کرد بە ناوی (ئەحمەد خانی هیندی) کە بە ئافەرین‌و موبارەکەی ئینگلیز، ئەو بیرۆکەیەی وروژاند، دوایی لە هیندستانەوە گوێزرایەوە بۆ وڵاتی پاکستان، لەوێیشەوە کە هەندێک قوتابی پاکستانیی بە مەبەستی خوێندن چوون بۆ زانکۆی ئەزهەر، بیرۆکەکە گەیشتە میصرو وڵاتانی عەرەبیش. لەسەر ئەمە بەڵگەی ڕوون هەیە، بۆ نموونە خۆرهەڵاتناسێکی جوولەکەی مەجەریی بە ناوی (گۆڵد تسیهر) ـ ساڵی (١٩٢٠ز) مردووە۔ لە گەرمەی ملهوڕی داگیرکەراندا کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناوی (العقيدة والشريعة في الإسلام) تیایدا زۆر پیاهەڵدانی قورئانی کردووە، بەڵام تەئکید دەکاتەوە کە زۆربەی فەرموودە هەڵبەستراون‌و لە پێغەمبەرەوە ﷺ نەهاتوون. ئیتر دوای ئەو هەندێک نووسەری عەرەب تووشی ئەو دەردە بوون، بۆ نموونە: (أحمد أمين) کتێبی (فجر الإسلام)ی نووسی‌و چەند لاپەڕەیەکی تەرخان کرد بۆ ئەو بابەتەو گومانی خستە سەر کەسایەتیی ئەبو هورەیرە. ئینجا (محمود أبو رية) کتێبێکی نووسی بە ناوی (أضواء على السنة المحمدية).

ئەم هەوڵانە لە سەرەتای ساڵانی بیستەکاندا دران و درێژەیان هەبوو. بۆیە لە ناو وڵاتی میصردا بیرۆکەکە گەشەی کرد، کەسانێکی وەک عەللامە (محمد رشيد رضا)و زۆرێک لە بیرمەندانی ئیسلام کەوتنە دژایەتی ئەم بیرۆکەیە. گۆڤاری (المنار)ی ناوبراو ساڵی (١٩٠٦ز) دوو ژمارەی (٩) و (١٠)ی تایبەت کرد بۆ ئەو بابەتەو نزیکەی چوار ساڵ درێژەی کێشا. سەرەتا کەسێک بە ناوی (محمد توفيق صدقي) وتارێکی نووسی بە ناوی (الإسلام هو القرآن وحده)، واتە: ئیسلام تەنها قورئانە. دواتر (طه البشري) کوڕی شێخی گەورەی ئەزهەر (سليم البشري) بە وتاری (الدين كله ما جاء به الرسول): ئاین هەمووی ئەوەیە

که پێغەمبەرﷺ هێناویەتی، وەڵامی دایەوە پاش موناقەشەو گفتوگۆ ئەو کەسەی ناوی (تەوفیق صدقي) بوو وازی لە بیرۆکەکەی هێناو وتارێکی نووسی تێیدا دەڵێت: "ڕایدەگەیەنم کە ڕای من لەسەر ئەم بابەتە- پاش بیرکردنەوەو تێڕامانی زۆر- ئەوەیە کە ئیسلام بریتییە لە قورئانو ئەوەی کە پێشینانو پاشینان- واتە سەلەفو خەلەف- لە ڕووی کردەییو بیروباوەڕەوە لەسەری کۆکنو بە دینی دەزانن. بە دارشتنێکی تر دوو بناغە کە ئاینی ئیسلامیان لەسەر هەڵچنراوە بریتین لە کیتاب و سوننەت، واتە قورئان و سوننەتی نەبەویی، بەو جۆرەی پێشینان پێی گەیشتوون."[٥٥]

لە قۆناغێکی تردا دژی ئەو کتێبانەی (أبو رية) و (گۆڵد تسیێهر) کتێبی باشو بەسوود نووسران، بۆ نمونە (عبد الغني عبد الخالق) لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستدا، کتێبێکی بەنرخی نووسی بە ناوی (حجية السنة). دوای ئەو، (د.مصطفى السباعي)- کە لەو کاتەدا لە قاهیرە خوێندکاربوو- کتێبی (السنة ومكانتها في الشريعة الإسلامية)ی نووسی، هەروەها کەسایەتییەک بە ناوی (محمد عبد الرزاق حمزة) کتێبێکی لە دژی (أبو رية) بە ناوی (ظلمات أبو رية أمام أضواء السنة المحمدية) نووسي.

دواتر لە ساڵانی هەشتاکاندا ڕاگەیاندنی ڕژێمی دەسەڵاتی ئەو کاتەی میصر دەستەواژەیەکەی داهێنا بە ناوی (منكرو السنة)و لە ژێر گوشاری ئەزهەرو ڕابوونی ئاینیدا ساڵی (١٩٨٧ز) کەوتە دەستگیرکردنی کەسانێکی زۆر کە بانگەشەی قورئانییبوونیان دەکرد، کاردانەوەیەکی زۆر لەم ڕووداوە کەوتەوە،

---

[٥٥] ئەم وتارە لە ژمارە (١٠) ی گۆڤاری (المنار)دا بڵاوکراوەتەوە.

یەکێک لەوانەی کە دەستگیرکران مامۆستایەکی پێشووی زانکۆی ئەزهەر بوو بە ناوی (أحمد صوبحی مەنصور) کە لەو ساڵەدا توێژینەوەیەکی کورتی بە ناوی (المسلم العاصي) نووسی و نزیکەی پازدەهەزار نوسخەی لێ بڵاوکردەوەو تەواوی ئەو فەرموودەو ڕیوایەتانەی کتێبی صەحیحی بوخاریو موسلیمی ڕەتکردەوە کە باس لە هاتنەدەرەوەی تاوانباران لە ناو دۆزەخ دەکەن، گومانی خستە سەر مێژووی نووسینەوەی فەرموودە، هەروەها پشتیوانی دەکات لە زۆرێک لە بیرۆکە کۆنەکانی خەواریجو هەندێک لە تیژڕەوانی موعتەزیلەو ڕافیزەکان.

پێش ئەوە کەسانێک لە هیندستان هەبوون، وەک ئەحمەد خان، کوڕی میرموتتەقی حوسەینی، ساڵی (١٨٩٨ز) مردووە، نیشتەجێی شاری دەهلی بوو، هەروەها (غولام نەبی جەکرالەیی)، ساڵی (١٩١٤ز) مردووە، لە ناوچەی بەنجاوی پاکستان، یەکێک بوو لە بانگخوازانی قورئانییەکان، هەروەها (ئەحمەدەددین ئەمر تەسری) ساڵی (١٩٣٦ز) مردووە، ئەمە دۆستی غولام ئەحمەدی قادیانی بوو، کە بۆ بەرەنگاربونەوەی جیهادی دژی ئینگلیز دروستکران، پەیوەندیی بە جەکرالەییەوە هەبوو. هەروەها غولام ئەحمەد پەرویز، لە (١٩٨٦ز) مردووە، کە گۆڤاری (طلوع إسلام)ی دەردەکردو بەردەوام دژی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بابەتی بڵاو دەکردەوە.. لەم بابەتانە کەسی تری زۆر هەبوون.

لە وڵاتانی عەرەبیش هەندێک کەس پەیدابوون، وەک (ئەحمەد صوبحی مەنصور) کە ئاماژەمان پێدا، لە ئەزهەر خوێندوویەتیو ماستەرو دکتۆرای لە قاهیرە بەدەستهێناوەو ساڵی (٢٠٠٠ز) چووەتە ئەمریکاو ناوەندێکی کردووەتەوە بە ناوی (المركز العالمي للقرآن)، هەروەها کتێبی هەیە بە ناوی (القرآن الكريم وكفى، مصدرا للتشريع)، پێی وایە بوخاریو موسلیمو تەواوی سەرچاوەکانی

تری فەرمووده زیادن، تەنانەت بوخاری تۆمەتبار دەکات بەوەی بوختانی بەدەمی پێغەمبەری خواوه ﷺ کردووه، بگره سووکایەتی پێکردووه.

پێویسته ئەم کەسه له ڕووی سیاسیشەوه بناسین: ئەحمەد صوبحی مەنصور- که ڕابەری هاوچەرخی قورئانییەکانه له میصر- تەواوی بزووتنەوەو هێزه ئیسلامییەکان - له ئیخوانو غەیری ئیخوان - به دوژمنی ئیسلام و به طاغوت دەزانێت. هەروەها دانی ناوه به قەوارەی داگیرکەری ئیسرائیلدا، به نموونه دەڵێت: "ڕێکخراوی بزووتنەوەی (حەماس) له لایەنی سیاسییەوه بەڵایه، له لایەنی دینیشەوه طاغوته، به بۆچوونی من بزوتنەوەی حەماسی فەلەسطین، له ئیسرائیل مەترسیدارتره. جوولەکەکان مافی شەرعیی خۆیانه له فەڵەستین بن، چونکه زێدی خۆیانه، ئیسرائیلییەکان وەک فەلەستینییه خۆکوژەکان نین، ئەوان فەلەستینییەکان ناکوژن"![٥٦]..

لێرەوه دەتوانین خوێندنەوه بۆ ئەم کەسایەتییه ئەحمەد صوبحی بکەین، جگه لەو کەسانی تریش هەن، وەک: (ئەمین یوسف عەلی، ئیهاب حەسەن عەبده، محەممەد صالح بنور، مصطفی کەمال مەهدەوی، له تونس: محەممەد طالبی، له سودان: عماد الدین دەباغ، له سوریا: زەکەریا ئوزون، له فەلەستین: صەلاح ئەبوعەرەفه، له مالیزیا: قاسم ئەحمەد..) ئەمانه چەند کەسایەتییەکن که بانگەشه بۆ ئەوه دەکەن ئیکتیفا به قورئان بکرێتو فەرمووده ڕەد دەکەنەوه.

---

[٥٦] ئەوانه ـ کتو مت ـ دەقی قسەی (ئەحمەد صوبحی مەنصور)ن، له پێگەی (أهل القرآن)ی خۆیدا، له وتارێکیدا به ناونیشانی: (لیس دفاعا عن إسرائیل).

چەند ڕێکخراوێکیش هەن کە هاوفیکری ئەمانەن، لە پاکستانو ولاَتانی تر، بە نموونە: کۆمەڵەی (ئوممەتی ئیسلام)، کە گۆڤارێکیان هەبوو بە ناوی (بلاغ القرآن)، کۆمەڵی (الأمة المسلمة)، ڕێکخراوی (طلوع إسلام)، کۆمەڵەی (الجمعية الدولية للمسلمين القرآنين)، لە تونس دامەزراوە، گرووپی مستەفا کەمال مەهدەوی، لە لیبیا، کە لە دامەزرێنەرانی مەڵبەندی جیهانیی توێژینەوەی کتێبی سەوزی موعەممەر قەزافی بوو. ئەم نەیارەی سوننە بە پێچەوانەی هەموو ئوممەتەوە، لە جێی پێنج نوێژ بڕوای بە شەش نوێژ هەیە، هەموویان دوو ڕکات دوو ڕکاتن، لە هیچ کامیاندا سورەتی (فاتحه)ی تێدا نیەو تەحیاتو سەلامدانەوەشی تێدانیە! هەروەها بڕوای وایە کە مەرج نیە حەج تەنها لە مانگی (ذي الحجة)دا بێت و دەکرێت لە مانگەکانی (شەوال و ذو القعدةو ذو الحجةو محرم)یشدا بکرێت، گوایە لەبەر ئەوەی ئەم شتانە لە قورئاندا باس نەکراون.[٥٧]

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بۆچوون و ڕەوتو بیرکردنەوانە دەبێت زانستیی بێت، دووربێت لە گشتاندن، دووربێت لە دەمارگیریی و پەڕگیریی، دووربیت لە تێکەڵکردنی باسی ئەو تاقمانە لەگەڵ باسی ئەو زاناو بیرمەندو ڕەوتانەی دڵسۆزی ئوممەتی ئیسلام کە لە هەموو

[٥٧] ئەم کەسە تەواوی بۆچوونەکانی لە کتێبێکدا نووسی بە ناوی (البيان بالقرآن)، کە ساڵی (١٩٩٠ز) لە دوو بەرگدا چاپی یەکەمی لە لیبیا کرا، بەڵام دادگای بەرایی شاری (بەنغازی) ڕۆژی (١٦-٦-١٩٩٢ز) بڕیاری دا ئەو کتێبە لە کتێبخانەکاندا بپێچرێتەوەو دەستی بەسەردا بگیرێت و چاپکردنەوەی یاساغ کرا.

سەردەمێکدا هەبوون، کەمو زۆر هەندێک لایەنی ئەم باسانەیان وروژاندووەو دڵسۆزانە بۆ چارەسەری قسەیان کردووە.

**هەندێک لە بەڵگەکانیانو وەڵامیان:**

ئەو تاقمانە بەڵگە بە هەندێک ئایەتی قورئان دەهێننەوە، بە نموونە: بەڵگە بە ئایەتی (٣٨)ی سورەتی (الأنعام)، کە دەفەرمێت: (ما فرطنا في الكتاب من شيء)، واتە: لە قورئاندا هیچ شتێک نیە باسمان نەکردبێت. دەستەواژەی (تفریط) ئاوا مانا دەکەن، کە لە ڕاستیدا وەڵام ئەوەیە مەبەستی قورئان لەو ئایەتە ئەوەیە کە لە کتێبی خوادا شتێک نیە کە کەموکورتی دەرهەقی کرابێت، واتە گوێی پێنەدرابێتو فەرامۆش کرابێت، مەبەستیش لە کتاب بە لای زۆربەی زانایانی تەفسیرەوە (لوح المحفوظ)ە، جگە لەوە ئەگەر مەبەست قورئانیش بێت، لەو ئایەتەدا نەوتراوە هەرچی شتە باسکراوە، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان لە قورئان یان لە (لوح المحفوظ)دا ئاماژە بۆ هەموو شتێک ـ لە پێداویستییەکانی ژیانو ئاین ـ بە شێوەی جیاجیا کراوە.

ئایەتێکی تر کە دەیکەن بە بەڵگە ئایەتی (١١١)ی سورەتی (یوسف)ە، کە دەفەرموێت: [وتفصيل كل شيء وهدى ورحمة لقوم يؤمنون]. لە ڕاستیدا وشەی (تفصیل) لە ئایەتەکەدا هەرگیز بە واتای ئەوە نایەت کە بە درێژیی هەرچی شتە لە قورئاندا باسکراوە، ئەو ئایەتە لە باسی بەسەرهاتی یوسفدا (علیه السلام) هاتووە، ئاماژە بە ژیان و بەسەرهاتی یوسفو براکانی دەکات، یانی لە بابەتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسفو براکانیدا هەموو شتێکمان باسکردووە، نەک لە بابەتی ئەحکامو زانیاری. کەواتە نابێت ئەو ڕستەیە لە سیاقەکەی دەربهێنرێتو بکرێتە بەڵگە کە قورئان درێژەی بە هەموو شتێک

داوە. بەڵگەی بەهێز بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەم ئایەتە دوا ئایەتی سورەتی (یوسف)ەو پاش کۆتایی داستانەکەی یوسفو براکانی هاتووە.

بەڵگەیەکی تریان ئایەتی (٨٩)ی سورەی (النحل)ـە: [ونزلنا علیک الکتاب تبیانا لکل شيء وهدی ورحمة وبشری للمسلمین]، کە ئەویش زۆر ڕوونە مەبەستی ئەوە نیە کە قورئان هەموو شتێکی تێدایە، چونکە بە واقعی وا نیە، دەبینین کە قورئان زۆر شتی تێدا نیە، شتی پەیوەندیدار بە درێژەی ئەحکامەوە، تا دەگاتە شتی تر بە ڕەهایی، بۆ نموونە لە ئەحکامی نوێژدا ژمارەی ڕکاتو خوێندنی قورئان تیایداو کاتەکانی نوێژ- کە هەموو حوکم و پایەی گرنگی نوێژن - لە قورئاندا باسنەکراون. یان لە باسی بڕو ڕێژەی زەکاتو چۆنییەتی دەرکردنی زەکات - کە پایەیەکی تری ئیسلامە - لە بابەتە جیاجیاکاندا وەک پارەو زێڕو زیوو ئاژەڵ و بەروبوومی باخ و باخاتو قازانجی بارزگانیی‌و.. هتد.. ئەمانە هیچی لە قورئاندا ڕوون نەکراونەتەوە، ئەی کەواتە (تفصیل) یانی چی؟ تێکڕای زانایانی تەفسیر لە هاوەڵانو شوێنکەوتووانەوە تاکو هاوچەرخەکان، یەکدەنگن لەسەر ئەوە کە قورئان هەموو شتێکی گشتیی تێدایە (کلیات)، لەو بابەتانەی کە بۆ تێگەیشتن لە ئاینی خواو پەیڕەوی لە ئەحکامەکان پێویستن. بەڵام هەندێکی قورئان بە درێژیی ڕوونی کردووەتەوە، هەندێکی بە کورتی ئاماژەی پێکردووە، هەندێکیشی سپاردووە بە پێغەمبەری خوا ﷺ تاکو ڕوونی بکاتەوە، وەک دەفەرمێت: (لتبین للناس ما نزل إلیهم)، هەندێکی ڕێساو ڕێکاری گشتیی بۆ داناوە، کە فەقیهەکان لە سەردەمو ژینگە جیاجیاکاندا بۆ دەرهێنانی ئەحکامی نوێ پشتیان پێدەبەستن.. باسکردنەکەی قورئان بەو شێوەیەیە، نەک بە شێوەی تر کە لە وشەی (تفصیل)ەوە وەردەگیرێت.

بەڵگەیەکی تریان ئەوەیە کە بەڵگە بە ڕیوایەتێک دێننەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لا تكتبوا عني، ومن كتب عني غير القرآن فليمحه، وحدثوا عني ولا حرج)[٥٨]، واتە: لە منەوە هیچ مەنووسنەوە، هەرکەسیش هەرچی لە منەوە وەرگرتووەو نووسیویەتەوە، با بیسڕێتەوە، لە منیشەوە قسە بگێڕنەوە، هیچ حەرەجێکی تێدا نیە. (ئەم باسەمان لە وانەی باسی تەدوین‌و مێژووی نووسینەوەی فەرموودەدا شی کردەوە)، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو (قورئانییان)ە لەولاوە بڕوایان بە فەرموودە نیە، کەچی لەملاوە بەڵگە بەم فەرموودەیە دێننەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نووسینەوەی فەرموودەی قەدەغە کردووە.

بەهەر حاڵ پێشتر وەڵامی ئەمەمان دایەوە، کە کورتەکەی ئەمە بوو:

نموونەمان هێنایەوە کە عبدالله کوڕی عەمر دەڵێت: هەرچیم ببیستایە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەمنووسییەوە، ئەبوهورەیرەش دەڵێت: کەس لە یارانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە من زیاتر فەرموودەیان نەگێڕاوەتەوە، جگە لە عبد اللەی کوڕی عەمر، بەڵام ئەو دەینووسییەوەو من نەمدەنووسییەوە.

هەروەها بەڵگەش هەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بە عبد الله کوڕی عەمر فەرموودە بنووسێتەوە. جگە لەوە نامەو تۆمارە نوسراوەکانی پێغەمبەر ﷺ لە ژیانی خۆیدا، وەکو تۆماری دەستوری مەدینە، پەیماننامەی حودەیبیە، تۆماری تایبەتی بۆ دانیشتوانی حەزرەمەوت، نووسراوی تایبەتی بۆ یەمەن، نامەکانی بۆ موقەوقیسی فەرمانڕەوای میصر، نەجاشی پادشای حەبەشە، کیسرای پادشای فارس، هەرقلی گەورەی ڕوم، مونزیری میری بەحرەین، پادشای

---

[٥٨] صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٣٠٠٤) و(٥٣٢٦).

عومان، حارسی حیمیەری، میری یەمەن، حاریسی میریغەساسینە، هوزەی حەنەفی و میری یەمامە. مەعلومە زۆرێک لەم نووسراوانە ئەحکامی تەشریعییان تێدایە.

## وانەی نۆیەم

## حوجییەتی سوننەت لە قورئانی پیرۆزدا

لەم وانەیەدا باسی چەند بەڵگەو ئاماژەیەک دەکەین کە لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر حوجییەتی (سوننەت)ی پێغەمبری خوا ﷺ هاتوون.

لە قورئاندا بە چەندین شێوە ئاماژە کراوە بەوە کە سەرچاوەی دووەم بۆ درێژەی بابەتەکانی (ئەحکامی شەرعیی) سوننەتی پێغەمەبەرە، بۆیە دەستەواژەی (سوننەت) بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی (فەرموودەو کردارو ئیقرارەکان)ی بگرێتەوە، چونکە ئەگەر بڵێین (فەرموودە) تەنها گوفتارەکانی دەگرێتەوە، ئێمە پێشتر پێناسی ئەوەمان کرد کە (سوننەت) فراوانترە لە (فەرموودە)، چونکە سوننەت هەم گوفتارەکانی دەگرێتەوە، هەم کردارەکانی، هەم ئەو شتانەی کە دانی پیاداناوەو ئیقراری کردوون، بۆیە زیاتر دەستەواژەی (سوننەت) بەکاردێنین.

جا لە قورئانی پیرۆزدا بە چەندین ڕێگەو شێواز گوزارشت لەوە کراوە کە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێتە سەرچاوەی دووەم بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لە ئەحکامە شەرعییەکانی ناو قورئانی پیرۆز. هەموومان دەزانین کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی کردووە بە (نوێژ، ڕۆژوو، حەجو زەکات)، هەروەها لە بابی موعامەلات و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەی کردووە بە (نیکاحو تەڵاقو مامەڵەو کڕینو فرۆشتن)و هەموو ئەو شتانەی کە دەچنە خانەی سیستەمی ئابووریی ئیسلام، یان سیستەمی سیاسی ئیسلام، یان سیستەمی ئیداریی

ئیسلام، یان یاساکانی (جەنگو ئاشتی)، یان (هاوپەیمانێتی و ڕێکەوتننامەکان).. ئەمانە هەموو پێویستیان بە وردبوونەوە هەیە، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە خاڵە بنەڕەتییەکان یان بنەماکانی ئەم بابەتانە کراوە، تەفصیلاتو وردەکارییەکان هێڵدراونەتەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ یان بە گوفتار ڕونکردنەوەیان لەسەر بدات ، یان بە کردەی خۆی بەشێکی ئەنجام بدات، یان بەشێکیانی بینیوە کە یارو هاوەڵانی پێی هەستاون، یان وتوویانەو بێدەنگەی لێکردوون، کە ئەوە نیشانەی ئیقرارو دانپێدانانیەتیو دەچێتە خانەی سوننەتەوە.

ئێمە ئەگەر نموونە بە نوێژو حەجکردن بێنینەوە، ئەو دوو ڕوکنە گرنگەی ئیسلام، لە دەیان شوێنی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێکراوە. دەیانجار باس لە نوێژ کراوە، بەڵام زیاتر ڕەهەندە مەعنەوییەکەی جەختی لەسەر کراوەتەوە، باس لە پارێزگاریی لە مەرجە باتنیو قەلبییو ناوەڕۆکییەکانی نوێژ کراوە، باسی (خشوع)و ملکەچیی کراوە، باسی ئەوە کراوە کە بەئاگاییەوە نوێژ بکەین، تاکو بزانین لە ناو نوێژدا چی دەڵێین، باسی موحافەزە لەسەر نوێژ کراوە.. بەڵام لە قورئاندا باسی چۆنییەتی نوێژ نەکراوە، ڕاستە ئاماژەی کورتی تێدایە بە (قیام)و (رکوع)و (سجود)و.. هتد، بەڵام نە باسی ئەوە کراوە چی لەناو نوێژدا بخوێندرێت، نە باسی ئەوە کراوە چەند ڕکاتە، یان هەڵسوکەوتەکە چۆن بێتو چۆن دەستپێبکەیتو چۆن کۆتایی بێنی؟ بەو شێوەیەی کە ئێستا نوێژ دەکەین، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا فەرموویەتی: (صلوا كما رأيتموني أصلي)[٥٩]، واتە: بەو شێوەیە نوێژ بکەن کە من ئەبینن دەیکەم. لە

---

[٥٩] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٧٢٤٦).

هەندێک گوفتاریشیدا ڕوونیکردووەتەوە کە ئەوە بکەن‌و ئەوە مەکەن، لەو شتانەی کە ئێستا لە نوێژدا ئەنجام دەدرێن.

جا ئەگەر ئێمە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بە حوججەتی دووەم نەزانین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم وردەکارییانە، چۆن نوێژ ئەنجام بدەین؟ دیارە کە ئەو سەرگەردانییە دروست دەبێت کە بۆ هەندێک لە یاخیبووەکانی سەردەمی (عەلی کوڕی أبو طالب) ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ دروست بوو، کە وتیان: تەنها لە قورئانەوە شێوەی نوێژکردن وەردەگرین، دەی شێوەی نوێژکردن لە قورئاندا ڕوون نەکراوەتەوە، بۆیە هەندێک لە گرووپەکانیان وتیان ـ وەکو لە وانەیەکی تردا ئاماژەمان پێکرد. بەیانیان تەسبیحاتێک بکەین‌و ئێواران تەسبیحاتێک بکەین، ئەوە ئەبێتە نوێژ. هەندێکیان وتیان: "إن الصلاة ركعة بالغداة وركعة بالعشي فقط"[٦٠]، گوایە بینا لەسەر ئەوەی کە لە قورئاندا دەفەرمووێت: [فاصبر إن وعد الله حق واستغفر لذنبک وسبح بحمد ربک بالعشي والإبكار] غافر/٥٥، بە چەندین دەستەواژەی تریش هاتووە.

یان فەریزەیەکی وەکو (حەج) لە قورئاندا ئاماژە کراوە بە (عەرەفات‌و صەفاو مەروەو تەواف‌و سەعی و (هدي)و (بدن)و..هتد)، بەڵام خۆ تەرتیبەکەی باس نەکراوەو شێوازەکەی ڕوون نەکراوەتەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەکو بۆ نوێژەکە فەرمووی: (وەکو من نوێژ بکەن)، لە منەوە ببینن، بۆ

---

[٦٠] بڕوانە: الفصل بين الفصل، ابن حزم، ١١٤/٢، والفَرْق بين الفِرَق، عبد القاهر البغدادي، ص: ٢٨٠، ٢٨١. هەروەها کتێبی (القرآنيون، نشأتهم، عقائدهم، أدلتهم)، نووسینی: علي محمد زينو، دار القبس، دمشق، چەندین نموونەی تری سەیرو نامۆی نوێژی ئەو قورئانییانەی هێناوە، هەیانە وتوویەتی: نوێژی بەیانی چوار ڕکاتە! بڕوانە: ناوبراو، لاپەڕە: ٨٩.

حەجیش فەرمووی: (خذوا عني مناسككم)،[٦١] واتە: مەناسکی حەجتانو شێوازی ئەنجامدانی فەریزەی حەجتان، لە منەوە وەربگرن، ئیتر هەندێکی بە فەرموودە ڕوون کردووەتەوە، هەندێکی بە کردەوە، خۆی جێبەجێی کردووەو یارانی وەکو حوکم وەریانگرتووە.. هەموو حوکمەکانی تریش لەو بابەتەن. یان بابەتی ڕۆژووگرتن تەفصیلاتێکی هەیە، هەر وایە، لەوەوە وەرگیراوە، یان بابەتی زەکات، پۆلێنکردنی زەکات، بڕەکانی زەکات، کە لە پارە چۆن دەردەکرێت؟ لە زێڕو زیو چەندە؟ لە مەڕو مالآت چەندە؟ لە بەروبوومی کشتوکاڵ چەندەو چیە؟ ئەمانە هیچی لە قورئانی پیرۆزدا باسنەکراون، هەموو لە ڕێی فەرموودەوە، یان لە ڕێی کردەی پێغەمبەر خواوە وەرمانگرتوون، ئەگەر بە تەنها لە قورئانەوە وەریانبگرین، نازانین چۆن جێبەجێیان بکەین.

دیارە قورئانی پیرۆز پوختەی ئەو شتانەی باسکردووەو نەچووەتە ناو تەفصیلات، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە دەبێت سوننەتی پێغەمەبەری خوا ﷺ ڕوونکەرەوەی بەشێک لە قورئانی پیرۆز بێت.

ئەمەی سەرەوە بەڵگەی لۆژیکیی بوو هێنامانەوە، بەڵام وەکو دەقیش، ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزدا کە ئەمەمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە، ئایەتی (٤٤)ی سورەی (النحل)ە کە دەفەرمووێت: [وأنزلنا إليک الذکر لتبين للناس ما نزل إليهم]، واتە: ئێمە زیکر ـ واتە قورئان ـ مان نارد بۆ سەر تۆ، تاکو ئەوەی کە بۆ خەڵکی نێردراوە، ڕوونی بکەیتەوە، ڕوونکردنەوەکە دەبێتە وردکردنەوەی چۆنیەتی

---

[٦١] ئەسڵەکەی لە صەحیی موسلیم، بە ژمارە: (١٢٩٧) هاتووە.

جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەی کە وتمان بە شێوەی پوخت و چڕ لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێکراوە.

**حیکمەتی ئەوەی کە قورئان نەچووەتە باسکردنی وردەکاریی:**

نهێنی ئەوەی کە قورئانی پیرۆز نەچووەتە ناو وردەکارییەکان ئەوەیە کە ئەگەر قورئانی پیرۆز بچوایەتە ناو وردەکارییەکانی هەموو ئەحکامەکان، دەبوایە قورئان چەندین بەرامبەری ئەم قەبارەیەی ئێستەیەی بوایە، ئەو کاتە شێوەو شکڵی یاسا دونیاییەکانی وەردەگرت، کە زۆر جار لە وردەکارییەکاندا ئاڵوگۆڕ دروستدەبێتو ئەحکام دەگۆڕێنو بەپێی هەلومەرجو ژینگەو سەردەمو بەپێی حاڵەتی ئینسانەکان، دەبێت بەردەوام هەموار بکرێنەوەو بگۆڕدرێن.. بۆیە قورئانی پیرۆز تەنها بنەماو پرەنسیبەکانی باسکردووە.

لە سەرێکی تریشەوە لەو حاڵەتەدا پانتاییەک بۆ خستنەکاری عەقڵ و هزری مرۆڤەکان و بیرکردنەوەو تێڕامان نەئەمایەوە، کە لە بنەڕەتدا قورئان زۆر بایەخی بەم لایەنە داوە، بۆ ئەوەی ئەحکامەکانی لەگەڵ هەموو سەردەمەکان و ژینگەو کۆمەڵگەو دۆخە جیاوازەکان بگونجێت.

**بەشە سەرەکییەکانی پێکهێنەری ئیسلام:**

کۆی ئاینی پیرۆزی ئیسلام مەنزومەیەکی پێکەوەشێلراوە، بەڵام دەبێت بە سێ بەشی سەرەکییەوە: بەشی یەکەمیان: بریتییە لە (بیروباوەڕو بابەتە ئیمانی و عەقیدەییەکان)، ئەوە قورئان هەمووی بە دوورودرێژیی باسکردووەو هیچی بە بێ باس نەهێشتووەتەوە، تاکو پێویستمان بە فەرموودەو ڕیوایات بمێنێت.

بەشی دووهەم: (ئەحکامە شەرعییەکان)ن، کە ئەوانیش بنەماو چوارچێوە گشتیی‌و جەوهەرییەکانی باسکردووە. ماوەتەوە تەفصیلاتیان، کە دەکرێت ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت، ئەوەی هێشتووەتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ. جۆری سێیەمیشیان: (قیەم‌و ڕەوشت‌و بەها ئەخلاقییەکان)ن، لەوەشدا هەر بابەتە جەوهەرییەکانی باسکردووەو وردەکارییەکانی هێشتووەتەوە بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا، بۆیە ئەو وردکردنەوەیە پێویست بوو لە دەرەوەی قورئان بێت، بۆ ئەوەی قورئان قەبارەی وەک خۆی بمێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی پانتاییەکیش بێڵێتەوە بۆ پەیامهێنەر.

## بەڵگەکانی قورئان لەسەر حوجییەتی سوننەت:

بە وردبوونەوە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەتوانین دەیان بەڵگە ببینین کە بە ڕوونیی (حوجییەتی سوننەت) دەسەلمێنن و بۆمان دووپات دەکەنەوە کە لە تەنیشت قورئاندا سەرچاوەیەکی تر هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرێک لە تەفصیلاتی ئەو حوکمانەی کە لە قورئاندا ئاماژەی کورتیان بۆ کراوەو شیکردنەوەیان بەجێ هێڵراوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ .. لێرەدا چەند نموونەیەک لەو ئایەتانە دەهێنینەوە:

### ١- بابەتی (أولو الأمر)و ئیجتیهادی زانایان:

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە خاڵێک بکەین کە: هەندێک وردەکاریی تر هەن زیاد لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی داون، یان ئاماژەی پێکردوون، بەجێهێڵراون بۆ ئەو ڕابەرانەی خوای گەورە ناوی ناون (أولوا الأمر) خاوەن فەرمانەکان، ئەوانەی کە لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا پێی دەڵێن: ئەنجومەنی (شورا)، چونکە لە قورئاندا ئاماژە کراوە بە (شورا) یان (ئەهلی حەلل‌و عەقد). هەندێک

وردەكاریی تر هەن، تەشبیهات نەبێت – تەنها بۆ تێگەیاندن ئەم نموونەیە دێنمەوە – چۆن لە سیستمی تەشریعیی وڵاتێدا دەستور هەیە، یاساكانیش هەن، كە ئەنجومەنی تەشریعیی دەری دەكەن، هەندێك ڕێكاریش هەن كە ئەدرێنە دەستی دەزگا تەنفیزییەكان‌و جێبەجێكردن، وەكو وەزارەتەكان، تەشبیهات نەبێت ئەو بابەتانەی وردترن لە وردكردنەوەكانی پێغەمبەرو ژینگەو سەردەم‌و كاتەكان‌و حاڵەتەكان‌و عورف‌و نەریتەكان كە كاریگەرییان لەسەری ئەبێت، بەجێ هێڵدراوە بۆ (أولی الأمر)، یان ئەهلی (ئیجتیهاد)، یان (ئەنجومەنی شورا)، ئەوان دەتوانن لەو شتانە كە دەقیان لەسەر نیە، قسەیان لەسەر بكەن، لەبەر ڕۆشنایی هەندێك ڕێساو قاعیدەی گشتیدا كە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان بۆ كراوە.

ئەسڵێكی قورئانیی كە ئەمەی لێهەڵدەگۆزرێت ئایەتی (٨٣)ی سورەتی (النساء)ە كە دەفەرمووێت: (وإذا جاءهم أمر من الأمن أو الخوف أذاعوا به، ولو ردوه إلى الرسول وإلى أولي الأمر منهم لعلمه الذين يستنبطونه منهم)، ئایەتەكە لە زەممی ئەوانەدا هاتووە كە هەر قسەیەك دەبیستن دەیگێڕن و دەیهێنن و دەیبەن و نایگێڕنەوە بۆ سەرچاوەی خۆی لە خەڵكی پسپۆڕو شارەزا، واتە: هەركات شتێكیان پێدەگات دەربارەی ئەمن و ئاسایش، یان هەواڵێكی مەترسیدار، بڵاوەی پێ دەكەن، لە كاتێكدا ئەگەر بیگێڕنەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (لە كاتی ژیانیدا)، یان بۆ لای خاوەن فەرمانەكانی خۆیان، (واتە پاش وەفاتی پێغەمبەری خوا، كە دەكەنە بەرپرس و دەسەڵاتی شەرعیی خۆیان، كە لە سیستمی ئیسلامیدا بریتین لە ئەنجومەنی شورا)، ئەوە شارەزایانی ئەو ئەنجومەنە، كە ئەهلی توێژینەوەو هەڵگۆزینی بڕیارن، (واتە لێژنە پسپۆڕییەكانی ناو ئەنجومەنی شورا) ئەزانن بابەتەكە چیەو چۆنە.

ئەمە بەڵگەی یەکەم کە وتمان قورئانی پیرۆز پوختەی ئەحکامی تێدایەو تەفصیلاتیان بەجێهێڵراوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەپێی ئەو ئایەتەی سورەی (النحل) کە ئاماژەمان پێکرد: (وأنزلنا إليک الذکر لتبين للناس ما نزل إليهم).

## ٢- سوننەتو مانای حیکمەت:

لە قورئانی پیرۆزدا زۆر جار باسی تەعلیمی (کتاب) و (حیکمەت) کراوە، بە تایبەتی فێرکردنی کتابو حیکمەت وەک ئەرکێکی پێغەمبەر، وەکو ئەوە کە دەفەرموویێت: [کما أرسلنا فيکم رسولا منکم يتلو عليکم آياتنا ويزکيکم ويعلمکم الکتاب والحکمة ويعلمکم ما لم تکونوا تعلمون] البقرة/١٥١، ئەم دەقی ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەرکێکی تر سپێردراوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ کە پەیوەندیی بە شەریعەتەوە هەیە، دەفەرموویێت: پێغەمبەرێکمان لە ئێوە ناردووە بۆ ناوتان، ئایەتەکانی خواتان- یەک لە دوای یەک - بۆ دەخوێنێتەوە، هەروەها تەزکیەتان دەکاتو گەشە بەتواناکانتان دەداتو پاکتان دەکاتەوەو کیتابو حیکمەتتان فێر دەکات.

لەو بڕگەیەی (کتابو حیکمەت)دا پرسیارێک دروست دەبێت کە ئەگەر کیتابمان فێردەکات- کە قورئانی پیرۆزە- ئەی حیکمەت چیە کە فێرمان دەکات؟ کەواتە حیکمەتیش شتێکی ترە لە تەنیشت قورئانی پیرۆزدا، کە لە لای زۆربەی موفەسسیرینو بە پێی خوێندنەوەیەکی واقعیش حیکمەت بریتییە لە سوننەتی کردەیی پێغەمبەری خوا. کەواتە پێویستە پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاڵی قورئاندا شتێکی ترمان بۆ بخوێنێتەوەو فێرمان بکات، تەنانەت لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمویێت، [ويعلمکم ما لم تکونوا تعلمون]: شتانێکتان فێر دەکات کە ئێوە

نەتاندەزانین، دیارە ئەمە قورئان ناگرێتەوە، چونکە قورئانی بگرتایەتەوە ئیتر پێویستی نەدەکرد بە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕستەیە، کەواتە یانی ئەو شتانەتان فێردەکات کە لە دەرەوەی قورئان ئاماژەیان بۆ کراوە، وەکو زانیاریی گشتی ئەتانداتێ، کە بەشێکە لە حیکمەتەکەو لەو شتانەی کە خۆی لە ژیانیدا حەزی کردووە وەکو زانیاری بە موسڵمانانی بگەیەنێت.

کەواتە کیتاب هەیە، حیکمەتیش هەیە، شتانێک هەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیانگەیەنێت، ئیتر چۆن بە تەنیا کتاب دەبێتە سەرچاوە؟ لە کاتێکدا کە خودی قورئان ئاماژە دەکات بە حیکمەتو بە شتانێک کە پێغەمبەر فێری موسڵمانانی دەکات

**٣- گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئانی پیرۆزدا:**

بابەتێکی تر لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، ڕادەی گەورەیی پێگەی پێغەمبەری خوا ڕوون دەکاتەوە، ئەویش کۆکردنەوەی گوێڕایەڵیی پێغەمبەرە لەگەڵ گوێڕایەڵیی خوای گەورەدا. لە زیاتر لە (١٠) ئایەتی قورئانی پیرۆزدا گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەوە کۆکراونەتەوە، تەنانەت گوێڕایەڵیی پێغەمبەی یەکسان کردووە بە گوێڕایەڵیی خوا، بۆ نموونە دەفەرمووێت: [من یطع الرسول فقد أطاع الله] النساء/٨٠: هەر کەس گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوا ﷺ بکات، ئەوە گوێڕایەڵیی خوای کردووە. دەی باشە ئەگەر گوێڕایەڵیی خوا بریتی بێت لە گوێڕایەڵیی قورئانی پیرۆز، ئەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبێت بە چی؟ دیارە لە حاڵی ژیانی خۆیدا، گوێڕایەڵیی لە زاتی خۆی بوو، بەڵام بە نیسبەت چینی (تابعین) بە دواوە، تا دەگاتە ئێمە، گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێت بە چی، ئەگەر بریتی نەبێت لە گوێڕایەڵیی لە فەرموودەکانی؟ کەواتە بە دەقی قورئان دەبێت شتێک هەبێت بە ناوی فەرموودە لەبەر دەستی ئێمەدا.

یان دەفەرموویت: [وما أرسلنا من رسول إلا ليطاع بإذن ٱلله] النساء/٦٤، نەک هەر پێغەمبەری خاتەمی پێغەمبەران (عليهم السلام جميعا) بەڵکو هەموو پێغەمبەرێک هاتووە بۆ ئەوەی گوێڕایەڵیی بکرێت، یان دەفەرموویت: [أطيعوا الله وأطيعوا الرسول]، هەروەها هیدایەتی مرۆڤەکانی بەستووە بە گوێڕایەڵیی پێغەمبەرەوە ﷺ، دەفەرموویت: [وإن تطيعوه تهتدوا] النور/٥٤: ئەگەر گوێڕایەڵیی لێ بکەن، بەرچاو ڕوون دەبن‌و دەبنە ئەهلی هیدایەت، کەواتە ئەگەر گوێڕایەڵیی لە پێغەمبەر نەکرێت، مرۆڤەکان سەرگەردان‌و گومڕا دەبن.

**٤- پێکەوەگرێدانی وەڵامدانەوەی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ**

بەڵگەیەکی تر، باسی وەڵامدانەوەی خواو پێغەمبەری خوایە، لە قورئاندا دەفەرموویت: [يا أيها الذين آمنوا استجيبوا لله وللرسول إذا دعاكم لما يحييكم] الأنفال/٢٤: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! وەڵامی خواو پێغەمبەری نێردراوی خوا بدەنەوە، کاتێک بانگتان دەکات بۆ شتێک کە هۆی ژیانەوەتانەو گیانتان زیندوو دەکاتەوە. لێرەدا ناکرێت مەبەست هەر خودی قورئانی پیرۆز بێت، چونکە ئەگەر مەبەست هەر قورئانی پیرۆز بوایە [استجيبوا لله] کافی دەبوو، چونکە دەیگەیاند کە پەیڕەوی لە قورئان کافییە!

**٥- بڕوادار لە بەردەم خواو پێغەمبەردا سەرپشک نیە:**

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت: [وما كان لمؤمن ولا مؤمنة إذا قضى ٱلله ورسوله أمرا أن يكون لهم الخيرة من أمرهم] الأحزاب/٣٦: هیچ پیاوێکی موسڵمان‌و هیچ ئافرەتێکی موسڵمان بۆیان نیە کاتێک خوای گەورەو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانێکیان بڕیار دا، خۆیان سەرپشک بکەن‌و وا بزانن خۆیان ئەتوانن گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ نەکەن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە

قەزاوەتی خواو پێغەمبەری خستووەتە پاڵ یەک، [إذا قضى الله ورسوله أمرا]، کەواتە هەندێک لە فەرمانەکان بە قەزاوەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرێن، ئەگەر وا نەبوایە پێویستی نەدەکرد کە عەطفی وشەی (الرسول) بکات بۆ سەر لەفزی (الله)- سبحانه وتعالى- باسی قەزاوەتی خوا بەس بوو، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بە لای ئەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە فەرمووده نیە، گوایە هەر پەیکو پەیامهێنێکەو هیچی تر، تەنها هەواڵ هەڵگرێکە.. ئەی ئەگەر وا بێت چ پێویست دەکات عەطف بکرێتەوە لەسەر زاتی (الله)- سبحانه وتعالى- .

**٦- حەرامکراوی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ یانی چی؟**

لەسەر ئەم بنەمایە ئایەتێک هەیە زۆر گرنگە کە دەفەرموێت: [قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر ولا يحرمون ما حرم الله ورسوله] التوبة/٢٩، سەرنج بدەن فەرماندەدات بە موسڵمانان کە جەنگ بکەن دژی ئەو بێباوەڕە شەڕخوازانەی باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی نیەو ئەوەی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی[٦٢] کردووە حەرامی ناکەن، سەرنجی بڕگەی [ولا يحرمون ما حرم الله ورسوله] بدەن، لە دوای ناوبردنی خوای گەورە، باسی پێغەمبەریشی کردووە، دەفەرموێت: ئەوانە حەرامکراوی خواو حەرامکراوی پێغەمبەر ﷺ، بە حەرام نازانن. کەواتە هەندێک شت بە مۆڵەتی خوای گەورە لە لایەن پێغەمبەری خواوە حەرام دەکرێن، کە ئەو وردە بابەتانەن وتمان پێویست ناکات بچنە ناو

---

[٦٢] نموونەی ئەو شتانەی بە سوننەت حەرام کراون یان حوکمیان بۆ دانراوە: کۆکردنەوەی ژنێک و پوری پێکەوە لە هاوسەرگرتندا، قەدەغەکردنی پۆشینی زێڕو ئاوریشم بۆ پیاوان، قەدەغەکردنی خواردنی گۆشتی زۆرێک لە ئاژەڵ و گیانداران، تەمبێکردنی مەیخۆر..

قورئانی پیرۆزەوە، چونکە قورئانی پیرۆز بۆ هەموو سەردەمەکان‌و بۆ هەموو ژینگەکان‌و بۆ مێژووی مرۆڤایەتییە، دەبێت پارێزگاریی لەوە بکات کە تەنها ئاماژە بە بابەتە گشتیی‌و بنەڕەتییەکان بکات، تەنها باسی بنەماو پرەنسیپەکان بکات، بۆ ئەوەی بۆ هەموو سەردەم‌و ژینگەیەک گونجاو بێت، ناکرێت بچێتە ناو تەفاصیل، بۆیە ئەم ئەرکە بەجێهێڵراوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

**٧- گوێڕایەڵیی لە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ و (أولوا الأمر):**

دوای ئەوە- جگە لە قورئان‌و سوننەت- بۆ ئەو بەشەش کە سەردەمەکانی خیلافەی ڕاشیدەو عەهدی نزیک بە پێغەمبەرﷺ تێدەپەڕێت، سەرچاوەیەکی تریشی بۆ بڕیارداوین کە بریتییە لە بڕیارەکانی (أولوالأمر): خاوەن فەرمانان، ئەهلی شوراو ئیجتیهاد، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد. ئەوان هەر شتێک دەقی ئایەت‌و فەرموودەی لەسەر نەبوو، بۆیان هەیە لەبەر ڕۆشنایی ڕێسا شەرعییە گشتییەکاندا (ضوابط)و (قواعد عامة)دا قسەی تێدا بکەن‌و بڕیارەکانیان دەبێتە ئیلزامیی بۆ ئوممەت. ئەمە بەڵگەی دڵنیاکەرەوەی لە قورئانی پیرۆزدا لەسەرە، لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێت: [أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم] النساء/٥٩: گوێڕایەڵیی لە خوا بکەن، هەروەها گوێڕایەڵیی لە پێغەمبەری خواو خاوەن فەرمانەکانتان بکەن، یانی ئەهلی شوراو ئیجتیهاد.[٦٣] قسەکە لێرەدا ئەوەیە کە سەرچاوەکانی تەشریع ـ بە تەواوکارەکانەوەـ سیانیشن، نەک دووان!

---

[٦٣] **پشت بە خوا لە وانەکانی (أصول الفقه)دا ڕوونی دەکەینەوە کە (أُولوا الْأَمْر) کێن‌و مەرجەکانی ئیجتیهاد کامانەن؟ موجتەهید بە کێ دەوترێ؟ هەروەها لە چ بوارێکدا بۆیان هەیە کە بڕیار دەربکەن..؟**

یەکەمیان: قورئانی پیرۆزە وەکو سەرچاوەی بنەڕەتی، دووەمیان: سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ، وەکو ڕوونکەرەوەی قورئانی پیرۆز، بۆ وردەکارییو خستنەڕووی تەفصیلاتی ئەو حوکمانەی کە لە قورئاندا بە کورتیی هاتوون. سێیەمیان: ئەو وردە بابەتانەی کە لە دوای سەردەمی پێغەمبەرەو دێنە پێش، وەکو لە واقعی مێژووی ئیسلامیدا ڕووی داوەو زانایانێکی گەورە بە ناوی موجتەهید لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەکانی خواو پێغەمبەری خوادا ﷺ یان لە ژێر سایەی ڕێسا گشتییەکانی شەریعەتدا، هەندێک ئەحکامیان ڕوونکردوونەتەوە بۆ موسڵمانان، بۆ ئەو حاڵەتانەی کە سەرچاوە بنەڕەتییەکان - قورئانو سوننەت- ئاماژەیان پێنەکردوون.

**٨ـ لە کاتی ناکۆکیدا (کتاب)و (سوننەت) سەرچاوەن:**

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە بیرمان دەخاتەوە کە هەر کاتێک ناکۆکییەک هەبوو لەسەر هەر بابەتێک، ئەوە دەبێت بیگێڕینەوە بۆ قورئانی پیرۆزو بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: [فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول) النساء/٥٩: لە هەر شتێکدا ناکۆک بوون، بیگێڕنەوە بۆ لای خواو بۆ لای نێردراوی خوا، دیارە گێڕانەوە بۆ لای خوا، یانی گێڕانەوە بۆ لای قورئانی پیرۆز، چونکە گێڕانەوە بۆ لای خوا تەنها بۆ پێغەمبەر دەکرێت، کە دەتوانێت شتێک وەکو شێوەی پرسیار ئاراستەی جبریلی گەورەی فریشتەکان (علیه السلام) بکات، تاکو بیگەیەنێت بە خوای گەورە. بەڵام ئێمە هەر شتێک بگێڕینەوە بۆ لای خوا، بە مانای ئەوەیە کە بیگێڕینەوە بۆ لای قورئان. جا پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە ئەگەر قورئان کافی بوایە، چۆن عەطفی کەلیمەی (الرسول)ی دەکرد بۆ سەر زاتی (الله)؟ [فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله

والرسول]: لە هەر شتێكدا ناكۆک بوون، بیگێڕنەوە بۆ لای خواو ڕەسول، دەی باشە ئەمە لە ژیانی پێغەمبەردا دیار بووە، صەحابەكان كێشەیەک، شتێكیان بووبێت بردوویانەتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەی ئەگەر لە سەردەمی دوای پێغەمبەری خوادا ﷺ دوو موسڵمان، دوو دەستە، دوو هۆز، كێشەیەكان هەبوو چۆن بیگێڕنەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ؟

دیارە ئەبێت بیگێڕنەوە بۆ لای سوننەتی پێغەمبەری خوا، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم قورئانە پرۆگرامی ژیانی موسڵمانانە لە هەموو سەردەمەكانو لە هەموو ژینگەكاندا، ناكرێت ئەم ئایەتە لە ڕووی واقعییو كردەییەوە كاری پێنەكرێت و بوترێت: مەبەست لەم ئایەتە بۆ سەردەمی صەحابەكانە، ئەگەر وا بوایە لە قورئانی پیرۆزدا تۆمار نەدەكرا. بۆیە، كە دەفەرمووێت: بیگێڕنەوە بۆ لای خوا، یانی بۆ قورئان، كە دەشفەرمووێت: بیگێڕنەوە بۆ لای پێغەمبەر، یانی بۆ لای سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .

**٩- پلەی دادوەریی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ:**

لە ئایەتێكی تردا، لە سورەتی (النحل) ئایەتی (٦٤)دا ئاماژە دەكات بەوە كە هەندێكجار مسولْمانان جیاوازیی بۆچوونو ڕایان بۆ دروستدەبێت، دەبێت پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونكردنەوە بدات لەسەر ئەو شتەی لەسەری ناكۆكن، دەفەرمووێت: [وما أنزلنا عليک الكتاب إلا لتبين لهم الذي اختلفوا فيه وهدى ورحمة لقوم يؤمنون] النحل/٦٤، یانی: كیتابمان بۆ ئەوە ناردووە بۆ تۆ، تاكو ئەو شتەیان بۆ ڕوون بكەیتەوە كە تیایدا ڕای جیاوازیان لەسەری هەیە، ئەم كیتابە هیدایەتو هۆكاری ڕێنوێنییەو ڕەحمەتو سۆزو میهرەبانیی خوایە بۆ قەومێک كە موسڵمان بن.

کەواتە قسەکە لێرەدا ئەوەیە: کاتێک لە تێگەیشتنی قورئانی پیرۆزدا جیاوازیی دروستدەبێت، کێ یەکلای بکاتەوە؟ دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی ژیانی خۆیدا، سوننەتەکەشی لە پاش وەفاتی، خوای گەورە دەفەرموێت: [وما أنزلنا عليك الكتاب إلا لتبين لهم الذى اختلفوا فيه]، واتە: ڕوونکردنەوەی ئەو شتە ئەکەی کە ئیختلافیان هەیە تیایداو دووڕاییان هەیە. ئەمە ئەیگەیەنێت دەبێت هەندێک لە سوننەت یەکلاکەرەوەی ئەو خیلافو جیاوازییانە بێت کە لە تێگەشتنی قورئاندا لە نێوان موسڵماندا دروست دەبێت، دەی کەواتە حوکمی کەسانێک چیە کە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەشکێنن؟ ئەوە لە سورەتی (النور)، ئایەتی (٦٣) وەڵاممان دراوەتەوە، دەفەرمووێت: ﴿فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم﴾ واتە: با ئەوانەی کە سەرپێچیی لە پێغەمبەری خوا ﷺدەکەن، بترسن لەوەی کە ئاشووبو فیتنەیەک تووشیان ببێت، یان سزایەکی ترسناک بێتە پێشیان، لەسەر ئەوەی سەرپێچیی لە فەرمانی پێغەمبەری خوا دەکەن. ئەمە لێرەدا ئاماژە بە قورئان نیە، باسی شەخسی پێغەمبەری خوایە ﷺ.

**١٠ـ گەڕانەوەی بەردەوامی هاوەڵان بۆ لای پێغەمبەر ﷺ چی دەگەیەنێت؟**

بەڵگەیەکی تری لۆژیکیی لەسەر ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە هەموو تەفصیلاتی ئەحکام نەکراوە، بەڵکو تەنها بابەتە بنەڕەتییەکان ئاماژەیان پێکراوەو پێویستمان دەبێت بە سوننەت بۆ ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی تری قورئانی پیرۆز، ئەوەیە کە ئایا لە سەردەمی پێغەمبەردا صەحابەکان ئەو هەموو پەنابردنەیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ لەپای چی بوو؟ ئەگەر قورئان کافی بوو، بۆچی زۆر جار دەیانپرسی: فلان ئایەت چی دەگەیەنێت؟ یان زۆرجار لە حوکمیان دەپرسی: ئەم حوکمە چی دەگەیەنێت؟ زۆرجاری تر دەیانپرسی: ئەم

بابەتە چۆن جێبەجێ بکەین؟ زۆرجار بە شێوەی کردەیی سەیری پێغەمبەری خوایان دەکرد بزانن چۆن حوکمێکی قورئانی پیرۆز جێبەجێ دەکات؟

پرسیارە لۆژیکییەکە لەسەر ئەوانەیە کە ئینکاری سوننەت دەکەن: ئایا صەحابەی پێغەمبەر ﷺ وەکو ئەمانەیان کردووە کە لەم سەردەمانەی ئێمە پەیدابوون، دەڵێن قورئانی پیرۆز کافییە؟ ئایا یارانی پێغەمبەری خوا ﷺ نەدەگەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەرو پرسیاری لێبکەن لەسەر هەندێک لەو شتانەی کە لە قورئاندا هەن‌و تێینەدەگەیشتن؟ یان ئایا داوای ڕوونکردنەوەیان نەدەکرد لەسەر هەندێک لە ئەحکامە شەرعییەکانی ناو قورئانی پیرۆز؟ لە کاتێکدا ئەوان حەتمەن لە باشترین کەسانێک بوون کە لە قورئانی پیرۆز تێگەیشتبن، چونکە نزیکترین کەسان بوون بە قورئانی پیرۆزو لە ڕووی زمانەوانیی و ڕەوانبێژیشەوە لە هەموو کەس و زۆر لە ئێمەمانان‌و زۆرێک لەوانەی پێش ئێمەش شارەزاتر بوون لە زمان.. ئەگەر قورئان بە تەنها کافی بوو، ئەوان ئەو هەموو پرسیارو داوای ڕوونکردنەوانەیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ چی بوو؟ بۆچی پێغەمبەری خوا نەیدەفەرموو: بڕۆن بگەڕێنەوە بۆ قورئان، من پەیامەکەم بۆ هێناون، خۆتان بڕۆن وردببنەوە لە واتاکانی‌و پێویستان بە من نابێت؟ بە پێی قسەی ئەوانە بێت کە ئینکاری سوننەت دەکەن، دەبوایە وا بوایە!.

**١١- بڕیاری پێغەمبەری خوا ﷺ لە دادوەریدا یەکلاکەرەوەیە:**

لە ئایەتی (٦٥)ی سورەتی (النساء)دا قورئان سوێند دەخوات بە پەروەردگاری محەممەد - لەبەر ئەوە پێگەی محەممەد ﷺ دەربخات- کە ئەو خەڵکە باوەڕیان تەواو نابێت ئەگەر تۆ نەکەنە حەکەم‌و دادوەر لە بەینی خۆیاندا، لەسەر ئەو بابەتانەی ناکۆکن تیایاندا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا پێویستی دەکرد بەمە کە

قورئان سوێند بخوات بەوە کە ئەبێت محەممەد ببێتە دادوەر، ئەگەر قورئان کافی بوو؟ لەو ئایەتەدا دەفەرموویێت: [فلا وربک لا یؤمنون حتى یحكموک فیما شجر بینهم ثم لا یجدوا في أنفسهم حرجا مما قضیت ویسلموا تسلیما]، واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ـ ئەی محەممەد! ـ ئەمانە باوەڕناهێنن، تا کاتێک تۆ نەکەنە دادوەر لە نێوان خۆیاندا لەسەر ئەو بابەتانەی لەسەری ناکۆکن، دوای ئەوە لە دڵیاندا هیچ حەرەجێک نەبێت بەرامبەری تۆ کە قەزاوەتی تێدا دەکەی، دەبێت بە تەواویی تەسلیم ببن.. باسەکە لێرەدا ئەمەیە ئەگەر قورئان کافی بێت، ئەمەی بۆ چیە. دادوەریی پێغەمبەری خوا ﷺ چ پێویست دەکات، کاتێک کە قورئان لەبەردەستی موسڵماناندایە؟

**١٢ـ قورئانو سوننەت پەناگای موسڵمانانن:**

بەڵگەیەکی تر ئایەتی (٦٠) و (٦١)ی سورەتی (النساء)ـە، کە زۆر بە ڕوونیی ئاماژە دەکات بەوە کە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ پەناگای موسڵمانانن، لەو شتانەی کە کێشەی تێدا دروستدەبێت، دەفەرموویێت: [ألم تر إلى الذین یزعمون أنهم یؤمنون بما أنزل إلیک وما أنزل من قبلک یریدون أن یتحاکموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن یكفروا به، ویرید الشیطان أن یضلهم ضلالا بعیدا * وإذا قیل لهم تعالوا إلى ما أنزل الله وإلى الرسول رأیت المنافقین یصدون عنک صدودا] النساء/ ٦٠ـ٦١. ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە زور ڕوونن، قورئان پرسیار دەکات: ئایا ئەوانەی گومانیان وایە کە باوەڕیان هێناوە بەوەی بۆ تۆ نێردراوەو بەوەی بۆ پێش تۆ نێردراوە، دەیانەوێت پەنابەرن بە طاغوتو بیکەنە دادوەری خۆیان، لە کاتێکدا فەرمانیان پێدراوە کە بێ بڕوا بن نیسبەت بە طاغوت، شەیتان دەیەوێت گومڕایان بکاتو زۆر دووریان بخاتەوە. هەر کاتێکیش پێیان دەوترێت: وەرن

بۆ ئەوەی کە خوا ناردوویەتی، وەرن بۆ لای پێغەمبەرﷺ دووڕووەکان دەبینیت کە پشتت لێ هەڵدەکەن‌و نکووڵیی دەکەن.

لێرەدا باس لەوەیە ئەگەر گەڕانەوە بۆ قورئان کافی بوایە، خوای گەورە دەیفەرموو: [وإذا قيل لهم تعالوا إلى ما أنزل الله]، لەگەڵیدا نەیدەفەرموو: [وإلى الرسول]، کەچی لە ئایەتەکەدا دەفەرمووێت: [وإذا قيل لهم تعالوا إلى ما أنزل الله وإلى الرسول رأيت المنافقين يصدون عنك صدودا]، واتە: کاتێک کە پێیان دەوترێت: بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوەی خوا ناردوویەتی‌و بگەڕێنەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ دوڕووەکان دەبینی کە پشتهەڵدەکەن. مانای وایە زۆرجار گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خواش دروستە، بەڵکو پێویستە، بۆ ئەو بابەتانەی کە دەچنە تەفصیلاتی ژیانەوەو دەبێت ئەو ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدات.

**١٣ـ قورئان‌و سوننەت هەر دوو نیعمەتی خوان:**

خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە قورئان ئاماژە دەکات ئەم حیکمەت‌و سوننەتەی پێغەمبەری خواو ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ دەیڵێت، وەکو ڕەسول دەیڵێت، هەر ئەوەیە کە خوای گەورە ناردوویەتی، یانی ئەویش لەوەیە کە خوای گەورە پێی ڕازی بووە، تەنانەت بە نیعمەت ناوزەدی دەکات، وەکو لە سورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٣١)دا دەفەرمووێت: [واذكروا نعمت الله عليكم وما أنزل عليكم من الكتاب والحكمة يعظكم به]، واتە: یادی نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، یادی ئەوە بکەنەوە کە کیتاب‌و حیکمەتی ناردووە بۆتان، ﴿يعظكم به﴾ تا ئامۆژگاریتان بکات لە ڕێی ئەوەوە. ئەم عەطفکردنی حیکمەتە لەسەر کیتاب، هەروەها ئەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وما أنزل عليكم من الكتاب والحكمة﴾ البقره/٢٣١، یانی هەردووکیان لە خوای گەورەوەن، هەم کیتاب

پەیامی خوای گەورەیە، هەم حیکمەت پەیامی پێغەمبەری خوایە، کە ئەویش هەر خوای گەورە پێیبەخشیوەو بۆی ئیلهام کردووە، چونکە ڕوونکردنەوەی بە پێغەمبەر ﷺ داوە، یان (جبریل) فێری کردووە، ئەویش هەر بە نێردراوی خوای گەورە دێتە ژمار.

هەمان ئەم چەمکە لە سورەتی (الأحزاب) ئایەتی (٣٤)، دووبارە دەکاتەوە کە بە دایکانی ئیمانداران، خێزانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: [واذكرن ما يتلى في بيوتكن من آيات الله والحكمة]، واتە: یاد بکەنەوەو باسبکەن لەوەی لە ماڵەکانتاندا دەخوێنرێتەوە بەسەرتاندا، لە ئایەتەکانی خواو لە حیکمەت، عەطفی حیکمەت لەسەر (آيات الله) مانای وایە دوو شتی جیاوازن، چونکە لێرە ڕێسایەکی زمانەوانیی جوانمان هەیە لە عەرەبیدا دەڵێت: عەطف بۆ جیاوازییە، یانی کاتێک (واو)ی عەطف دەخرێتە نێوان دوو ئیسمەوە، یان دوو بابەتەوە، جیاوازیی نێوان ئەو دوو ئیسمە دەگەیەنێت، واتە لێرەدا ئایاتی خوا جیاوازە لە حیکمەت، حیکمەتیش ئەو سوننەتو ئاکارو بابەتانەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵەکاندا بۆ خێزانەکانی باسکردووە، بۆیە خوای گەورە فەرمان دەدات بە هاوسەرەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە یادی ئەوانە بکەنەوە. کەواتە حیکمەت هەر سوننەتەو ناگونجێت شتێکی تر بێت، ئەوەتا خوای گەورە وەکو منەت باسی دەکات کە ئەوان فێری ئەو حیکمەتە کراون، عادەتەن لە شتێکدا منەت دەکات کە دروستو شایانو حەقو ڕاست بێت، حوججەت بێت، خوای گەورە فەرماندەکات بە دایکانی موسڵمانان کە یادی ئەو منەتەی خوای گەورە لەسەر خۆتان بکەنەوە.

ئەمە پوختەیەک لە ئایەتەکانی قورئان، لە ڕاستیدا دەیان ئایەتی تر هەن کە فەرمانمان پێدەدەن گوێ بە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بینو هەڕەشە

دەکەن لەو کەسانەی پەیڕەویی لە پێغەمبەری خوا ناکەن، لە دەیان ئایەتدا ئاماژەی زۆر هەن بۆ ئەوە کە (حیکمەت) هەر بریتییە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ .

## وانەی دەیەم

## جۆرەکانی سوننەتو هەڵسوکەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ

لەم وانەیەدا[٦٤]- لە چەند تەوەرێکدا- گرنگترین بابەتەکانی مامەڵە لەگەڵ (سوونەت)دا ڕوون دەکەینەوە، بە تایبەتی لە ڕووی چۆنیەتی کارکردن بە سوننەتو ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چ جۆرێکی (سوننەت) بە بەڵگەی شەرعیی وەردەگیرێت، کە ئەوەش پێویستدەگیرێت لە جۆرەکانی مامەڵەو هەڵسوکەوتی پێغەمبەر ﷺ (تصرفات النبي) و پێگەی فەرموودەو سوننەت بەگشتیی‌و جۆرەکانی سوننەت لە ڕووی حوجییەتەوە، تێبگەین، کە ئەم چەند تەوەرەیەی بۆ تەرخان دەکەین:

**تەوەرەی یەکەم/ تێگەیشتن لە پێگەی فەرموودەو سوننەت بەگشتیی**

ئەم بابەتە لە دێرزەمانەوە مشتومڕی زۆری لەسەرە، ئەوەشە وایکردووە کە ڕەوتی جۆراوجۆر دروستببن، کە ئێمە لێرەدا لە سێ تەوژمو ڕەوتدا کورتیان دەکەینەوە:

١. ڕەوتێک کە ئەو دەستەیەن لەم وانانەدا ئاماژەمان پێکردن، کە بە تەواویی سوننەت ڕەددەکەنەوەو بە سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی نازانن، کە پێشتر باسمان کردن.

---

[٦٤] تەواوی ئەم وانەیە لە کتێبی (نەیارانی فەرموودەو بەڵگەکانی حوجییەتی سوننەت)ی د.عمر عبد العزیز، لا: ١٢٠ تاکو ١٤٣، وەرگیراوە.

٢ـ ڕەوتێک کە لە دژایەتیی ڕەوتی یەکەمدا زیادەڕەویی دەکەن‌و لە گێڕانەوەو وەرگرتنی فەرموودەو سوننەتدا دەست شلدەکەن‌و گوێ بە مەرجی دروستیی‌و نادروستی ڕیوایەت نادەن، بگرە گوێ بەوەش نادەن کە هیچ فەرموودەیەک لەگەڵ قورئان بەراورد بکەن.

بەداخەوە پەیڕەوانی ئەم ڕەوتە لە مێژووی موسڵماناندا زۆرجار زاڵبوون‌و گەیشتوونەتە ئاستێک کە وتوویانە: (قورئان بە سوننەت نەسخ دەبێتەوە). [٦٥]

٣ـ ڕەوتی سێیەم ڕەوتێکی میانەڕەوو ڕاست و دروستە، کە دەبێت ئێمە پەیڕەویی لێبکەین، ئەویش تێگەیشتنی زانایانی موحەققیقی ئوممەتی ئیسلامە، کە پوختەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

جۆری یەکەمی فەرموودە- و بە گشتیی (سوننەت) - پاش قورئانی پیرۆز، سەرچاوەی دووەمە بۆ تێگەیشتن بە هەندێک لە درێژەی حوکمەکان، بە مەرجێک جگە لە دڵنیابوونەوە لە دروستیی‌و نادروستیی سەنەدی فەرموودەکە، لە

---

[٦٥] بۆ نموونە هەندێك وتوویانە: فەرموودەی (لا وصية لوارث)، (أبوداود، ١١٤/٣)، ئایەتی ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ﴾ی نەسخ كردووەتەوە. یان فەرموودەی: (خُذُوا عني، خُذوا عني، قد جَعَل اللهُ لهنّ سبيلا، الثّيّبُ بالثّيّبِ، جَلدُ مائة والرّجْمُ، والبِكر بالبِكر، جَلد مائة، وتغريبُ عام)، (صحيح مسلم، ١٣١٦/٣)، ئایەتی: ﴿وَاللاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلا﴾ی نەسخ كردووەتەوە، كە لە ڕاستیدا ئەوانە جۆرێكن لە ڕوونكردنەوە، یان تایبەت كردن، نەك نەسخ كردنەوە.

ڕووی مەتن‌و دەقەکەشیەوە دڵنیابوونەوە دروست بووبێت‌و لەگەڵ قورئانی پیرۆزو بابەتە یەقینییە زانستیی‌و عەقڵیی و مێژووییەکان دژایەتیی نەبێت.

ئەمەش بابەتێکی دوورودرێژەو قسەی زۆری ئەمپەڕو ئەوپەڕگرتنی تێدا کراوە، ئێمە نزیکترین ڕا لە حوکمی قورئانەوە هەڵدەبژێرین‌و تەرجیح دەدەین، هیوادارین ئەگەر ڕایەکی تری جیاواز، بیسترا، یان بینرا، نەکرێتە کێشە، چونکە ڕاو هەڵوێست زۆرن‌و ئەم بەشەمان وەک ڕایەکی پەسەندی میانە، وەرگرتووە، کە کورتەکەی ئەمەیە:

ا- لە درێژەی بابەتی ئیمان‌و بیروبڕواو ڕووداوەکانی پاشەڕۆژدا، قورئان ئایەتی زۆری تەرخان کردووەو پێویست ناکات پەنابېرێتە بەر ڕیوایەتی جۆری (ئاحاد).

ب - پوختەی (ئەحکام)و (ئەخلاق)و بنەماکانیان، لە قورئاندا باسکراون‌و دەکرێت بۆ زیادە ڕوونکردنەوە سوود لە فەرموودەی دروست (صەحیح) وەربگیرێت.

ج - زۆربەی زانایانی حەنەفی‌و شافعی‌و تەواوی مالکییەکان- جگە لە هەندێک لە حەنبەلی‌و زاهیرییەکان- جەختیان کردووەتەوە لەسەر ئەوە کە فەرموودەی (ئاحاد) زانیاریی‌و عیلمی یەقین ناگەیەنن‌و (ظن)- واتە گومانی بەهێز- دەگەیەنن، بۆیە پێویست ناکات بکرێنە سەرچاوەی بابەتی گرنگی بیروباوەڕو ئەحکام [٦٦].

[٦٦] لەو زانایانەی ئەم زانیارییەیان پشتڕاست کردۆتەوە: نەوەوی لە شەرحی لەسەر (صحیح مسلم)، ١٣١/١. سەرەخسی لە (المبسوط)، ١٦١/٤. ابن حزم، لە (الإحكام في أصول الأحكام)، ١٠٧/١. جورجانی، لە (التعريفات)، پیتی (خ). عەینی، لە (عمدة القاری): ١١/٢٥،خەتیبی

د ـ له وەرگرتنی هەر فەرموودەیەکدا هەوڵبدەین ئەسڵێکی له قورئانی پیرۆزدا بۆ بدۆزینەوه، بۆ پشتڕاستکردنەوه.

تێبینی: پێویسته لێرەدا بڵێین: که هەندێک له زانایان، زاراوەی (حدیث) واته (فەرموودە) بۆ ڕیوایەتی (ضعیف) و (موضوع) واته: لاوازو هەڵبەستراو بەکاردێنن، که ئەوه هەڵەیەکی مەنهەجییەو نەدەبوو تێیکەون. نموونەش لێرەدا ئەم دەقەی سەرەوەیه که (ابن الجوزي) له نەناسراوێکەوه دەیگێڕێتەوەو پەسەندی دەکات، بەڵام ئەو تێبینییه نادات، هەرچەند له بەرامبەر ئەمانەوه، سەرنجم داوه هەندێکی تر له زانایان ئەو تێبینییەیان ڕەچاو کردووەو تەنانەت بۆ ڕیوایاتی دروستی جۆری (ئاحاد)یش، دەستەواژەی (خبر الآحاد)یان بەکار هێناوە! وەک: بوخاری، ابن حجر العسقلاني، الخطیب البغدادي، بدر الدین العیني، الکرماني، الغزالي، ئامەدی، البیضاوي، ڕازی، الذهبي، ابن قدامەی مەقدسی، شەوکانی..[٦٧]

---

بەغدادی، له (الکفایة)، (ابن عبد البر) له (التمهید): ١/٨. شەوکانی له (إرشاد الفحول)، ص: ٣٨. شاطبي، له (الموافقات): ١/٢٤. باقلانی، له (تمهید الأوائل)، لا: ٤٤١. هەروەها چەندینی تر.

[٦٧] خوێنەر دەتوانێت له باسەکانی تایبەت به باسی جۆری ڕیوایەتی (آحاد)، له کتێبەکانی هەرکام لەو زانایانەی سەرەوەدا، ئەم سەرنجه ڕەچاو بکات.

## تەوەری دووەم/ جۆرەکانی سوننەت لە ڕووی حوجییەتەوە، یان جۆرەکانی مامەڵەو هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ:

لە ژێر ناونیشانی (تصرفات النبي)دا - واتە: هەڵسوکەوتو جۆری مامەڵەی پێغەمبەری خوا ﷺ- ژمارەیەک لە زانایان، هەموو بەشەکانی سوننەت- واتە (فەرمودە)و (کردار)و (ئیقرارەکان)ی پێغەمبەری خوا- یان، لە ڕووی بەبەڵگەبوونو حوجییەتەوە، کردووە بە چەند جۆرێکی سەرەکییەوە. لەو زانایانەی کە لەو بارەوە نووسینیان هەیە، یان قسەیان کردووە: (ابن قوتەیبەی دینەوەریی)،[٦٨] (سیف الدین)ی ئامەدی[٦٩]. کە هەردووکیان دوو زانای کوردستانن . هەروەها قەررافی،[٧٠] کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی وڵاتی مەغریب.

---

[٦٨] أبو محمد، عبد الله، کوڕی، عبد المجید، کوڕی موسلیم، کوڕی قوتەیبەی (دینەوەری)یە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان، (٢١٣-٢٧٦ ك). خاوەنی دەیان کتێبە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، یەکەم کەسە کە لە (تأویل مختلف الحدیث)دا ئەو دابەشکردنە دەکات.

[٦٩]سیف الدین، أبو الحسن، عەلی، کوڕی أبو علی، کوڕی، محەممەد، کوڕی سالم، کوڕی محەممەد، یەکێکە لە زانا کوردەکانو پێشەنگانی زانستی (أصول الفقه)، خەڵکی شاری ئامەدی باکوری

**جۆری یەکەم/ هەڵسو کەوتە تەشریعییەکانی:**

بەشێکی ئەو گوفتارو کردارو ئیقرارانەی پێغەمبەرن، کە وەک پێغەمبەرو گەیەنەری حوکمی خواوەند (مبلغ) دەریخستوون. بە نیازی (تەبلیغ)و ڕوونکردنەوەی ئەحکامو لە ئاقاری پرۆژەی تەشریعدا، فەرموونی، یان کردوونی. ئەوانە بە مەرجی دروستبوونی فەرموودەکەو ڕەچاوکردنی ڕێسا گشتییەکانی (عام) و (خاص)، (مطلق) و (مقید)، (مجمل) و (مفصل)، (ناسخ) و (مەنسوخ).. واجبە پەیڕەوییان لێ بکرێت. شهاب الدین القرافي، ناوی ئەم بەشەی ناو ناوە: (تصرفات الرسول بالرسالة)[71]، واتە: دەبنە حوججەتو حوکمیان لێوەردەگیرێت.

---

کوردستانە.( ٥٥١–٦٣١ ك)، یەکێکە لە نوێخوازانی زانستی (أصول)، بۆیە تۆمەتبار کراوەو ناڕەحەت کراوە. خاوەنی دەیان بەرهەمی زانستییە.

[70] شهاب الدین، أبو العباس، ئەحمەد، کوڕی أبو العلاء، إدریس، کوڕی عبد الرحمان، کوڕی عبد الله، لە هۆزی صنهاجە بەربەرییەکانی مەغریبە، (٦٢٦ –٦٨٤ك). یەکێکە لە زانا موحەققیقو متمانە پێکراوەکان. لە ڕووی تێگەیشتنی مەقاصیدییەوە لە شەریعەتی ئیسلام، پێشەنگە. توانی لە سەرەتای سەدەی حەوتی کۆچیدا ڕێچکەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی تەشریع ـ بە تایبەتی سوننەت ـ بکاتەوە، کە بەوە دیاردەی چەقبەستوویی هەندێك ناوەندی زانستیی سەدەکانی چوار بۆ شەشی شلّەقاند. خاوەنی (٢٤) نووسراوی زانستیی کەموێنەیە. پێشەوا (ذهبي) دەربارەی وتوویەتی: "قەررافی لە (أصول الفقه)و تێگەیشتنی بنەماکانی ئایندا، پێشەواو ڕابەر بوو".

[71] بڕوانە هەردوو کتێبی: الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، هەروەها: (الفروق)ی شهاب الدین القرافی.

هەرکاتیش لەم باسەدا بە ڕەهایی باسی (حوجییەتی سوننەت) کرا، ئەم بەشەیمان مەبەستە، کە دەبێتە سەرچاوەی دووەمی تەشریعو وەرگرتنی ئەحکام، نەک بەش‌و جۆرەکانی تر، کە دێینە سەریان.

دیارە هەندێک ئاماژەو بەڵگەو نیشانە هەن کە دڵنیامان دەکەنەوە ئەو بەشە لە (سوننەت) کامانەن، کە دەبنە حوججەت‌و پەیڕەویلێکردنیان پێویستە، کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو نیشانانە دەکەم:

- هەندێکجار خودی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی ئاماژە دەکات کە (جبریل)ی فریشتەی ڕاسپێردراوی وەحی، ئەو حوکمەی پێ ڕاگەیاندووم. بۆ نموونە فەرموویەتی: (عن جبريل، عن الله- تبارک وتعالی- أنه قال: يا عبادي، إني حرمت الظلم على نفسي، وجعلته بينكم محرما، فلا تظالموا).[٧٢]

- هەندێکجار خودی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژە دەکات کە خواو پێغەمبەر، فڵان شتیان حەرام کردووە، یان حەڵاڵیان کردووە، وەک دەستەواژەی (أحلت) یان (حرمت)، کە دەکرێت لە ڕێگاکانی تری (وەحی)ـەوە ئاگادار کرابێتەوە. بۆ نموونە دەفەرموێت: (أحلت لنا ميتتان ودمان: أما الميتتان فالسمک والجراد، وأما الدمان، فالطحال والكبد).[٧٣]

- یان خۆی هەندێک دەستەواژە بەکاردەهێنێت، وەک: (إن الله أوجب)، یان (فرض)، یان (أمر)، یان (أحل) یان (حرم)، کە گومان ناهێڵێتەوە. بۆ نموونە دەفەرموێت:

---

[٧٢] صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٢٥٧٧).

[٧٣] سونەنی کوبرای بەیهەقی، ١/٢٥٤.

(إن الله تعالى فرض فرائض فلا تضيعوها، وحد حدودا فلا تعتدوها، وحرم أشياء فلا تنتهكوها، وسكت عن أشياء ـ رحمة بكم غير نسيان ـ فلا تبحثوا عنها)[٧٤].

**جۆری دووەم/ هەڵسو کەوتەکانی وەک موفتیو حاکمو قازییەک:**

ئەم جۆرە گوفتارو هەڵسوکەوتەش لە لایەن پێغەمبەری خواوە هەبووە. واتە: ئەو بەشە لە گوفتارو کردار کە وەک موفتیو قازی سەردەمی خۆی لێی دەرچووە، بەشێکیان دوور لە (وەحی) ئەنجامی داون، بۆیە هەندێکجار لەسەر هەندێک لەمانە لە لایەن خوای گەورەوە لۆمە کراوە. ئەوانەشیان کە حوکمدانن، یان قەزاوەتن، مەرج نیە لەگەڵ هەموو سەردەمێک یەکبگرنەوە. ئەو دەستنیشان کردنو تەقدیرەش بەلای زانایانەوە جێهێڵراوە بۆ خەملاندنو دیاریکردنی قازیو موفتی هەر سەردەمێک، لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانو ڕێسا شەرعییەکاندا.

بۆیە هەندێک بڕیارو حوکمو هەڵسوکەوتی هەبووە کە قەزاوەتی نێوان دوو کەس، یان چەند کەسێک بووە، کە یان خۆی پێی زانیون، یان خاوەنەکانیان کێشەکەیان بە مەبەستی یەکلاکردنەوە، بردووەتە لای، یان داوای فتوای لێ کراوەو فتوای داوە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەم جۆرەیان دەبنە دوو بەش: بەشێکی بە (وەحی) خوا بووەو (جبریل) بە فەرمانی خوا ڕێنوێنیی کردووە، یان ئیلهام کراوە. بەشێکی تریان بە بێ وەحی، خۆی فتوای لەسەر داوە، یان قەزاوەتی تێدا کردووە. ئێمە لێرەدا مەبەستمان جۆری دووەمیانە، چونکە بەشی یەکەمیان دەچێتە خانەی جۆری یەکەم، کە لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە.

---

[٧٤] دارەقوتنی، ٣٨١/٨.

نموونەی ئەم هەڵوێستانەی پێغەمبەری خوا ﷺ، خۆی هەندێکجار ڕوونی کردوونەتەوە، بۆ نموونە فەرموویەتی: (إنكم تختصمون لدي، وإنما أنا بشر، فلعل بعضكم أن يكون ألحن من بعض، فأقضي له على نحو ما أسمع. فمن قضيت له من حق أخيه شيئا، فلا يأخذه، فإنما أقطع له قطعة من النار)،[٧٥] واتە: ئێوە زۆر جار ناکۆکییەکانتان دێننە لای من، منیش مرۆڤێکم، ئێوەش لەوانەیە هەندێکتان لە هەندێکی ترتان دەمپاراوترو قسەڕەوانتر بن، منیش لەوانەیە بەو جۆرە کە گوێم لێدەبێت، قەزاوەت بکەم. جا، هەرکەس قەزاوەتم بۆ کردو لە مافی براکەی کەوتە سەری، با پێی ڕازی نەبێتو وەرینەگرێت، (واتە: با ڕاستییەکە دەرخاتو ئاگادارم بکاتەوەو بە قەزاوەتەکە ڕازی نەبێت)، چونکە ئەوە پارچەیەک لە ئاگرم بۆ دابڕیوە.

ئەم فەرموودەیە زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەردەخات کە هەندێکجار پێغەمبەر بە ئیجتیهادو بۆچوونی خۆی قەزاوەتی کردووە، دوور لە وەحی.

(قەررافی) لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەو کارانەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە بە صیفەتی حاکمیی کردوونی، وەکو: موڵکدارکردن لە ڕێی شوفعەوە، هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریی، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکانو.. هاوشێوەی ئەمانە، نابێت

---

[٧٥] ئەم فەرموودەیە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە، تەنها بوخاری لە شەش جێی (الجامع الصحيح)دا گێڕاوییەتەوە. لەوانە: بە ژمارە: ٢٦٨٠، هەروەها موسلیم: ١٧١٣،نەسائی: ٥٤١٦، ابن ماجە: ١٨٨٩، ترمذی: ١٣٣٩، (موطأ)ی مالك: ٢/١٠٦، موسنەدی ئەحمەد: ٢/٢٩٠.

کەس جێبەجێیان بکات، مەگەر بە حوکمی حاکمی سەردەمی حازر".[٧٦] مەبەستی ئەوەیە مەرج نیە حاڵەتەکانو هەموو لایەنەکانی دۆسیە فتواییو قەزاییەکانو جۆری کەسەکان لەیەک بچنو وەکو یەک وا بن، تا قازیو موفتی هەر سەردەمێک هەستێت ـ کتو مت ـ هەمان حوکم جێبەجێ بکات کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا کراوە، بە پاساوو بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی داوە، بەڵکو دەبێت موفتیو قازی شەرعیی هەر سەردەمێک ئەو حوکمە بدەنو یەکلای بکەنەوە!

**جۆری سێیەم/ هەڵسوکەوتەکانی وەک سەرکردەو پێشەوایەک:**

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ هەبووە. واتە: هەندێک بڕیارو هەڵسو کەوتی هەبووە، وەک سەرکردەو پێشەوای ئەو کاتەی موسڵمانان دەریکردوون، نەک وەک ڕەسولو (مبلغ)ی تەشریع، یان تەنانەت وەک قازیو موفتی سەردەمەکە. وەک: ناردنی نامەکانی بۆ سەرکردەو پادشاکانی جیهان، سەرپەرشتیی کاروباری جەنگەکان، یان مۆرکرنی ڕێکەوتننامەو ئاشتییەکان، دابەشکردنی دەسکەوتەکان، میوانداریەکانی، سەرپەرشتیی کاروباری بازاڕ، دروستکردنی مزگەوت، پێشوازیی شاندو نوێنەرانی سەرکردەکانی

---

[٧٦] الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، شهاب الدين القرافي، ص: ١٠٨. له (الفروق) يشدا وتوويەتی: "ما تصرّف فيه ﷺ بوصف القضاء، لا يجوز لأحد أن يَقدِمَ عليه إلا بحكم حاكم... لأن السبب الذي لأجله تصرّف فيه بوصف القضاء يقتضي ذلك." أنوار البروق في أنواع الفروق، ٢٠٧/١.

دونیای ئەو کاتە، ڕێکخستن‌و بەڕێوەبردنی بۆنەکانی هەینیی‌و جەژنەکان‌و هەموو ئەو کارانەی دەچنە خانەی ئەتەکێتی بەڕێوەبردن‌و چالاکیی دیبلۆماسی.

دیارە زۆرێک لە کارو چالاکییەکانی ئەو بوارانەی وەک سەرکردەی وڵات ئەنجام داون‌و زۆر ئاسایيە ڕەنگی کات‌و سەردەم‌و ژینگەکەی ئەوکاتەی خۆی، لەو شتانە لێنیشتبێت‌و بەجیا لە ڕەهەندە تەشریعییەکە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

بۆ نموونە: کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ پاش ڕێکەوتننامەی (حودەیبیە) لەگەڵ قورەیش، لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا، دەستی کرد بە نامەناردن بۆ سەرکردەو پادشاکانی جیهان، هاوەڵانی عەرزیان کرد: کە نەریتی پادشاو سەرکردەکانی دونیا وایە، هەر نامەیەک مۆری نەبێت نایخوێننەوە. بۆیە ئەویش فەرمانی کرد کە مۆرێکی بۆ دروست بکرێت، مۆرێکیان بۆ دروستکرد، کە لە سێ دێڕدا لەسەری نووسرابوو: محمد رسول الله.[٧٧] یان لە سەرچاوەکانی سیرەدا هاتووە کە پێغەمبەری ﷺ چەند ڕێساو ڕێکارێکی ڕێکوپێکی شایستەی ئەو سەردەمەی، بۆ چۆنیەتی پێشوازیی میوانان، بە تایبەتی شاندی نوێنەرایەتی سەرکردەو پادشاکانی ئەو سەردەمەو شوێنی دانیشتنیان‌و شێوازی قسەکردن‌و بەڕێکردنیان دانابوو، ئەوە کە لەم سەردەمەدا پێی دەگوترێت: هونەری ئەتەکێتی دیبلۆماسی.

ئەمانەو دەیان نموونەی تری لەم بابەتە، پێیانەوە دیارە کە وەک سەرکردەی سەردەمی خۆی ئەنجامی داون‌و مۆرکی تەشریعی هەمیشەییان پێوە دیار نیە، چونکە نەریت‌و کات‌و ژینگەکان کاریگەرییان لەسەر ئەو شتانە هەیەو ناکرێت جێگیرو نەگۆڕ بن.

---

[٧٧] بڕوانە: (الطبقات الكبرى)ی (ابن سعد)، بە ژمارە: ٦٠٩.

قەررافی لە ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە مامەڵەو هەڵسوکەوتەی پێغەمبەری خوادا ﷺ دەڵێت: "هەڵسوکەوتو مامەڵەی پێغەمبەری خوا بە ئیعتیباری (ئیمامەت) واتە: وەک ڕابەرو پێشەوا، وەصفێکی زیادە لە پێغەمبەرایەتییو پەیامدارییو (فتوا)و (قەزا)، چونکە پێشەوا ئەو کەسەیە کە سیاسەتی گشتیی خەڵکیی پێ سپێردراوە، لە ڕووی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانو دوورخستنەوەی زیانەکانو بنبڕکردنی تاوانکارانو لەناوبردنی (طاغوت)و ملهوڕانو دابینکردنی نیشتەجێییو ئاسوودەیی بۆ خەڵکیی.. ئەمانەو هاوشێوەی ئەمانە، نە ئەچنە خانەی (فتوا)، نە ئەچنە خانەی (حوکم)، نە ئەچنە خانەی پەیامداریی، نە پێغەمبەرایەتیی".

پاشان دەڵێت: "بۆیە ئەو کارانەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕێگەی (ئیمامەت) پێشەوایەتیی، کردوونی، وەک: دابەشکردنی دەسکەوتەکان، جیاکردنەوەو دابەشکردنی (بیت المال)، بودجەی گشتیی، بەسەر بوارەکانو بەرژەوەندییەکاندا، ڕێکخستنی سوپاکان، شەڕکردن لەگەڵ یاخیبووان، دابەشکردنی زەویوزار لە گوندو شارەکانداو هاوشێوەی ئەمانە، جائیز نیەو نابێت هیچ کەس جێبەجێیان بکات، مەگەر بە مۆڵەتوەرگرتن لە پێشەوای سەردەم (!) چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کارانەی بە صیفەتی پێشەواییو سەرکردەی کاتیی خۆی، کردوونیو بە بێ مۆڵەتی خۆی، نابێت بکرێنەوە". [٧٨]

---

[٧٨] الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، شهاب الدين القرافي، ص: ١٠٨. هەمان باسی لە کتێبی (الفروق) یشدا کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی: "كل ما تصرّف فيه ﷺ بوصف الإمامة لا يجوز لأحد أن يقدم عليه إلا بإذن الإمام... لأن سبب تصرّفه بوصف الإمامة دون التبليغ يقتضي ذلك". کتێبی: أنوار البروق في أنواع الفروق، ٢٠٧/١.

نموونەی بەرچاو لەم لایەنەوە فەرموودەیەکی بەناوبانگە کە دەفەرموێت: (من أحيا أرضا ميتة فهي له)،[79] واتە: هەرکەسێک زەوییەکی مردوو زیندوو بکاتەوە، بۆ خۆی دەبێت، واتە: دەبێتە موڵکی خۆی. یان بە دارِشتنێکی تر هاتووە: (من أعمر أرضا ليست لأحد، فهو أحق)،[80] پێشەوا ئەبوحەنیفە لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە وتوویەتی: "پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم فەرموودەیەی بە حوکمی پێشەوایی‌و ڕابەریی وتووە، بۆیە ڕەوا نیە بۆ هیچ کەسێک هیچ زەوییەک ئاوەدان بکاتەوە، مەگەر بە مۆڵەتوەرگرتن لە پێشەوای سەردەم، چونکە زەوی‌و زاری ئێستە موڵکدارێتیی تێدایە، وەک (إقطاعات) وایە، ئەوەش مۆڵەت‌و ڕەزامەندیی پێشەوای پێویستە، زیندووکردنەوەی زەویش هەر لەم بابەتەیە". [81]

**جۆری چوارەم/ گوفتارو کردارە شەخسییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ :**

جۆرێکی تر لە گوفتارو کارەکانی پێغەمبەری خوا، ئەو قسەو گوفتارانەن کە دەکەونە خانەی (تصرفات)ی شەخصی، کە بە ئیعتیباری مرۆڤێکی ئاسایی، وەک محەممەدی کوڕی عبد الله، بە حوکمی داب‌و نەریتی سەردەمەکەی، یان بە حوکمی جبیللەتی شەخصی‌و سروشتی مرۆڤبوونی خۆی، فەرموونی، یان

---

[79] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: سونەنی ئەبوداوود: ٣٠٧٣، بە سەنەدی صەحیح. ترمذی: ١٤٦/٦، موسنەدی ئەحمەد: ٣٦٣/٣.

[80] ئەم ڕیوایەتەیان لە صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: ٢٣٣٥، هاتووە.

[81] الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، شهاب الدين القرافي، ص: ١١١.

ئەنجامی داون. وەک جۆری خواردن‌و خواردنەوەو حەزەکانی ئەو بوارەو جۆری بەرگپۆشین‌و ڕۆیشتن‌و هەڵس‌وکەوت‌و دانیشتن‌و.. هتد.

ئەم جۆرە لە سوننەت بەلای زانایانی موحەققیقەوە - وەک جصاص، قازی عیاض، قەررافی، عز کوڕی عبد السلام، شاطبی و ئامەدی‌و دینەوەری‌و زۆرێکی تر- ناچنە بازنەی حوججەتی شەرعی‌و کارپێکردنیان حوکمی ڕەوایەتیی (إباحە)ی هەیە، نەک واجببوون.

بۆیە زانایەکی وەک (أبوبکر الجصاص) (ت: ٣٧٠) لە سەدەی چواری کۆچییەوە - بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەو جۆرە لە جۆرەکانی تری سوننەت- لە پێناسی (سوننەت)دا وتوویەتی: "سوننەتی پێغەمبەر ئەوەیە کە کردوویەتی، یان وتوویەتی، بەو مەبەستەی چاوی لێ بکرێت‌و لەسەری بەردەوامیی هەبێت."[٨٢] ئیبن قوتەیبەی دینەوەریش وتوویەتی: "سوننەت لە ئایندا دەبێت، نەک لە خواردن‌و خواردنەوەدا.. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک کوولەکەی نەخوارد- لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر حەزی لێی بووە- ناگوترێت: ئەو کەسە سوننەتی واز لێ هێناوە."[٨٣]

زانای ناسراو (ابن تیمیە)ش- هەرچەند زۆر لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنەشدا نیە- دەڵێت: "بەڵگە لەسەر ئەوەی کە سوننەت‌و فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێکیان بەبێ وەحی بوون‌و بە ڕەئی‌و هەڵبژاردنی خۆی بوون، ئەوەیە کە لەلایەن خواوە لۆمەی لەسەر کراوە، لە کاتێکدا ئەگەر هەمیشە (لە لایەن خواوە)

---

[٨٢] الفصول في الأصول، أبو بكر الجصاص، ٣/٢٣٥.

[٨٣] تأويل مصطلح الحديث، ابن قتيبة الدينوري، ص:

فەرمانی بەسەردا بدرایە، لۆمە نەدەکرا لەسەریان، لەوانە: حوکمی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دیلەکانی بەدردا، یان وەرگرتنی فیدیە لە دیلەکان، یان مۆڵەتدانی بەو کەسانەی لە جەنگی (تەبوک)دا بیانوویان هێنایەوەو خۆیان دواخست. هەروەها فەرمانی قورئانیی (وشاورهم فی الأمر) کە پێی درا، ئەگەر وەحی بەردەوامی لەگەڵ بوایە، پێویستی بە ڕاوێژ نەدەبوو!"[٨٤]

زانای گەورەی کورد (ئامەدی)- کە پێشتر ناومان برد- بەمجۆرە سوننەت دابەش دەکات:

١ـ کارە سروشتییو جیبللییەکانی پێغەمبەر ﷺ، وەک: هەستانو دانیشتنو خواردنو خواردنەوەو هاوشێوەی ئەمانە.

٢ـ ئەوەی تایبەت بە خۆی بوونو کەس بەشداریی تێدانەکردووە، وەک: واجببوونی سوننەتی (وتر)ی شەوو شێوەی هاوسەرگرتنەکانی.

٣ـ ئەوەی زانرابێت کە بۆ ئێمەی ڕوون کردووەتەوە، جا یان خۆی ڕوونی کردووەتەوە، وەک ئەوە کە فەرموویەتی: (صلوا كما رأيتموني أصلي)، یان بە قەرینەی حاڵ زانراوە.[٨٥]

ئەم جیاکردنەوەیە، خودی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیانیدا ئەنجامی داوە، لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: کاتێک گەیشتە شاری مەدینە، بینی کە دانیشتوانی ئەو شارە خورمای نێرو مێ لە یەکتر متوربە دەکەن، کە ئەوەی بینی فەرمووی: ئەگەر ئەوەش نەکەن لەوانەیە خێر بێت. ئەوانیش دەستیان هەڵگرت، ئەو ساڵە

---

[٨٤] **المسودة في أصول الفقه، ابن تيمية، ١/٤٥٢.**

[٨٥] **الإحكام، الآمدي، ١/٢٢٧.**

بەشێکی ئەو باخە خورمای نەگرت، بەشێکیشی بەرەکەی پووچ دەرچوو. باسەکەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: (إنما أنا بشر، إذا أمرتكم بشيء من دينكم، فخذوا به، وإذا أمرتكم بشيء من رأيي، فإنما أنا بشر)[٨٦] ، واتە: ئەڵبەتە من مرۆڤم، هەرکات لە بابەتێکی ئاینەکەتاندا فەرمانم بە هەر شتێک پێتان کرد، وەریبگرن. ئەگەر بە ڕای خۆیشم فەرمانێکم بەسەرتانا دا، ئەوە بزانن کە من مرۆڤێکم). لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (.. إنما أنا بشر، أرضى كما يرضى البشر، وأغضب كما يغضب البشر)،[٨٧] واتە: بە دڵنیایی من مرۆڤێکم، وەک مرۆڤ ڕازی دەبم، وەک مرۆڤیش تووڕە دەبم..

بە کورتیی، زانا گەورەکان بە باشی لەم بابەتە تێگەیشتوون، بۆیە پێشەوایەکی وەکو (نەوەوی) لە شوێنێکدا کە پۆلێنی فەرموودە دەکات، ئەم ناونیشانەی داناوە: (وجوب امتثال ما قاله شرعا، دون ما ذكره من معايش الدنيا على سبيل الرأي)، واتە: پێویستیی گوێڕایەڵیی ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ وەک شەرع وتوویەتی، نەک ئەوەی لەسەر کاروباری بژێویی‌و ژیانی دونیا باسی کردووە، بە شێوازی بۆچوون‌و ڕەئی.[٨٨]

لە کۆتایی ئەم دابەشکردن‌و پۆلێنکردنەدا بۆ هەڵس‌و کەوتی پێغەمبەری خوا، ﷺ گرنگە بزانین کە ئەم بابەتە لە بنەما شەرعییە سەرەکیی‌و گرنگەکانە، بۆیە

---

[٨٦] صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٤٣٦٤).

[٨٧] صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٢٦٠٣).

[٨٨] **بڕوانە: شەرحی نەوەوی لەسەر صەحیحی موسلیم، (كتاب السلام)، باب وجوب امتثال ما قاله ﷺ شرعا، دون ما ذكره من معايش الدنيا على سبيل الرأي).**

(قەررافی) لە کۆتایی باسەکەیدا وتوویەتی: "لەسەر ئەم یاسایەو ئەم جیاوازییانە، هەڵسوکەوتو (تصرفات)ی پێغەمبەرت بۆ دەردەکەوێت، جا، تێبگە کە ئەم باسە لە بنەما شەرعییەکانە"[89].

### تەوەری سێیەم/ چ جۆرێکی (سوننەت) بە بەڵگە وەردەگیرێت؟

دیارە لە (فەرموودە)دا ـ واتە ئەو بەشەی کە گوفتاری پێغەمبەری خوایەﷺ ـ لە جۆری یەکەمی بڕگەی (یەکەم)دا، چوار مەرج گرنگن:

١ـ دەبێت پێوەری زانایانی متمانەپێکراوی فەرمووودەناس- (صحيح) یان (حسن)- بێتو نەچێتە خانەی (موضوع) و (ضعيف)، واتە مەرجەکانی هەردوو لایەنی (مەتن) و (سەنەد)ی تێدا بێنە جێ.

٢ـ دەبێت دەقی فەرموودەکە دژایەتی لەگەڵ واتاو مەدلولی ئایەتێکی (قطعي الدلالة) ی قورئان نەبێت.[90]

---

[89] الفروق، شهاب الدين القرافي، ١/١٠٩.

[90] دەقەکانی (قورئانو سوننەت) لە ڕووی هێزی بەبەڵگەکردنیانەوە، بە گشتیی دەبنە چوار جۆر: ١– قطعي الثبوت والدلالة. ٢– ظني الثبوت والدلالة. ٣– قطعي الثبوت، ظني الدلالة. ٤– ظني الثبوت، قطعي الدلالة. دیارە قورئانی پیرۆز هەمووی (قطعي الثبوت)ە، چونکە گومان لە (وەحی) ناکرێت، بەڵام زۆرێك لە ئایەتەکان (ظني الدلالة)ن، چونکە زیاتر لە ماناو مەدلولێك هەڵدەگرن. فەرموودەش زۆربەیان لە جۆری دووەمن، چونکە لە ڕووی سەلماندنەوە جۆری (هەڵبەستراو) و (لاواز) زیاترنو لە ڕووی واتابەخشینیشەوە زۆریان زیاتر لە مانایەك هەڵدەگرن. (بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم بابەتە کە زیاتر لە سەرچاوەکانی زانستی (أصول الفقه)دا باس کراوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (الموافقات)ی (شاطبی)، (الوجيز في أصول الفقه)ی (د.عبد الكريم زيدان)، (أصول الفقه)ی (محمد أبو زهرة)،

٣- دەبێت دژایەتی لەگەڵ هیچ ڕێسایەکی گشتیی (قواعد) و (ضوابط)ێکی هەڵێنجراو لە قورئان نەبێت.[٩١]

٤- دەبێت بە قەرینەو نیشانەی سیاقدا دەرکەوێت کە ئەو فەرموودەیە وەک (پێغەمبەرێکی ڕەسول) فەرموویەتی، نەک بە ئیعتباری تری قەزاوەتی تایبەت، یان عادەتی شەخصی، وەک پێشتر جیامان کردنەوە. (ئەمە مەرجێکی هەستیارەو لە ڕەچاونەکردنی ئەم خاڵەوە خەڵکێکی زۆر بە هەڵەدا چوون و بە تاکە فەرموودەیەک فتوای ناڕەوا دەردەکەن).

دیارە لە بەشەکانی تری (سوننەت) و (سیرەت)یشدا هەمان ئەو مەرجانە کە ئاماژەمان پێکردن دووبارە دەبنەوە.

عەللامە قەررافی دەڵێت: "مامەڵەو هەڵس‌وکەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕووی حوکمدانەوە، جیاوازە لە هەڵس‌وکەوتەکانی لە ڕووی گەیاندنی پەیام‌و فتوادانەوە. چونکە فتواو ریسالەت تەنها گەیاندنەو پەیڕەویکردنی تەواوە، بەڵام حوکم بڕیاردانی خۆیەتی، بەپێی هۆکارەکان‌و بەڵگەهێنانەوەو تاوتوێ. بۆیە فەرمووشیەتی: (ئێوە ململانێ‌و ناکۆکیتان دەهێننە لای من، لەوانەیە لە ڕووی

---

(أصول الفقه في نسيجه الجديد، د. مصطفى الزلمي)، وانە دەنگییەکانی عەللامە ناصر سوبحانی دەربارەی زانستی (أصول الفقه).

[٩١] بابەتی (قەواعدی قورئانیی)، یان (فیقهیی)، یان (أصولی)، بابەتێکی گرنگە، لە کۆن‌و نوێدا لەسەری نووسراوە، پێشتر زانایان دەستەواژەی (قواعد فقهية)یان بۆ بەکارهێناوە. نمونەی هەندێك کتێبی هاوچەرخ لەو بوارەدا: (قواعد قرآنية في النفس والحياة، د.عمر عبد الله المقبل). (معجم القواعد القرآنية، د. محمد موسى الشريف)، (القواعد الأصولية)، د. مصطفى زەڵمی.

بەڵگەهێنانەوە، هەندێکتان لە هەندێکتان زیاتر زمانپاراوتر بن. بۆیە لە بەرژەوەندیی هەرکامتان قەزاوەتێکم کردو مافی براکەی کەوتە لای، با وەرینەگرێت، چونکە ئەوە پارچەیەک لە ئاگرم بۆ دابڕیوە).[٩٢]

کەواتە قەزاوەت بە بەهێزیی بەڵگە کەوتووەو لە مەیاندا پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بڕیاردەدات، بەڵام لە فتواو ڕیسالەتدا پێغەمبەر تەنها پەیڕەوێکی گەیەنەرە. دیارە لە حوکمدانیشدا پەیڕەوی لە خوا کردووە کە پێی گەیاندووە: ئەحکام بەپێی بەڵگەو تاوتوێ‌و هۆکارەکان دەربکات، یانی لە دەرکردنی حوکمەکەدا شتێک لە خوای گەورەوە نەقڵ ناکات، چونکە سەرپشکبوونی لە لایەن خواوە، بە مانای نەقڵکردن لە خواوە نیە".[٩٣]

٥. دەبێت ئەگەر فەرموودەکە لە جۆری تەشریعیش بوو، بەڵگە هەبێت کە ئەو کارەی کردوویەتی تایبەت بەخۆی نەبووەو بۆ هەموو ئوممەتی ئیسلامە، بۆ نمونە: واجببونی شەوهەستانی پێغەمبەر ﷺ لە سەرەتای بانگەوازدا- کە لە سەرەتاو کۆتایی سورەتی (المزمل)دا باس کراوە . یان هێنانی زیاتر لە چوار هاوسەر، یان جائیزنەبوونی مارەکردنەوەی هاوسەرانی پێغەمبەری خواﷺ، پاش وەفاتی. کە ئەمانە بەڵگەی ڕوون هەن، حوکمی تایبەتن بە خۆی.[٩٤]

---

[٩٢] پێشتر سەرچاوەکانی ئەم فەرموودەیەمان باس کرد.

[٩٣] الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام، أحمد بن إدريس القرافي. دار البشائر، بيروت، چاپی دووەم، ١٩٩٥، لا: ١٠١-١٠٢.

[٩٤] بۆ بابەتی سوننەتی کرداریی، گەڕانەوە بۆ ئەم سەرچاوانە گرنگو بەسوودە:

## تەوەری چوارەم/ چۆنیەتی وەرگرتنی ئەحکام لە (سوننەت):

بۆ ئەوەی حوكمی كاركردن بە سوننەت ـ بە هەموو جۆرەكانییەوە. بە واجب دابنرێت، ڕەچاوی ئەم خاڵانە پێویستن:

١ـ سەرەتا دڵنیابوونەوە لەو خاڵانەی لە پێشەوە باسكران.

٢ـ پاشان، ئاگاداربوون لە بنەما سەرەكییەكانی زانستی فەرموودە (علوم الحدیث)، بە تایبەتی لە جیاكردنەوەی (صحیح) لە (ضعیف) و (ئاحاد) لە (متواتر)و (مرفوع) لە (مقطوع)و.. هتد.

٣ـ نابێت فتوا بە تاكە فەرموودەیەك بدرێت، یان لە یەك فەرموودەدا حوكمێك وەربگیرێت، بەڵكو دەبێت بۆ دەرهێنانی حوكمێك كۆی ئەو فەرموودانە كۆبكرێنەوە كە پەیوەندیدارن بە بابەتێكەوە، پاشان لە كۆی هەموویان تێگەیشتنی دروست پەیدا دەبێت.

٤ـ نابێت پەنا ببرێتە بەر تەئویلو چەماندنەوەی نازانستیی واتاو مەدلولی فەرموودە، واتە: دەبێت دەق بەپێی ڕێساكانی زمانی عەرەبی واتا بكرێت.

٥ـ دەبێت گرنگیی بە تێگەیشتنی (مەقاصدی) بدرێت، واتە دووركەوتنەوە لە ماناكردنی (حەرفیی)و (ظاهریی)و فەرامۆشكردنی لایەنی حیكمەتی حوكمەكان، كە لە فەرموودە دەردەهێنرێن.

---

١ـ الإحكام في أصول الأحكام، أبو الحسن، علي بن أبي علي بن محمد بن سالم الآمدي (ت: ٦٣١ك). ٢- الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام، أحمد بن إدريس القرافي، (ت: ٦٨٤ ك). ٣- قواعد الأحكام في مصالح الأنام، سلطان العلماء، عز بن عبد السلام، (ت: ٦٦٠ ك).

٦ـ ئاشنایی بە ڕێسا گشتییەکانی زانستی (أصول الفقه)، بەتایبەتی باسەکانی (مطلق) و (مقید)، (عام) و (خاص)، (مجمل) و (مفصل)و.. هتد، چونکە بەبێ ئەو بناغەو باسانە، تێگەیشتن لە فەرمووده زەحمەتە.

٧ـ پاش ئەو قۆناغانە هەر فەرموودەیەک کە ناونرا (صەحیح) یان (حەسەن)، پێویستە بزانرێ لای چ زانایەکی فەرموودەناس ئەو نازناوو وەصفەی بۆ دانراوە. واتە کە وترا: فڵان فەرمووده صەحیحە، دەبێت بزانرێو بگوترێ: لای فڵان (محدث) صەحیحە، چونکە چەندین ڕیوایەت هەن کە لای کەسێک یان کەسانێک لە فەرموودەناسان صەحیحن، بەڵام هەر ئەوانە، لای هەندێکی تر لە زایانی فەرموودەناس صەحیح نین .

٨ـ بۆیە وا باشترە کەسانێک کە زاناو (فەقیە) نینو بەو زانستانە ئاشنا نین، خۆیان لەو بابەتانە نەدەن، بە تایبەتی ئەو جۆرە فەرموودانە کە حوکمیان تێدایەو زیاتر بایەخ بەو فەرموودانە بدەن کە پەیوەندییان بە ئامۆژگارییو ڕێنموییو (وعظ)و (ئیرشاد)ەوە هەیە.

## وانەی یازدەهەم

## سەربوردێکی زانستی فەرمووودەناسییو

## هەندێک سەرنج لەسەر کەلێنەکانی

(فەرمودەناسیی)[٩٥] زانستێکە چەندین لقو بەشی لیَ دەبێتەوە، ئەم زانستە لە دەیەیەک یان تەنانەت سەدەیەکو دوو سەدەدا دانەنراوە، دانەرەکەی کەسێکو دوو کەس نین، تا بەو ئاسانییە نەشتەری ڕەخنەی لیَ هەڵبگیرێت.

زانستی فەرمووودە بە درێژایی نزیکەی دە سەدە ـ واتە نزیکەی هەزار ساڵ ـ ڕەنگی گرتووە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لە سەدەی شەشەمی کۆچییەوە گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە، چونکە لە دوای (ئیبن صەلاحی شارەزووری)یەوە، (٦٤٣ک)، کە کتێبی (المقدمة في علوم الحديث)ی نووسی، زۆربەی نووسینەکانی تری پاش ئەو، لەو زانستەدا، یان دووبارە بوون، یان کورتکراوەی ئەو بوون، یان ڕاڤەو توێژینەوە لەسەر ئەو بوون، دەتوانین بڵێین دەیانجار ئەو کتێبەی شارەزووری کورت کراوەتەوە، یان شەرحو ڕاڤە کراوە.

ئەم گەشەنەکردنو چەقوەستانە زانستییە، خۆی بۆ خۆی، گرفتی بۆ زانستەکە دروستکردووەو بەپێی کەرەستەو ئامێرەکانی سەردەمەکانو کۆبونەوەی سەرچاوەکان لە تەنیشت یەکو دەستکەوتنی زانیاریی پڕاوی سەدەکانی سیَ بۆ شەشی کۆچی، زانستەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە،

---

[٩٥] تەواوی ئەم وانەیەش لە کتێبی (نەیارانی فەرمووودەو بەڵگەکانی حوجییەتی سوننەت)ی د.عمر عبد العزيز، لا: (١٤٦) تاکو (١٧٧)، بە کەمێك دەسکارییەوە وەرگیراوە.

ئەمەش وایکردووە کە هەندێک درزو کەلێن لە چەند لایەنێکی زانستەکەوە دروست ببێت.

ئەمە وەصفێکی گشتییە، وەگەرنا لە سەدە جیاجیاکانداو لەملاو لەولای جیهانی ئیسلامییەوە، تاکو تەرا لە زانایانی موحەققیق بە وریایی دەرکیان بەم حاڵەتە کردووەو لەسەریان نووسیوە، بەڵام چاکسازییو پێداچونەوەکانیان، لەبەر هەژموونی هەندێک مەزهەبی ڕەسمیی، لەلایەن دەزگاو ناوەندە کاریگەرو ڕەسمییەکانی دامو دەزگای خیلافەتەوە، پێشوازیی لێ نەکراوە، بۆیە وەک ڕای نەشازو نامۆو شەخصیی ماونەتەوە.

**تەوەری یەکەم/ چەند سەرنجێکی زانایان لەسەر زانستەکانی فەرموودە**

لە دوو توێی کەلەپوری ئیسلامیدا ڕاو بۆچوونی جیاوازی ژمارەیەک لە زانایانی موحەققیق تۆمار کراونو پارێزراون، کە ئەگەر بە هەند بگیرانایە، زانستەکانی فەرموودەناسیی زۆر لە ئێستە زیاتر، تۆکمەو دامەزراوتر دەبوون. لێرەدا چەند نموونەیەک باسدەکەین:

١ـ ناهاوسەنگیی بایەخدان بە (سەنەد) و (مەتن)ی فەرموودە:

بۆ نموونە: هەر لە سەرەتای سەدەی سێی کۆچییەوە عەلی کوڕی مەدینی، (ابن المديني)، (٢٣٥ک) وتوویەتی: "تێگەیشتن لە واتاکانی فەرموودە، نیوەی زانستە، ناسینی ڕاوییەکانیش نیوەکەی تری زانستە".[٩٦]

ئەم قسەیە وەک واقیع زۆر ڕاستە، وەک پێویستیش خاڵێکی زۆر پێویستو بنەڕەتی بوو. بەڵام بە داخەوە لە ڕاستیدا لەبەر سەرهەڵدانی فیتنەی هەڵبەستنی

---

[٩٦] المحدث الفاصل بين الراوي والواعي، الرامهرمزي، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٨، ص: ٥٥٨.

ڕیوایەتی ناڕاستو زۆربوونی ڕاوی درۆزنو ڕیوایەتتاش، قورسایی کاری زانایانی فەرموودەناس، کەوتە سەر نیوەکەی دووەمی زانستەکە (ناسینی ڕاوییەکان)و زۆر نەیانپەرژایە سەر نیوەکەی یەکەم، (تێگەیشتن لە واتاکان)و گرنگیدان بە مەتنو ناوەرۆکی ڕیوایەتەکان و ڕەهەندی مەقاصدی فەرموودە.

٢ـ زیادە بایەخدان بە لەبەرکردن، لەسەر حیسابی (فقهـ)و تێگەیشتن:

زانایەکی گەورەی وەکو عەللامە خەطیبی بەغدادی (٣٩٢ک)، لەم لایەنەوە گلەیی هەیە، ئەو ڕەخنە لە (حافظ)انی فەرموودە دەگرێتو دەڵێت: "کەسی وا هەیە فەرموودەی لەبەرە، بەڵام شارەزای (فیقهـ) نیە، (حافظ)ە، بەڵام (فەقیهـ) نیە، زۆربەی نووسەرانی فەرموودەی ئەم سەردەمەی ئێمە (سەدەی چواری کۆچیی) لەم بابەتەن، خاڵین لە تێگەیشتنی فەرموودە، جیاوازیی ناکەن لە نێوان ڕیوایەتی نادروستو دروست، جیاوازیی ناکەن لە نێوان ڕاوی ساغو تەواوو ڕاوی بریندارو کێشەدار".[٩٧]

ڕەنگە کێشەی بنەڕەتیی ئەم سەردەمەی ئێمەش هەر ئەمە بێت. بە صەدان کەس دەبینین کە سەدان فەرموودەو ڕیوایەتیان لەبەرەو دەیان کاتژمێری تۆمارکراویان پێ پڕکردووەتەوە، یان صەدان لاپەڕەیان پێ ڕەش کردووەتەوە، بەڵام پەراوێزێکیان لەسەر تێگەیشتنی مەتنو ناوەرۆکو واتای دەقەکان، نەوتووە، یان نەنووسیوە. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دیاردەی (حەرفییەت)و واتاکردنی سەتحییو سەرپێیی زاڵ ببێتو سەرەنجام (تێگەیشتنی مەقاصیدی)

---

[٩٧] **الفَقيه والمُتَفقِّه، الخطيب البغدادي ٣٦٠/٢، بەپێی ژمارە بەندی پێگەی (الشاملة).**

نرخی بۆ نەهێڵرێتەوە، بە پێچەوانەوە واتای کاڵو کرچو سەرەنجام حوکمی بێ گیانو بێ ناوەرۆک لە دەقەکان وەرگیرێن.

٣ـ دژایەتی (قیاس)و گوێنەدان بە تێڕامانی عەقڵییو وردبوونەوە:

عەللامە (خەطیبی بەغدادی) لەم لایەنەشەوە ڕەخنەی وردی لە هەندێک لە زانایانی فەرموودە گرتووەو وتوویەتی: ".. وشەیەکیان لێ تێکبچێت، ناپرسن، مانایەکیان لێ بشێوێت، بەدوای واتاکەیدا ناچن، هەرچەند تەمەنیان لەو لایەنەشەوە بەسەر بردووە. ئەمە وایکردووە بیدعەچییەکانی (متکلمین)و ئەو بەناو (فەقیهان)ەی ڕایان زاڵ بووە بەسەریاندا، دەرگایان بۆ بکرێتەوەو تانە لە ئەهلی ئەم زانستە بدەن. ئەوەش هەمووی بەهۆی ئەوەوە ئەهلی سەردەمی ئێمە (سەدەی چواری کۆچیی!) ورد نابنەوە لەوەی کۆی دەکەنەوە، تێگەیشتنیان نیە لەسەر ئەوەی نووسیویانەتەوەو بیستوویانە، ڕێیان بەخۆیان نەداوە گوێ لە فەقیهەکانمان بگرنو دژی ئەو زانایانە دەوەستنەوە کە (قیاس) بەکاردێنن (لێکدانەوەی عەقڵیی دەکەن)، بۆیە ڕای پەسەندو ناپەسەندیان بۆ جیا ناکرێتەوە.[٩٨]".

بەمجۆرە خەطیبی بەغدادی لەوکاتەوە دەرکی بەو دوو کەلێنە کردووە:

أ: گرنگیدان بە ڕیوایەتو گێڕانەوەو نووسینو لەبەرکردنی فەرموودە، دوور لە تێگەیشتنو بایەخدان بە واتاو ناوەڕۆک.

ب: پشتگوێخستنی (قیاس)و لێکدانەوەی عەقڵییو کاری شیکاریی، کە ڕەنگە ئەوەش لە کاردانەوەی گرنگیپێدانی تاقمە موعتەزیلەکانی ئەو سەردەمە بووبێت، بەو لایەنە.

---

[٩٨] الفقيه والمتفقّه، الخطيب البغدادي ٢/٣٦٠، بەپێی ژمارە بەندی پێگەی (الشاملة).

ئەم دەستنیشانکردنە جوانو جەوهەرییە، ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو لە دوو توێی کتێبەکەی (خەطیبی بەغدادی)دا ماوەتەوەو کاریگەریی لەسەر میتۆدو ڕێچکە زانستییەکانی بواری فەرمووودەناسیی نەکردووە.

ئەم جۆرە قسانە هەر (ابن المديني)و (خەطیبی بەغدادی) نەیانکردووە، (ابن حبان) (٣٥٤ک)یش لە پێشەکی کتێبی (الضعفاء)دا وتوویەتی: "زانای فەرموودە با جێی متمانەو زەینڕوون (ثقە)و (حافظ)یش بێت، ئەگەر ئەزبەر شتێکی وتو (فەقیهـ) نەبوو- واتە تێگەیشتنی وردی لە دەقەکە نەبوو- لای من ڕەوا نیە بەڵگەی پێ بهێنرێتەوەو پشتی پێ ببەسترێت. چونکە زۆربەی ئەوانەی دیومانن، سەنەدو زنجیرەی ناوی ڕاوییەکان لەبەر دەکەن، بەڵام گوێ بە مەتنو دەقی فەرموودەکان نادەن. ماوەیەک من لەگەڵیان دادەنیشتم، ئاگام لێ بوو، هیچیان لە بارەی مەتنی ڕیوایەتەوە نەدەوت، مەگەر وشەیەک. من لەسەر ڕووی ئەم زەوییە کەسێکم نەدی ئەم پیشەی زانستی فەرموودانە بەباشی بزانێت!".[٩٩]

ئەمە سکاڵای (ابن حبان)ە پێش زیاتر لە هەزار ساڵ بەدەست تێنەگەشتنو گوێنەدان بەلایەنی مەتنی فەرموودەوە. ئەمانە قسەی مەنهەجین، واتە ئەم جۆرە دەستنیشانکردنانە زۆر جەوهەرییو بنچینەیین.. قسە لێرەدا ئەوەیە کە دوای خۆیان بەهەند نەگیراونو سەدە دوای سەدە ئەو هەڵانەی ئەوان دیارییان کردوون، دووبارە بوونەتەوە.

هەندێک لە زانایانیش بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیی لە نێوان زانستەکانی (فەرموودە)و (فەقیهـ)دا، هەوڵی نزیکخستنەوەیان داوە، بۆ نموونە: سولەیمانی

[٩٩] شرح علل الترمذي، ١/٤٣٠.

کوڕی میهرانی ئەعمەش (١٤٨ک) بە پێشەوا ئەبوحەنیفەی وتووە: "کەسی فەقیهـ و شەرعزان وەک پزیشک وایە، هەر فەرمووودەناسێکیش صەیدەلانییە" [١٠٠] ویستوویەتی بەم لێکچواندنە جوانە ئەرکی هەردوو توێژە زانستییەکە جیا بکاتەوە. پێشەوا (نەوەوی)ش-کە لە سەدەی نۆی کۆچیدا ژیاوە- هەستی بەو زیادەڕۆییە کردووە لە ڕووی گرنگیدان بە سەنەدو گێڕانەوە، لەسەر حسابی ناوەڕۆکو مەتنی فەرموودەو تێگەیشتنی، بۆیە لە پێشەکییەکەیدا بۆ کتێبی (صەحیحی موسلیم) وتوویەتی: "ئامانج لە زانستی فەرموودە گوێگرتن لە فەرموودەو گەیاندنیو نووسینەوەی نیە، ئامانجی بنەڕەتیی لە زانستی فەرموودە بەکارهێنانی هزرو بیرە لە تێگەیشتنی دەقی فەرموودەو توێژینەوەیدا. [١٠١] "

٤ -نەبوونی پێوەرێکی یەکگرتوو، بۆ مەرجەکانی ڕاوی:

گرفتێکی تری بواری زانستیی فەرموودەناسیی، یەکنەبوونی پێوەری زاناکانە بۆ ناساندنو هەڵسەنگاندنی ڕاوییەکانی زنجیرەی سەنەد. دیارە بڕبڕەی پشتی دەقی فەرموودە، ئەو ڕاوییانەن کە دەقەکە دەگێڕنەوە، ئەگەر زانایان بۆ هەڵسەنگاندنو مەرجدانان، بە یەک پێوەر کار نەکەن، دیارە دەرەنجامەکە دەبێتە ئەوە کە ڕاوییەک لای یەکێکیان جێی متمانەیەو ڕیوایەتەکەی پەسەندەو هەمان کەس لای زانایەکی تر لاوازە، یان جێی متمانە نیەو سەرەنجام ڕیوایەتەکەی وەرناگیرێت. ئەمەیشە بووەتە هۆی زۆربوونی پرۆسەی کۆکردنەوەی فەرموودەو جیاوازیی ڕاو بۆچوونیان لە هەڵسەنگاندندا، تەنانەت لە یەک

[١٠٠] جامع بيان العلم وفضله، ابن عبد البر، دار الكتب العلمية، بيروت، ص: ١٣١.

[١٠١] شرح صحيح مسلم، أبو زكريا محي الدين النووي، ص: ٢.

سەردەمدا، بگرە تەنانەت لە نێوان مامۆستاو قوتابیشدا. نموونەی ئەمە لای پێشەنگانی پێشەوایانی فەرموودە ـ بوخاریو موسلیم ـ ڕووی داوە.

ئەوەتا لە کاتێکدا (بوخاری) متمانەی بە ڕاوییەکی وەکو (عکرمە)ی مەولای (عبدالله) کوڕی عەباس هەبووەو ڕیوایەتەکانی خستووەتە ناو کتێبەکەی (صحیح البخاري)، (موسلیم) ـ کە قوتابی خۆیەتی ـ (عکرمە)ی قبوڵ نیەو بە لاوازی دەزانێتو ڕیوایەتەکانی ڕەد دەکاتەوەو نەیخستوونەتە کتێبەکەی خۆی (صحیح مسلم)، چونکە مەرجەکانیان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاوی جیاوازن. کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

پێشەوا بوخاری بە مەرجی داناوە کە هەر ڕاوییەک دەقی ڕیوایەتێکی لە هەر کەس گێڕایەوە، دەبێ ئەو کەسە هەم هاوچەرخی بێت، هەم بینیبێتیو پێیشیگەیشتبێت. لە کاتێکدا پێشەوا (موسلیم) بەشی یەکەمی مەرجەکەی بوخاری (واتە هاوچەرخبوون)ەکەی بە لاوە پەسەندە، بەڵام بەشی دووەمەکەی – کە بە یەکگەیشتنیانە– بە لایەوە پێویست نیەو زیادە.

بۆیە (موسلیم) ئەو ڕیوایەتانەی لە کتێبەکەیدا هێناونەتەوە، کە لە فلتەری بوخاریدا دەرنەچوونو بەو هۆیەی پێشەوە پەسەند نەکراون.[١٠٢]

کەواتە پێشەوایان (بوخاریو موسلیم) ـ هەرچەند مامۆستاو قوتابین ـ لەسەر مەنهەجیەتی کۆکردنەوەی فەرموودەو مەرجەکان یەک ڕا نەبوون، بۆیە لە هەندێک ڕیوایەتدا هاودەنگن، کە پێیان دەگوترێت: ڕیوایاتی (متفق علیە)، لە هەندێکیشیاندا (موسلیم) ڕیوایەتە لاخراوەکانی (بوخاری) هێناونەتەوە، ئەوانەن کە پێیان دەگوترێت: (ما انفرد بە مسلم)!

---

[١٠٢] بڕوانە: قواعد في علم الحدیث، التهانوی، تەحقیقی عبد الفتاح أبو غدة، دار القلم، بیروت.

## تەوەری دووەم/ گەورەیی ئەرکی زانایانی فەرموودەناس

لەگەڵ ئەو واقیعەشدا، دەبێت ئەوە بزانین کە لە مێژووی ئیسلامدا زانست نەبووە وەک زانستی (فەرموودەناسیی) بایەخی پێدرابێتو لەسەری نوسرابێت. لە کۆنو نوێدا سەدان کتێبو توێژینەوە نوسراون، ئەوەی گلەیی لەسەر بوو، لە ڕووی گەشەی مەنهەجییەوە بوو، واتە نەدەبوو (پاشینان) لەبەر دەرگای (پێشینان)دا دۆش دابمێنن‌و تەنها تەمەنیان بەدیار ڕاڤەو کورتکردنەوەو درێژکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەوانەوە، بەسەر بەرن. ئەوان خۆیان وایاننەکرد، خوێنەر دەتوانێت چاوێک بەو لیستانەدا بگێڕێت کە لەسەر کتێبی زانستەکانی فەرموودەناسیی دامانناون، ئەگەر ئەهلی ئەم بوارەیشە دەتوانێت سەیرێکی ناوەڕۆکی هەرکام لەو کتێبانە بکات، کە هەرکامیان خشتێکیان لە دیواری زانستەکە داناوە، بەڵام قسە لەسەر مەنهەج‌و بونیادو ستوونەکانی زانستەکەیە، کە وەک پێویست گەشەی پێ نەدراوەو کەلێنەکانی پڕ نەکراونەتەوە.

بۆیە نەیارانی ئیسلام بەگشتیی‌و ناحەزان بەسوننەت بە تایبەتی، ئەو کەلێنانەیان قۆستەوەو تیری خۆیان وەشاندو بەردەوامیش دەیوەشێنن. ئەمە بە تەنها قسەی ئێمە نییە، ئەمە قسەی عەللامە (خەطیبی بەغدادی)یە کە پێش زیاتر لە هەزار ساڵ کردوویەتی‌و پێشتر بۆم گواستنەوە.

**ئەرکی پسپۆڕانی سەردەم:**

بەهەرحاڵ، ئەم ڕاستییانە ئەرکی زانایانی پسپۆڕی ئەو بوارە لەم سەردەمەدا گرانتر دەکەن، بۆیە هەندێک لەوانەی قەناعەتیان بەم گرفتە کردووە قسەی خۆیان هەبووە، مەبەستم لە بیرمەندانی هاوچەرخە، خۆشبەختانە لە کوردستانی خۆشمانەوە دوو هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان، هەریەک بەجۆرێک قسەی خۆیان

لەسەر ئەم بابەتە هەبووە: یەکەمیان عەللامە ناصر سوبحانی کە (رسالة في علوم الحديث)ی نووسیو هەندێک پێشنیاری مەنهەجییو پیشەیی ئاراستەی پرۆژەی (موسوعة السنة النبوية) کرد، بەڵام بەداخەوە بەهەند نەگیران. دووەمییشیان خوالێخۆشبوو پرۆفسیۆر مستەفا زەڵمی، کە لە هەورامانەوە تا شاری سلێمانیو لەوێوە تا بەغداو لە بەغداوە تا قاهرەو لەوێیشەوە دووبارە بۆ بەغداو هەولێر، دەنگی هەڵبڕیو ڕەخنەی نووسیو ڕاسپاردەی ئاراستە کرد، بەڵام ئەویش وەک پێویست بەدەمیەوە نەچوون. هەرچەند گوشارە واقعییەکانو گەشەی زانیارییەکانو زۆربوونی کەرەستەو ئامێرەکان، هەموو ناوەندەکانی ناچار کردووە کە پێداچوونەوەیەک لەو لایەنەوە سەر هەڵبداو ناچاری بیرو ڕاوو بۆچوونی ئەو پیاوانەو هاووێنەکانیان ببنەوە.

**شاکاری زانایانی فەرموودەناس:**

لێرەوە دێمەوە سەر ئەو ڕاستییە کە زانایانی فەرموودە زۆر ماندوو بوون، تەنانەت خۆرهەڵاتناسە بیانییەکان سەرسام بوون بە ئەرکو کارەکانیان، بە تایبەتی لە بواری بەشی سەنەدو ڕیوایەت لە زانستی فەرموودەناسیدا. چونکە دەریایەک لە زانستو مەعریفە پێشکەش بە مرۆڤایەتی کراوەو نابێت سەرنجو تێبینییەکان لەسەر بونیادی کارەکەو گرفتە مەنهەجییەکان، ئەو ماندووبوونو پشکنینو هەوڵە تاقەتپڕوکێنانەمان لەبیر بەرێتەوە.

ئەمەش ئەو دەردو گرفتەیە کە هەندێک نووسەر، یان تازە نووسەری نەشارەزا بەو مێژووە، تێی کەوتوون، کە پێیان وایە گێڕانەوەی فەرموودە، وەک گێڕانەوەی داستانو بەسەرهات بووە، بێ ئاگا لەوەی کە زۆرێک لە زانایانی فەرموودە بەوپەڕی وردەکارییو دڵسۆزییەوە، تەمەنی خۆیان لە

خزمەتکردنی پاراستنی فەرموودەدا بردووەتە سەر، ئەوەش بە شێوازێک کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار نەکراوەو نەبیستراوە. بۆ نموونە: پێشەوا مالک کە دەیویست فەرموودەیەک بگێڕێتەوە، هەڵدەستا دەستنوێژی دەگرت، دەچووە لای سەرووی ژوورەکەیو ڕیشی شانە دەکرد، بە ویقارو هەیبەتەوە لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت، ئەنجا فەرموودەکەی دەگێڕایەوە! دەیانوت: بۆ وا دەکەی؟ دەیوت: دەمەوێ فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرزو بەڕێز ڕابگرم.. بۆیە ئەگەر بەپێوە بوایە، دادەنیشت، لە سەرەڕێو کاتی ڕۆیشتنو کارو جووڵەدا بووایەو پەلەی بووایە، فەرموودەی نەدەگێڕایەوە.[١٠٣]

کتێبەکانی فەرموودەناسیی سەبارەت بە هەوڵی نایابی زانایانی فەرموودەناس، بەسەرهاتی سەرسامهێن دەگێڕنەوە، کەسی وا هەبووە، چەندین هەرێمو شار گەڕاوە بۆ بیستن، یان ڕاستکردنەوەی دەقی تاکە فەرموودەیەک، یان بەشێک لە فەرموودەیەک. کەسی وا هەبووە بۆ ئەو مەبەستە زێدو نیشتیمانی خۆی بەجێهێشتووەو لە پێناوی خزمەتی فەرموودەدا بۆ هەمیشە نەگەڕاوەتەوە وڵاتی خۆی. کەسی وا هەبووە وڵاتەو وڵات گەڕاوە بۆ بینینی تاکە ڕاوی فەرموودەیەک. جابری کوڕی عبد الله کە لە شاری مەدینە ژیاوە، دەڵێت: "فەرموودەیەکم پێگەیشت، کە لە یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەریان دەگێڕایەوەو وتیان ئەو هاوەڵە لە وڵاتی شامە. حوشترێکم کڕیو کۆڵی سەفەرم پێچایەوەو یەک مانگ بەڕێوە بووم، تا گەیشتمە شام! سەیر ئەکەم هاوەڵەکەی کە باسیان کردبوو عبد الله کوڕی ئونەیسی ئەنصارییە. چوومە لای، وتم: بیستوومە کە

---

[١٠٣] بڕوانە: مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، السيوطي، القاهرة، لا: ٣٦.

تۆ فەرموودەیەکت لە پێغەمبەری خواوە دەربارەی ستەمکاریی بیستووە، کە من نەمبیستووە، ترسام کە من بمرم، یان تۆ بمریت، پێش ئەوە لێت ببیستم؟! ئەویش فەرموودەکەی بۆ گێڕامەوە.[١٠٤]

هیوادارم بەم چەند دێڕە جۆرێک لە هاوسەنگیی بۆ بیرکردنەوەی ئەوانە بگەڕێتەوە، کە نەشارەزایانە دەچنە ناو ئەو باسەو بێئاگان لە ژیانو هەوڵو زەحمەتی کەموێنەی زانایانی فەرموودەناسی.

بەڵێ، زانستی (فەرموودەناسی) لە چەند سەرنجێکی (شافعیو نەسائیو بوخاریو عەلی ابن المدینی)و هەندێکی ترەوە، سەری هەڵدا، زیاتر بە بەشی (علل الحدیث) دەستی پێکرد، بەڵام لەبەر زۆربوونی درۆهەڵبەستانو قسەتاشان، ڕەوڕەوەی زانستەکە چەرخا بەرەو باسی سەنەدو ڕاوییەکان، تا درۆزنو بەرژەوەندخوازو نەزانو دەردەداران (مەعلولین) لە کەسانی ڕاستگۆو ڕاستڕەوان جیا بکرێنەوە.

ئەم زانستەش لەو سادەییەوە گەشەی کردو لقو پۆپی زۆری لێ بووەوە، وای لێهات تا سەدەی شەشو حەوت، ژمارەی لقەکانی زانستی فەرموودەناسی لە یەکو دووەوە، گەیشتنە دەیان، تەنانەت لە سەدەی حەوتی کۆچیدا (ئیبنو صەلاحی شارەزووری)ـ کە خۆی بە یەکێک لەوانە دادەنرێت کە کامڵترین کتێبی گشتگیری لەسەر زانستەکانی فەرموودە نووسیوە ـ پێی وایە تا سەردەمی ئەو، جۆرەکانی زانستی فەرموودە گەیشتوونەتە (٦٥) جۆر زانست! تا دەگاتە سەدەی

---

[١٠٤] هەمان سەرچاوە، لا: ٢٦. فەرموودەکە ئەوەیە کە بەمە دەست پێدەکات: (یُحشَر الناس عُراةَ غُرلا بُهما.. هتد).

(١٠)ی کۆچی، (سیوطی) تێیدا دەڵێت: ژمارەی زانستەکانی فەرمووده گەیشتوونەتە (٩٣) زانست. دوای (سیوطی) بە چەند ساڵێک (ئەبوبەکری حازمی) دەیگەیەنێتە (١٠٠) زانست، بگرە وتوویەتی: (٢٠٠) بەش زانست لە زانستی فەرمووده دەبنەوە!

ڕاستە لە سەدەکانی (٦) بۆ (١٢)ی کۆچیی، پەتایەکی خراپ لە ناوەندە زانستییەکانی جیهانی ئیسلامیدا تەشەنەی سەند، ئەویش پەتای (تکثیر)و زۆرکردن بوو، زۆرکردنی ژمارە، زۆرکردنی ڕاڤە، زۆرکردنی کورتکرنەوە، زۆرکردنی لاپەڕەی کتێبو پەراوێزی زۆر، زۆرکردنی ناوو جۆر بۆ فەرموودەکان، (بۆ نموونە: بە تەنها ژمارەی ڕیوایەتی لاوازیان گەیاندە (٤٩) جۆر)، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەو زیادەڕەوییەش نەبین، هیچ نەبێت هێندەمان بۆ دەردەکەوێت کە گرنگیپێدانو لەسەرنووسینی زانستی فەرموودەناسیی، گەلێک زۆر بووەو هیچ کات بایەخدان بە قورئانی پیرۆزو زانستەکانی، یان (فیقهـ)و ئەحکامە فیقهییەکان، یان زانستەکانی زمانو ئەدەب، یان زانستەکانی مێژوو.. هتد، زیاتر نەبووە لەو بایەخەی بە زانستەکانی فەرمووده دراوە.

دیمەوەو دەڵێم: زۆرییو چەندێتی بایەخپێدانەکە، نابێتە تکاکاری هەڵەو کەموکورتییە مەنهەجییەکانو ناهاوسەنگیی گرنگیپێدانی هەردوو بەشی (روایە)و (درایە)، یان (سەنەد)و (مەتن)، یان (شکڵ)و (ناوەڕۆک). ئەو هەڵە کوشندەیەی کتێبەکانی فیقهیشی گرتەوە، چونکە زۆربەی هەرەزۆریان تەنها بایەخیان بە (ئەحکام)و ڕووی دەرەوە داو باسی (مەقاصد)و حیکمەتی حوکمەکان حەقی تەواوی پێ نەدرا، ڕەنگە ئەوەش هۆکار بێت کە زانایەکی وەک (حجة الإسلام محەممەدی غەزالی) ناوی بەرهەمەکەی پاش ئەزموونی خوێندنگەی (نظامیة)ی بەغدا، دەنێت (إحیاء علوم الدین) (زیندووکردنەوەی زانستەکانی ئاین)، چونکە

پێی وابوو، ئەو شێوازە خوێندنەی کە تەنها گرنگیی بە زانستی ئامڕازەکان دەدات، (إماتة علوم الدين)، مراندنی زانستەکانی ئاینە، چونکە خوێندکار ماندوو دەکات و دەیپڕووکێنێ‌و بەشی ئەوە لە تەمەنی نامێنێتەوە کە ئاوڕێک لە لایەنی حیکمەت‌و فەلسەفەو (مەقاصدی شارع) لە دانانی حوکمەکان بداتەوە.

بەڵێ، غەزالی لەو سۆنگەیەوە کە ئەو شێوازەی بە مراندنی زانستەکانی ئاین دەزانی، کتێبەکەی ناو نا (إحياء علوم الدين)و بە پێچەوانەی زانایانی پێشینی خۆیەوە، باسەکانی حیکمەت‌و نهێنی‌و هۆکارەکانی دانانی ئەحکام‌و ناوەڕۆک‌و مەقصەدی شارعی ئیسلامی، تێکەڵ کرد بە باسی حوکمەکان‌و لەسەر هەمان مەنهەجی قورئانیی، لەگەڵ باسی ئەرکانی نوێژو ڕواڵەتەکەی، باسی (أقم الصلاة لذكري)و (والذين هم في صلاتهم خاشعون) و (إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر) دەکات، یان لەگەڵ باسی هۆی دانانی حوکمی حەج، ئاماژە بە (ليشهدوا منافع لهم..) دەکات.

هەرچۆن بێت ئەو گرفت‌و خەلەلە مەنهەجییە، لە گەورەیی هەوڵ‌و زەحمەتی زانایانی فەرموودە کەم ناکاتەوە، بۆیە دەبێ مەلاو زاناو خوێندکاری ئیسلامخوازو زانستخوازی ئەم سەردەمە، بەم هاوسەنگییە بڕواننە مێژووی ئەو زانستەو زاناکانی. لەجیی ڕەخنەی ڕووخێنەرو ڕەنج بەخەسارداني پێشینان، دەستنیشانی هەڵەو کەم‌وکورتیی بکەن، پاشان لە قووڵایی دەریای پڕ شەپۆلی ئەو زانستەدا، گەوهەرو مروارییی نایابی ئەو زانایانە بدۆزنەوەو ڕێگریی بکەن لە درێژەدان بە لەسەرچوونی هەڵە، وەک بینیمان لە مێژووی کۆن‌و نوێدا هەندێک لە زانایان کردوویانە.

**تەوەری سێیەم/ جیاوازیی میتۆدو مەنهەجیەتی زانایانی فەرموودەناس**

ئەوەی بەدواداچوونی بۆ کارو ڕەنجی زانایانی فەرمووده کردبێت، دەزانێت کە لە بواری کۆکردنەوەی فەرموودەو مشتومالّی سەنەدیاندا، هەولّێکی نموونەییو مێژوویيان داوە، دیارە شێوازی کارکردنیان لەسەر ئەو بابەتە، جیاواز بووەو هەموویان- تەنانەت ئەوانەشیان کە لە یەک سەردەمدا ژیاون- یەک ڕێچکەو میتۆدیان پێڕەو نەکردووە.

بۆ ئەوەی مەبەست لە میتۆدو شێوازی کۆکردنەوەی زانایان بۆ فەرموودە، تێبگەین، ئاماژە بە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە دەکەم کە ناسراوترین زانای فەرموودە پێشەوا (بوخاری) پێی ناسراوە، کە ئەم خالاّنە گرنگترینیانن:

١ـ لە ڕووی پلەی سەنەدو دروستییو نادروستیی ڕیوایەتەوە: تەنها (صەحیح)ی داناوەو بە پێودانگی خۆی پلەی لەوە خوارتری دانەناوە، بۆیە کتێبەکەشی ناوناوە: (الجامع المسند الصحيح)، ئەمە لە کاتێکدایە کە (نەسائی)و (ترمذی)و (ئیبن ماجە) لە (سونەن)ەکانیاندا وایاننەکردووەو ڕیوایەتی لاوازیشیان هێناوە، بەلاّم لە کۆتایی ڕیوایەتەکەدا نووسیویانە (ضعیف)، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی بزانرێت کە سەنەدو هێزی ڕیوایەتەکە لاوازیی تێدایە.

٢ـ پۆلێنکردنی فەرموودەکان لەسەر بنەمای (بەشو بابەتی فیقهیی)، بۆیە (بوخاری) کتێبەکەی کردووە بە (٩٧) بەشو هەر بەشەشی کردووە بە چەند بابەتێکی تایبەتەوە.

٣ـ دووبارەکردنەوەی فەرمووده: بۆیە کۆی فەرمووده کۆکراوەکانی صەحیحی بوخاری (٧٥٦٣) فەرموودەن،[١٠٥] لە کاتێکدا بەبێ دووبارە، تەنها (٢٧٦١) فەرموودەن.

٤ـ ئەسڵ لە کاری بوخاریدا ئەوەیە کە تەنها فەرموودەی پەیوەستو (متصل)[١٠٦]ی داناوە، بەڵام جاروبار بۆ مەبەستی تایبەتو لاوەکیی، هەندێک ڕیوایەتی (معلق) [١٠٨]یشی داناوە.

٥ـ تایبەتمەندییەکی تری کاری بوخاری ئەوەیە کە لە ڕیوایەتەکاندا جۆری (موقوفات)یشی هێناوە، واتە فتواو بۆچوونی صەحابەو تابعین، کە لە خۆیانەوەن، واتە: نەگەیشتوونەتەوە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێکی تر لە (محدثین) لە زۆربەی ئەو خاڵانەدا چاویان لەو کردووە، بەڵام لە زۆر خاڵیشدا پەیڕەوییان لێ نەکردووە. بە

---

[١٠٥] بە پێی ئەژماری عەللامە د.محمد فوئاد عبد الباقي، لە بەرهەمە نایابەکەیدا: المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي.

[١٠٦] (المتصل): بەو جۆرە ڕیوایەتە دەڵێن کە هیچ پچڕانێك لە سەرەتای زنجیرەی سەنەدەکەیەوە نیە، تا دەگەڕێتەوە سەر یەکەم هاوەڵی ڕاوی، واتە هەر ڕاوییەك ڕاستەوخۆ لە کەسی پێش خۆی بیستووە. (بڕوانە کتێبی: علوم الحديث، ابن صلاح الشهرزوری، ص: ٤٤).

[١٠٧] (المرسل): بەو جۆرە ڕیوایەتە دەڵێن کە (تابعی) یەکسەر ڕیوایەتەکە دەباتەوە سەر پێغەمبەری خواو نایباتەوە سەر ئەو هاوەڵەی کە لە پێغەمبەری بیستووە. (بڕوانە: الكفاية، الخطيب البغدادی، ص: ٢١).

[١٠٨] (المعلق)یش ئەو جۆرەیە کە لە سەرەتای سەنەدەکەیەوە ڕاوییەك یان زیاتر بەدوای یەکدا ناویان نەبرابێت. (بڕوانە: نزهة النظر، ابن حجرالعسقلاني، ص: ١٠٨).

وردبوونەوە لە جیاوازیی مەنهەجی بوخاری لەگەڵ کەسێکی وەک پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئەو جیاوازییە دەردەکەوێت. بۆیە هەندێک لە زانایان باسی ئەو تایبەتمەندییانەیان بە دوورو درێژیی نووسیوە.[١٠٩]

عەللامە (ابن حجر العسقلاني)، ڕاڤەکاری کتێبی (الجامع الصحیح)ی بوخاری، مەنهەجیەتو ڕێچکەی بوخاری لە کۆکردنەوەی کتێبەکەیدا، لەم ڕستەیەدا چڕ دەکاتەوە، دەڵێت: "الاتصال، وإتقان الرجال، وعدم العلل"،[١١٠] واتە: پەیوەندیی هەر ڕاوییەک بە ڕاوی پێش خۆیەوە، وردەکاریی ڕاوییەکان، نەبوونی گرفتو عیللەت لە ڕیوایەتەکەدا.

**جیاوازیی پێوەری زانایانی فەرموودەناس:**

لەم زەمینەیەدا ڕاستییەکی زانستیی هەیە کە زۆرجار لەبیر دەکرێتو زۆریش گرنگە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتنو مامەڵە لەگەڵ فەرموودە، ئەویش ئەوەیە:

کاتێک دەگوترێ: فلان فەرموودە (صەحیح)ە، ئەبێ بزانین بە پێوەرو بۆچوونی کام لە زانایانی فەرموودە صەحیحو دروستە؟ چونکە هەرچەند لە هەندێک خاڵدا زانایان یەک قسە بن، بەڵام بۆچوونو مەرجو پێودانگو

---

[١٠٩] بۆ نموونە: ابن حجر العسقلاني (ت: ٨٥٢ ك) لە (نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر)، یان: (شمس الدين الذهبي (ت:٧٤٨ ك) لە (ميزان الاعتدال في نقد الرجال) و(سير أعلام النبلاء)، هەروەها: أبو زرعة، لە (الضعفاء).

[١١٠] الهدي الساري، مقدمة فتح الباري، لابن حجر العسقلاني، تحقيق: محب الدين الخطيب، دار الريان، القاهرة، ١٩٨٧، ص: ١٣.

فلتەرەکانیان جیاواز بوون‌و سەرجەمی زانایان لەسەر جۆری مەرجەکانی (تصحیح)و (تضعیف) پێوەرو ترازوویەکی یەکگرتوویان نیە.

بۆ نموونە: ئەو ڕیوایەتانەی لای پێشەوا (موسلیم) بە صەحیح ناسێنراون، هەر ئەوانەن کە زۆرێکیان پێشەوا بوخاری پێشتر بە صەحیحی نەزانیون، لەبەر ئەوە نەیخستوونەتە کتێبی (الجامع الصحیح)ی خۆی، بۆیە ئەو ڕیوایەتانەی کە لای هەردووکیان (صەحیح)ن، تەنها (١٩٠٦) فەرموودەن، لە کاتێکدا بوخاری نزیکەی (٣٠٠٠)ی بە (صەحیح) زانیوە، بەڵام (موسلیم) هەموویانی وەرنەگرتووە.

یان ئەو فەرموودانەی (نسائي)و (إبن ماجە)و (ترمذی) کۆیان کردوونەتەوە، زۆربەیان هەر ئەوانەن کە لە فلتەرەکانی (بوخاری)و (موسلیم)دا کەوتوون‌و نەیانخستوونەتە ناو (صحاح)ی خۆیان، بەڵام ئەوان بە (صەحیح)یان داناون‌و لە کتێبەکانی (سنن)ی خۆیاندا کۆیان کردوونەتەوە، چونکە - وەک وتمان- مەرج‌و پێوەرەکانیان بۆ سەنەدی ڕیوایەتەکان جیاواز بوون. لەبەر ئەوەیشە دەگوترێت: کە بوخاری ئەو چەند هەزار فەرموودەیەی لە کۆی (٦٠٠) هەزار ڕیوایەت کۆکردووەتەوە، چونکە لەسەر سەنەدەکانیان قسەی هەبووە..!

هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە، پێشەوایانی تری فەرموودە ڕەخنەیان لە هەندێک لە ڕاوی پێشەوا (بوخاری) گرتووە، بۆ نموونە: ڕاوییەک لای (بوخاری) بە ناوی: (أحمد بن بشیر الکوفی)، بە جێی متمانەی زانیوە، بەڵام (نەسائی) دەڵێت:"بەهێز نیە"، (دارەمی)ش وتوویەتی: "وازی لێهێنراوە (مەتروک)ە". یان ڕاوییەکی تری لای بوخاری بە ناوی (أحمد بن المقدام بن سلیمان العجلي)، (ئەبوداود) دەربارەی دەڵێت: "من فەرموودەی لێوەرناگرم، چونکە کاری

بێهوودەو بێ شەرمانەی دەکرد."[111] یان کەسێک بەناوی: (إسحق بن محمد بن إسمعيل الفروي)، کە لای بوخاری جێی متمانە بووە، دارەقوطنیو حاکم دەربارەی وتوویانە: "شەرمە، کە بوخاری لە کەسێکی وا فەرموودەی گێڕاوەتەوە !".[112]

ڕاستە ئەم حاڵەتانە دەگمەنن‌و لای سەنەدەکانی پێشەوا بوخاری، دیاردە نین، بەڵام هەرچۆن بێت نمونەیەکن لە قسەی زانایان، پێویستە بیانبیستین‌و ئاگامان لێیان بێت، بۆ تێگەیشن لە دەستەواژەی (جیاوازیی مەنهەجیەت‌و پێوەرەکانی زانایانی فەرموودەو مەرجەکانیان)، چ بۆ سەنەدو زنجیرەی ڕاوی‌و کەسەکان، چ بۆ دەق‌و مەتنی فەرموودەکان، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بە تایبەتی بۆ تێگەیشتنی دروست لە دوو دەستەواژەی (صحیح)و (ضعیف)، بە تایبەتی تر بۆ وەرگرتنی هەندێک ئەحکام.

ئەی بۆچی زانایەکی وەک حاکمی نەیشاپوری (المستدرک على الصحیحین) دەنووسێت‌و (نۆ هەزار) ڕیوایەت کۆدەکاتەوەو پێی وایە هەموویان لەسەر مەرجی بوخاری‌و موسلیم، یان یەکێکیانن، بەڵام هیچ کامیان لە کتێبەکانیاندا دایاننەناون..؟ چونکە حاکم پێیوایە بوخاری‌و موسلم زۆر دەستیان داگرتووەو زۆر فەرموودەیان نەخستووەتە ناو کتێبەکانیان، بۆیە ئەو هاتووە لە سەدەی چواری کۆچیدا بە جیا ئەو ڕیوایەتانەی هێناون کە لەسەر مەرجی ئەوانن، بەڵام ئەوان نەیانهێناونەتە ناو کتێبەکانیان، لەگەڵ ئەوەدا مەرجەکانی ئەوانی بۆ پلەی ڕیوایەتەکەو دروستیی‌و نادروستیی کردووەتە پێوەر!..

---

[111] بڕوانە: الكفاية في علم الرواية، الخطيب البغدادي، ص: ٤٥٤.

[112] الدلائل في غريب الحديث، محمد القاسم السرقسطي، (ت: ٣٠٢ هـ)، ص: ٢١٧.

حاکمی نەیشاپوری خۆی لە پێشەکی کتێبەکەیدا (المستدرک..) دەڵێت: "لەم سەردەمەی ئێمەدا کۆمەڵێک بیدعەچی پەیدا بوون دەڵێن: هەرچی فەرموودەی دروستتان لە لا کۆبووەتەوە ناگەنە دە هەزار فەرموودە.. بۆیە ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ئەهلی زانست، داوایان لێکردم کە کتێبێک بنووسمو ڕیوایەتانێکی تێدا کۆبکەمەوە کە پێشەوایان بوخاریو موسلیم پشتیان بە سەنەدەکانیان بەستووە." [١١٣]

بەڵام بەداخەوە وا دیارە (حاکم) بۆ خۆیشی کەوتووەتە حاڵەتی کاردانەوەی قسەی ئەو بیدعەچییانەی کە خۆی باسیاندەکات، بۆیە بە پێچەوانەی (بوخاریو موسلیم)ەوە، لە کۆکردنەوەی فەرموودەدا دەستی شل کردووەو هەزاران ڕیوایەتی تۆمار کردووە، هەر ئەمەیشە وایکردووە کە هەندێک لە زانایان ڕەخنەی لێبگرن، بۆ نموونە (ذهبی) دەربارەی ئەوکارەی (حاکم) وتوویەتی: "نزیکەی نیوەی ڕیوایەتەکانی ناو کتێبەکە، لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیمن، نزیکەی چواریەکیشی لەوانەن کە سەنەدیان (صەحیحە)، نزیکەی چواریەکەکەی تریشی لەو کەسانەن کە ڕیوایەتیان وەرناگیرێتو لاوازنو ناڕاستن، هەندێک ڕیوایەتیشی هەڵبەستراون." [١١٤] (ابن حجر)یش وتوویەتی: "حاکم دەستی شل

---

[١١٣] پێشەکی کتێبی: المستدرک علی الصحیحین، محمد حاکم النیشابوري.

[١١٤] بڕوانە پێشەکی (المستدرک)ی (حاکم)، لێکۆڵینەوەی مصطفی عبد القادر عطا، دار الکتب العلمیة، بیروت، لا: ٢٢.

کردووه"، (ابن تیمیه)ش وتوویەتی:" زانایانی شارەزا بە فەرمووده بە تەنها پشتیان بە (حاکم) نەبەستووه."[115]

ئەمانەم بۆ نموونه هێنانەوه، تا ئەگەر زانایەکمان بینی ڕەخنەی لە شێوەکارو مەنهەجی هەرکام لەو زانایانه هەبوو، پێمان سەیرنەبێتو ڕەخنەبارانی نەکەین. پێشتر وتمان پێشەوا (دارەطوتنی) ڕەخنەی لە مەنهەجی (بوخاری) گرتووه، کەسیش ڕێی لێ نەگرتووه، یان خۆمان دەبینین کە (ابن حجر العسقلاني) ـ کە نازناوی (أمیر المؤمنین في الحدیث)ی دراوەتێ ـ لە چەندین جێگای (فتح الباري)دا کە شەرحی (صەحیحی بوخاری) کردووه، هەندێک فەرموودەی ناو صەحیحی بوخاری بە نامۆو (شاذ) داناوه، تەنانەت لە پێشەکییەکەیدا بۆ (فتح الباري) ئاماژه بە بوونی هەندێک ڕیوایەتی ناساغ لەو کتێبەدا دەکاتو دەیگەیەنێت کە هەندێکیان پێچەوانەو دژن بە هەندێک ڕیوایەتی بەهێزتر لەوان، ئەم پێچەوانەیی‌و دژایەتییەش دەردی (شذوذ)و نامۆیی ڕیوایەتی لێدەکەوێتەوه، کە زانایانی فەرمووده قسەی زۆریان لەسەر کردووه.[116] بە مەرجێک (فتح الباري) یەکەم سەرچاوەی متمانەپێکراوه لە ڕاڤەی فەرموودەدا، بە تایبەتی لە نێو زۆرێکی تر لە کتێبەکانی ڕاڤەکردنی صەحیحی بوخاریدا.

---

[115] وتاری: المناهج الخاصة للمحدّثين، منهج الإمام الحاكم، پێگەی ئەلیکترۆنیی: articles.islamweb.net.

[116] بڕوانە: هدي الساري، مقدمة فتح الباري، لابن حجر العسقلاني، تحقيق: محب الدين الخطيب، دار الريان، القاهرة، ١٩٨٧.

(نەوەوی)ش لە پێشەکی شەرحەکەیدا لەسەر (صەحیحی موسلیم) دەڵێت: "هەندێک لە زانایان لەسەر هەندێک لە فەرموودەکانی ناو هەردوو کتێبی صەحیحی بوخاریو صەحیحی موسلیم قسەو سەرنجیان هەیە، کە هەردووکیان تیایاندا مەرجەکانی خۆیان نەبردووەتە سەرو شێواندوویانن‌و لەو پلەیە دابەزیون کە خۆیان بڕیار بووە پێوەی پابەند بن."[١١٧]

[١١٧] شرح صحيح مسلم، الإمام النووي، مكتبة نزار، مكة المكرمة، ٢٠٠١، ١٣٣/١.

# وانەی دوازدەهەم

# سەرنجی زانایانی ڕەخنەگر لەسەر (صحاح)و ناوی ژمارەیەک سەرچاوەی زانستی فەرموودەناسیی

لەم وانەیەدا[١١٨] بە پێویست دەبینم ئاماژە بە ڕاستییەکی مێژوویی‌و زانستیی بکەم، کە بەداخەوە زۆر کەس - تەنانەت لە ناوەندە زانستییەکانیشدا- بە هەند نەیانگرتووە، ئەویش ئەوەیە کە هەردوو کتێبی (جامع الصحیح)ی پێشەوایان بوخاریی‌و موسلیم لە سەردەمی خۆیانەوە تا ئەم سەردەمە هاوچەرخەی ئێمە، بە شێوەی جیاجیا ڕەخنەیان لێ گیراوە، ئەم بابەتەش بە دوو مەبەست باسدەکەم:

یەکەم: تاکو (نەیارانی سوننەت)و ئەوانەی دەم لە ڕەخنە لەو دوو زانایەو سەرچاوەکانیان دەدەن، بزانن کە لە باسی هونەری ڕەخنەگرتندا شتێکی تازەیان دانەهێناوەو سەدان ساڵە ئەم بابەتە ورووژێنراوە، بەڵام جیاوازیی شێوازو ئاستی ڕەخنەی ئەوان تا ئەمان، ئاسمان تا ڕێسمانە.[١١٩]

ئەو زانایانەی پێشین-بە پێچەوانەی زۆربەی ڕەخنەگرانی سەردەمەوە- دەمارگیرانە نەچوونەتە ناو ئەو باسەو خۆیان پاراستووە لە ناوزڕاندنی کەس‌و

---

[١١٨] پوختەی ئەم وانەیەش لە کتێبی (نەیارانی فەرموودەو بەڵگەکانی حوجییەتی سوننەت)ی د.عمر عبد العزیز، لا: (١٧٨) تاکو (٢٠٣)، وەرگیراوە.

[١١٩] نموونەی ڕەخنەگری تازە، ئەندازیارێکی سورییە بە ناوی (زەکەریا ئۆزۆن)، کە لە ڕەخنەی (بوخاری)دا کتێبێکی نووسیوەو ناوی ناوە (جناية البخاري، إنقاذ الدين من إمام المحدّثين)! . کە ناوەندی (غەزەلنووس)یش لە شاری سلێمانی بە کوردی بڵاوی کردووەتەوە. لەو ناوەوە لە ڕادەی نازانستییبوونی نووسینەکەو خاوەنەکەی تێدەگەین. !

گشتاندنی حوکمو بێ ئینصافییو زیادەڕەویی. بە پێچەوانەوە، هەڵسەندگاندنی زانستییانەیان کردووەو نیازیان خزمەتکردن بووە بە (سوننەت)و زانستەکانی فەرموودەو گەشەپێدانی.

دووەم: تا (لایەنگرانی سوننەت)یش لەخۆڕا تۆمەت نەبەخشنەوەو بزانن کە زانایانی سەلەف بابەتی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنیان بە ئاسایی وەرگرتووە، خاڵی گرنگ بەلایانەوە دەرکەوتنی ڕاستیی بووە، بە پێی پێوەرە زانستییەکان، دوور لە دەمارگیریی. ئەو ڕەخنانەش کە لە بوخاریو موسلیم گیراون، لایەنو ڕەهەندی جۆراوجۆریان گرتووەتەوە، ئەمانەی خوارەوە چەند لایەنێکن لەوانە:

- جاری وا هەبووە ڕەخنە لەسەر میتۆدو شێوەی مەنهەجییەتی پشکنینو گەڕانیان بووە بە دوای فەرموودەدا.

- جاری وا هەبووە ڕەخنەیان لەسەر هەڵسەنگاندیان بووە بۆ کەسییەتیی هەندێک لە (ڕاوی)یەکانی ناو سەنەدەکان.

- جاری واش هەبووە لەسەر دەقو مەتنی هەندێک ڕیوایەتی ناو ئەو دوو کتێبە قسەیان کردووە.

- هەندێک زاناش ڕەخنەیان هەبووە لەسەر مەرجی قورسو دەستداگرتنی هەندێکیان، گوایە زیانی گەیاندووە بە فەرموودەو ئەو مەرجە قورسانە، ناوبانگی (لاوازیی) داوە بە هەندێک فەرموودەی (دروست)، چونکە لە بێژنگی هەڵسەنگاندنی ئەوان، داکەوتوون!.

بۆیە لەم چەند تەوەرەی داهاتوودا تیشکێک دەخەینە سەر ئەم لایەنە، کە بایەخێکی زانستیی زۆری هەیە:

## تەوەری یەکەم/ زانایانی ڕەخنەگر لە بوخاری و موسلیم

لێرەدا ناو لە ژمارەیەک لە زانایانی پێشینی سەدەی سێی کۆچیی تاکو سەدەی دەی کۆچیی دەبەین، یانی لە هاوچەرخانی خودی پێشەوایان بوخاریو موسلیمەوە، کە کتێبیان لە ڕەخنەی صەحیحی بوخاریو موسلیمدا نووسیوە، یان هەندێک لە ڕیوایەتەکانی ناویان بە لاواز، یان هەڵبەستراو، زانیوە، ناوەکانیشم بە پێی ڕیزیەندیی ساڵی کۆچکردنیان داناوە، لە سەدە جیا جیاکاندا:

**لە سەدەی سێی کۆچیی**: (محمد بن یحیی النیسابوري الذهلي)، (٢٥٨ک) ئەبو زەرعەی ڕازی، (٢٦٤ک)، ئەبوداودی سەجستانی، (٢٧٥ک)، ئەبو حاتەمی ڕازی، (٢٧٧ک)، ئەبو عیسای ترمذی، (٢٧٩ک)، ئەحمەدی نەسائی..

**لە سەدەی چواری کۆچیی**: (٣٠٣ک)، (ابن خزیمە)، (٣١١ک)، حافظ أبو الفضل بن عمار الشهید، (٣١٧ ک)، کتێبێکی هەیە بە ناوی (علل الأحادیث في کتاب الجامع الصحیح لمسلم)، نموونەی (٣٦) ڕیوایەتی لەو کتێبەدا هێناوە، کە (عیللەت)یان تێدایە.[120] ئەبو جەعفەری عوقەیلی، (٣٢٢ک)، ئەبوبەکر ئیسماعیلی، (٣٧٠ک)، (أحمد بن علي الجصاص)، (٣٧٠ک)، حافظ أبو الحسن، علي بن عمر بن أحمد، البغدادي، الدارقطني (٣٨٥ک)، لە کتێبێکیدا بە ناوی (الإلزمات والتتبع)،[121] ڕەخنەی مەنهەجیی

---

[120] ئەم کتێبە ساڵی (١٩٩١ ز)، لە (دار الهجرة للنشر والتوزیع)ی (ریاض)، لە (١٨٥) لاپەڕەدا، بە تەحقیقی (علی بن حسن الحلبی الأثري)، چاپکراوە.

[121] ئەم دوو کتێبە، ساڵی (١٩٨٥) لە یەك بەرگدا، لە (دار الکتب العلمیة)، لە بەیروت، چاپ کراون. ١٢١

له بوخاریو موسلم گرتووه له ڕووی سەنەدو ڕاوییەکانی زیاتر له (٢٠٠) ڕیوایەتی ناو هەردوو صەحیحەکانیان.

هەروەها أبو سليمان، حەمد، کوڕی محەممەد، کوڕی ئیبراهیم، کوڕی (خطاب) بۆستی، ئەفغانی، (٣٨٨ك)، له کتێبێکیدا به ناوی: (إصلاح غلط المحدثين)، (١٤٣) زاراوەو چەمکی هەڵەی فەرموودەناسانی ڕاستکردووەتەوە.[122] (ابن منده)، (٣٩٥ك)، ئەبوبەکری باقلانی..

**له سەی پێنجی کۆچیی:** أبو مسعود بن محمد بن عبيد الدمشقي، (٤٠١ ك)، که له کتێبی (الأجوبة)دا دەڵێت: "له کتێبی صەحیحی موسلیمدا (١٤) ڕیوایەتی (موعەللەق) هەن، یانی ئەو جۆره له ڕیوایەت که له سەرەتای سەنەدەکەیەوه ڕاوییەک یان زیاتر داکەوتوون‌و ناو نەبراون."[123] له جێیەکی تردا دەڵێت: "له صەحیحی بوخاریدا زۆرێک فەرمووده هەن له جۆری (موقوف) یان (مقطوع)ن. یەکەمیان بەو ڕیوایەته دەڵێن که نیسبەت دەدرێته لای هاوەڵ و ناگاتەوه به پێغەمبەری خوا ﷺ. دووەمیان بەو جۆره ڕیوایەته دەڵێن که له ئاستی (تابعين) دەوەستێت‌و ناگاتەوه سەر هاوەڵانیش، چ جای پێغەمبەری خوا، درودی خوای لەسەر بێت. هەروەها أبوبكر الباقلاني، (٤٠٣ك)، ئەبو نەعیمی ئەصبەهانی، (٤٣٠ك)، (ابن حزم) (٤٥٦ك)، که پێی وایه له صەحیحی بوخاریدا ڕیوایەتی

---

[122] ئەم کتێبه لەلایەن (د. حاتەم صالح)ەوه له زانکۆی بەغدا تەحقیق کراوەو ساڵی ١٩٨٥ له (مؤسسة الرسالة)ی بەیروت چاپی دووەمی کراوه.

[123] الأجوبة، أبو مسعود بن محمد بن عبيد الدمشقي، تحقيق: أبو عمر محمد بن علي الأزهري، دار الفاروق الحديثة للطباعة، القاهرة، ١٤٣١هـ – ٢٠١٠م، ص: ٤٤.

هەڵبەستراو (موضوع) یش هەیە، نەک تەنها لاواز! هەروەها ئەحمەدی بەیهەقی خوراسانی، (٤٥٨ک)، خەطیبی بەغدادی، (٤٦٣ک)، (ابن عبد البر)، (٤٦٣ک)، أبو المعالي الجويني، ناسراو بە إمام الحرمين، (٤٧٨ ک). هەروەها أبو علي حسين بن محمد الغساني الجياني، (٤٩٨ک)، خاوەنی کتێبی (تقييد المهمل، وتمييز المشكل)، کە چوار کتێبی کۆکراوەن‌و دووانیان بەم ناوانەن: (التنبيه على الأوهام الواقعة في المسند الصحيح للبخاري)، و(التنبيه على الأوهام الواقعة في المسند الصحيح لمسلم).

**لە سەدەی شەشی کۆچیی:** ئەبو حامد غەزالی، (٥٠٥ک)، (ابن الجوزي)، (٥٩٧ک)، (علاء الدين العطار).

**لە سەدەی حەوتی کۆچیی:** حافظ يحيى بن علي بن عبد الله، رشيد الدين العطار، (٦٦٢ک)، لە کتێبی (غرر الفوائد المجموعة، في بيان ما وقع فی صحيح مسلم من الأحاديث المقطوعة)،[١٢٤] ئاماژەی بەوە کردووە کە لەو کتێبەدا (٦٧) ڕیوایەتی (مقطوع) هەن، کە ئەو ڕیوایەتانەن پچڕان لە سەنەدەکەیان هەیەو لە جۆری لاوازن.

هەروەها پێشەوا (نەوەوی)ش لە پێشەکییەکەیدا بۆ ڕاڤەی کتێبی (صەحیحی موسلیم)، ڕەخنە لە پێشەوا موسلیم دەگرێت، بۆ نموونە دەڵێت: "ئەوە کە (موسلیم) وتوویەتی: "من مەرج نیە هەر فەرموودەیەکم بە (صەحیح) زانیبێت، دامنابێت، بەڵکو ئەو ڕیوایەتانەم داناوە کە کۆدەنگیی زانایانی لەسەرە"، قسەیەکی ئاڵۆزە، چونکە موسلیم فەرموودەی زۆری داناوە کە کۆدەنگییان لە نێوان زانایاندا

---

[١٢٤] ئەم کتێبە بە ناوی: (تقييد المهمل وتمييز المشكل (شيوخ البخاري المهملون)، لە لایەن وەزارەتی ئەوقافی وڵاتی مەغریبەوە، ساڵی ١٩٩٧، لە بەرگێکدا، چاپ کراوە.

لەسەر نیە".[١٢٥] حافظی عیراقیش وتوویەتی: "نەسائی هەندێک ڕیوایەتی بوخاریو موسلیمی پێکەوە، یان هەریەکەیانی بەجیا، بە لاواز زانیوە."[١٢٦]

**لە سەدەی هەشتی کۆچیی:** (٧٢٤ك)، (ابن تيمية)، (٧٢٨ك)، (الذهبي)، (٧٤٨ك)، (ابن القيم)، (٧٥١ك)، (ابن رجب الحنبلي)، (٧٩٥ك).

**لە سەدەی نۆی کۆچیی:** (ابن حجر العسقلاني) لە پێشەکی کتێبەکەیدا (فتح الباري) ڕەخنەی لە (بوخاری) گرتووە، ئەو پێشەکییەی (ابن حجر) خۆی بە تەنها کتێبێکی گەورەیەو لە (٥٣٢) لاپەڕەی قەبارە گەورەدا بە ناوی (الهدي الساري في مقدمة فتح الباري) چاپکراوە، بەداخەوە زۆرکەس بەردەوام کتێبەکەی (فتح الباري)یان بە دەستەوەیە، بەڵام ئاگایان لە ناوەرۆکی ئەو پێشەکییە گرنگە نیە، کە بۆ خۆی کتێبێکی سەربەخۆیە!.

عەللامە (ابن حجر) سەرەڕای ئەوەی کتێبی (جامعی صەحیحی بوخاری) بە ڕاستو دروستترین سەرچاوەی فەرموودە دەزانێتو زۆر سەرسامە بە هەوڵو کارەکانی پێشەوا (بوخاری) لە کۆکردنەوەی فەرموودەدا، بەڵام لە چەندین شوێندا ڕەخنەشی لێدەگرێت. بۆ نموونە دەڵێت: "هەندێک لە فەرموودەناسانو زانایانی (علم الرجال)و سەرشناسان، ناوی زیاتر لە (٣٠٠) ڕاوی (بوخاری)یان بردووەو بە لاوازیان زانیون".[١٢٧]

---

[١٢٥] ئەم کتێبە بە تەحقیقی: د.سعد بن عبدالله الحميِّد، لە لایەن: کتێبخانەی مەعاریفی سعودیەوە، ساڵی ١٤٢١ك، لە یەك بەرگی (٤٢٤) لاپەڕەییدا، چاپکراوە.

[١٢٦] شرح صحيح مسلم، النووي، ٣٣/١.

[١٢٧] الهدي الساري، مقدمة فتح الباري، ابن حجر العسقلاني، لا: ٣٨٢.

هەروەها لە کاتی ڕاڤەکردنیشی بۆ ڕیوایەتی نوێژکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر تەرمی سەرکردەی دووڕووەکان (عبد الله) کوڕی (أبي)، (ابن حجر) خۆی دەڵێت: "قازی ئەبوبەکر باقلانی ئەو ڕیوایەتەی ڕەد کردووەتەوە، کە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلمیشدا هاتووە. هەروەها (إمام الحرمين) وتوویەتی: زانایانی فەرموودەش ڕەدی دەکەنەوە. (غەزالی)ش لە (المستصفى) نووسیویەتی: وا دیارە ئەو هەواڵە ناڕاستە. (داودی)ش وتوویەتی: ئەو ڕیوایەتە نەبیستراوەو لەبەر نەکراوە".[١٢٨]

لە زانایانی هاوچەرخیش کە قسەیان لەسەر هەندێک لە ڕیوایەتەکانی هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیم کردووە، ئەمانەن:

ابن عثيمين، کە لەسەر ڕیوایەتەکانی بوخاری تایبەت بە (عیسی) (عليه السلام)و دەججال قسەی هەیە. هەروەها عبد الله ابن باز، کە لەسەر هەندێک ڕیوایەتی موسلیم قسەی هەیە، ئەلبانی، محمد زاهد الكوثري، محەممەد عەبدە، محمد ڕەشید رضا، محمد بن صديق الغماري الزمزمي، محەممەدی غەزالی، لە زانایانی کوردیش پرۆفیسۆر مەلا مستەفای زەڵمی، کاک ئەحمەدی موفتی زادە، کاک ناصری سوبحانی، لە نووسینو بەرهەمە زانستییەکانیاندا سەرنجیان لەسەر هەندێک لە ڕیوایەتەکانی ئەو دوو سەرچاوەیەی فەرموودە هەیە.

**سەرنجێکی کورتو پوخت:**

کۆتایی ئەم بڕگەیە بە قسەی زانایەکی هاوچەرخی مەغریبی دێنم، کە پسپۆڕ بووە لە زانستی فەرموودەداو خاوەنی دەیان بەرهەمی زانستییەو ساڵی (١٩٦٠ز)

---

[١٢٨] فتح البارى، شرح صحيح البخاري، ابن حجر العسقلاني، ٨/٢٧٢.

کۆچی کردووه، ناسراو به حافظ أبو الفيض أحمد بن أبي عبد الله محمد صديق الغماري، له کتێبی (المغير على الأحاديث الموضوعة في الجامع الصغير)دا ئاماژەی کردووه به چەند خاڵێک که بایەخی زانستیی خۆیان هەیه، بۆیه له چەند خاڵێکدا دەیانهێنم. له کۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێت:

"١- ئەوەی پشتی پێدەبەسرێت له ناسینەوەی فەرموودەی هەڵبەستراودا،[١٢٩] دوو شتن، یەکەم: بوونی ڕاوی درۆزان له سەنەددا.. دووەم: بوونی ناقۆڵاییەکی[١٣٠] ئاشکرا له دەقی ڕیوایەتەکەدا، به هۆی ڕەکیکیو سواویی وشەکانی، یان دژایەتیی ماناکەی لەگەڵ شتی تری جێگیردا، یان نامۆبوونی دەقەکە به بابەتێکی باوو ناسراو.

٢- چەندین (فەرموودە) هەن فەرموودەناسان به (صەحیح)و ڕاستو دروستیان ناساندوون، بەڵام له ڕووی ماناوە ناڕەوانو دژن به قورئان، یان به سوننەتی صەحیح، یان پێچەوانەی واقیعن، یان مێژوون. هۆکاری ئەمەش ئەوەیه ئەو زانایانەی فەرموودەکانیان کۆکردوونەتەوە، له ناسینی هەندێک ڕاویدا تووشی وەهمو گومانو هەڵه بوونو به دادگەرو خاوەن (عەدالەت)یان زانیون، چونکه کەسانێک هەبوون به عەمدیی درۆیان کردووه، بۆیه ناوبانگ به عەدالەتگەریی له واقیعدا دڵنیاکەرەوە نیه.

---

[١٢٩] بەداخەوە ئەم زانایەش لەگەڵ پلەی بەرزی خوێندەواریدا، بۆ ڕیوایەتی هەڵبەستراو (موضوع)، زاراوەی فەرموودە (حديث)ی بەکار هێناوه، بۆیه ناچار وەك خۆی نووسیمەوە، که دەبوو وشەی (ڕیوایەت) بەکار بهێنێت. !

[١٣٠] وشەی (ناقۆڵا)م له جێی (النکارة)ی عەرەبی داناوه، که زاراوەیەکی زانستیی بواری زانستی (فەرموودەناسیی)یەو له دەقی ڕیوایەتدا دروست دەبێتو لاوازی دەکات.

٣ـ لەو جۆرە ڕیوایەتانە لە هەردوو صەحیحی (بوخاریو موسلیم)دا هەن، بە دڵنیایی ڕیوایەتیان تێدایە کە ناڕاستییان بڕاوەتەوە، بۆیە بوغرا مەبە بەوەو مەسڵەمێرەوە کە حوکمی هەڵبەستراویی بۆ ئەو جۆرەیان بدەی، لەبەر ئەوەی باسی ئەکەن کە گوایە کۆدەنگیی زانایان هەیە لەسەر ئەوەی هەرچییان تێدایە صەحیحو ڕاستن. چونکە ئەو لافلێدانە بێ بنەمایەو لەپاڵ باسو توێژینەوەدا خۆی ڕاناگرێت، چونکە کۆدەنگیی لەسەر ئەوەی کە هەرچی لە دوو کتێبەکەی بوخاریو موسلیمدا هەیە (صەحیح)ن، هەم ناماقووڵە، هەم ناواقیعیی.

٤ـ ئەمەش مانای ئەوە نیە کە هەموو فەرموودەکانی ناو ئەو دوو کتێبە لاوازن، یان پووچو ناڕاستن، یان زۆربەیان وان، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە هەندێک (فەرموودە)ی ناڕاستیان تێدایە، چونکە پێچەوانەی واقیعن، هەرچەند سەنەدیان لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیم صەحیحە. تیایشیاندا هەیە کە پێچەوانەی مەرجەکانی خۆیانن". [١٣١]

---

[١٣١] المغير على الأحاديث الموضوعة في الجامع الصغير، أبو الفيض أحمد بن أبي عبد الله محمد صديق الغماري، دار الرائد العربي، بيروت، ١٩٨٢، ص: ١٣٧–١٣٨

زاانست

**تەوەری دووەم/ چەند کتێبێک دەربارەی سوننەتو زانستی فەرمووودەناسیی**

سەرەتای نووسینی کتێب دەربارەی زانستەکانی فەرمووودەناسیی، بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێی کۆچیی. لە سەرەتاوە نووسینەکان ساکارو سەرەتایی بوون، دواتر لەگەڵ گەشەی زانستەکان، نووسینەکان چڕترو فرەڕەهەندو فراوانتر بوون.

ئەم ڕەوتی نووسینە، هەندێکی کارو پرۆژەی زانایان بووە بۆ خزمەتی فەرموودە، هەندێکی کاردانەوە بووەو لە وەڵامی ئەو دەستەو تاقمانەدا نووسراون کە نەیاری (سوننەت) بوونو بانگەشەیان کردووە بۆ ڕەتکردنەوەی فەرموودە، چونکە لەو سەدەیەشدا - وەک پێشتر قسەمان لەسەر کرد- ڕەوتی ڕەدکردنەوەی سوننەت کەم تا زۆرێک سەری هەڵدا بوو.

لەم بڕگەیەدا، بۆ هاوکاریی ئەو کەسانەی مەبەستیانە زیاتر لەم ئەندازەیە ئاشنا ببن بە سەرچاوەکانی تایبەت بە داکۆکیی لە (سوننەت) بە گشتیو فەرموودە بە تایبەتی، لیستی ناوی چەند سەرچاوەیەک دەخەمە ڕوو، هەندێکیان دانراوی زانایانی پێشینن، هەندێکیان نوسراوی زاناو نووسەرانی هاوچەرخن.

بەڵام زانست ئەوە دەخوازێت کە بە خوێنەری بەڕێز بڵێین: مەرج نیە ئەم کتێبانەی ناویان دەبەین، لە سەدا سەد لە هەموو ڕوویەکەوە جێی پەسەند بنو بابەتەکانیان لە هەموو بەشو تەوەرەکانیاندا زانستیی بن، بەڵام ئەوەندە هەیە کە زۆربەیان لە زۆر ڕووەوە لە چارەسەری بابەتی حوجییەتی سوننەتدا سەرکەوتوو بوون، جگە لەوەش لە هەڵبژاردنیاندا دوو خاڵمان ڕەچاو کردووە:

یەکەم: کتێبی لەم بابەتەو تایبەت بەم بوارە زۆرن، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە ئەوانەیان ناوبەرین کە تا ڕادەیەک پێیان ئاشناینو لە میتۆدی زانستیی دانەرو نووسەرەکانیان دڵنیاین.

دووەم: لەم بەرهەمەی خۆماندا هەندێک ڕێسای گشتییو چاوڕوونیمان داوە بە خوێنەری بەڕێز، بەشی ئەوەندە کە بتوانێت لە هێڵە گشتییەکانی تایبەت بە حوجییەتی سوننەت تێبگات.

هیوادارم ئەم بڕگەیەش زیادە هاوکارییەک بێت بۆ ئەو دەستەیە لە لایەنگرانی ئەو ڕەوتەش کە دڵسۆزانە کەوتوونەتە ئەو بازنەیەو مەبەستیانە بەبیرکردنەوەی ڕاستو دروست بگەن:

١ـ کۆنترین سەرچاوە بۆ باسی حوجییەتی سوننەت، کتێبی (الرسالة)ی (شافعی)یە (٢٠٤ک)، بە تایبەتی ئەو چاپەی کە تەحقیقو بەدواداچوونی زانایانی موحەققیقی هاوچەرخی لەگەڵە، وەک: ئەوەی (ئەحمەد محەمەد شاکر) تەحقیقی کردووە.[١٣٢]

ئەم کتێبەی (شافعی) یەکەم کتێبی بەهێزو زانستییە کە بە درێژیی قسە لە سەرچاوەکانی تەشریع دەکاتو فەرموودە دەکاتە سەرچاوەی دووەمی تەشریع، چونکە لەو کاتەدا ژمارەیەک لە خەواریجو موعتەزیلەکان گومانیان دروست کردبوو لەسەر حوجییەتی سوننەت. لە ڕاستیدا ئەم کتێبە لە بنەڕەتداو بە گشتیی دەربارەی زانستی (أصول الفقه)ە، بەڵام بەشی فەرموودەکەی پەیوەندیی بەم

---

[١٣٢] ئەوە نموونەیەکە، کە لە (٦٧٢) لاپەڕەدا، ساڵی (١٩٣٨) لە قاهیرە چاپکراوە. دیارە چەندین چاپی تریشی هەن، بە چەندین تەحقیقی ترەوە.

بابەتەی ئێمەوە هەیە. ماوەتەوە دوو تێبینی بۆ خوێنەری بەرێز بخەینە ڕوو کە لەسەر ئەو کتێبە هەن:

یەکەم: پێشەوا شافیعی پۆلێنی فەرموودەی نەکردووەو ئاماژەی بەو باسە نەکردووە کە ئێمە بە نەقڵ لە هەندێک لە زانایانی پاش ئەو باسمان کرد، دەربارەی (جۆرەکانی سوننەت و گوفتارو کردارو هەڵس‌و کەوتەکانی پێغەمبەرﷺ، بۆیە خوێنەر لەوە ئاگادار بێت.

دووەم: بە پێچەوانەی زۆرێک لە زانا موحەققیقەکانەوە، (شافعی) زۆر جەختدەکاتەوە لەسەر حوجییەتی جۆری (ئاحاد) لە سوننەت، کە لەم بەرهەمەی بەردەستدا، ڕوونکردنەوەی زۆرمان لەسەر داو قسەی زانایانمان هێنا لەسەر ئەو بابەتە.

خاڵی بەهێز لەو کتێبەدا ئەوەیە کە شافعی بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک لە زانایانی ترەوە، بڕوای بە نەسخی سوننەت بۆ قورئان نیە. ئەوەتا دەقاودەق دەڵێت: "إنما نسخ ما نسخ من الكتاب بالكتاب، وأن السنة لا ناسخة للكتاب، وإنما هي تبع للكتاب، يمثل ما نزل نصا، ومفسرة معنى ما أنزل الله منه جملا."[١٣٣] واتە: هەرچی لە کتێب (قورئان) لادرابێ‌و نەسخ کرابێتەوە، بە خودی قورئان کراوە، سوننەت نەسخی قورئانی نەکردووەتەوە، بەڵکو سوننەت پەیڕەوی قورئانە، هەروەک دەقەکەی چۆن هاتووە، واتای هەندێک ڕستەش ڕوونی کردووەتەوەو تەفسیری کردووە. پاشان شافعی بۆ ئەم بۆچوونەی خۆی بەڵگە بەم ئایەتە دێنێتەوە: [قال الذين لا يرجون لقاءنا ائت بقرآن غير هذا أو بدله، قل

[١٣٣] الرسالة، محمد بن إدريس الشافعي، القاهرة، ١٩٣٨، ص: ١٠٦

ما يكون لي أن أبدله من تلقاء نفسي، إن أتبع إلا ما يوحى إلي، إني أخاف إن عصيت ربي عذاب يوم عظيم] يونس/١٥، واتە: کاتێک ئایەتە ڕوونەکانمان بەسەریاندا دەخوێنرێنەوە، ئەوانەی هیوای گەیشتن بە ئێمەیان نیە، دەڵێن: (ئەی موحەممەد!) قورئانێکی ترمان بۆ بێنە جگە لەمە، یان بیگۆڕە، (لە وەڵامدا) پێیان بڵێ: من ناتوانم لەلایەن خۆمەوە بیگۆڕم، من پەیڕەوی ئەوەم کە بە سروش بۆم دێت)، هەروەها بەڵگەی هێناوەتەوە بە ئایەتی [ما ننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها] البقرة/١٠٦، هەروەها بە ئایەتی: [وإذا بدلنا آية مكان آية والله أعلم بما ينزل، قالوا إنما أنت مفتر بل أكثرهم لا يعلمون] النحل/١٠١.

٢ـ کتێبی (جماع العلم)ی شافیعی: ئەم کتێبە لە لایەن پێشەوا (شافعی)یەوە نووسراوە، تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو تاقمانەی لە سەردەمی ئەودا بڕوایان بە فەرموودە نەبووە، گفتوگۆیەکی زانستییانەی هێمنانەیان لەگەڵ دەکات.

٣ـ العلل: أبو عيسى، محمد بن عيسى الترمذي، (٢٧٩هـ).

٤ـ المحدث الفاصل بين الراوي والواعي، أبو محمد الحسن بن عبد الرحمن ابن خلاد الرامهرمزي، (٣٦٠هـ).

٥ـ علوم الحديث، الحاكم أبو عبد الله، محمد بن عبد الله النيسابوري، (٤٠٥هـ).

٦ـ المستخرج، الحافظ أبو نعيم الأصفهاني، (٤٣٠ هـ).

٧ـ الكفاية في قوانين الرواية، الخطيب البغدادي، أبو بكر أحمد بن على بن ثابت، (٤٦٣هـ).

٨ـ الإلماع في ضبط الرواية وقوانين السماع، عياض بن موسى اليحصبي، (٥٤٤هـ).

٩ـ رسالة ما لا يسع المحدث جهله، أبوحفص عمر بن عبد المجيد الميانجي، (٥٨٠هـ).

١٠- علوم الحديث، (مقدمة ابن الصلاح الشهرزوري)، الحافظ الفقيه تقى الدين أبو عمرو، عثمان بن عبد الرحمن، (٦٤٣هـ).

١١- التقييد والإيضاح لما أطلق وأغلق من علوم ابن الصلاح، الحافظ أبو الفضل عبد الرحيم بن الحسين العراقى، (٨٠٦ هـ).

١٢- العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم، دانراوى: عەللامە (محمد بن إبراهيم بن الوزير اليماني)، (٨٤٠ ک)، کتێبێکی هێجگار بەبایەخەو لە (٩) بەرگدا چاپکراوە[١٣٤]. ئەم کتێبە بە شێوازێکی زۆر زانستییو نایابو کەم وێنە، داکۆکیی لە زانستو ڕاستیی‌و سوننەتی پێغەمبەرﷺ دەکاتو لۆمەی ئەو کەسانە دەکات کە بە شێوازی توندوتیژ وەڵامی ڕای جیاواز دەدەنەوەو بەرگەی گفتوگۆی زانستیی ناگرن. شایانی باسە ئەم زانایە هەستی کردووە کە کتێبەکەی لە نۆ بەرگدا زۆرە، بۆیە بۆ خۆی کورتی کردووەتەوە لە کتێبێکدا بە ناوی: (الروض الباسم، في الذب عن سنة أبي القاسم).

١٣- نخبة الفكر في مصطلحات أهل الأثر، الحافظ الفقيه المحقق أبو الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني المصري، (٨٥٢ هـ).

١٤- نظم الدرر في علم الأثر، وشرحه قطر الدرر، جلال الدين عبد الرحمن بن الكمال السيوطي، (٩١١هـ).

١٤- مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، جلال الدين السيوطي. کتێبەکە تایبەتە بە ڕەتدانەوەی ئەو کەسو تاقمانەی لەو سەردەمەی خۆیدا سوننەتیان ڕەت کردووەتەوە.

---

[١٣٤] **ئەم کتێبەش لەلایەن (ئەحمەد محەممەد شاکر)ی زانای فەرموودەناسەوە تەحقیق کراوە، لە (١٤٤) لاپەڕەدا، لە لایەن (مكتبة ابن تيمية)وە چاپکراوە.**

ئەوەی لەم کتێبەدا ڕەچاوم کرد ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە زۆر توند دابەزیوەتە سەر ئەو خاوەن بیرۆکانەو تۆمەتباریان دەکات بە کوفرو زەندەقە، لە کاتێکدا دەبوایە (سیوطی) پەیڕەوی لە پێشەوا شافعی بکردایە، کە لەگەڵیان دانیشتووەو گفتوگۆی لەگەڵ کردوون‌و بە بەڵگە وەڵامی داونەتەوە، وەک لە کتێبی (جماع العلم)دا خۆی بە دوورو درێژیی باسی دەکات.

**تەوەری سێیەم/ ژمارەیەک کتێبی هاوچەرخ دەربارەی زانستەکانی فەرموودەناسیی**

لەم سەردەمە هاوچەرخەی خۆشماندا، دەیان کتێب‌و توێژینەوەی زانستیی، دەربارەی زانستەکانی فەرموودەناسیی، لە لایەنی جۆراوجۆرەوە، نووسراون، لێرەدا ناوی هەندێکیان دەخەینە بەرچاوان:

**١- توجيه النظر إلى علوم الأثر، طاهر بن صالح الجزائري الدمشقي.**[١٣٥]

**٢- قواعد التحديث من فنون مصطلح الحديث، محمد جمال الدين القاسمي.**[١٣٦]

**٣- مفتاح السنة، أو تاريخ فنون الحديث، محمد عبد العزيز الخولي.**[١٣٧]

**٤- الأسلوب الحديث في علوم الحديث، أمين الشيخ.**[١٣٨]

**٥- الرفع والتكميل في الجرح والتعديل، محمد بن عبد الحي اللكنوى الهندي.**[١٣٩]

---

١٣٥ ئەم کتێبە (عبد الفتاح أبو غدّة) لێکۆڵینەوەی بۆ کردووەو ساڵی ١٩٩٥، لە لایەن (مكتبة المطبوعات الإسلامية)وە، لە حەلەب، لە دوو بەرگدا چاپکراوە.

١٣٦ لە لایەن (دار الكتب العلمية)وە، لە (بەیروت)، چاپکراوە.

١٣٧ ئەم کتێبەش لە هەمان ناوەندی پێشەوە چاپکراوە.

١٣٨ ساڵی (١٩٤٠ن)، لە چاپخانەی (شبرا)، لە قاهیرە، چاپکراوە.

**٦– قواعد في علوم الحديث، ظفر أحمد العثماني.**[١٤٠]

**٧– المنهج الحديث في علوم الحديث، د.محمد محمد السماحى.**[١٤١]

**٨ـ دفاع عن الحديث النبوي، وتفنيد شبهات خصومه، محي الدين الخطيب وسليمان الندوي ومصطفى السباعي.**[١٤٢]

**٩ـ مقاصد الحديث في القديم والحديث، د.مصطفى أمين التازى.**[١٤٣]

**١٠ـ الوسيط في علوم ومصطلح الحديث، محمد محمد أبو شهبة.**[١٤٤]

**١١ـ أصول الحديث، علومه ومصطلحه، د.محمد عجاج الخطيب.**[١٤٥]

**١٢ـ علوم الحديث ومصطلحه، د. صبحي الصالح.**[١٤٦]

**١٣ـ منهج النقد في علوم الحديث، د.نور الدين عتر.**[١٤٧]

**١٤ـ لمحات في أصول الحديث، د. محمد أديب صالح.**[١٤٨]

---

١٣٩ ئەم کتێبە بە تەحقیقی (عبد الفتاح أبو غدّة)، لە قاهیرە، لە (٢٧٢) لاپەڕەدا چاپکراوە.

١٤٠ عبد الفتاح أبو غدّة، لێکۆڵینەوەی بۆ کردووەو لە (دار القلم)، ساڵی (١٩٧٢ز)، چاپکراوە.

١٤١ لە لایەن زانکۆی ئەزهەرەوە، ساڵی (١٩٦٢ز)، لە (٣١١) لاپەڕەدا چاپکراوە.

١٤٢ لە لایەن (زکریا علی یوسف)، لە قاهیرە، لە (١٤٤) لاپەڕەدا، چاپکراوە.

١٤٣ لە لایەن (دار التألیف للطباعة والنشر)ەوە، ساڵی ١٩٧٥، چاپکراوە.

١٣٣ لە (عالم المعرفة)ی بەیروت، ساڵی ١٩٨٣ز، لە (٧٩٩) لاپەڕەدا چاپکراوە.

١٤٥ لە (دار الفكر)ی بەیروت، لە (٣٢٠) لاپەڕەدا، چاپکراوە.

١٤٦ لە (دار العلم للملایین)ی بەیروت، لە ٢٠٠٩ ز، لە (٤٤٦) لاپەڕەدا چاپکراوە.

١٤٧ ساڵی ١٩٧٩، لە (دار الفكر)ی بەیروت، لە (٥٤٣) لاپەڕەدا، چاپکراوە.

١٥ـ السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، د.مصطفى السباعى، ئەمە کتێبێکی گرنگ بوو، لە کاتی خۆیدا نووسرا، کاتێك کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بیرۆکەی ڕەدکردنەوەی فەرموودە لە وڵاتی میصر سەری هەڵدا.[١٤٩]

١٦ـ السنة ومكانتها في التشريع، عبد الحليم مەحمود، شێخی پێشووتری ئەزهەر.[١٥٠]

١٧ـ ظلمات أبي ريّة، محمد عبد الرزاق حمزة. شایانی باسە (أبو ريّة) کتبێکی ساڵی (١٩٥٧ ز) بە ناوی: (أضواء على السنة المحمدية) نووسی، کە گومانێکی زۆری لەسەر کۆی پرۆسەی کۆکردنەوەو نووسینەوەی فەرموودەو سەرچاوەکانی دروست کردبوو، (د.تەها حوسەین) پێشەکی بۆ نووسیبوو.

١٨ـ الأنوار الكاشفة لما في كتاب (أضواء على السنة) من الزلل والتضليل والمجازفة، عبد الرحمن بن يحيى اليماني،[١٥١] کە ئەویش لە ڕەددانەوەی کتێبەکەی (محمود أبو ريّة) نووسراوە.

١٩ـ السنة في مواجهة الأباطيل، محمد طاهر حكيم.[١٥٢]

٢٠ـ دفاع عن السنة وردّ شبه المستشرقين والكتاب المعاصرين، محمد أبو شهبة.[١٥٣]

---

١٤٨ لە لایەن (الدار العربية للعلوم)وە، ساڵی ١٩٨٨ز، لە (٣٦٨)دا چاپکراوە.

١٤٩ ساڵی (٢٠٠٣ز)، لە (دار الوراق)ی بەیروت، لە (٥٢١) لاپەڕەدا، چاپی سێیەم کراوە.

١٥٠ ساڵی (١٩٩٨ز)، لە (دار الغريب)ی قاهیرە، لە (١١١) لاپەڕەدا چاپکراوە.

١٥١ ئەم کتێبە لە (٣١٩) لاپەڕەی قەبارە گەورەدا، ساڵی ١٩٥٩، لە (دار الكتاب) چاپکراوە.

١٥٢ ئەم کتێبە لە (١٩٨٢)، لە لایەن (ڕابیتەی جیهانیی ئیسلامیی)ەوە، چاپکراوە.

٢١ـ حجيّة السّنّة ومصطلحات المحدّثين وأعلامهم، عبد المتعال محمد الجبري.[١٥٤]

٢٢ـ السنة النبوية الشريفة، حقيقتها ومكانتها عند المسلمين، د.وهبة الزحيلي.[١٥٥]

٢٣ـ دراسات أصولية في السنة النبوية، محمد إبراهيم الحفناوي.[١٥٦]

٢٤ـ منزلة السنة من الكتاب، محمد سعيد منصور.[١٥٧]

٢٥ـ السنة بين أهل الفقه وأهل الحديث، محمد الغزالي.[١٥٨]

٢٦ـ كيف نتعامل مع السنة النبوية، د. يوسف القرضاوي.[١٥٩]

٢٧ـ رسالة في علوم الحديث، ناصر سوبحاني.[١٦٠]

٢٨ـ له كتێبه كوردييه‌كانيشدا داواكارم كتێبی (هه‌ڵس‌وكه‌وته‌كانی پێغه‌مبه‌رو كاريگه‌رييان له‌سه‌ر بونيادنانی حوكمه‌كان)، نووسينی: به‌ڕێز (جه‌لال جه‌مال زه‌ڵمی) بخوێنرێته‌وه، چونكه نوێترين‌و باشترين كتێبی كوردييه له‌و بواره‌دا.[١٦١]

---

١٥٣ له لايه‌ن (مكتبة السنة)ی قاهيره، له (٥١٤) لاپه‌ڕه‌ی قه‌باره گه‌وره‌دا چاپكراوه.

١٥٤ له (مكتبة وهبة)ی قاهيره، ساڵی (١٩٨٦ن)، چاپی يه‌كه‌می له (١٣٢) لاپه‌ڕه‌دا كراوه.

١٥٥ له لايه‌ن (دار المكتبی)، له ديمه‌شق، ساڵی (١٩٩٧ ن)، له (٤٨) لاپه‌ڕه‌دا، چاپ كراوه.

١٥٦ ساڵی (٢٠٠٢ن)، له ئه‌سكه‌نده‌ريه، له (٣٧٣) لاپه‌ڕه‌دا چاپكراوه.

١٥٧ ساڵی ١٩٩٣، له (مكتبة وهبة)ی قاهيره، له (٦٧٩) لاپه‌ڕه‌دا چاپكراوه.

١٥٨ له لايه‌ن (دار الشروق)ی لوبنانييه‌وه، له (٢٠٥) لاپه‌ڕه‌دا دا چاپی شه‌شی كراوه.

١٥٩ چه‌ندين چاپ كراوه، له‌وانه: ساڵی (٢٠١٣)، ده‌زگای (دار الشروق)، له (٢١٨) لاپه‌ڕه‌دا.

١٦٠ ئه‌م كتێبه له لايه‌ن (ده‌زگای به‌رهه‌م)ه‌وه، ساڵی (٢٠٠٨ ن) له شاری سلێمانی، چاپكراوه.

## تەوەری چوارەم/ ژمارەیەک کتێبی تایبەت بە ڕیوایەتی هەڵبەستراوو لاواز

زانایانی فەرموودەناس لە گۆشەیەکی ترەوە خزمەتێکی گەورەیان کردووە بە فەرموودەو زانستەکانی، ئەویش بە دانانی دەیان کتێب دەربارەی ئەو ڕیوایەتانەی هەڵبەستراون، یان لاوازن، هەروەها دەربارەی درۆزن‌و هەڵبەستکارانی ڕیوایەت، کە بە سەدان کەس‌و لە دەیان کتێبدا هەوڵیانداوە بیانناسێنن بە موسڵمانان، تا خۆیان دوور بگرن لە گێڕانەوەی ڕیوایەتی درۆینە، یان لاواز، بەدەم پێغەمبەری خواوە.

لەم بڕگەیەدا، چەند کتێبێکمان ناوبردووە، کتێبەکانیشمان بەپێی مێژووی کۆچی دوایی نووسەرەکان داناوە، تاکو سەبارەت بە ڕەوتی مێژوویی ئەو کارە، شتێکتان بێتە دەست:

١ـ تذكرة الموضوعات، حافظ محمد بن طاهر المقدسي، (٥٠٧ک)، کە ژمارەیەک ڕیوایەتی درۆو هەڵبەستراوی، بەپێی پیتەکانی سەرەتایان کۆکردووەتەوە.

٢ـ الأباطيل، أبو عبدالله، حسين بن إبراهيم الجوزقاني، (٥٤٣ک)، هەروەها پێیشی دەڵێن: (الموضوعات من الأحاديث المرفوعات).

٣ـ الموضوعات، أبوالفرج عبدالرحمن ابن الجوزي، (٥٩٧ک)، ئەمەیان گەورەترین کتێبە لە دیاریکردنی ڕیوایەتە هەڵبەستراوە ناڕاستەکاندا.

٤ـ المغني عن الحفظ والكتاب، بقولهم: لم يصح شيء في هذا الباب، الحافظ ضياء الدين أبو حفص عمر بن بدر الموصلي، (٦٢٢ک).

---

١٦١ ئەم کتێبە بەندە پێیدا چوومەتەوەو پێشەکیم بۆ نووسیوەو لە نیسانی (٢٠١٧ ز) لە سلێمانی چاپکراوە.

٥ـ المنار المنيف في الصحيح والضعيف، أبو عبدالله محمد بن أبي بكر المعروف بابن قيم الجوزية، المتوفي عام (٧٥١ ك).

٦ـ اللآلي المصنوعة في الأحاديث الموضوعة، الحافظ السيوطي، (٩١١ك).

٧ـ ذيل الموضوعات، الحافظ السيوطي، (٩١١ك).

٨ ـ تنزيه الشريعة المرفوعة عن الأخبار الشنيعة الموضوعة، الحافظ أبو الحسن علي بن محمد بن عراق الكناني، (٩٦٣ك).

٩ـ تذكرة الموضوعات، محمد بن طاهر الفتني الهندي، (٩٨٦ك).

١٠ـ المصنوع في معرفة الحديث الموضوع، علي القاري الهروي المكي (١٠١٤ك).

١١ـ تمييز المرفوع عن الموضوع، الفقيه علي القاري الهروي المكي، (ت:١٠١٤ك).

١٢ـ الدرر المصنوعات في الأحاديث الموضوعات، محمد بن أحمد بن سالم السفاريني الحنبلي، (١١٨٨ ك).

١٣ـ الفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة، أبو عبدالله، محمد، ابن علي، الشوكاني، (١٢٥٠ك).

جگه لەمانە دەربارەی ئەو ڕاوییانەی کە لاوازن‌و ناویان لە سەنەدی ڕیوایەتەکاندا هەیە، چەندین کتێب بە ناوی (الضعفاء) نووسراون، لەوانەی بەو ناوەوە کتێبیان نووسیوە: (بوخاری، نەسائی، عوقەیلی، ئەزدی، ابن الجوزی). هەروەها: (الضعفاء والمتروكين)ی (ابن حبان)، (الكامل في الضعفاء)ی ئیبن‌و عەدی، (ميزان الاعتدال)ی زەهەبی، (لسان الميزان)ی ابن حجر، (الكشف الحثيث عمن رمي بوضع الحديث)ی برهان الدين حەلەبی.

ئەمانە نموونەیەکن لەو کتێبانەی کە لە بارەی ڕیوایەتی هەڵبەستراوو لاواز، یان هەڵبەستەران‌و ڕاوییانی لاواز، نووسراون. بێگومان دەیان کتێبی تر هەن‌و

ئێمە لەم لیستەدا ویستمان نموونەیەک لە بەناوبانگترینی کتێبی ئەو بوارە، بخەینە بەردەستان.

## کۆتایی

لە کۆتاییدا تەواوی حەمدو ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانییان کە بە نیعمەتی تاقەت و تواناو هەڵڕەخساندن، یارمەتی داین بۆ وتنەوەو تۆمارکردن و پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی ئەم وانانە، هیوادارین جێی سوود بن بۆ قوتابیانی زانستخوازان و تەواوی خوێنەران، داوامان ئەوەیە ئەوانیش لە دۆعای خێر بێبەشمان نەکەن و لە کەموکورتیی ببورن..

وەک لە ناواخنی ئەم وانانەدا دەردەکەوێت، ئەم بابەتانە بابەتی موتاڵای سەرپێیی نین و تێڕامانیان پێویستە، هەندێک شوێنی قووڵایی زانستەکانە (زانستەکانی فەرموودەناسی)و مامۆستاو تێگەیاندنی دەوێت، هەندێکیشی بابەتی شیکارییەو پێداچوونەوەی دەوێت، بەشێکیشی بابەتی مێژوو و ڕووداوانێکە کە پەیوەندییان بە سەرهەڵدان و گەڵاڵەبوونی زانستەکانەوە هەیە. لە هەموویاندا لە خوا دەخوازم ڕاستیی و دروستیم پێکابێت و خزمەتێکی نوێم بەم زانستانە کردبێت، بە تایبەتی لە ناوەندی کتێبخانەو زانستی کوردەواریدا، کە کەمترین بایەخ بەم بوارە دراوە. دیارە تەوفیقات هەموو لە خوای گەورەوەیەو کەمتەرخەمیی و هەڵەش هەمووەی لە بەندەوەیەوە، بۆیە بۆ یەکەمیان سوپاسی زۆری خواو بۆ دووەمیان داوای لێبوردن لە زاتی کردگارو

داوای چاوپۆشی لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم، چونکە کەماڵ هەر بۆ خوایە، والحمد لله رب العالمين.

عمر عبد العزيز

جەژنی ڕەوەزانی ١٤٤٤ک

نیسانی ٢٠٢٣ز